دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

# ئوستاد

(کارێکی ئەدەبییە)

لەسەر ئەرکی

دۆستی خۆشەویستی مامۆستا بەشیر

مام جەلال

چاپکراوە

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

# ئۆستاد

( کارێکی ئەدەبی یە )

لەسەر ئەرکی

دۆستی خۆشەویستی مامۆستا بەشیر

مام جەلال

چاپکراوە

# - پێشەکی -

لەوکاتەوە کە بە مەبەستی نووسین یا بەرهەمی ئەدەبی نووسین دەستم داوەتە قەڵەم هەمیشە نووسین دەربڕینی ئەندێشە و هەڵچوونی دەروون وئەنجامی بیرکردنەوە بووە. بیرو ئەندێشە و هەڵچوونەکە لێکدانەوە یا هەرلە خۆوە چووەتە سەر کاغەزو بابەت و ڕوخساری خۆی دۆزیوەتەوە. بێ گوێدانە ئەوەی ڕوخسارو بابەتەکە ئەدەبی بێ یارۆژنامەنووسی.

نازانم لەبەر فەقیری یا باوی شیعرە کە زۆربەی خاوەنانی قەڵەم بە شیعر دەستیان پێکردووە. منیش لەو چەشنە سەرەتا شیعری بە ساکارەم لەبیرە. بەڵام لەڕاستیی یادگارو بیرەوەریدا دەبێ بڵێم-پێش شیعر بە نووسین لە ڕۆژنامەی دیواری قوتابخانە سەرەتایەکەمدا دەستم پێکرد. بەشداری یەکی ساکاری تری پەندی پێشینان و وشەی کوردی بۆ گۆڤاری گەلاوێژمم بیرە. کەدیارە بڵاو نەکرانەوە.

لەپێشەکیی کۆمەڵە بەرهەمی ئەدەبیی «ڕازی دووری»دا کەساڵی ١٩٦٨ چاپم کردبوون نووسیبووم:

«...بەرهەمی ئەدەبی بەلای نووسەر وشاعیرەوە هەستێکی دەروونە.وشەی جوان تەوژمی دەربڕینێتی. ژانری ئەدەبی (واتە-بابەت)ی ئەدەبی قالبی داڕشتن و چوارچێوەی خستنە بەرچاوێتی. هونەرمەند ئەنووسێ وئەبێ هەرئەوەی لێ داوا بکەیت کە ڕادەی نووسینی کزو نزم نەبێت. بەڵام هەستی دەروون ئەخاتە کام قالبەوەو چ (ژانر)ێک بەرهەم ئەهێنێ ئەوە ئیشی ڕەخنەگرەو لە یەکیان جیا ئەکاتەوە و ناویان لێ ئەنێ...».

جارێک شتێکم بە ناوونیشانی «من و شیعر»ەوە نووسی. هەر بەشێک لەو نووسینە دەبێ بە پێشەکیی بە شیعر هەست دەربڕین کە لەدەیان ساڵدا دیوانێکی بچووکی دروستکردووە کە هەڵسەنگاندنی خۆم یا ڕەخنەگران هەرچی یەک بێت ئەوا هەر هەستی ڕاستەقینەو ئەنجامی

ئەندێشەی ڕاستی تێیدایەو کەڵکی بڵاوکردنەوەی هەیە. هەرچی چیرۆکیشە. ئەوەش ناوونیشانی«من و چیرۆک»یکی لێم دەوێت کە لە جێی خۆیدایە ببێت بە پێشەکیی ئەم کۆمەڵە بەرهەمەی ڕەنگە ناو بنرێن چیرۆک، خۆ ئەگەر ئەو ناوەشیان لێ نەنرا ئەوا لەو چەشنە بەرهەمە ئەدەبی یانەن کە ئەنجامی بیرو ئەندێشەیەکی ڕاستەقینەن وشایانی بڵاوکردنەوەن.

کەدەستەی ئێمە هاتینە کۆڕی خوێندنەوەوە بە کوردی هەرچەند چیرۆکێک هەبوو. کەمان چیرۆکەکانی سەرەتای دەست پێکردنمان نەدیبوو بەڵام چیرۆکنووسانی «گەلاوێژ»مان دەناسی. کانی ئاگاداربوونمان لە هونەری چیرۆک هەر زمانی عەرەبی بوو. بەچیرۆکی عەرەبیی عیراق و وڵاتانی تری عەرەبەوە بەو وەرگێڕانە کەمانەی چیرۆکی جیهانی بەوە بەعەرەبی. ڕەنگە هەر ئەوەش بێت وای لە من کردبێ کە بەعەرەبی دەست بدەمە چیرۆک نووسین.

لەپێشەکیی دیوانی کاکەی فەلاحی ئەمردا باسی ساڵی ١٩٤٩ و سەرەتای پەنجاکان و کۆبوونەوەی کۆمەڵێ ئەدەب دۆستی لاوم کرد لە دەوری هەردیی مامۆستامان و لەدوکانە هاوبەشی یەکەی خوالێ خۆشبوو شێخ کەریمی شێخ مەحموودی بەرزنجی و تۆفیق محەممەدی بەرگدروودا. ئەم چیرۆکی «من و چیرۆک»ەش هەر لەوێوە دەست پێدەکات.

یەکێک لەو برایانەی ئەوکۆڕەو بانەیە چیرۆکێکی درێژی نووسیبوو. ئەرخۆشی وەک شیعر لەبەری کردبوو. ئەوبرایە لە من بەتەمەنتر بوو. بەڵام دووساڵی بەندیخانە بردنەسەر لەگەڵ مندا لەیەک پۆلی قوتابخانەی شەودا کۆی کردبۆوە. من نەمدەوێرا بڵێم چیرۆکەکە ساکارە و بە پێی ئەوکاتەی هونەری چیرۆک کزە چونکە دووا ووتە هە ر لەهەردیی مامۆستامان دەبیسترا. برادەرەکەشمان ئەوکاتە پلەی زانینی سیاسی زۆر لە من بەرزتر بوو. دەمێک بوو پرۆژەی چیرۆکێک لەسەر یەکێک لە شێتەکانی شار لە مێشکمدا گێنگڵی دەخوارد. چوومە ماڵەوە و بۆ سبەینێ کەدەوری مەکینەی بەرگدروونەکانمان دا منیش چیرۆکی خۆم خوێندەوە.

پەسندکردنی مامۆستا هەردی سەرسامی کردم. دیاربوو شێخ کەریم لەمن سەرسامتربوو. بەڵام کاک تۆفیق ئەوەندە زیرەک بوو کەبزانێ من لەوانیتر باشترم پێ دەنووسرێ. ئەمەشی لەدڵدا پێ خۆشتربوو. کە مامۆستا هەردی فەرمووی: جیاوازی نێوان ئەم وئەوان زۆرە. ئیتر قسەشی بڕیوە. مەدالیایەیەکیشی کرد بەیەخەی مندا. ئەو مەدالیایەیە کاری خۆی کرد ئەوساڵە هەر بە هاندانی مامۆستا هەردی لەلایەکەوە چەند چیرۆکی ترم نووسی. لەلایەکەوە نیازم وابوو وا بخوێنم کە خەوی چوونە(سۆربۆن) بهێنمە دی. بەڵام لە١٧ /٣/ ١٩٥١دا گیرام. لە ٤ /٦/١٩٥١دا لەبەغدا لە مەحکەمە ڕزگارمان بوو ٦/٩/ ٩٥١ تاقیکردنەوە بوو ئەو خوێندنەوەیەم پێ نەڕەخسا و ئەو خەونە سەری نەگرت بەڵام گرتن و بەندیخانەکە چەند چیرۆکی تری پێوەبوو. کە بۆ ساڵی دوایی چوومە زانستگای بەغدا وورده وورده چیرۆکەکان

زیاد دەبوون. بەڵام نازانم بۆ بڵاوم نەکردنەوە. تا سەرەتای ساڵی دووەمی خوێندنم کۆمەڵە چیرۆکێکی باشیان لێدروست بوو. بە خەیاڵی خۆم دەچوونە ڕیزی چیرۆکەکانی عەبدولڕەزاق شێخ عەلی و عەبدولسەمەد خانەقاوە دوو نوسخەم لێ نووسیبوونەوە. یەکەمیانم دا بە ناشتیخوازان بەو نیازەی لایان پەسەند بێ و چاپی بکەن. کە پاش چەند مانگێک لە بەندیخانەی بەغدا لەگەڵ تێکۆشەری شەهید عەتشان ئزێرجاویدا پێکەوە بووین و ئەو ئەوسا دینەمۆی بزووتنەوەی ناشتیخوازان بوو بە شانازی یەوە باسی ئەوەی کرد نە ئەگەر ڕاپەڕینی تشرین نەبووایە ئێستا ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم چاپکرابوو. بەڵام ڕاپەڕینەکە هەر ئەوە نەبوو ببێتە هۆی چاپنەکردن. بەڵکو پاش ڕاپەڕین چەند مانگێک خۆم شاردەوە و دوایی چوومە بەندیخانە ناچار بووم نوسخەی دووەم بشارمەوە. ئەوکاردم دایە دەست هاوڕێی منداڵی و دراوسێی ماڵ بە ماڵەوەمان دوکتۆر جوامێر مەجید سەلیم کە لەپاش ماوەیەکی درێژ کەوتمەوە ناو ژیانی ئاسایی یەوە لەگەڵ کاک جوامێردا شتە شاراوەکانمان لەو چاڵەی تەویلەکەی ماڵی خۆیان دەرهێنا تەواو پواو بوون هیچی نەدەخوێنرایەوە. ئەمیش وەک گەلێک بەرهەمی ترم سەری تێدا چوو.

ئەوەندەش دەبێ بڵێم- کە لە بەندیخانە باسی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم دەکرد شەهیدی ئەمر جەمال حەیدەری لێی پرسیم بە چ زمانێک نووسیوتە- کە ووتم بە عەرەبی پاش پرسین ومونا قەشە دەرسێکی گەورەی ژیانی دامێ کەبەرهەمی ئەدەبی بە کوردی بنووسم و عەرەبی زانین بۆ خزمەت وپیناسینی کورد بەکاربهێنم. لەوانەبوو ئەگەر ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم دەست بکەوتایەوە هەر لەسەر ئەو ڕێ وشوێنە بمکردنایە بە کوردی وبەکوردی بڵاوم بکردنایەوە. ئەوسا لە پاڵ هەموو ساکاری یەکیاندا دەبوونە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی چاپکراوی کوردی.

ئێستا سکێچی هەندێکیانم لە بەرچاوەو تازە لەو پلەیە داێین بیانووسمەوە. هەر لەبەر ئەوەی نووسەر بەرهەمەکانی خۆی بە کۆرپەی خۆی دەزانی فرمێسکێکیان بۆ دەرێژم و دێمە سەر باسی ئەو چیرۆکانەی بەردەستتان.

ئەمانە هەندێکیان کۆنن وبڵاو کراونەتەوە. بەکاتی بڵاو کردنەوەیاندا دیارە کە لەچ سەردەمێکدا نووسراون. بەڵام کە ئەم بەرگە سەرجەمی چیرۆکن ئەوا پێم باشبوو ئەوانیش دووبارە چاپ بنەوە. هەرچی ئەوانیترن ئەوە بەرهەمی سەردەمێکی پاش ئەوانن کە یادەرفەتی بڵاوکردنەوەیان نەبووە یا تەمەڵیم لە بڵاوکردنەوەیاندا کردووە. بناغەی زۆربەیان لەسەر بیری نووسەرێک دانراوە کە ووتبوی : ئەگەر چیرۆکنووس لە واقیعدا کەرەسەی چیرۆکی دەستنەکەوت با خەو بکا بە چیرۆک. ڕەنگە هەندێک لەمانە کەرەسەکەیان لەخەوێکەوە وەرگیرابێ. بەڵام دیارە چۆن خەو و واقیع تێکەڵ کراون. ناشمەوێ بچمە سەر لێکدانەوەی

چیرۆکەکان بەڵام ئەوبیرە بوو بە بناغەو ئەم چیرۆکانەی لەسەر بەرهەم هێنرا. دیسان نامەوێ بڵێم ئەمانە چیرۆکن یا چ بابەتە چیرۆکێکن هیوام وایە ڕەخنەگران بە ئینسافەوە تەماشای ئەوە بکەن و لەبیریان نەچێ کەدووا بڕیاری ڕەخنەگرانە لای من بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا ئەوەیە ئایا بەرهەمی چاکە یان خراپ ئیتر دەربەسی ئەوە نیم ناونرێ چیرۆکی باش، ووتاری باش، ڕیپۆرتاژی باش . . . هتد. لەم کۆمەڵە بەرهەمەدا ئەو بەرهەمە درێژە دەبینن کە ناو نراوە «ئوستاد». دیارە ئەوەیان لا ڕاوەستاون وپاسێکی دەوێت.

* * *

ساڵەهای ساڵ دوکانەکەی مامۆستا بەشیر موشیر لە حەیدەرخانەی بەغدا شوێنی کۆبوونەوەی پیرو جوانی کوردان بوو. لەسەردەمی زوودا ئەو شوێنە وەک ناوەڕاستی بەغدا بوو ئوتێلەکانی شاری لە دەور بوون نزیکی هەموو بازاڕەکانی بەغدا بوو. سەرای حکومەت، شارەوانی (ئەمانەی عاسیمە) وەزارەتەکان لەوێوە نزیک بوون. کوردی بەغدا و ئەو کوردانەی دەهاتنە بەغدا هەموو ڕۆژ بەوێدا ڕت دەبوون. قوتابیان هەر لەسەرەتای بەغدا بە پایتەخت (بوونە وە) زۆر شت هەموو ڕۆژێ بەرەو ئەوێ دەبردن. وەزیری کورد، ئەفسەری کورد، بیر ڕووناکی کورد، قوتابیی کورد ئەو دوکانە مەڵبەندی کۆبوونەوەیان بوو. گەلێک یادگاری ئەوێ هەر لەڕۆژانی شۆڕشی شێخی ئەمرەدوە تا ئەو ڕۆژەی مەرگ ئەو دوکانەی پێچایەوە ١٩٦٣/٧/٣٠، بەڵگەی جموجوڵ و بەجەرگ بوونی ئەو بانەیەین.

شەخسیەتی مامۆستا بەشیریش (ناڵێم وەستا چونکە بە وەستا تورە دەبوو) مەداری دوکانەکەو ئەو جموجوڵەبوو. لە و هەموو ساڵەشدا کۆمەڵێ قسەی خۆشی مامۆستا کۆبووبۆوە کە پێویستیان بە تۆمار کردن هەبە.

ساڵی ١٩٨١ مامۆستا توفیق وەهبی پێی ووتم: ئێوە بەشیر موشیرتان کرد بە مەلای مەزبوورە چاکیشتانکرد. بەڵام توخوا پێم بڵێ قسەیەک بە من ووتراوە ئەو کردوێتی یان نا؟. زانیم دەڵێ چی: سوێندم بۆ خوارد کە وایە. ووتی : بەڕاستی پێم خۆشە ئەو گەمژەیە ئەقڵی بە قسەی وا بشکێ. باخۆشم بگرێتەوە.

جا مامۆستا بەشیر زۆر حازر بەدەست بوو. هەر ڕۆژەی دوو ووشە قیبر ببوایە دەبوو سامانی قسەی ئەو زۆر لەمە زیاتر بووایە. جا ئەو سامانەش نابێ وون بێت. بەڵام چۆن دەبێ کۆ بکرێتەوە. ڕەنگە لەوانەی هاتوچۆی ئەویانەیەیان دەکرد لە هەموویان زیاتر قسەی خۆشی کۆن و تازەی ئەوەی خۆم بیستوومە و لەخەڵکم بیستووە لە بیرما جێگیر بووبێ. بەڵام ئایانەو قسانە وەک خۆیان وەک قسەی خۆشی قارەمانەکانی گالتەوگەپ تۆمار بکرێن؟



هەواڵنامەی کتێب

ئەوە ڕەنگەیەکە. بەڵام ئەوە بۆ فۆلکلۆر باشە، کە بەدەم گێڕانەوەی پشتاوپشتدا لێی دەگۆڕێ. هەندێکیشمان هەن لە خۆیانەوە بوون بە خاوەنی مەسەلەکە وشت بۆ مامۆستا دروست دەکەن. هەرچی منم ئەوە دەمێک بوو بۆ بابەت و شێوەیەکی تر دەگەڕام تا گردەوەبووی ئەو سامانەی پێ بخەمە سەر کاغەز. ئەوە بوو ئەوەش وەک چیرۆکێک و لە دیمەنی خەونێکیدا هاتە بەردەست. کە بەشی خەوەکە تەواو بوو بەرەبەرە شتی تری هاتە سەر. دیمەنی دوکانەکە جموجۆڵی کوردی لە بەغدا ژیاوی سەردەمێک، پێوەندی یان بە بزووتنەوەی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئەدەبی ئەوە گەرەسەی چەند ڕۆمانێ. ئاواتم ئەوە بوو بتوانم بەو سامانی گەرەسەیەوە ببم بە نووسەری ئەو چەند ڕۆمانە. بەڵام ڕەنگە ئەو توانا و بەهرەیەم نەبێ. بەهەمرو حاڵ لە چەشنی بابەتێکی ئەدەبیدا- ئەگەر ڕەخنەگران بە چەشنێک لە ڕۆمانی بزانن ڕەنگە جێی خۆی بێ- وردە وردە هەندێ لایەنی ئەو دیمەن و جموجۆڵەم خستە سەر کاغەز. جاروبار لێم دەنووسی وکە کاری تر دەهاتە پێشەوە وازم لێ دەهێنا. ئێستا کە ئەم پێشەکی یە دەنووسم و لە ترسی ونبون و دوورکەوتنەوەی مەوادی چاپ ئەوەی لێی نووسراوە دەینووسمەوە ئەگەر پێم کرا لە بەرگێکی نزیک تەواویدا بە چاپی دەگەیەنم. ئەگەر نەکرا یا تەواو کردنی بمێنێ بۆ هەلێکی تر. ڕەنگە ئەوەندەش بڵێم کە «سەبرێک ودووفرو» کارەکەی پوختەتر دەکرد هێلێکی درامی دەدۆزیەوە کە زۆر کەس جاران بە مەرجێکی ڕۆمانیان دەزانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی تاقە قارەمانێک کە «ئوستاد» خۆیەتی سروشتێکی تر دەدا بە کارەکە بە هەموو بارێکیشدا لە سنووری بەرهەمی ئەدەبی دەرناچێ وبێسوود نی یە وسامانی قسە خۆشەکانیشیم . بەشێوە ی فۆلکلۆر تۆمار نەکرد....

دووا ووشەم : هەندێ جار کە شیعرم بڵاوەکردەوە. پەنجەی نارەزاییم لە هەندێ کەسەوە لێ بەرز دەبووەوە چونکە یا لەوە نەدەگەیشتن کە جووڵاندن و هەست دەربڕین چی یە. یا لە دڵسۆزی یەوە لایان وابوو دەبێ شیعرێک من بینووسم لە پلەی بەرزی شیعری کوردیدا بێ. بەڵام من ڕام وانی یە. ئەو شیعرانە بەرهەمی جوڵان و هەژانێکی ڕاستەقینەن و لە چ پلەیەکدابن، بەرهەمی خۆمن و کەڵکی بڵاو کردنەوەیان هەیە. بەڵام بەداخەوە نەچوونە ڕیزی پێشەوەی شیعری کوردی لەبەر ئەوە بڵاوکردنەوەیانم پێ باشترە لە پشتگوێ خستن. بۆ ئەم چیرۆکانەش هەر ئەوە دووبارە دەکەمەوە. جێی شانازیشمە کە کەسانێک هەبن هەندێ بەرهەمی ترم ببەنە ڕیزی پێشەوە- باشیعر وچیرۆکەکان کەمێک لەدوواوە بن. بەڵام هەر لەریزدا بن.

هیوادارم کتێبێکی تری سوودمەندم خستبێتە نا کتێبخانەی کوردی یەوە.[1]



(١) ئەم پێشەکی یە بۆ ئەم ڕۆمانە و کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت لە شێوەی خەونەدا نووسراوە،

خوا بەخێری بگێڕێ. ئەمەیان هەر ڕاست لەخەودا بوو .

یا ساڵ گەڕا بۆوە دوواوە، یا ئێمە وا بەرەو پێشەوە، یا بڵێم بەرەو پیری ئەڕۆیشتبوون. هەر لە خەودا دیبوتە. ساڵ دەچێتە دووا وەو هەموو کارەسات ورووداو فەرتەنەی ساڵانی دووایی خەتێکی بەسەردادێت.

ئەوەی من دیم. بە دیمەنی خۆماندا ویە گەلێک شتی تردا لەوە دەچوو کەچووبینەوە بیست ساڵێک لەمەوبەر. چونکە هەر لە خەوەکەدا "ئوستاد" مابوو باسی مردن و وەسیەت وگۆڕەکەی لای شێخ مارفی کەرخیی دیارنەبوو، ئەوە ئێستا کە لە خەو خەبەرم بۆتەوە وادەڵێم.

چونکە دەزانم ئوستاد لە ١٩٦٣/٦/٣. دا بەرەحمەت چوو.

ئێمەش هەر لەو خەوەدا چووبووینەوە ئەو زەمانە. من تاڵێ مووی سپی لە سەرمدا نەبوو. (ئەبولفەزل)ی ها وڕێم سەری پاک پاک وەک ئەوسا تاشی بوو. ئەم سەربەڕژنە نیوەڕەش ونیوە سپی یەی ئێستای نەبوو.ئەو وەک ئێستا ووەک ئەوسا ژنی نەهێنا بوو. منیش وەک ئەوسا بووم. نە ژن ونە ماڵ ونەدووڵی ویە خانەوە گیرسانەوەم نەبوو.

بەڵام خانەبێزاریش نەبووم. بوونی "ئوستاد" ودەستگا ودوکانی زەمانی بیست ساڵ بردبۆوە دوواوە. بەڵام ئەو دیاری یەی خەوەکەی لەسەر هەڵچنرا بوو هەریە خاوەنەکەیدا لەوە دە چوو کە هەر دەساڵێک یا کەمتر چووبینە دوواوە.

کە لە خەودا کەسێکی بیست ساڵ لەمەوبەر مردوو و یەکێکی چەند ساڵێک لەمەوبەر دەرکراو وئێمەی هێشتا زۆرت وزیندوو پێکەوە کۆ دەبینەوە ئەوە تەواو هەر لە خەودا چیرۆکێکی زۆرت و زیندووی "ناماقووڵ"ی ئەم زەمانە دێتە دی. «ناماقووڵ» ی لە لێکدان و

مردوو ودەرکرا وزیندووکۆکردنەوەدا بوو.

ئەم خەوەیان هەر لەزەمان ڕەنگە بڵێم ئەو دیاری یەش کە خەوەکەی لەسەر هەڵچنرا بوو، ئەویش هەر بۆنی "تا ماقوول"ی لێوە دەهات.

شوفێرەکانی سلێمانی بەگاڵتەوە دەڵێن: "بۆجێب چی یە. بیست کەسیش هەڵدەگرێت". قەیدی چی دەکات. کە مردووو دەرکراو وزیندوو کۆکرایەوە. ئەوا دیاریش بەشە سەدا ڕەیەک قوماش دەبێت.

باش ئەوەی دەساڵێک دەبوو ئوستاد دوکانی بەرگدرووتی یەکەیی گۆڕیبوو بە "کوتوبخانە" وبۆ یادگار مەترو مەقستەکەیی هەرلای خۆیەوە دانابوو. ئەوا ئێمە بەشە سەدارە قوماشە کەمان بردە لای ئوستاد.

لە یادگارەکانی پیرە مێرددا چەند جار باسی ئوستاد دەبینین. جارێک وابزانم لە ژمارە ٤٨٥ و ڕۆژی ٢٧ی حوزیرانی ١٩٣٦ دابوو نووسیبووی.

"وەستا بەشیر موشیریکمان هەیە. خۆزگە ئەو حبس و سەویەی وەتەنپەروەری بەی ئەومان دابەش بکردایە. ئەمجارە بەشی دەستێ جل قوماشی لە ڕەنگی تەبیعەتی خۆم بۆ ناردووم، وادەزانم فۆرمەی موشیری یە".

جارێکی تر هەر یەکسەر باسی بەرگدروتیی ئوستادی کردبوو. وابزانم لەژمارە ٤٩٨ ی "ژیان" ولە ڕۆژی دەهەمی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ دابوو لەوێدا نووسیبووی:

"وەستا (بەشیر) بیبڕێ. شاگرد بە ماکینە بیدروێت. تۆ لەبەری کەی".

کەواتە "ئوستاد" بەرگدروو بوو. بەڵام دەیانووت لەسەر شووشەی دوکانەکەی ڕەسمی مەقستەکەی خۆی کرا بوو. لەژێریشیدا نووسرابوو: "خاوەنی مەقەستی زێڕین بەرگدرووی سوپایی ومەدەنی". مامۆستا (هـ.ل.ب) زوو زوو دەیگێرایەوە دەیووت:

"ئێمە ئەوسا لە بەغدا قوتابی بووین. ئەو ئەو دەمە ئوستاد بوو. دوکانەکەی مەڵبەندی کەڵە پیاوان وکاربەدەستان بوو. کە بەلای ئەو مەقەستە زێڕینەدا دەرۆیشتین شێخ عارف دەیووت: باشە کورد لە کریدیتی زێڕ ئەو مەقەستەی هەیە.کە پەکمان کەوت دەیفرۆشین وفریامان دەکەوێت.

هەر ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێت کە ئوستاد لە هەموو یادگاری سەرنەکەوتوویی بەرگدروتیی ئەو مەقەستەی زێڕینی ناو بوو و مەترەکەیی هێشتبووە.

شایەتیی باشم:. دەربارەی بەرگدروتیی وناوبانگی "ئوستاد" زۆر بیستووە. تەنانەت ئەوە بەڵگەو شایەتیی ناوی کە ئوستاد یەکەم بەرگدرووی عیراقە کە ناوی خۆی وڕو ینەی مەقستەکەیی لە هیندوستانەوە بە چاپکراوی لەسەر قوماش هێنا بوو وئەیدوری بە بەری

چاکەتەوە .

سەرسامی شاعیر دەبووت :

"ساڵێک لە سلێمانی بەرگدروو بووم. ئوستاد هاتبوو بۆ شارو لای موتەسەریفی ئەوسا میوان بوو. من خەریکبووم دەستێک بەرگم بۆ موتەسریف دەدروی. ئوستاد هات. هەندێک شیعری خۆمی پی خوێندمەوەو ئەوسا هەواڵی ئەو دەستەبەرگەی خانە خوێ کەبی پرسی کەبەدەستمەوە بوو.

کۆمەڵێ ئامۆژگاریی دامێ. ئەو دەمە ئێمە بە دەباشیر خەتمان لەسەر قوماش دەکێشا. ئەو لەو دەباشیرەوڕەنگ سابوونی بە رەنگاورەنگەی لەگیرفاندا بوو. ئێمە نەماندیبوو بەوە چەند خەتی بۆ کێشام وبە دیاریش سابوونەکەی دامێ .

ئەمە شایەتیی چاکەو بەڵگە. یابڵێین "ئیسپات"ە .

هەرچی شایەتی تاوانبار کردنە لەدادگای نابەرگدروێتیی . "ئوستاد" دا ئەوەش هەیە.

زۆر کەس دەڵێن بەرگدروێتیەکەی وەک نووسەری و شاعیریکەی وابوو. "ئوستاد" ڕۆیشت وشەش کتێب وسەد پارچە هۆنراوەو سێ سەد ووتاری چاپکراوی لەپاش بەجێما .

هەرچی چاپنە کرا وشە ئەوە هەر نازانرێ. چونکە لە سندوقێکدایە و ...ودسیتی کردووە کە موریدێکی دوور وولاتی خۆی هەیە. ئەو بێتەوەو بیکاتەوە. وا بیست ساڵ بەسەر مەرگی " ئوستاد" دا ڕابورد ئە، هەر نەهاتوە نەکەوە .

ئوستا دی خاوەنی ئەم هەموو بەرهەمانە زۆر جار دەیووت: "ئەتۆ بینووسە. ئەمن (واتە:من) تەئلیفی دەکەم."... هەندێک جار تۆ بۆت دەنووسی وبۆت دەخوێندەوە. ئەو "ئیمضا"ی دەکرد بەوە دەبوو بە نووسینی ئەو .

زۆر جاریش سەرنووسەری هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەوە... بە کانی دەوڵەتی بۆر دەدا. ئەمان یا شکاتیەکانیان یا یەکسەر بۆیان دەنووسن.یا نووسینی عەرەبیی کوێتیان بۆ دەکەن بە کوردی. بەڵام ئەو هەندێ جار خۆی تالە بیرێک، یاچەند ووشەی دەکرد بەهێم ویئەرەت و دەیدا بە یەکێک بۆی پان بکاتەوە. ئەوە بوو جارێک "شرۆڵ"ی شاعیری بانگ کردو ووتی :

- ورگ زلی گاگو. ئەتو نەخۆش بوویت. ئەمینیش نەخۆش بووم. دەینووسە:
- مەبل .
- نێ .
- دیسان مەبل.
- نێ .

- نێ   نێ . ئم مەبل .

- نێ .

- نێ .دەرد. قمیل .

- نێ .

- نێ. نێ. قـوزڵقـورت. ئـەوە بەسـە بچـو بیکە بە شـیـعـرێ بە موناسـبـەتی نەخـۆشـیی هەردووکـمـانەو بۆ هەردووکـمـان خـوا هەڵناگـرێ «شـرۆڵ»یش یەکـێـک لەو پارچانەی لێ دروستکرد کە گۆرانی مەزن دەربارەیان دەیووت: ئەرێ بۆ خۆی بۆچی شیعری وانانووسێ.

دیارە هەندێ جار ڕووی دەدا کە ئوستاد خۆی ئاگای لێ نەبێت وشتی بەناوەوە بنووسرێت وبلاوبکرێتەوە.ئەوە بوو جارێک «قـادر»ی قوتابی کـیـمـیـا خۆی خەریک کردبوو. لەوشتانەی لە خوێندندا فێربان بوویوو، پالەوسەرچاوانەدا کە دەست ئەو کـەوتبوون دیبوونی، کورتە ووتارێکی زانستیی جوانی لەسەر نەوت نووسیبوو. ووتارە کە زۆرتر لایەنی کـیـمـیـا گـەری گرتبو .قـادر باوەڕی بەخـۆی نەبوو لەوە پێش هیـچی بلاونەکـردبۆوە. لە بەرئەوە بەناوی «ئوستادەوە ناردبووی بۆ ڕۆژنامەی «ژین». ووتار بلاوبۆوە لەوە دەترسا ئوستاد پێ بزانێ و تووڕە ببێت وئیتر نەیەڵێت بەدوکانەکەیدا بچێت. هەرچۆنێک بێت لەگەڵ خۆماندا بردمان، بەلام ئوستاد لەم حاڵانەدا سنگی زۆر فراوان بوو.

-مامۆستا، ووتاری ئەمجارەت هەر زۆر بەرزبوو.

-نێ. ئەمێن جوان دەنووسم، کامەیان؟.

-ئەوەی لەسەر نەوت، ئەوە نێ یە لەم ڕۆژنامەیەدایە

-کوا؟ بیخوێنە. (واتە- بیخوێنەرەوە-ع-).

دیارە ئوسـتـاد ڕقی لەپاشگری (وە) بوو. بەکـاری نەدەهێنا. نەیدەووت «بیـخـوێنەوە» هەروەک زانیبێتی کە زمانەوانەکانمان پاش مەرگی ئەو لەسەر ئەم پاشگرە لێیان دەبێت بە هەڵلا. کەواتە سندان لەو پاشگرە ولەزمانەوانەکاندات. لەبەر ئەوە ئوستاد کە لە دوکانەکەیەوە دەچووە مزگەوتەکەی ئەوبەریش هەر دەیووت:

-ئەمێن لە جادە دەپەڕم.

سنداني لە «دە» و پاشگرو پێشگرو تیپ وپیت و قالەو فـاتە دەدا. بێینەوە سـەرباسی ووتارەکە وباسی «نەوت».

پاش ئەوەی ووتارەکەی بۆ خوێندرایەوە. هەموو تەماشامان دەکرد. چاوەڕێی ئەنجام بووین. کپ، بێدەنگ. ووتار بڕایەوە . . «ئوستاد» خۆیشی تاوێک بێدەنگ بوو. ئەوسا چنگی قووچاندو تاقەپەنجەیەکی درێژکردو ووتی:

هەواڵنامەی کتێب

– بەدینی پێغەمبەر، ئەمێن زۆر جوانم نووسیوە. بەڵام ئەمێن لەبیرم چوو بڵێم: جاران ئەم کۆمپانیاو مۆمپانیانە نەبوون. خەڵکی بەئازادی خۆیان دەچوون بە کوندە، بە کەر نەوتیان لە کەرکووکەوە دەهێنا بۆ سلێمانی.

بەم جۆرە «ئوستاد» گەلێک جار نووسراوەکانی خۆیی پەسند دەکرد. یاعیلمی یانە بڵێین: هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرامبەریان هەبوو. جارێک لەجاران «شرۆڵ» پارچە شیعرێکی بۆ نووسیبوو. بۆی خوێندەوە. دیسان قامکی درێژ کردو ووتی:

–بەدینی پێغەمبەر، ئەمە جوانترین شیعرە کە ئەمێن نووسیبێتم.

وابزانم جارێک خۆی ووتەنی (لمعەینی حالدا) ئەمەی بە مامۆستای (بەرماڵ) یش ووتبو. ئەویش خۆی نەگرتبوو هاتبووە جواب. بێسوود ویستبووی ئەوەی فێر بکات کە هیچ نەبێت بۆ نووسەرەکە خۆی بەم دینی پێغەمبەرە سوێند نەخوات.

ئەم هەویرەیان ئاو زۆر دەکێشێ و جاری تریش هەردەکەوینە باسکردنی. بەڵام بائێستا بێینەوە سەر بەرگدروێتی «ئوستاد» و بەشە سدارە قوماشەکە.

زۆر را لەسەر ئەوە بوون کە «ئوستاد» برێنی دەزانێ ودروونی نەدەزانی. شایەتیی واش هەیە کە لەگەڵ هەندێک کەسدا سەر ڕاست نەبووە.

مامۆستای بەرماڵ کە توزێ بەگێر ئاوی دەرکردبوو ووتی:

– جارێک پارچە قوماشێکم بۆ برد بۆم بدروێ. لەو ڕۆژەدا کە بۆ پراوە دانا بوو پرسیم: ئەمڕۆ پراوەم بۆ دەکەیت؟. ووتی:

–چی ؟ چی ؟ پراوەی چی؟

– ئەی چۆن ؟ ئەی نەتووت ئەمڕۆ پراوەی بەرگەکانم بۆ دەکەیت.

– بەرگی چی وپراوەی چی؟.

– ئەی بەشی دەستێ بەرگ قوماشم بۆ نەهێنایت و«ئوبلچی» ت نەگرتم.

– ئەی بەرگەکانت تەواو نەبوون. خۆت نەتبردنەوە. ؟.

– کورە من پراوەم نەکردبوو، چۆن بەرگم بردۆتەوە.

– نە، . خۆت بردتەوە.

مامۆستا دەستێکی کەوتبووە ئەم لاو دەستێکی کەوتبووە ئەولا. چی بکات و چی بڵێت. دە ئەوەندەشی لەگەڵ بکرێت تەرکی ئەو دوکان و بانەیەی ئوستادی پێ ناکرێت. کە ئەو بەگێر بەناوبانگ بوو خۆ کەسی تر خەبرو بیرێ بەسەر ئوستادو مووریدەکانیدا نەرژاندووە. کەچی «ئوستاد» هەر پەلپی زیافەتی بەو دەگرت. ئەوە بوو چەند ساڵی پێ چوو هەر ئەو زیافەتە نەکرا. دەوران گۆڕرا بوو، ڕۆژێک هەقی کۆمەڵە کتێبی مامۆستا لە سلێمانی بە وە

نیرابوو درابووە دەست «ئوستاد»ی ئەمین و ئومان تا بیداتێ. ئوستاد ئەو ڕۆژە خۆی لێ بێ دەنگ کرد.

. ئەرێ ئەتۆ کەی ئەم زیافەتە دەکەیت.

- کوڕە ئەوە بۆ هەر پەلپ بە من دەگریت.

- نێ . . . چونکە دەڵێن کەس نانی مەلای نەخواردووە دەمانەوێ تاقیی بکەینەوە.

- وانی بە شەرتە شتێک پارەی ئەو کتێبانەم دەست کەوێتەوە بانگتان بکەم.

- نێ . . . دەباشە. (خلف الله علیک) ئەتۆ وەعدت دا. ئەمین لەخۆشی ئەم وەعدەت ئێوارەی پێنج شەممە هەمووتان بانگ دەکەم.

سەرتان نەیەشێنم، دەدوانزە کەس ئێوارەی پێنج شەممە لە ماڵی «ئوستاد» پلاوو گۆشت و هەمەڕەنگ خۆراکمان نۆش کرد. مامۆستای بەرماڵیش کەکەمخۆر بوو ئەو ئێوارەیە خوا هەقە بەزۆر زۆری دەرخوارد درا. کە چووینە دەرەوە ئوستاد بەگوێی چەند کەسێکمانیدا چرپاند:

- بانەمشەو تێر بنوێ.ئەمین سبەینێ تێی دەگەینم. ئێوەش وەرن.

سبەینێ هەینی. مامۆستا پێش نوێژ هەردەبوو سەری لای ئوستاد بدا. ئیمەی مفتەخۆری دوێنێ شەو وابزانم هەرهەموومان لەوێ بووین.

-کاکە، ئەتو دەزانیت ئەمین زۆر ئەمێنم دەست بۆ ماڵی کەس درێژ ناکەم.

-نێ ڕاستە. هەرچەندە هەرگیز ئەو دەستەڵاتەت نەبووە.

-نێ بووە و دەبێتێ. بەڵام ئەمین کاری وانائەمین ناکەم. ئەتۆ خۆت وەعدی زیافەتەکەت دا. خۆ ئەتۆش قەت درۆت نەکردۆتێ.

-کوڕە ئەوەڵڵا. ئەیکەم ئەیکەم. باجارێ خێزانەکەم چاک ببێتەوە.

ئوستاد وورده وورده دەستی درێژ دەکرد بۆ چەکمەجەکەی بەردەستی کە«مەحفەظە»ی پێ دەووت. دوو لیستەی جوانی بەسەرەکەبی ڕەشی چینی ئامادەکراوی دەرهێنا کە بەختی بەدبەخت بوون. داینە دەست مامۆستا.

-ئەمە چی یە؟

-ئەوە ئەتۆ بڵێ.

-نێ کوڕە چی بڵێم.

-ئەتو بیخوێنە، ئەوسا بڵێ.

مامۆستا لێی وەرگرت چاوی پەڕی بە پشتی سەری قوڕگی ووشک بوو. قسەی پێ نەکرا.

-نێ خێزانی ئەتو نەخۆش بوو، هی ئەمین نەخۆش نەبوو. لەجیاتی ئەو ئێشی

کرد.خواردنی حاضر کرد. پارەی ئەوەشم حساب نەکردووە.

مامۆستا ئەوەندەی تر رقی هەستا. تومەز ئەو دوو لیستەیە یەکێکیان لیستەی هەقی کتێبەکانێتی کە«ئوستاد» ی ئەمین وئومان وەری گرتبوو. ئەویتر مەسرەفی زیافەتەکەی شەوی پێنج شەممە بوو لەسەریشی نووسرابوو لەسەر وەعدەکەی خۆت . ئەگینا ئوستاد ئەوەندە نا ئەمین نەبوو بێ ئەو پەیمانە ئەم کەتتە بگێڕێ. بەڵکوو ئاوو خوێی زیافەتەکەش لەسەر ماڵی ئوستاد بوو.

مامۆستا بێ خشپە، بێ قسە، بێ وورتە هەستا ورۆیشت. ئوستاد ووتی:

-قەیناکا با نوێژی جومعەکەی بەدڵەوە نەنووسێ. ئەوەی باشە هەر پێش نوێژە وختەیب نی یە.

لەعنەت لەم قسانەی قسە رادەکێشن. خۆ ئێمە لە باس و لەمەحکەمەکاری بەرگدروێتیی ئوستاددا بووین. لە جیهانی بەراوردیی ئەوەدا بووین لەگەڵ نووسەری و نانووسەری ئەودا.

هەر لەو بارەیەوە باگرێ لە شایەتێکی تری ئەو باسە بگرین. دوکتۆر هوشیار لە بەرلین لە یادگاری منداڵیدا دەیگێڕایەوە دەیووت:

- باوکم بردمی بە لای «ئوستاد» دەستێ بەرگم بۆ بدروێت. مەترەکەی بەسەر ملیدا شۆڕکردبۆوە. خۆی ئونیلیچی گرتم. وادەی پراوەی بۆ دانام. کەچووەمەوە بۆ پراوە دیم قوماشێکی تری بۆ دروو بووم. هەرچەندم کرد پێی بسەلێنم کە ئەمە قوماشەکەی من نی یە. سوودی نەبوو ووتی:

- کەرە، ئەتۆ منداڵی، ئەتۆ لە ئەمین باشتر دەزانی کامە قوماشی ئەتۆیە. ئەمین تەرزی باشیم یا ئەتۆ؟

دووا شایەت کە نەبۆ تاوانبارکردنەو نەبۆ ئیسپات. بۆ تاوانبارکردنیشەو بۆ ئیسپاتیش. ئەویە دەڵێن: رەحمەتی عیزەت تۆپچی- عیزەتی خولەی فاتەدرێژ- لە ئەستەمبوڵەوە گەڕابۆوە. بی ئیش وبی کار. دەورانی شێخ مەحموودیشی دی بوو. ئەووچەند کەسی تری وەکو خۆی هەموو رۆژ دەچوونە ئەم دائیرە وئەو دائیرە. بەدووای ئیشدا دەگەڕان. دەڵێن ئەو سەردەمەش دوکانەکەی ئوستاد، کەمێژووی دانانی دیار نی یە. هەر مەڵبەندو یانەی کوردان بووە. لەبەر ئەوە عیزەت بەگ ئەوێی کردبوو بە مەرکەزی هاتوچۆی. لەوێوە دەچووە وەزارەتێک وەدەشهاتەوە ئەوێ و سکاڵای دڵی لەوێ هەڵدەڕشت.

رۆژێک خواو راستان گرتی ویەو پلەیەی لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بوو، بوو بە ئەفسەری سوپای تازە دروستکراوی عیراق. ئەوانیتریش هەریەکە بەشتێک دامەزرابوون. شادی کەوتە دوکانی «ئوستاد»ەوە. بەڵام ووتیان ئوستاد خۆی کە هێشتا لە هەرتی



هەواڵنامەی کتێب

بەرگدرونتیدا بوو وڕ بوو هەر بیری دەکردەوە. نازانم ئەو کاتەش بە کاک عیزەت دەووترا «عەقید» یانا؟ بەڵام ئەو دەمێک بوو مشیری نابوو بەخۆیەوە. هەرچەندە باسی ناوو لەقەبەکەیی هەندێک جار بەچەشنێک دەگێڕایەوە. بەڵام زۆر جاریش ئەو «موشیر»ی یەی لا دەبووە پلەی سوپایی. لەموناقەشەی ئەفسەرە تەقاویتەکانی دوکانەکەدا بەڕاست خۆیی لێ دەبوو بە موشیر. هەر لەبەر ئەوەی ئەو رووبکردبووە عیزەت و ووتبووی:

-نێ.... باشە. ئەوە ئیشی ئەتۆ تەواو ئەی ئیشێکیش بۆ ئەمین بدۆزنەوە.

ووتیان عیزەت زۆر ڕاماو مام ناوەندی یەک بیری کردەوەو سەیری مەترەکەی ئوستاد ومەقەستەکەیی کردو ونەوسا ووتی:

-تۆ ببە بەخەیات. خەیاتی بکە.

جا «ئوستاد» یێک ئەم هەموو سامانی باس وخواسی بەرگدرونتی بەی لەدەور کۆ بێتەوە. دەبێ کێ لەو شایانتر بێت کە ئەو بەشی سدارە قوماشەیدیاریی سەرۆکێکی لێکەوتووە بۆ نووسەرێکی ناودار بۆی ببڕێت و ناواخنی بۆ بکات و خۆیشی بیدرووێت یا بە بلێی بیدا بە شاگرد بیدرووێت و ئەوسا ئەبولفەزل لەسەری کات.

ووتم خەوبوو، ئێمە و زەمان بیست ساڵ چووبووینە دوواوە. ئەبولفەزل رەنگی بیست ساڵ لەمەوبەری چوبووە دۆخی جاران. بەڵام نازانم پایەی ئەدەبیی بیست ساڵ چووبووە دوواوە یا لەو کاتژمێری ساڵ گێڕانەوەیدا ئەوەشی لەکیس دابوو کە نووسەرێکی ناسراوی ئەم سەردەمەبێت. لە خەوەکەدا نە ئەوەم پرسی ونەئەوەشم لا روون بۆوە. بەڵام ئەو خەڵاتە سەرداری یە بەڵگەی ئەوەیە. کەئەمەنی ئەوسا و پایەی ئێستای تێکەڵ بووین.

هەردووکمان چووینە خزمەت ئوستاد. مەسەلەمان بۆ گێڕایەوە. لەسەرەتاوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەیرێکی مەترو مەقەستە کۆنەکەیی کرد کە بە بێ ناز لە تەنیشتی یەوە کەوتبوون.ئەوسا پێکەنی ودەستی دایەو ئەختی ئەو تەختەی بەردەمی لە کتێب و رۆژنامە چۆڵ کرد.وای لێکرد کە شتێک لە میزی بەرگدروونە کۆنەکەی بچێت. درۆم پێ مەکەن. نازانم سابوونی رەنگ کێشانەکەی بوو یا نا؟ بەڵام ئەوەندەم بیرە کە چەند خەتی کێشا و مەتری بەکارهێنا وسەری تاشراوی ئەبولفەزلی پیواو مەقەستی نا لە پارچە قوماشەکە بۆ دروون. ئیتر یا خۆی لە پشت دۆلابەکەوە شاگردێکی حەشاردابوو، یاناردینی یە لای بەرگدرووە سەرپێ یەکانی هەراجخانە. کابرای بەرگدروو شتێکی ووت و ئەبولفەزل هەردوو چاوی دەربۆقی و رەنگی سوور هەڵگەڕا وشەپۆلی تووڕەبوونی هەڵچوو. وابزانم پەلیشی ڕاکێشام ونەوەندەم زانی خۆمان لەبەردەمی ئوستاددا دی یەوە.

ئەبولفەزل هاواری کرد.

-باشە کابرا کە تۆ بەرگدرویتی نازانی بۆچی ئەو قوماشەت بۆ سەقەت کردم. من چی بکەم.

- هێ . . هێ . . هێ . . .

- ئەوە پێدەکەنی. هەی نائەهل. تۆ نەدەبوو بڵێی بەرگدرویتیم لە بیر چۆتەوە.

- هێ . . هێ . . هێ . .

ئەو هەر پێدەکەنی، ڕاست دەکەن دەڵێن هەربەگدروو نەبوویت.

- ئێ . . کەرە بۆ تووڕە دەبیت؟

- چۆن تووڕە نەبم. دیاری، قوماش، چۆن بچمە لای کابرا . .

- هەی ناقڵ نووسەری خەڵک فرۆکە، پەیتووکەیان بە خەڵات دەدەنێ. پارە وخانوو وهیچ نەبێ کاتژمێری زێڕیان دەدەنێ.

- ئێ تۆ هەقت چی یە، تۆ بتووتایە . .

- ئێ، ئەو پارچە قوماشە حیزەی ئەتو هەر بۆ ئەوە باش بوو ئەمین سەقەتی بکەم.

ئەمجارەیان من لای خۆی دانیشتم و ئەبولفەزل قوماشە پارچەپارچەکراوەکەی کۆ کردەوە ولێیدا ڕۆیشت. ماوەیەکی پێ چوو. وەک جاری جاران یەکێک هات، یەکێک ڕۆیشت. لە چەند تەڵ و چەند دەنگ ویاس وخرۆشی هاتە ناوەوە. سەرێکم هەڵبڕی، تەماشام کرد وا ئەبولفەزل بەو بەری جادەکەدا هێواش هێواش تێ دەپەڕێ و سەیری ئەمبەر ناکات.

دیاربوو بەرگدرووەکەی هەڕاجخانە لە قوماشە پارچەپارچەکراوەکە کاسکێتێکی بۆ دروست کردبوو. کردبوویە سەری وئەویش وەک ئەمەی بە سەرکەوتن زانیبی بەسەر ئوستاددا ئاوا بەبەر دەمماندا ڕابورد. دەستێکم لەئوستادەوە ژەند. ئەویش سەری هەڵبڕی زۆر سەیر سەیرێکی کرد. وادیار بوو ئەمیش خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی.

- هێ . . . هێ . . . هێ.

دیاربوو ئیزنی دام.

هەستام هاتم لە جادەکە بپەڕمەوە. ئۆتۆمبیلێک لەو لاوە هات. ئاگاداری نەبووم، هۆڕنێکی ناسازی بۆ لێدام. خەبەرم بۆوە.

* * *

لە زانستی کۆن و کتێبی کۆنی مزگەوتدا. (مەتن) هەبوو و «حاشیە» هەبوو. ئەمڕۆش «تێکست» هەیەو پەراوێز هەیە. ئەم تاقمەی ئێمە بەمیان دەڵێن «سنۆسک». لای هەندێک زانای دەبەنگ ڕێکوپێکی سنوسکێک هەزار گەوهەر وفەلسەفە ولێکدانەوەی ناو تێکست

دێنێت.

ئەوە چی بە خەریکە توورە دەبن بڵێم «زانای دەبەنگ» ئەی ئوستاد خۆی نەبوو جارێک بە کابرایەکی ووت:

- کەرە، ئەتو لەپاڵەوانی حیز دەچیت.

خۆی نەماوە تا تێتان بگەیێنێت پاڵەوانی حیز چی یە. بەڵام تارمایی ولاپەڕەی زۆرو قەبەی کتێبی هەندێ زانای دەبەنگ وان لەبەر دەمما کە دەفتەری دەبەنگی نەبێت ناچنە هیچ دەفتەرێکی ترەوە. کەلە خانەیەکی، تروفەسڵ وبابێکی تردا باسی ئەوتان بۆ دەکەم.

ئێستا پاش ئەوەی لەو خەوە بە ئاگا هاتووم. دیارە ئەوتێکستە چەند پەراوێزێکی دەوێت.

جارێ ئەبولفەزل کێ یە؟. تۆ بڵێی هەر خۆی نە پاکستانی ونەئازربایجانی بێت وناوی ئەبولفەزل بێت.

نا . . بەڵام خۆی ناوی خۆی نابوو ئەبولفەزل، بۆ کەس هەیە ناوی خۆی بنێ ؟. بەڵێ هەیە ناوی خۆی دەگۆڕێ و لەرۆژنامەدا جاڕ بۆ خۆی ئەدا. ئیتر یا ئایشێ دەبێ بەنەسرین، یا حەمە عەلی دەبێ بەئازاد. ئەگەر باسی ئوستادیش کزڵەکەی هەموو باسمان بێت. ئەوا هەر لەباسی ناودا دەبووت:

- باوکم ووتی : کە کوڕمان بوو ناوی دەنێین بەشیر دایکیشم ووتی : باشە. ئەمینیش ووتم : باشە.

دووایی باوکم لەگەڵ شێخ مستەفای نەقیبدا-نەڵڵا یرحمە- شەڕیانبوو. ناچار بوو سلێمانی بەجێ بێڵێ ڕۆیشتین، گەیشتینە مرشیراوا. ئەمین بۆوم. ووتیان: بەشیر موشیر.

ئەمە ناونانی ئوستاد بوو. هەرچی ئەبولفەزلە خۆی ناوی ئەحمەد بوو. لەفەقێیەتیدا خوێندبووی کە لەناو عەرەبدا پیاو ناوی هەیە وکونیەو لەقەبیشی هەیە. ئیبین مالیکیشی لەبەر بوو کە ووتبووی : (اسما اتی وکنیة و لقبا). ئەویش ئەوا باوکی ناوی ناوە ئەحمەد. بەو ناوە ڕازی بوو ولەسەر کتێبی دەرسەکەیی نووسیبووی ئەحمەد. بۆ کونیە گەڕا. زانیبووی لەودیو بەفەقێ دەووترێ فازیل (فاضل). فازیلیش خاوەن فەزلە. ئەوەندە فێربووبوو کە کونیە لە ناوەوە دروستکرێت دەبێت بە ئەبولفەزل. ئەویشی بەکونیە بۆ خۆی لەپاڵ ئەحمەدەکەدا نووسی. هاتە سەر لەقەب. ئەو مزگەوتەی لێی دەخوێند لەخانەقایەکی نەقشبەندی یەکاندا بوو.بیری لە لەقەبی شێخ ڕیبری نەقشبەندی کردەوە. ئەوا بەهادین وزیانەدین وسیراجەدین وحیسامەدین وعەلائەدین هەبوون. تاشێخێکی تر پەیدا نەبووە. ڕۆژ بۆ خۆی داگیر کات وخۆی بکات بە ڕۆژی دین یا خۆری دین. ئەم پەلاماری لەقەبەکەی داو شەمسەدینی خستە پاڵ کونیەکە. بەڵام ئەمی هێشتا فەقێ زۆر لەوە دەترسا کوڕە شێخێک پەیدا ببێت وئەنگی ٨

پێ هەڵچنێت ونەگەر بە زۆریش ئەو خۆرەی پێ ناوا نەکات ولەقەبەکەی پێ نەکوژێنێتەوە. ئەوا کە ئەو خۆی ناونا شەمسەدین. رۆژی ئەم کز دەبێت وناوەکەی ئەو بلاو دەبێتەوە و ئەم هیچ.هەر لەبەر ئەوە لەقەبێکی بەدەگیشی بۆ خۆی بۆ ئەو رۆژی تەنگانەیە داناو هەرلەسەر کتێبەکەی نووسی: ئەمە کتێبی ئەحمەد ئەبولفەزڵ شەمسەدین عوبەیدوللایە. هەموو کەسیش هەر عەبدو بەندەی بچووکی خوایە وئەمەیان شەری لەسەر ناکرێت. بەڵام ئەبولفەزڵ نەگەیشتە ئەوەی تەنگی پێ هەڵبچنن. خۆی تەنگی بە خۆی هەڵچنی. هێشتا هەر فەقێ بوو. لە فەقێیەتی وشێختی ومەلایەتی باخی بوو. ئەگەر لەوەبەر کابرایەک لە لەقەب وناوی درێژی سوڵتان وخەلیفەکان ومۆرەکانیان پەست بووبێ و لە رقی ئەوان مۆری بۆ حوشترەکەی دروست کردبێت. ئەوا ئەم لە رقی ئەو ناوە درێژەی خۆی سەیرێکی لەقەبی یەکێک لەو سوڵتانانەی کرد «سلطان الدین وخاقان البحرین . . الخ» وهەر لە رقدا لەسەر کتێبەکەی مۆری حوشترەکەی کابرای لەپاڵ ئەوەی خۆیدا نووسی:

گاهی بارم خار باشد گاه در

بار حاجی عبده الراجی شتر

پاش ساڵەهای ساڵ، ئەبولفەزڵ گەیی بە پایەیەکی تر و لەگەڵیک مەیدانی بە بەبەهای دوور لە فەقێیەتی ومەلایەتیدا فەزڵی دەرکەوت. بەڵام کەهەمووپاداشی فەزڵی زۆری بەشە سدارەیەک قوماش بێت و ئەویش لەخەوداو لەخەوی خۆشیانا. دەبێ لە کانی بیرەوەری هاورێ یەکی بەوە ناوی ئەبولفەزلەکە بێتەوە کایەوەو بێتەوە بەناو بۆی.

* * *

چی بە پەراوێزی ترتان لێم دەوێ ؟

ووشەی پەیتووکەتان دێ ؟ - ئێستا زۆر جار بە راست بە گاڵتە ئەم ووشەیە لە جێی ئۆتۆمبیلی لە سەرچاوەی رۆژئاوا وەرگیراوە ولە جێی «سەییارە»ی عەرەبیی لە قورئان وەرگیراوو بە ئۆتۆمبیل کراودا بەکاردێت. بۆ ژیانی ئادەمیزاد لە بایەلۆژی و فیزیۆلۆژی وسایکۆلۆژی و چەند لۆژیی تردوە ببێتە چیرۆک وسەرگوزەشتەو رۆمان . . . هتد؟ . بۆ ئاوو هەواو شاخ وداخ لە دەرووونی کیمیا و فیزیاو جیۆلۆجیا وچەند (یا) ی تردوە بکرێت بە (باک گراوند)ی چیرۆک و بە دیکۆری شانۆ وسینەما. ئەی بۆچ «ووشە»ی قور بەسەرو ژیان و پەیدابوونی لە مۆرفۆلۆژی وسینتاکیس وفیلۆلۆژی و لەهەموو (لۆژی) و شتی تردوە نەبێتە چیرۆک ؟. رەخنەگران هەسان بۆ بابەت و ژانری ئەم چەشنە چیرۆکە بسوون وناوی لێ بنێن.



هەواڵنامەی کتێب

ووشەی «پەپتووکە" ....

"ئوستاد" بەینێک خووی دابووە ئەوەی کورە گەورەکەی فێری کوردی بکات . ئەویش پەیتا پەیتا لەکات و لە وەخت و ناوەختا پرسیاری دەکرد .

- بابە ... مای شنو بالکردي .

- ابني ... إبني ... ئاو

- بابە ! خبز شنو بالکردي

- ابني ... ابني .. نان.

خوا هەلنا گری کورەکەی دەفتەرێکی بچووکی لە باوکی سەندبوو . ئەم ووشانەی تیدا دەنووسی بەوە . ئەوە بوو جارێک لە " ئوستاد" ی پرسی :

- بابە .. (سیارە) شنو بالکردي .ئیتر چی ئیدبوەی کوردیی " ئەلێی پەپتووکەیە دەروا " ی هێنا بە بیری ئوستا دەدا . یا تۆ بلێی هەست و زانینێکی قووڵی فیلولۆژستانەوای کردبێ کە ووشەی ئۆتۆمبیلی لەبەرچاوەی رۆژئاوا وەرگیرا وو سەیارەی عەرەبیی لە قورئان وەرگیراوی ئەوی وشتێکی کوردی بخانە جێی . دەبێ وابێ و لەبەرئەوە ئوستاد ووتی :

- ابني .. ابني .. پەپتووکە .

هەرباسی کوردی فێرنە بوونی کوری ئوستادو (وازهێنانی) باوک وکورمان لە کونجێکی حیکایەتێکەوە بۆ دەردەکەوێت .

"یانەی بەرزیی کـوردان" لە برەودا بوو . "قـەرحی بەگ" وەزیری زانست بوو . هەر خۆشی وەزیری ناونا بوو شالیار .

شالیارەکوتی نابووری وشالیاری ئەوسای زانست دەیویست " برای عەرەبی چاورەشم " فێری کوردی بێ .

دەورەی کـوردی فـێربوونی کـردەوە . ئیتـر هەر هەڵپـە رسـتبـوون بوئەوەی لەژووری دەرسخانەدا بەرامبەر بە «ماموستای شالیار» دانیشـن دەهاتنە ئەو دەورەیەوە . هەندێک رۆژ " ماموستای شالیار " تاقـەتی نەدەبوو خۆی دەرس بلێتـەوە . شاگردێکی دەنارد ئیتر هەرووەک " قل اوحی " ت بو وونبـوونی جنوکـە خـوێندبێـتـەوە . کـەم کـەس لە ژووری دەرسخانەدا دەمانەوە .

زور رۆژ شاگردە چلمنەی ماموستا لەگەڵ حەمیدە ئەفەندی یەکەی ماموستای قوتابخانە .یا بەرێوەبەریدا بە " ماموستاو قوتابی " لەگەڵ یەکدا جووت دەبوون .هەردووکیان باریکەلە ، لووت باریک ولووت درێژو چلمن .

حەمیدەئەفەندی بە رۆژ بەرێوەبەر یماموستا بوو . ئێوارە بۆ کوردی خوێندن دەبوو بە

شاگرد .

شاگرده چلمنەش بە ڕۆژ قوتابیی عەرەبی خوێندن بوو . ئێواران بۆ کوردی ووتنەوە دەبوو بە مامۆستا .

لە بیرمە مامۆستایەکمان هەبوو دەیگێڕایەوە دەیووت :

لە خوێندنی سەرەتاییدا شێخ حەسەن دەرسی ژمارەی پێدەووتین . چەند خەریکبوو (ڕەگی دووجا - جەزری تەربیعی ) دەرهێنانمان فێر بکات . هەر فێر نەبووین .

ساڵ هات وساڵ چوو . قوتابیی (خانەی مامۆستایان) بووم لە بەغدا . لەوێ دەورە بۆ مامۆستایان کرابووە . شێخ حەسەنی پیری کۆنە مامۆستام هاتبوو، ڕۆژێک دیم لەژێر سێبەری دا رخورمایەکدا دانیشتووە . وەک سەری لێ شێواببێ وابوو . لە دوورەوە منی دی بانگی کردم .

- حەمە عەلی ، حەمە عەلی .

- بەلێ قوربان .

- نابەیت ئەم جەزری تەربیعی بەم تێ بگەیێنیت.

- بۆ نایزانی، ئەی خۆت لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بە ئێمەت نەدەووت.

- کوڕە ئەوەڵڵا نایزانم .. .

- کەواتە، لەبەر ئەوە بوو ئێمەش فێری نەبووین.

حەمیدە ئەفەندیش چەند خەریکبوو کوردی فێر نەبوو. شاگرد مامۆستاکەی زۆر جار دەیووت:

لەناو ئەم هەڵپەرستانەدا کەلەبەر خاتری«شالبار مامۆستا» هاتوون بۆ کوردی فێربوون. هەر حەمیدەفەندی بەڕاستیتی. ئەوەبوو ئەویش فێر نەبوو. دەی، ئەمە مرهیم نیە. گرنگ ئەوەیە حەمیدە فەندی لەمەودووا عەرەبی قسەکردنیشی لێ تێک چوو. ئێستاو ئەوسا نەیتوانی ڕستەیەکی کوردی ڕێک بخا. بەلاّم کە بەعەرەبی ئەدوو پڕی دەکرد لەووشەی کوردی.

- ان القوم النجیب مال خۆمان، برا، اخوان ئیسلام، مسولمان، بارەکەڵڵا، خودا حافیز.

هەروا دەزانم ئەمڕۆیە. ڕۆژێک تەزبیحێکی درێژی قەزوانی گرتبوو بەدەستەوە. ڕەنگە لای وابووبێ کوردی فێربوون ئەوەشی دەوێ، دیاریش بوو یەکسەر لە مزگەوتەکەی حەیدەرخانەوە هاتبووە دەرەوە. هەر چۆن پۆلیسی جاران لەنوێژدا سدارەکەیان وەردەچەرخان هەروا سدارەکەی بەلای پانیدا لەسەرنابوو.

لەو بەرەوە پەڕیوە. یەک تاو لەبەردەمی ئوستاددا وەستاو بە زمانەکەی خۆی سڵاوێکی

دایە حازری و وەرچەرخابەوەو ڕۆیشت.

ئوستادم ئوستاد هاواری کرد:

- ناوەرە. کەرە بگەڕێرەوە . . .

حەمیدەفەندی تێگەیشت وگەڕایەوە.

- ها . . ئوستاد . . .مامۆستا . . حاضرافندم.

- کەرە. کەی ئەمە زمانە تۆ قسەی پێدەکەیتن؟

- شلۆن ئەمر مال حضرتتان؟

- کەرە . . . بیبڕەوە، ئاوا قسەمەکە، بچۆرەوە لای «فەرحی بەگ» پێی بڵێ:

- ها کوردی یەکەت دەدەمەوە. عەرەبی یەکەی خۆم بدەرەوە.

ئوستاد ئەم چارەیەی بۆ حەمیدە فەندی دۆزی یەوە، بەڵام بەدەست شاگردە چڵمنەوە داما بوو کە نە کوردی یەکەی خۆیی باش دەزانی ونە عەرەبیش باش فێربوو. دیارە ئێوەش بەدەست پرسیارێکەوە داماون. چۆن دەبێ کوڕی ئوستاد کوردی نەزانێ. ئەی نازانن ژنەکەی عەرەب بوو یەک وشەی کوردیی نەدەزانی ومنداڵیش لە بەغدا گەورەبوون.

ئوستادیش کە بەدەست کوردی نەزانینی منداڵەکانی یەوە دەتلایەوە. پاش منداڵ گەورەبوون وچل ساڵ بەسەر ژنهێنانیدا ڕابوردن دایکی منداڵانی تەلاق داو ئەم هەواڵەشی بەم جۆرە لەدوکانەکەی بڵاوکردەوە کە ووتی:

- عەرەب دەرچوو، ئێمەش جەوابمان دا.

گاڵتەی ئوستاد لەگەڵ تەلاق هەر ئەمەنەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان چۆوە، خواردن ئامادە نەبوو، لە ژنی کوڕە گەورەکەی تووڕەبوو تەلاقی دا. کوڕە هاتەوە لەژنەی پرسی ئوستاد ووتی:

- هەتیو ئەمێن تەلاقم دا، پارەم دایە پێی بچێتەوەماڵی باوکی.

سەیر ئەوەبوو لە دەوروپشتەکەی ئوستاد وبووکەکەیدا کەس هەستی بەئەگۆنجانی ئەم تەلاقە نەکرد.

× × ×

پایزی ساڵی ١٩٤٨ لەو پایزە خەمناکانەی ژیانم بوو کە ئازارو خەمی تارمایی زەبرو زەنگ ونوشوستیی ڕاپەڕینی مەزنی گەل لەو تەمەنە بچووکەمدا بووبوو بە مایەی بیرکردنەوە و هۆی شاردنەوەی هەموو خۆشی یەک وناسۆزی نادیاری بەرەو بەغدا چوون گژنگی بەو تەمی خەمەنەدەدا ونەیدەڕەواندەوە.

هەروا ئێوارەیەکی ئەو پایزە بوو.با باسی قۆناغی گەشت لە سلێمانی یەوە تا کەرکووک بی قسە ببڕین وهەر لە کەرکووکەوە دەست پێ بکەین.

چاوەڕوانی لە نیوەڕۆوە تا ئێوارەی ناو شاری کەرکووک تەواو بوو. لەسلێمانی یەوە

بەیانیان سواری ئۆتۆمبیل دەبووین. لای نیوەڕۆ دەگەیشتینە کەرکووک. ئیتر تا کاتی چوونە شەمەندەفەری شەو دەهات، ڕۆژەکە یا لە ماڵە خزمێک یا لە چایخانەو بازاڕ باڵە تەکیەو مزگەوتێک دەبرایە سەر. هەندێک کەسیش هەبوون بۆ ئەو چەند سەعاتە دەچوونە ئوتێل.

نازانم ئێمە ئەو جارەمان لەکوێ بردە سەر. چونکە جێی زۆر و جیاجیامان هەبوو. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە هەرگیز ئێمە نەچووینەتە ئوتێل.

جارانی زووتر نەفەری بە پەنجا فلس سواری عەرەبانە دەبووین. ئەو جارە باش لەبیرمە، پاسی تەختە تازە کەوتبووە ئەو ڕێگایە. سواری پاس بووین. ڕەنگە سەرەنجامی لەیەکچووی من و پاسەکە ئەو نیشانەیەی سی ساڵ زیاتر لەمێشک وبیرما پاراستبێ.

پاس بووبوو بە هەوێی عەرەبانە. لەڕێی ئێستگەی شەمەندەفەر پاسەکەی ئێمەو عەرەبانەیەک بەیەکیاندادا. سەرتای هەرا بەم چەشنە دەستی پێکرد.

-کابرا تۆ ئاگات لە خۆت نەبوو. چاوت لەتەنیشتی خۆت نی یە. وەک ئەسپەکانت هەرتەماشای بەردەمی خۆت دەکەیت.

- بەڵێ، ئێمە ئاوێنەمان لاڕوونی یە. کاری کۆنین، هۆزنیشمان نی یە. تۆ ئەوشتانەت هەیە. نابێ ئاگات لەخۆت بێت و بەکاریان بهێنی.

- کوڕە کابرا تۆ هاتیتە سەرم ولە تەنیشتەوە لێت دام.

- ئەی باشە تۆ سوکانت بۆ دروست کراوە، ئێمە کۆنین لغاوی ئەسپمان پێ یە. تۆ دەبوو سوکانەکەت بەولادا وەرچەرخاندایە.

هەرای کۆن و تازەی ئەوان درێژەی نەکێشا. پۆلیس پەیدابوون. لەم بەیەکدادانەدا چونکە عەرەبانەکە بەرز بوو. عەرەبانچی هیچی لێ نەهاتبوو، شوفێرەکەی ئێمە سەری شکابوو وچەند نەفەریش. تاگەیشتینە پۆلیسخانە هاواری ئێش و ئازاری لەشیان دەکرد. کەمەسەلە کەوتە ئەوەی زیانمەند دەبێ بچێتە لای دوکتۆرو ئەو ڕاست ودرۆ لەیەک جیا بکاتەوە شوفێرەکەش خوێنی سەریی سڕی وسەری پێچا وهەموومان هاتینە دەرێ. لەم ناوەدا پۆلیس سرووودی لەهەردوولا بینی.

تازە بەرەو ناو ژیان دەچووم. دیمەنەکەم هەموو وەک قسەو گێرانەوەی ناو چیرۆک دەهاتە بەرچاو. لەگەڵ خۆمدا بووبوومە کەسێکی ناو چیرۆکەکەو لەبەر خۆمەوە دەموت:

- ئەمە یەکەم کۆسپی ئەم گەشتەمە. ئەڕۆم نازانم ژیان وناسۆ چیی لەپەنهان و بۆسەدا بۆ داناوم.

ئەو شەوەمان لە شەمەندەفەردا بردە سەر. بەیانی گزنگی دابوو. بەناو باخی خورما وپرتەقاڵی باقووبەدا تێپەڕ بووین. ئەو جارەو چەند جاری پێشتر باخێکم نیشانە کردبوو.

دەرگایەکی بچووکی هەبوو. پیرەمێردێک لەبەر دەرگاکەدا بەوپەیانی یە دانیشتبوو. لەهەموو چوونێکی بەغدادا ئەو پیرەمێردەو ئەو کوێرەی لەقەراغ گوندی چیمەنی لای کەرکووک دەستی لە ئۆتۆمبیل دەگرتەوە ودوونیشانەی مان و ژەوی وەرزۆفی ئەم گەشتە بوون.

هەر لەیەکەم گەشتی منداڵی یەوە. کەدەگەیشتینە نزیک شارو کوختەو زنجی قەراغ شار یەک بەسەر یەکدا دەکەوت وگامێش وخاوەنەکەی پێکەوە رادەکشان، وێنەی پڕ لە خەوبینینی رەنگینی منداڵبی بەغدایان دەسڕی یەوە هەمیشە دەمپرسی:

- ئەمەیە بەغدا؟.

- نە، ! کوڕم ماوەمانە. ئەمە قەراغ شارە.

کەلە ئیستگەی «کاسل پۆز» ژنە عەرەب هەریەکەی دەمەنجەڵە تەختەی ماستیان لەسەر سەریان نابووە سەریەک و سواری شەمەندەفەر دەبوون. نەخشەی ماستخۆرانی شار خۆی لەبیری منداڵی یەو نزیک دەکردەوە. ئەوسا شەمەندەفەر خۆی دەگەیاندە ماڵی (عاسمە خان).(١)

ژیانی ئەو دووسێ ساڵەی دووایم لە ١٩٤٦ ەوە تا ١٩٤٩ زۆر قووڵ وچڕوپڕ بوو. قیبلەنومای ڕێگەی ژیانبوو لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا ڕووکردنە تێکۆشانی نیشتمانی. تەقینەوەی هەستی خوێندنی ئەدەبی، دەست دانە نووسین.

زستانی ١٩٤٨ وڵاتی هەژاند. هۆش وگۆشی خەڵکی هەژاند. خەڵکی بەگەورەو بچووک وژن و پیاو وکوردو عەرەبەوە هەژاند. هەموو لەگەڵ ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا ڕاپەڕین. ئێمەش هەرلەو تەمەنەدا دەست بەدروشمی لەسەرخام نووسراو ودەم بەهاواری بابژی یەوە خۆمان لەسەر شەقامەکانی شاردا ڕووبەڕووی پۆلیس ومەترەلیوزەوە بینی. پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەش بەهاری ئەوساڵەمان «مژدەی بەیانی بۆگەلی دوور ونزیک نەبرد»(٢). کە ساڵمان دەمەو هاوین ڕۆیشت، وردە وردە تین وتەوژمی ڕاپەڕینەکە دەنیشتەوە دوژمن خۆی کۆکردەوە. دەستی دەدایەوە پەلامار. بەرەو پایز، دەمانەی

«ئاگری شینی ئیبرهایی عورفی، شالاو دەهێنی ڕەمەکەی بۆ نی بە»(٣)

. ژیانی هەریەک لە ئێمەش زۆر توند بەو ڕووداوانەوە گرێدرابوو.

هەر لەسانگەکانی هەڵچووندا، لەقوتابخانەو سەر جادەو چایخانەدا ژیانمان موناقەشەو هات

(١)- عاصمە : پایتەخت- مەبەس بەغدایە، ناوبردنی بە عاسمە خان لە شیعرێکی پیرەمێردەوە وەرگیراوە

(٢)- شیعری پیرەمێردە.

(٣)- لەشیعری هەردی یەوە.

بردەی نێوان دەستە نیشتمانی یە کان خۆیان بوو. هەروەک دوژمنە دڕندەکەی چەند

مانگ لەسەرمان لەبیرچوویتەوە کە پێکەوە رووخاندمان. ژیانی ماڵەوش هەر بەردەوامیی دەردەوە بوو. بەڵام لێرە زۆرتر موناقەشە بە لنگە پێڵاوی باوکم پاجارویار بە لێدان وپەکزلەکەوە بەستنەوە کۆتایی پێ دەهات.

باوک لەو سەردەمەدا لەوە نەدەگەیشت کە تینی راپەرین وهەڵچوون منداڵێک لەو تەمەنەدا رادەماڵێ و دەیهێنێتە کۆری تێکۆشانەوە و جارویار دەیباتە ریزی پێشەوە.

لەبەر ئەوە هەر هێندەی منداڵێ هەقی موناقەشەو دەم درێژی دەدایە.

بۆ منیش دەرگای گەیشتنە ئەنجام داخرابوو. بەتایبەتی کە کاتی دوژمن رەڤین وسەرکەوتن وزەبروزەنگ نەمانی ئە ئەوە حاڵم بوو بێت.

دەبێ لەو پایزی ماتەم و عورفی وترس وزەبروزەنگەدا ژیانی ئەم کوڵانە ویرانەیەم چی بێت. لەبەر ئەوە هەر ئەو هەواڵە تازەو سەمەرەیەم لە باوکمەوە بۆ هات، لام وابوو دەرگای بەهەشت و سەربەستیم بۆ کراوەتەوە.

باوکم چەند رۆژێک بوو بەکاری خۆی چووبووە بەغدا، دووایی زانیم چی رای ئەوی لەخوێندنما گۆریوە.

- خێرا بەڵگەنامەکانت ئامادەبکە. دیسەوو پێکەوە دەگەرێینەوە بەغدا. لێرە پێت دەخوێنم.

بە پەلەیەکی ئەوتۆ بەڵگەنامەکانم ئامادەکرد کە لەدەس کەس نەدەهات. ئەو رۆژەی باوکم هاتەوە هەموو شت ئامادەبوو.لێی کەوتە پەلەکردن کەسبەینی بەرەو بەغدا بگەرێینەوە. شەو هەر لەخەیاڵدا بووم. نەک ئەو شەوە پەشیمان بێتەوە. لەوەبوو سبەینی رووەو کەرکووک رۆیشتین وبەو چەشنە گەیشتنیە بەغدا.

ژیانی دەستگای تازەی خوێندنمان وەک هەموو شتێکی نوێ تامی تازەیی وئازاری ئەرک و ژیان گۆرین ولە ماڵ دووریی تێدابوو. وردە وردە جێی خۆی گرت. بوو بە چەشنە رۆتینێکی رۆژانە. هەندێکمان قاڵبمان پێوە گرتبوو. هەندێکیش چونکە نەیاندەتوانی بچنە قاڵب وسەنگەری ئایدیۆلۆژی ئەم بارە تازەیەوە، لەبەر ئەوەی شەقلی یاخی بوون لەلایەک وپریسکەی بیری شۆرشگێری بێین لەلایەکی تردوە بەرەفتاری رۆژانەیانەوە دیاربوو. جارو بار ئەم رەفتارە دەبوو بە هەڵوێست بەرامبەر بە بەندبەبەندی ئەو رۆتینە.

دەستگای خوێندنەکەمان بۆ ئابن خوێندن دامەزرابوو، گێرەری دەسگاکە هەوڵی ئەوەی دەدا زۆر بە ووشکی رۆتینی رۆژانی سەربەو ئایدیۆلۆژیەتە بەسەر تاقمە قوتابی یەکدا بسەپێنێ کە ناعیلاجی بەرەو ئەم دەسگاو دوکان وخوێندنیو خۆراک و جل وبەرگەی هێنابوون. زۆر جار لە تابلۆیەکی فەلسەفیدا کە دوو ناکۆکی بەیەکدا دەدەن رێک ورەوان

هەواڵنامەی کتێب

(دیالەکتیک)ەکەی هیگل هاوار دەکات. بەڵام ئەنجامی ناکۆکی یەکەی ئێمە تابلۆو نەخشەیەکی کاریکاتۆریی سەیربوو.

مامۆستا لە میسرەوە هاتبوو. لای خۆیان هەر دەرسی قوتابخانەیەکی درابوویە. لێرە پلەیەک هەڵبڕابوو.لەخانەی مامۆستایان دەرسی دەوتەوە. لەبەر ئەوەی دەسگای خوێندنەکەی ئێمە چەند سەدمەترێک لەو خانەیەوە دوور بوو و دوو پۆلیشی هەرسەر بە پلەی ئامادەیی بوو. یاهانیبوویانە لای ئێمەش یاخۆی بەفرۆنیل خۆی خزانبووە ئێرەش. ئەگەر مەزەندەم بەهەڵە نەچووبێ، خۆی ئەم کونەشی دۆزیبێتەوە. چونکە لێرە ئەوەندەی هەڵپەبوو. لەوە دەچوو کەمەلێکی دەستکەوتبێ و نەیەوێ لەکیسی بدات.

ژوورێکی بۆ نووستنی خۆی لە بەشی ناوخۆکەدا دەستکەوتبوو. نانیشی هەر لە خواردنخانەی دەسگاکەماندا لەگەڵ ئێمە دەخوارد. هەر لەگەڵ ئێمەو لەسەر مێزێکی لای ئێمە نانی دەخوارد نەگەیشتبووە ئەوەی سینیی بۆ ببرێتە ژوورەکەی خۆی.

بەڵام چۆن ئەم خەو وخۆراکەی درابوویە؟. لاتان سەیر نی یە کە ئەمە پێوەندیی بە دەرس ودەورو دەرس ووتنەوەوە نەبوو. بەڵکو لەپاداشی قۆنتەراتێکدا لەنێوان ئەوو عەمیدی دەستگاکەدا بوو.

– ژوورو نانخواردنی خۆرایی بۆ ئەو.

– ئەویش بەیانیان ئەرکی قوتابیان لەخەوهەستاندن و نوێژی بەیانی پێکردنیان بگرێتە ئەستۆ.

نوێژ لای هەموو موسوڵمانان پێنج فەرزە. بەڵام نیوەی قوتابییانی ئێمە چونکە بەزۆر نوێژیان پێدەکردین و سزای نوێژنەکەر مووچەبڕین وئەوەی ڕەدوشت داشکاندبوو، لەسەر پێڕەوی سورجاح ومورسەبلیمە هیچ نەبێ شەووڕۆژێ فەرزێکیان لێ دەفڕتان. نوێژی بەیانیش زۆر سەخت و ناڕەحەتبوو، بەو ووشکە سەرمایەی زستانی بەغدا سەعاتێک پێش نوێژ دەنگی مامۆستا جەنەفی بەرزدەبۆوەو جارو بار گزچانەکەشی لەم ولەو دەوەشاندو هەروەک بەنەقیزە کەر بجولێنێ، لە خەوی ڕاست دەکردینەوەو هەرکە چەند قوتابی یەکی تەواو ڕاست بکردایەوە کۆی دەکردنەوەو پێکەوە بەرەو حەمامەکەی دەبردن ودەوەستا تاقۆڵیان هەڵدەماڵی ودەستیان دەکرد بەدەستنوێژ هەڵگرتن. ئەوسا دەگەڕایەوە ژوورەکان. بابڵێم قاوشەکان وخەریکی «گەلە قوتابیی تر» دەبوو. بەرەو حەمامی دەبردن. هەرکە ژمارەیەکی باش کۆدەبوونەوە ڕیزی دەکردن و بەدەیەس، بەم» بەرەو مزگەوتەکەی دەبردن. بەڵام هیچ ڕۆژێ هەموو قوتابیانی دەست نەدەکەوت. لەبەر ئەوە دوواکاری ئەوەبوو کەچاوێک بەژوورەکاندا بگێڕێتەوە ولیستەی قوتابیی نووستوو ئامادە بکات و هەر ڕۆژە چەند کەسێک بەسزادان بگەیەنێت. دەبێ باوەڕ



هەواڵنامەی کتێب

بەوەش بکەن کە هەرگیزاو هەرگیز مامۆستا حەنەفی نەیتوانیوە لیستەی تەواوی نوێژکەرانی دەستکەوێت. ڕیا

نەیتوانیووە نیوەشیان لەکاتی نووستن ونوێژنەکردندا بگرێت. ئیتر هەر شێوەو ئیبداعی تازەبوو بۆ خۆلەدەست نوێژو حەنەفی ڕزگارکردن.

«مینە»ی قوتابیی کوردی هاوەڵمان لەنوێژی بەیانی یەوە ناوی «ڕابە»ی بەسەردا بڕا. چونکە مامۆستا حەنەفی بەعەرەبیی فەسیح ویەهەموو لەهجەکانی عەرەبی هەوڵی هەڵاندنیی دا، سوودی نەبوو لەکوردیی پرسیبوو (ڕابە)ی کرمانجیان فێرکردبوو، ئەویشی دەخستە ناو هاوتاو مورادیفەکانی یەوە.

- قم، گوم، نوم، فیق، ڕابە . . . هتد.

شاکیر لەهەموان بیرووردتر بوو. هەرکەقیلێکی دەدوزرایەوە، فیلی تازەی دەدوزی یەوە. سەرەتا هەر لەژێر قەرەوێڵەکەدا خۆی دەشاردەوە. دووایی فێربوو خۆی وا لەپەتۆکەدا لول دەداو سەرینەکەی دەخستە سەر سەری، کەوا بزانن خاوەن جێگە هەستاوەو پەتۆکەیی وافڕیداوە. خۆ ئەگەر بشگیرایە، یاخۆی لەدەستنوێژشتن دەدزی یەوە، یا لەریزی دوواوە بۆ نوێژ دەوەستاو لەنیوەی ڕکاعەتی یەکەمدا خۆی دەدزی یەوەو دەهاتەوە بۆ ژووری نووستن. باوەڕ مەکە جارێک نوێژێکی ڕێکوپێکی کردبێت. خۆ مامۆستا حاجی نەجیبی پێش نوێژیش گۆڕی پڕ لەنوور بێت، نوێژەکەی ئەوەندە درێژ دەکردەوە، تا سەفیدەی بەیان و تا ئەو کاتەی ئیتر نوێژی بەیانی ناگونجێ. لەو دوو ڕکاعەتەدا سوورەتی (بەقەرەو ئالی عیمران والنساء)ی هەموو دەخوێند. بەوەش باشبوو لەو سێ سوورەتە درێژتر لەقورعاندا نەبوو، ئەگینا ئەوانیشی دەخستە سەر.

ئەو کڵۆلانەی خۆدزینەوەیان نەدەزانی ، بەشەکەتی کاتێ لە نوێژ دەگەڕانەوە ، کە ئیتر کاتی بەرچایی بوو و کە نانیش خورا ئیتر " چاوپڕلە خەو " دەچوونە دەرسخانەوە . لێشانی ناشارمەوە بەندە لەسەرەتادا لەمانە بووم . تەنانەت زۆر جارکە تەمەڵیم لە هەستاندا دەکرد . یا سەرمای بەیانی وای لێدەکردم کەنەوێرم بەئاوی سارد دەستنوێژ بشۆم و ئاوی گەرمم دەستنەکەوێت . چونکە حەمامەگەرمەکەش بەو بەیانی یە پڕ بوو لە نوێژکەری ڕاستەقینەو ناچار بگەڕێمەوە ژوورەوەو بنووم . ساکارانە ناوم دەچووە ناو لیستەی مامۆستا حەنەفی یەوە.

جارێک هەوڵم دا لە دەرگای ئەمدیوی مزگەوتەوە لەگەڵیا بڕۆم و لە دەرگای ئەودیوەوە خۆم بدزمەوە . مامۆستا حەنەفی ئەمەی زل کردو وەک پیلانێکی گەورەی تازەی دژی نوێژ دۆزیبێتەوە گەیا ندمی بە لای عەمیدی خوێندنگاکە .

ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوژینەوەبڵاوبوو . لەژێر دارخورمایەکی حەوشەی خوێندنگا دانیشتبووم . بیرم لەم کۆمەڵگا تازەیە دەکردەوە . " شاکیر " دوو چایی بەدەستەوە بوو . ڕووی کردە لای من و سڵاوێکی کردو دانیشت .

چایەکانی لەبەر دەمی هەردووکماندادانا .

ڕاستی من تا ئەوکاتە سڵم لە شاکیر دەکرد . چونکە هاوەڵەکوردەکانی ترمان کە زۆربەیان لە فەقێیەتی یەوە هاتبوونە ئەم دەستگایەو هێشتا لە ڕیزی نوێژکەرە ڕاستەقینە کاندابوون ، دەیانووت :

- کابرا ساڵەهای ساڵ فەقێ بووە . کەچی ئێستا لە کون وەرگەڕاوە . ئەوی لەگەڵیشی بدوێ وەک ئەو گەڕ دەبێ .

شاکیر بێ پێشەکی و ڕێ خۆشکردن کەوتە قسە .

- خانەخراب . بۆ هەر جەنەفی لیستەی دا دەبێ ناوی توی تێدابێت .

لام سەیر بوو ئەو لەسەر نوێژکردن هەڵبداتێ . ووتم :

-ساردە ، زووە ، ناخۆشە . فریای دە ستنوێژشتێ ناکەوم .

ئیتر ئەم باسە ڕایکێشاینە کێشەی موناقەشەی ئایدیالیزم و مەتریالیزمەوە . لای منەوە بەساکاری ، بەڵام وریابانە . شاکیر قووڵترو بە تەجروبەترو شارەزاتر مەتریالیزم و عەبەسیەتی تێکەڵ دەکرد .

پاش ئەو ڕۆژە . هەر لە پەنا دارخورماکەدا لەگەڵ شاکیر بۆ ئەم باسانە دادەنیشتین . نامەوێ زۆر لە مەداری نوستاد دوور بکەومەوەو بتانبەمە مەداری ئەم شاکیرە باخی یە ، زۆرزانە ، سەرلێشێواوە ، کە هەرگیز ووشەی شوکروسوپاس بەدەمیدانە هاتووە . لێرەدا ئەویش بە ئەستێرەیەک دادەنێم لە مەدارەکەی نوستاددا .

ئەو لە ئێمە قووڵترو شارەزاتر بوو . زۆرتری دیبوو زۆرتری خوێندبووە. لەو تەمەنەشدا لەناو چەرمەسەریی ژیاندا قاڵبووبوو. پیاوی گەورەو ناسراوی لە ئێمە زیاتر دەناسی. چل ساڵێک پاش ئەم یەکگرتنەی خوێندنگاماندا پێکەوە بە بناری گڵدا تێپەڕ دەبووین، پەنجەی بۆ گوندێک ڕاکێشاو ووتی: من تا لەو دێ بە ئاوکێش بووم.

تومەز ئەو ئاوکێشی یەی دەساڵ پێش هاتنە خوێندنگاکەی لەسەر خزمانی بووە.

بەگشتی لە هەموان زیاتر لەمەداری ئایدیۆلۆژیی ئەو خوێندنگایەمان دوور کەوتبووە. بەڵام لەکاری سیاسیی ڕۆژانە و سەر بەڕووداو وکۆمەڵەکانی ئەوسادا ئێمە پێمان توندتر داکوتابوو. ئەو هەر ڕۆژە لایەکی پەسەند بوو. لە نوێژی نیوەڕۆ هاتبووینەوە. هاتە لام و بەکسەر ووتی:

- جەناب . سبەینێ هەینی یە. بۆ کوێ دەچیت.
- دەچمە ماڵی مامم. لەوێ نان دەخۆم.
- باشە. قەیناکا، پێکەوە چێشت هەنگاو شتێک هەیە بۆی دەچینە ناو شار.
- ئاخر فریای نوێژی جومعە ناکەوم. ماڵی مامم نزیک خوێندنگاو مزگەوتەکەیە. پاش نوێژ یەکسەر دەچمەوە ئەوێ.
- نوێژی چی وجومعەی چی؟
- ئەی تۆ ناڵێیت بۆ دەچیتە لیستەی حەنەفی بەوە.
- کورە ، ڕۆژانی هەینی ڕیزوناونووسین و حەنەفی نی یە.
- کەواتە . . .
- کەواتە کەسیش نوێژ ناکات. ڕۆژی ئیسراحەتە.

* * *

لە وولاتی دوواکەوتوودا زۆر جار حیزبایەتی شێوەی تیرەگەری یەکەی کۆن دەگرێتەوە. زۆر زەحمەتە مرۆڤ بە ئاسانی دان بە هەڵەی تاقمی خۆیدا بنێت. یاله دوویەرەکیدا بە هێمنی باری ناکۆکی لێک بداتەوە. ئەخاسمە کە ئەو مرۆڤە کەسێکی منداڵ و بێ تەجروبەش بێت. جاکە ناکۆکیش خستی بە گێژاوەوە ئەوا ڕەنگە کەسێکی لەخۆی بەتەجرەبەتر شتێکی ووت یەکسەر لای ببێت بەڕۆشنایی یا تروسکەی ڕێگەپیشاندان.

ئەمە لەمن قەوما. شاکیر بازی بەقسەدا ئەو هەر .حەبەستی بازدان بوو. بەڵام من چەند ڕۆژ بوو لە ناو گێژاوی باسکراودا بۆ تروسکە دەگەڕام.
- جەناب! پارتە، مارتە، شتێک ، متێک، کاغەزە شڕێکیان دەرکردووە. «مرۆڤ»« « . . »« چی یان ناوناوە بەعزێ قسەی قوڕیان تێدا کردووە.
- بۆچ قسەی قوڕە؟
(بێ ئەوەی ڕێگەی تەواوکردنی قسەم بداتێ).
- بەڵێ قوڕە، دیووتە؟.
- بەڵێ دیوومە. . . من هیچ (نەیهێشت قسە تەواو بکەم)
- جەناب دەزانی لێپرسراوی ئەم بەغدایەیان کێ یە؟.
- بڵێ . . کێ یە. (دیسان ئەو هەر بەردەوام بوو).
- ئەوە ئەو وەستا بەرگدرووەیە، با بچین موجادەلەی لەگەڵ بکەین.
ووشەی «موجادەلە» سامی دوودڵی وبەدووای تەجرویەی تازەداگەڕانی دەشکاندم. ئینجا

من قسەم بەو بڕی.

- دە هەستە بابڕۆین، پارەی پاسی هەردوو سەر و چایخانەکەی حەسەن عەجەمیشت لەسەر من.

ئینجا وا لەگەڵ شاکیردا پێکەوە یەکەم هەنگاوی هاوسانیمان با پێکەوەبیمان هەڵدێنینەوە. بەڵام چۆن بگەینە لای «ئوستاد»؟. چوونە دەرەوە دەبێ بە جبەو مێزەرەوە بێت. بەبێ جبەو مێزەر لەدەرەوە بتبینن هێندەی نوێژنەکردنەکە سزات دەدەن.

- جا جەناب ئێمە بەم جبەو مێزەرەوە بچینە لای ئەو و باسی شۆڕشگێڕێتی بکەین؟.

- کەواتە نەچین.

- نە،، چۆن ناچین، جەناب دەبێ ئەمڕۆ تێی بگەینم ئەو قسە قۆڕانە مانای چی.

- کەواتە!.

- ئەرێ ئەو ڕۆژە تۆ منداڵ و تاڵی ئەعزەمیە گاڵتەیان پێنەکردی و بەمنداڵی «مێزەر بەسەر» بەدووات نەکەوتن؟.

- بەڵێ . . .

- باشە ووتیان بەڕێوەبەری گشتی بانگی کردوویت و عەمید ووتویەتی تۆ مەرەخەس بە، بێ جبەو مێزەر بچۆ دەرەوە.

- وانەبوو بەڵام لای عەمید وای لێهات، خۆم وام لێکرد.

- کەواتە دەبێ!

- دەبێ چی . . .

-کورم وەدووم کەوە. وامن جبەو مێزەرەکەم لەسەر دەنێم وتۆش بەسەری ڕووت وەدووم کەوە.

لێم نەوەستا. هەر یەکسەر هەڵساو ڕووەو دەرگا. منیش تامەزرۆی موجادەلە. بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوەی بچێتە ئێستگەی پاس. ڕووی کردە مزگەوتەکەو خۆی کرد بەژووری ناودەستێکداو بەمنی ووت:

- لێرەدا بوەستە.

ئەوەندەم زانی لە بۆشایی سەر دەرگاکەوە جبەو مێزەرەکەی بە پێچراوەیی دایە دەستم و هاتە دەرەوە.

- دەی جەناب بچۆ ژوورەوەو لەبەری بکە. بەڵام داوێنی جبەکە هەڵکە، چونکە بۆ تۆ درێژە.

بێ ئەوەی تەواو لە مەسەلە بگەم. فەرمانم بەجێ هێناو هاتمەدەرەوە. ئەوسا شاکیر

فەرمانی تری دەرکرد:

- دەی دە بچۆرە بەشی ناوخۆ. ئەوەش کلیلی دۆلابەکەم. لەو سەریشەوە هەر بەو چەشنەی بۆم دێنیتەوە و من بەمێزەرو تۆ بەسەری ڕووتەوە دەچینەوە ژوورەوە.

کە سواری پاس بووین. تانیوەی ڕێگە هەر وڕو بێدەنگ بووم. بیرم لەم کارە سەمەرەیەی شاکیر دەکردەوە. وەک زانیبیتم کە لە ئەمڕۆوە ئەرکێکی تازەی بۆ زیاد کردم و ئیتر هەندێ لە هاوەڵەکانمان لەجیاتی ئەوەی لەچوونە دەرەوەدا جبەو مێزەرەکەیان لای چایچی یەکەی سەری بازارەکە دانێن. ئەم ئەرکەیان بە من دەسپارد.

کابرای بلیت فرۆشی پاس دەهات ودەچوو.

- کێ بلیتی نەبڕیوە. کێ بلیتی پێ نی یە؟ یاهاواری دەکردە شۆفێرەکە:«ئێستگەی ئیختیاری» یە بوەستە . .

بەڵام من لەگەڵ قسەکانی ئەودا بلیت وقسەی ئیختیاری و پێویستم بۆ موناقەشەی داهاتوو ئامادە دەکرد. جاروبارێش شاکیر هێڵی بیرکردنەوەو پێکەوە بەستنی باری بلیت برو ئوستادی پێ دەبڕیم وچەند پێشنیاری فڕێ دەدا، کەئەو بڵێ چی ومن بڵێم چی، ئەگەر وای ووت چی بڵێین.

شاکیر ئەنجامی زۆر لا گرنگ نەبوو، هەرئەوەی مەبەس بوو، کە ئێمە موجادەلە لەو لێپرساوە کەڵە پیاوە ببەینەوە.

کرێی پاس لەسەر من بوو. پەیمانم دابوو. لەبەر ئەوە دەبوو بۆ دوو ناوچە ببڕم. واتە لە بابولمەعزەمەوە وەک عادەت بوو بەپێ نەڕۆین. هەر لای حەیدەرخانە نزیک بارەگاکەی ئوستاد خۆی دابەزین.

نازانم بۆ سەرەتای ئەو جارەم لەبیر چۆتەوە؟.

بەڵێ لەبیرم چۆتەوە ئایا ئوستاد خۆی ئەو تەختەبەی لادا کە بەردەوامیی مێزی پێش دووکانەکەی بووو لەسەودووا خۆی هەڵێنەبڕایایە کەس مافی هەڵدانەوەو چوونە ژوورەوەی نەبوو. عەیب نی یەلەبیرم چوویێتەوە کە دیکۆری زەمانی بەرگدرووی ئوستاد وەک ئەوەی دەوری کتێب فرۆشیی نەبوو. ئەوەشم لەبیر نی یە چای بۆ بانگ کردین یان نا؟. چونکە هەمدیسان من لە دەوری بەرگدرووتی ودەوڵەمەندیی ئەودا هێندە ئەچوومەتە لای تابزانم ئەوساش هەروەک زەمانی کتێب فرۆشتن بوو یانا؟.-

- نێ ئەتۆ بچۆ بە مەعدیی چایچی بڵێ، پێنج چا بێنێت بۆ ئێمە لەسەر حسابی ئەتۆ.

ئەمانەم لەبیر نەماوە. بەڵام باش ئەوەم لەبیرە کە یەکەم دانیشتنی لەگەڵ باوکمدا چوویووم هەروەک منداڵ چووم و بێدەنگ دانیشتبووم. وا ئێستا بەهۆی دەمەوەڕیی شاکیرەوە

خۆم لاگەورە بوو. قسەی دانەدانە دەکەم ولەگەڵ شاکیردا بۆ یەکتریی دەستێبنەوە.

زۆرمان ووت، ئوستاد هەر بێدەنگ بوو. جاروبار پێدەکەنی و هیچی نەووت. ئیتر شاگیر گەیشتە تینی. ویستی پەردەی بێدەنگیی بدڕێ. ڕووی کردە من وقسەکەی پێش هاتنمانی لێ پرسیمەوە.

– جەناب، پارتە، مارتە، شتێک، متێک، کاغەزە شڕێکیان دەرکردووە. «مرۆڤ»ە «....»ە چی یان ناوناوە . . دیوتە؟.

لەنێوان وەڵامدانەوەو قسەدانەدەست ئوستاد دا سەرسام بووم، تۆزێکی مابوو بکەومە قسە. هێندەم زانی ئوستاد جوولا. ... چاوەڕێی زۆر قسەو سەرمەشق بووم بۆ ئەو موجادەلەیەی بۆی هاتبووین. «بەلام چۆن لەحیکایەت و شیعردا ئەپرسن ئایا چیات دیوە هەرمس بێنێ، یا بەفری لووتکەت دیوە بتوێتەوە یا تەزووت دیوە، شولکت پێدادراوە . . هتد». یاوەک چۆن شاعیرێک دەڵێ:«تەبیبە دڵ ڕەقە کەم وەکە چیایە لێم هاتە هەرمس»(١).

ئابەم جۆرە ئوستاد خەوو خەیاڵ و (تعما)و ووشەی دیڕی ئامادەکراوی هەموو لێ تێکداین. ئێوەش لەگەڵ مندا چاوەڕێی ئەو هەرمسەن .

هەر ئەوەندەمان زانی پەلاماری مەتری بەرگدرووێتی یەکەی لێداین. لەوێوە بۆ شاگیری داوەشاندەوە. درۆم پێ مەکەن نازانم بەری کەوت یانا، چونکە من لەو منداڵترو چاپووکتر بووم ونزیکتر بووم لەسەر جادەکەوە، هەر ئەوەندەم لەبیرە هەردووکمان بە بازێک گەیشتینە قەراغ جادەکەو کەوتینە ڕاکردن. گوێمان لێ بوو ئوستاد ئەوەندەیتر لاڵ بوبوو وهاواری کرد:

– ئەدەبسز ، ئێوە منداڵن، ئەم قسە قۆڕانە مەکەن.بچنەوە مەدرەسە بۆ خۆتان بخوێنن.

* * *

زەمانێکی زۆری ویست تا بە دانیشتوو وئەندامی یانە بچینەوە حزووری «ئوستاد»و دەبێ زۆر لاپەڕەو پەردەی تازەش بخوێنینەوە تائوستاد بێتەوە مەداری قسە. بەڵام لە خەستەی ئەوەی ووترا وئەوی دیت دەبێ دوو لایەن پێش شتی تر بخرێت.

دیارە پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو لایەنانە دیسان پەراوێزی ترتان لێم دەوێت دەفەرموون:

«ئوستاد وچا» ئەمە باسە و باسی لێ دەبێتەوە، بەڵێ کاتێ ئێمە فریای کەوتین وبووینە هاتوچۆکەر و ئەندامی یانەی دوکانەکەی چای بۆ کەس نەدەکڕی. کە حەزیشی لەچا بکردایە.

یا بەپێویستی زانیبایە بە چا ڕێزی میوانێک بگرێت ئەوەبوو ڕووی نازی دەکردە بچووکترین کەس کەلێی ڕابیبنایەو دەیووت:

---

(١)– ئێوە دێڕێکی سەفوەتە.

- ئێ . . . ئەتۆ بچۆ بە مەهدیی چایچی بڵێ، ئەوەندە چای بێنێت بۆ ئێمە لەسەر حسابی ئەتۆ.

رۆژێک مامۆستا مەلا سالح لەوکوردستانەوە هاتبوو، دیارە زۆری قسەپێبوو. ئەویش بەتەمای راگەیاندنی گەلێکمەبەس بوو لەم یانەیەی ئوستاد. راستی ئوستادیش زۆر رێزی لێگرت.

- ئێ . . . ئوستاد . . . مامۆستا . . . خێر مقدم.

قسە زۆر کرا، مامۆستا دەیویست جووت باقی یەی ئەو رێزلێگرتنە چابانگ کردن بێت. بەڵام هیچ دیار نەبوو.

مامۆستا پەتی پچڕی:

- ئەرێ ئوستاد. تۆ چا بۆ میوان بانگ ناکەیت؟

- ئێ مامۆستا تۆ لە (عقلاء الناس)یت.دەبوو بزانیت ئەمێن هەموو رۆژێک هەموو کوردی بەغداو هەرچی لە کوردستانەوە دێن دێنە لام. ئەمێن چابکرم . . . دەبێ دە هێندەئەوەی پەیدای دەکەم بیدەم بەچا بۆ خەڵک.

بەڵام دوو جارم بیرە کە ئوستاد چای بۆ خەڵک بانگ کردبێت لەسەر حسابی خۆی.

ساڵ تەواو ١٩٥٥ بوو زەبروزەنگ وناخۆشی دەستی پێکردبوو. (ئەمەر)ی هونەرمەندی سەرلێ شێواو زوو زوو دەهاتە یانەکەی ئوستاد. نازانم ئوستاد ئیشی پێی بوو و بەتەمای ئەوەبوو نەخشەیەکی خۆیی پێ بکێشێ، یا وەک هونەرمەندان دەڵێن: (پۆرترێتێک)ی پێ بکات. یاهەر رێز بوو لەهونەر. ئەیسە چایەک لەبەردەمی «ئەمەر» دابوو ووردە ووردەش قسەی بۆ ئوستاد دەکرد.

- لە خوێندنگا منداڵەکان زۆرم ئازار دەدەن. گاڵتەم پێ دەکەن.

- کێ . . کام منداڵ؟.

- منداڵەکانی لەخوێندنگا لەگەڵما دەخوێنن.

- ئێ . . ئەوانە منداڵن؟.

- نا، منداڵ نەبن گاڵتەم پێ ناکەن. منیش قسووروم نەکرد، چووم بەبەرپێوەبەرم ووت هەموویان کۆمۆنیستن.

- چی . . . چی . . .

- چووم بەبەرپێوەبەرم ووت هەموویان کۆ. . .

- ئێ . . . ئێ . . . حەرامزادە. . . واتە ئەتۆ لەسەر گاڵتەپێکردنێک جاسووسیت بەسەرهاوقەومی خۆتەوە کردووە. حەرامزادە، ئەوا چایەکەم لەبەردەمی تۆدا سەحب کردەوە

هێنامەوە بەردەمی خۆم.

نازانم لەتووڕەییدا لەبیری مابوو تێکی نەداو لەبەر نەخۆشیی شەکرەکەی بێ شەکر بیخواتەوە یا هەر لە حەیبەتدا بەشیرینی خواردی بەوە. بەڵام جارێکی تر چوار ساڵ بەسەر ئەو چایەدا ڕۆیشتبوو دەورو زەمان گۆڕرابوو . ئەمجارە چایەکە هەر خۆی کرپی و میوانەکەش خواردی بەوە .

هەڵچوون و داچوون وگەرمەی شۆڕش و چەپڵەڕێزان بوو ڕاونتریی ئەمەریکایی دەبوست بێت بۆ بەغدا . سەرشەقامەکانی شار هەمووی دروشمی "بۆ ماڵەوە" و "بودرواوە" بوو بۆ ڕاونتری . دیارە باسی هاتن ونەهاتن وئەنجامیش چومگی باس و وەموناقەشەی کۆڕو یانەی ئوستاد بوو . (نادر)ی پورزام لای خۆمانەوە چەند دێڕە هۆنراوەیەکی گاڵتەی لەو باسەوە بۆ ناردم ونووسیی : ئەمە بدە بە ئوستاد بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە .

- ماموستا . نادری پورزام ئەم شیعرانەی ناردووە دەڵێ ئەمە شیعری "ئوستاد"ە ، بۆچ بڵاویان ناکاتەوە .

- ئێ .... بیخوێنە ، بزانە هی ئەمینە ؟

(خوێندمەوە) .

- ئێ .. شیعری ئەمینە .. بینووسە ، بیدە بە غەزەتەی (سەرکەوتن) بابینووسن .

شیعری ئیمضا کرد . بینووسە . فەرمانی بڵاوکردنەوەبوو . نادر هاتبووە بەغدا ، یەکی ڕۆژنامەیەکی (سەرکەوتن) مان بەدەستەوە بوو کە چووینە حوزووڕ .

- ماموستا ئەوە نادرە .

- کێ کێ ؟

- نادر . ئەوەی شیعرەکانی جەنابتانی دۆزیوەو ناردی تا بینوسی؟ .

- نافەرمیم . ئەو شیعرەی ئەمین لە چێ و کاتی خۆیدا بوو . دە بیخوێنە . ئەتوش تا ئەو دەیخوێنێ بە مەهدی بڵێ چایەکی بۆ بێنێ لەسەر حسابی ئەمین .

نادر زۆر بەزەوقەوە چای تێک دەداو قوم قوم دەیخواردەوەو شیعری خۆی نا با بڵێین شیعری ئوستادی بۆ ئوستاد دەخوێندەوە :

گری گری، .. ڕاونتری گری گری

بۆ شاو ڕژێم و نوکەری

بۆ تاجی لەت لەتی سەری

بۆ وەسیی داقلیشاو

بۆ نووریی داتلیشاو

بۆ قەزاز ویۆ بەزاز
بۆ خەلیل کەنئەی بێ ناز
بۆ سوێدیی پشت مل پان
بۆ جەمالیی زاڵاتان
بۆ موختار و بۆ بابان
بۆ بەهجەتی عەتیٚ یەخان
ڕاونتری ... ڕاونتری بۆ دوواوە
ئەم وولاتە ، ئەو وولاتە نەماوە
بەسەری تۆ دارو بەردی گۆزراوە
راونتری ، راونتری بۆ دوواوە .

* * *

ئەمجارە من پەراوێزی ترم ماوە .

ئەمەشیان هەر ساڵی ١٩٥٩ ڕابوو ، شاکیر لای ئوستاد لە ڕیزی منداڵ دەرچوویوو . با بلێم منیش . بەڵام دیاریوو هێشتا شاکیر فێری پێڕەوی ناوخۆو ڕێ وشوێنی موناقەشەی ناو یانەکەی ئوستاد نەبوویوو . ڕۆژێک لەموناقەشە لەگەڵ ماموستا (ڕەحمی)ی گەورەدا قسەی بەرزو نزمی کرد . یاهەر ئەوە بوو دەنگی بەرز کردەوە . ماموستا ڕەحمی بە ڕوح سووکی وتەوازووع وگەورەیی یەوە لای ئێمە هەر سەرۆکی باڵا بوو . ئوستادیش زۆر ڕێزی لێدەگری . یەک قسە نەبێ هەموو شتی لێ قبووڵ دەکرد . لەبەرئەوە ئوستاد لەو دەنگ بەرز کردنەوەیە لەپڕ ڕاچڵەکی .دیسان هەر ئەو جارە،نی‌یە مەترە .کۆنەی بیر کەوتبێتەوە ؟

بەرگدروێتیی نەمابوو . بەڵام (مەتر)ە کەی هەرمابوو . ئەمجارە تا دەستی دایە شاکیری مارانگاز گەیشتبووە سەر جادەکە .

ئوستاد ئەمەی لەبیر نەدەچۆوە . هەموو ڕۆژ هەر دەهاتێن هەناسەی هەڵدەکێشاو دەیووت :

- ئەو هەتیوە لە دوکانی ئەمیندا نەدەبێ‌ ڕیزی کرد . دەنگی لەڕووی ڕەحمی بێگدا بەرز کردەوە ، ئێ ... ئێوە پیاو بن .. دەچن گەوادی وا بانگ دەکەن، دەیگرن ، دەیهێنن . لێرە بۆ ئەمینی دەگرن . تا تێری لێ نەدەم .

چەند ڕۆژ ڕابورد ، شاکیر شەقی بردبوو کە ناتوانێ بچێتەوە یانەی ئوستاد . ئێمەش چونکە ئەومان نەدەگرت بییەبن لێی بدا خەریکبوو ئێسکمان قورسدەبوو .

ڕۆژێک هێندە مانزانی ، ناو کرابوو بە ئاگرا . ئوستاد هێمن بوویوە . شاکیریش مافی

گەڕانەوە یانەی درابوویە . ڕەحمی بەگ هەر لە سەرەتاوە لێی بوردبوو و گوێی نەدەدایە . یاهەر بەشی ئەوەندە خۆی تووڕەکردبوو کە بوخۆشی ئوستاد تووڕە بکات . یانە لە مەیدانی پاش جەنگ دەچوو . باشە چۆن دنیا وا دامرکا بوو ؟ . ئەوە بوو ڕۆژی پێشوو ئوستاد خۆی بە بەدبەخت وشڕوڵی ووتبوو :

- ئێوە مقەیەدین . لێرە دابنیشن تا ئەمین دەچمە ئوتێلەکەی تەنیشتمان مەزێک دەکەم .

خەیاڵ ئوستادی لەسەر پێش ئاو بردبووە . شاکیریش تەنگەتاو لەولای شەقامەکەوە هاتبووە ئوتێلەکە . یەکسەر دەرگای کردبووەو خۆی کردبوو بەوناودەستخانە بەدا کە ئوستاد خەیاڵی تێدا دەکردەوە .

ئەو چاوی لەو نەبوو ، یا ئەو چاوەڕێی ئەم خوێندا کردنە نەبوو . ئیتر ئەوە بوو بە بەرچاوی هەموو ئەوانەوە کە لە ئوتێلەکەدا بوون . شاکیر پاشەوپاش ڕادەکاو ئوستاد بێ ئەوەی فریای خۆپێچانەوە بکەوێت چمکێکی کراسەکەی شاکیری گرتووەو بەدوویا پێدا ڕادەکا . دوو چەپەبوکی گەیاندێ . ئەوسا ئاو کرا بە ئاگرا ....

زەمانێکی زۆری دەوێ تا بە هەموو دانیشتوو ئەندامانی یانەوە بچینەوە حزووری ئوستادو دەبێ زۆر لاپەڕەو پەردەی تازەش هەڵبدەینەوە تا ئوستاد ببینەوە بە مەداری قسە، هەروەک دەبێ زەمانی باس وخواسیش بگێڕینەوە دوواوە . کە ئوستاد دەریکردین. هەر ئەو ئێوارەیەی لای ئەو گەڕاینەوە،لەگەڵ شاکیردا دەستمان دایە دەرس ئامادە کردن. دەمانویست پیسە لمێنین کەلەمەدرەسە دەخوێنین.

بەڵام من پاش ئەوە چوومە ماڵی مامم. لە گەڵ ئاموزاکانما موناقەشەی زۆر شتم دەکردو دە مویست ئەوە نیشان بدەم کە منداڵ نیم .

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی دووەم هاتمەوە. دیم وا شاکیر لەوپەڕی سەربانی بەشی ناوخۆکە کورسی ومێزێکی دانا بوو. کۆمەڵێ کتێبی لەسەر بوو. ئەو بۆ دەرەوە جەو مێزەرەکەی فڕێ ئەدا. کە دەبوو بێ ئەوە نەبێ. کەچی لەو کونجەدا کە بەدیزداشە و بێجامە دانیشتنیشەوە دەگونجا بە جەو مێزەری (ڕەسمی یەوە) دانیشتبوو، لەو ڕۆژەوە ئەویش کێج کەوتبووە کەولی. واسەلماندمان لەمەدرەسە دەخوێنین". بەڵام ئەویش دەیویست بیسەلمێنێ کە منداڵ نی یە . هەرچی بۆ (ئەدەبسز)ە کەیە، ئەوە دەبوو ئوستاد خۆی بڕیاری تازە دەربکا.

بەپەلە بە پێپلکانەکاندا سەرکەوتم، بەرەو ئەو کونجی قەناعەتەی شاکیر چووم. دیاربوو کە من لەسەر پێپلکەکان بووم لاپەڕەی ئەم کتێب وئەو کتێبی کردبووە. فێنت و مێزەرەکەی لەسەر داگرتبوو. لەسەر مێزەکە دابنا بوو. بەتەنیا جبەکەوە دانیشتبوو.

- ئەی خانە خراب بە تەپەی پێتا ووتم ڕەنگە حەنەفی یا قوتابیی چاودێر بێ . ترسانم

(بەدەم قسەوە فێستەکەی هەڵگرتەوە وکردی بە سەری).

- ئەوە چی یە لەژێر ئەو فێستەدا. کورە خوا بتگرێ.

- چی یە، ئوستاد ڕاست دەکات هێشتا تۆ منداڵی بەڵام من نا ...

- جا بەم جۆرە . ئێرە جێی ئەمەیە. ئەگونجێ بۆ پیاوی شۆڕشگێر...؟

- ئەمە هەقی بەسەر شۆڕش ومۆڕشەوە نی یە . تۆ منداڵێت تامت نەکردووە.

- خوا بتگری تۆ فەقێ بوویت لەکوێ...؟

- لەعنەت لەڕاتوو دەقنەو نوێژی بەیانی. لات وایە زەمانی فەقییەتیی باوکتە . فەقێ بن وسۆفی.. قەیناکا منداڵی جارێ ماوتە فێربی، ئای نازانی...

- خوا بتگری ئەوان لەسەر نوێژنەکردن وجەو مێزەر لەبەرنەکردن سزا مان دەدەن....

- بڕۆ ئەتۆ منداڵی. لە مەدرەسە بخوێنە...

- ئاخر ئەگەر..

- ئەگەرچی، تۆ بڕۆ چاکەی حاجی بخۆ . ئەگەر پاروویەکیشم لەخۆراکەکەی ئێوارە بۆ بێنی هەر بەوە باپیرشت دەچێتە بەهەشت.

- خوا بتگرێ. ئەگەر...

- ئەگەرو مەگەر نی یە . من هەر لێ بومەوە دەچم دەخەوم. خۆ لە باخەڵی خەنەفیدا نانووم تاپێم بزانی... دەتوانی بە ئوستادیش بڵێی بۆخۆی ووت. "ئەمن ڕاستە لە مەدرەسە دەخوێنم" بەڵام منداڵ نیم. لەویش گەورەترم. ئەو هێشتا تامی ئەم شیری شێرەی نەکردووە. بۆ "نەدەبسز"یش ئەوە ئەو، ئەوی ئاگای لە شیری شێر نی یە ئەدەبسزە.

* * *

جا شاکیرێک ئەوکاتە وا لە داب ونەریت وئوستاد یاخی بووبێ، چۆن حەوت ساڵ پاش ئەوە خۆی بەو چەشنەی ئوتێلەکەی لێ ناکات کە باسمان کرد، هەرچی ئوستادو شیری شێریشە ئەوەش هەر (پەراوێزی) دەوێ .

کە ئوستاد خێزانی جەواب دابوو ، تاقمێ فێربوویوون ئێوەڕوان کەرمەیان دەکری و دەچوونەوە ماڵێ ئوستاد.

خۆراکیان بۆ ئەویش وبۆخۆشیان دروست دەکرد، بەینی بەینەڵلا ماموستای" شەونبوارە" "ساوەرێکی باشی لێدەنا.

بەناوی ئەم (ئەندامەی) کوڕی ئوستاد پێ مەکەنن ومەلێن ئەمە ناوی ناوچەروک وحیکایەتە، ناوەکەی خۆی هەر لەوە دەچێ . یا ئەمیان جامی وێنەی ئەوە. بێینەوە سەرباسی

خوراکی ئەم تاقمە بێ ژن ومالەی ئەو سەردەمە دەوروەی ئوستادیان دابوو. ئەمانە هەر ئێوارەیش دەچوونە لۆقەنتەیەکی شار نانیان دەخوارد. هەرکەسە پارەی خۆی دەدا و هەرجارەش یەکێکیان پارەی ئوستادیان دەدا.

ئێوارە یەک شاگردەکە گەیشتەلای ئوستادو پرسیی:

- تۆ چی دەخۆیت. فەرمووی:

- ئەوەی وێنس دەیخوا.

کە کابرا نەیتوانی لە ئوستاد بگا. ڕووی کردە ئەوانی ترو ئەوانیش ڕوویان کردە ئوستاد.

- ئەوەی وێنس دەیخوا.

- باشە. ئای یوونس ئەم ئێوارەیە دیار نی یە.

- لە سوپاگا ئێشکگرە .

- دەی شتێکیتر بخۆ.

- ئەوەی وێنس دەیخوا .

ناچار یەکێکیان هەستا، چووە لای تەلفوونەکە پاڕایەوەو لالایەوە. تاسوپا گایان دەستکەوت، ئەفسەری ئێشک گریان دۆزیەوە.

- بابە، کاک یوونس تۆ خوت نەهاتوویت نەدەبوو پێمان بڵێت چی دەخۆی. ئەوە ئوستاد مانی گرتووەودەڵێ: ئەوەی وێنس دەیخوا.

- بابە کریم چاپەو بۆی بکڕن.

ئەمە ئەمبان، هەرچی شێری شێرە ئەوەش ئەو جارە بوو یا جارێکی تر، یەکێک وێرای بپرسی: - مامۆستا، قەت خواردووتەوە؟.

ترسان توورە بێ. بەلام دەستی کرد بە پێکەنین و فەرمووی:

- ئێ... ئەمین لە دەرباسیە ئەوەندەم بیرە خواردەوە میزم کرد بە خۆما .

ئوستاد چل ساڵ لەوەبەر دەرباسیەی کوردستانی سەربە سووریەی دیبوو. ئەگەر دیبێتی. واچلی تریش بەسەر ئەو قسەیەدا ڕابوردووە، ئێستاش دەرباسیە بیرەی لێ نی یە.

بەلام ڕەنگە شوێن میزەکەی ئوستاد مابێ.

* * *

سبەینێ لە دەرسی یەکەمدا بووین. لە دەرەوەی خوێندنگاوە دەنگ و هاوار بەرز بۆوە.ووردە ووردە دەنگەکە زیاتر بەرەو لای ئێمە دەهات. بەرزتر دەبۆوە. ڕوونتر دەبۆوە... "با بژی...." "بابڕووخێ..." دیاربوو کە ئەمە دەنگی شەڕوهەڵلای بازار نی یە...

عەمیدی دەستگا پەشۆکابوو، بە حەوشەکەدا کەمێک هات وچوو. حەنەفی وەک تورتێک لەم هاتوچۆیەدا بەدووایدا دەڕۆیشت ودەنگی هێندە بەرز بوو لەژووری دەرسخانەکەدا دەبیسترا:

- دول إیه... عاوزین إیه یاسیدي(١)

عەمید دەهات و دەچوو وەڵامی نەدایەوە. بەڵای ئێمەشدا نەدەهات نەک بجوولێین.

دەنگەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوەو ڕوشنتر دەبۆوە.

وشەی "فەلەستین "لە پاش هەندێ"... با...." دا یا بە عەرەبی "یا...." دا جیا دەکرایەوە.

هێندەمان زانی عەمیدو حەنەفی چی فەڕاش وکاتب و فەرمانبەر هەیە کۆیان کردەوە. بەرەو دەرگای خوێندنگا چوون.

ئێمە کەوتینە وورتەوورت وشیرازەی دەرس بەرەو تێکچوون دەچوو.

وورە وورە لای دەرگاوە هەموویان بەهەرەوەزی کورسی ومێزو (داریان) هەڵچنی. دەنگ گەیشتە بەر دەرگا، قوتابیان سەیری یەکتر دەکەن، مامۆستاکەمان زمانی لە شەوێنی شاکیر خەراپتر دەیدا بەیەکدا... تەواو پەشۆکا بوو...

یەک سەیری یەکمان دەکرد، کێ بێ لێرەوە بەکەم "با... بژی.. بکا".

نازانم مامۆستاکە ناوی چی بوو؟ ئێمە هەر (گەمزووری)مان پێدەووت. کورتە باڵایەک بوو. ڕیش تۆپەڵێکی ڕیش سپی . دیار بوو ئەو ڕۆژە زۆر سەرمای بوو.

لەسەر جبەکەیەوە بەرماڵێکی دابوو بەکۆڵیا... دەرسی "تەجوید"ی بەدێرە شیعری "جەمزووری" پێ دەووتین.

واسەری لێ شێوا کەوتە پرسیار"

- وصلنا فین یامشایخ. (٢)

کەس وەڵامی نەدایەوە.

وابزانم پەنجا دێر بەسەر سەرەتادا ڕابووردبوو.

بەڵام ناچار لە سەرەتای خوێندنەکەوە دەستی پێکردەوە:

یقول راگی (٣) رحمه الغفور، دوما سلیمان هو الگمزوري(٤) ..

لاي دەرگاکەوە هەراو دەنگ زیاد بوو...خۆیشا نەدەزانی دەرەوە دەیانویست دەرگا

(١) - بەمیسری: ئەمانەکێن... چی یان دەوێ گەورەم.

(٢) - مامۆستا یێنە گەیشتینە کوێ.

(٣)- راجی .

(٤) جمزوري . لەشێوەی میسریدا (ج) دەبێ بە (گ).

بشکێنن. پێ یان نەدەشکا.

بەئاشکرا گوێمان لێبوو هاواریان دەکرد ئێمە:

- قوتابیانی تێکۆشەر . قارەمانانی ڕاپەڕینی کانون ، دەرگا بکەنەوە . ئەم دەستگاو بەڕێوەبەری یە پۆلیسی یە سەرشۆڕ کەن . یەک سەیری یەکمان دەکرد . وەک بە یەکتری بڵێین ، سزای یەکەم کەس خراپ دەبێ . لەبەرئەوە کەس تێنی نەدەدایە خۆی .

لەوە دەچوو شاکیر دوێنێ ئێوارەی بیر کەوتبێتەوە . یا بیەوێ بە پێکەنین تەواو شیرازەی کار تێک بدات . هات و فیستەکەی لەسەر داکەندو لەسەر پێشی کورسیی دەرس خوێندنەکەی دانا . من لەپشتی یەوە بووم . هەروەک ڕێک کەوتبێن . ئەو گەورە بووەو من هێشتا "منداڵ" م ...

ئەو کەللە سافە باریکەی دوێنێ پاک بە گوێزان تاشیبووی بەسەر جبەیەکەوە وا لەبەر دەما .

تا توانیم بە پەنجەیەکی نووشتاوەی دەستم کەشکێکم لێدا . مامۆستا گەمزووری هاواری کرد :

- إیە دە یا مشایخ ، انتو شویە عیالین . (١)

ژوور بوو بە پێکەنین . گەمزووری لەلایەک ترس و لەلایەک سەرلێ شێوان ولسلاش پێکەنین وگاڵتە. بیانووی دەستکەوت . مێزی دەرس ووتنەوەی بەرەو حەوشە بەجێ هێشت و هاواری دەکرد : من دەرس بەم منداڵە وورتکیە ناڵێم .

ئێمە بەدووای ئەودا بە خۆر ژووم چووینە دەرەوە . عەبدو حەنەفی کەوتنە هاوار لێی و ئەویش هەر دەیووت : دەرس بە منداڵە وورتکە ناڵێم . ئەوەندە مانزانی قوتابیی ژوورەکانی تریش بەدووای ئێمەدا هاتنە دەرەوە . لە دەرەوەش هەر هاوار دەکەن ...

- دەرگا بکەنەوە . وەرنە دەرێ .. هتد ..

حەنەفی پێش هەمووان دارەکەی دەستی فڕێداو لەترسا بەرەو قاتی دووەم وبەڕێوەبەری ڕۆیشت. فەرمانبەر و فەڕاش بەدووای ئەودا. دوواکەس عەبید بوو. کە چەند نەعوزوبیللاو لاسەمەحەلای کرد و بەر دەرگای بەجێ هێشت. دەرگا کرایەوەو خۆ پیشاندەران خۆیانکرد بە ژووردا.

لێشاوی دەرەوە و ناوەوە لێکیدا وهاوارو دەنگی هەندێ خوتبە خوێن چوون بەناو یەکدا.هەر مێزەر بەسەر بوو وکەوتە ناو لێشاوێکی شەپۆلی خەڵکەکەوەو لێشاو

(١)- ئەوە چی یە مەلاینە، ئێوە دەستەیە منداڵن.

بەرەو دوواوە گەڕایەوەو هەموومانی بەرەو سەر جادە پانەکەی دەرەوە برد. قوتابیی دەستگای باخانەی مامۆستایان وئامادەیی یەکانی ئەو ناوچەیە کۆبوونەوەو هاتبوونە لای ئێمە. کەرووەمانکردە سەر ڕاستە ڕێگەکە. زۆربەی دوکانەکانی سەرجادەکە داخراو هەندێکیان بەگەرمی یەوە هاتنە ناوەوەو هەندێک لەسەر قەراغی شەقامەکەوە چەپڵەیان لێدەدا.

- فەلەستین بۆ عەرەبە. مردن بۆ سەهیۆنیزم.

- مەرگ بۆ کاربەدەستانی عەرەب.

لە شاگیرەوە نزیکبووەمەوە. چەند لە هاوبیرە دیموکراتی یەکانی ئێمەش هاتنە لامانەوەو تۆپەڵە خەڵکێکمان لەناو لێشاوەکەدا دروستکرد. سەرەتا تۆپەڵە مێزەرێک بووین. چەندهاوارێکی تازەمان کرد.

- مەرگ بۆ ئیمپریالیزم.

- بژی برایەتیی کوردو عەرەب.

- ئازادی بۆ بەندە سیاسی یەکان.

تۆپەڵەکەی ئێمە ئەستوورتر بوو. خەڵکی بێ مێزەریش دەورەی داین. لەسەرەتاوە هەرلایەمان دەنگی خۆی لە هاواردا بەرزتر دەکردەوە. وەک ئەوەی بیەوێ دەنگەکەی لەوەی ئەوانیتر بڵندتر بێت و بەوە گرەو بەرێتەوە. هەر دەنگی دەستەیەکی بەرزتر دەبۆوە، لەیەکتر مۆڕبوونەوەیەکیش پەیدا دەبوو، خەریکبوو وای لێ بێت وەک پێش بڕکێی یەکتری هاتبێنە ئەم سەرجادەیە. کار لە کار ئەترازابوو کە پۆلیس بەخۆیان و دۆنکیی دەستیانەوە پەیدابوون. دەستماندایە بەرد. چەند کەسێکی چەتەوڵێش بۆیان چوونە پێشەوە. لە ئێمە چەند کەس و لەوان چەند کەس کەوتنە سەروگوێلاکی یەکتری. هاواری ئەمبەرو ئەوبەرمان چوو بەناو یەکداو بووینەوە بەیەک تۆپەڵە خەڵک.

- تۆ خۆت لادە شەڕت پێ ناکرێ.

- بچووکی وەرە دوواوە.

- ئا . . . ئەو برا لاوازە لە ئەخۆش دەچێت، بیهێننە دوواوە. من پێئەوم دەچمە پێشەوە سەر پۆلیس کە خوێن و بێدەسەڵاتیی پیاوەکانیی دی. ئیشارەتێکی کرد، دوو ئوتومبیلی شەستیرلەسەر بەناو پۆلیسەکاندا هاتن و لەبەردەمی ڕیزی پێشەوەی ئێمەدا وەستان:

- تاسێ دەژمێرم. بڵاوەی لێ نەکەن تەقەتان لێدەکەم.

- چۆن دەتوانن بمانکوژن.

- ئێوە پیاو خراپ وڕووخێنەرن، دوژمنی میری و ئاسایشن.

- کورە ئێوە پیاو خراپ وپاسەوانی ئیمپریالیزمن.

جاسم بەدەست و بەچاو ئیشارەتی چەند کەسێکی دەکرد کە درێژە بەم جەنە جەبەشی بە بدەن. شاکیر لە پشتەوە چمکی منی گرت و ڕایکێشامە دوواوە.

- وەرە، دووام کەوە.

- کورە، عەیبە ڕاکەین.

- تۆ وەرە خێرا با پێ نەزانن، لەو دوکانە شقارتەیەکم بۆ بکڕەو وەرەوە ئێرە.

ڕاستیی تێنەگەیشتم شقارتەی بۆ چی یە. تامن لە دوکانەکەوە شقارتەم هێنا نازانم ئەو ئیبلیسانە لە کوێ گونیەو تەنەکە نەوتی لەبەردوکانێکیتردا بەدی کردبوو و چۆن پۆلیسی خلەفان . . . . گونیە نەوتی دا بەسەر ئوتۆمبیلداو شقارتەی لەدەست من وەرگرت.

گڕ بەرزبۆوە . . . .

- عافیە کاکە، واللە سبع.

- عاشت الاخوە العربیە- الکردیە.

گڕ تەواو بەرزبۆوە. پۆلیس وەک بووبن بە دووکەڵ یاخوڵەمێش. هەریەکە بەلایەکدا بلاوەیان لێکرد. لەجێی هاوار هەموو خۆپیشاندەران بەبانگێکی جاسم قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکداو بە سروود ووتن بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن.

یەکێک چرپاندی بەگوێی شاکیردا. دیاربوو کەپیی دەڵێ: ئیشی تۆ تەواو ، خۆت وونکە ناتوانناسرێیت.

شاکیر کشایە دوواوە. بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەرەو دووادا مۆزرەیەکی لەمن کرد ووتی:

- جەناب . . . بچۆ بە ئوستاد بڵێ، من ئەمندالم نە ئەدەیسز.

* * *

ژوورەکەی ئەم دوایی بە گەرم و خۆش بوو، تاقە یەک کەسم لەگەڵا ئەنووست، وامئەزانی ئیتر چەند شەوێک ئەحەسێمەوە. پاش ئەوەی چاوم لەبێداری با سوور بووبوو. ئازاری پشتم هەراسانی کردبووم و خەوی لەچاوم ئەڕفاند، کەماندوویی و شەکەتی بەسەر ئازارا زاڵ ئەبوون هاواری ئەو ئەخۆشەی لەتەنیشتمەوە بوو یا هەناسەی زامدارێک لە سووچی ژوورەکەدا. یا پرخەی ئەو کابرا قەڵەوەی هەمیشە لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەو بەر پاڵ کەوتووە ئەیانخستمەوە شەونخوونیی پڕ ئازار. دیارە لێرە حاڵم باشتر بوو، هەرچەندە ئەو دەنگەی لەژوورە تایبەتی یەکەی تەنیشتمەوە ئەهات. جاروبار دیواری ئەبڕی و ئەختێ نەرمتر ئەبۆوە هۆی ئازاردانم.

ئەو شەوە زوو نووستم. هاوەڵەکەم حیکایەتی بۆ ئەکردم و . . عەبدولئەمیریش لەو دیوەوە

هاتبوو، گوێ لەو چیرۆک ویادگارانە بگرێ کەهاوڕێکەم ئەیگێڕایەوە. باسی ئەو شتانەی ئەودیو سنووری ئەکرد کە ئێمە نەماندیبوون. یا ئەو چیرۆکانەی لەسەر شانۆ دیبوونی یا ئەو دەنگە خۆشانەی بیستبوونی و ئەو کتێبانەی خوێندبوونی یەوە . . هەموو ئەمانەش گەردەی خەولێ خستنی من بوون، وەک حیکایەتەکانی گوێ ئاگردانی ئەنکم لە ڕۆژانی منالّیما.

ئەو شەوە بەڕەحەتی نووستم ، لەگەلّ تاریک وڕوونی بەیانیدا دەرگا کرایەوە، بایەکی سارد دای لەڕووم و لەگەلّ ئازاری لەشمابەناخی یەکدا چوون. هەروەکو شەوانی بەفر بارینی کوردستان شانەکانم ئەهێنایەوە یەک. سەرما وئازار لەگەلّ یەکدا لەکێشەدا بوون وجلەوی ئەو کێشەیە هێشتا لەدەستی خۆمدا بوو کە دەنگی سەرسامانەی کچە برین پێچەکە لەدەستی دەرهانیم . . لەناو دەرگاکەدا وەستاو بەشلەژاوی ونەرمی هەوالّیکی دا بەگوێماندا و ڕۆیشت.

– لە«بابولمرعەزەم» یەکێک کراوە بەدارا . . هاوڕێکەشم وەک من ئەوەی بیست. لەڕێگەوە زەردەخەنە گرتی و پاشان وڕ بوو. خەریک بوو شتێک بلێ . . لەو کاتەدا (عەبدولئەمیر) لەگەلّ دوو ئەخۆشی کەدا کردی بە ژووردا، ئەخۆشێکیان دار شەلاقێکی بەدەستەوە بوو. کەوتنە مقۆمقۆ دیار بوو زۆر بەدەربەسەوەن.

ئەم هەوالّە لای من شتێکی کتوپڕی نەبوو، چونکە دوێنێ «هامرا» ی ئامۆزام هاتبووە لام وباسی مەحکەمەکاری یەکی بۆ ئەکردم کەناونراوە کۆمیدیا، بۆیە گورج زانیم کە ئەمە بەشێکە لەو کۆمیدیایە، بابلێین لەو دراما سامناکە. بەلّام ئەوسا نەمئەزانی کە ئەمە سەرەتایەتی یا کۆتایی یە.

هەموو تەماشای منیان ئەکرد؟ ئەم تەماشا کردنەم لا سەیر بوو، نەک لەبەرئەوەی کە بچووکی هەموویان بووم، بەلّکو هەر زۆر بچووکیش بووم. یەکەمجار بوو لەو ڕوانینەوە، باوەڕم بەخۆم پەیدا ئەکرد. لەمەوبەر قسەیان ئەکرد وبەربەرچی یەکتریان ئەدایەوە. منیان بە هیچ نەئەزانی، هەرچەندە بێ دەنگ ئەبوون بەلّام من ڕای خۆم هەردەرئەبڕی، وائێستا قوولیی تەماشا کردن ودەمی بە پرسیاریان بەجارێک بردمیانە ڕیزی پیاوانەوە. بەلّکوو وایان لێکردم کەخۆم لە هەموو ئەو پیاوانە ئازاترو بەجەرگتر ببینم. گزمی بێ دەنگی یانم شلەقاندو چرپەی سەرسامیانم کردە ووشەی دیارو ڕوناک.

– ئەتانەوێ بلێم چی، پیاوێک لەوێ ملی کراوە بەپەتا، دز نی یە، چونکە دز بەبەردەمماندا دێن ودەچن، پیاوێشی نەکوشتووە، چونکە پیاوکوژان لاشەی نێچیرەکانیان ئەفرۆشن وگوناهەکانیان ئەیانکا بەوەزیر.

عەبدولئەمیر بە نیوە ترس و نیوە خۆشی یەوە قسەی پێ بڕیم:

- بەسە . . ئەم قسانە سوودی ئەوە نادەن کەبچیتە بابل موعەزەم ولەمەسەلە بگەیت.

ئەم هێشت ئەو قسەکەی تەواو بکات و ئەوانی تریش هیچی تر بڵێن، بەسەر برینە پێچراوەکانی پشتمدا بەرگم کردە بەرو لەقەرەوێڵەکەم هاتمەخوارەوە.

ئەمە یەکەم جارە کە هاوەڵە نەخۆشەکانم نەڵێن ئامۆژگاریی پزیشک بەجێ بێنەو لەژوورەکە مەچۆرە دەرەوە.

لە هەموویان بچووکتر بووم، بەڵکو هەر زۆر بچووک بووم، بۆیە پۆلیسەکانی پاساوڵی نەخۆشخانە و ڕەوە گورگەکانی باب گومانیان لێ نەئەکردم.

چەند هەفتە بوو کە لە دیتنی دیجلەو شەماڵی سازگاری و لەهاتووچۆی شەقامەکان بێ بەری بووم. ئا لەو ڕۆژانەداو ئێستاش نەخۆشخانەم لە بەندیخانە لا ناخۆشتر بوو، بەر لەمە خەوم بەو تاوەوە ئەبینی کە لەنەخۆشخانە بێمەدەرێ ونەخشم بۆ ئەکێشا. بەڵام ئەو کاتەی کە بە چەند هەنگاوێک گەیشتمە باب هیچ هەستم بە هاتنە دەرەوەی نەخۆشخانەو بە شەقام ودیجلە وشەماڵی نەکرد، هەر ئەوەندەم زانی لەبەردەمی سێدارەکەدا وڕ بووم زکرنووش ئەبەم و ئەم ناوە ئەخوێنمەوە:

- حسين محمد الشبيبي.

زۆر بەخێرایی هەرچی لە ژێر ناوەکەوە نووسرابوو خوێندمەوە، لەڕاستەوە بۆ چەپ ولە چەپەوە بۆ ڕاست، ئەو ماوەیەشم لەبەر کرد کەخەڵکی بەتاوانی ڕابەری کردنی میللەت بەرەو جیهانی بەختیاری و هەڵگرتنی ئاڵای سەوز ئەخنکێنێ.

(بابلموعەزەم)ی بەسام گەلێک هەستی جیاوازی بەرەو پەرەی دڵی ئەوانە ئەنارد کەبەویدا ڕائەبوردن و گەلێک ووتەی جیا جیا بەلای پەردەی گوێدا تێ ئەپەڕی و هەندێکیان وەک چەکوش ئەیاندا لێی ومێشکیان ئەخستە ناو دەریای بیرکردنەوەوە.

ئەو قوتابیانەی بۆ خوێندن ئەچوون، هەندێک داخی پەنگەوە خواردوویان لەدەروونا ئەهێشتەوەو فرمێسک لە چاوا قەتیس ماو ڕێگەیان ئەگرتە بەرەوهەندێک خۆیان پێ ڕانەئەگیرا، هەستیان لە دەروون دەرئەپەڕان، کرێکاریش بێ دەنگ تێ پەڕ ئەبوون. دووجار ئەیانڕوانی بە ئەم لاوئەولا. لەچاویانا بە بەرز گرتنی ئەو پیاوەی کە لە بێشکەی قارەمانانەدا کەوتوتە هاتوچۆو بە سووک بینینی پیاوکوژانی ترسنۆک بەدی ئەکرا.

وڕ بوویووم و لەجێی خۆمدا داکوترام، ئیگای شێواوم بووە هەستێکی بەزات و پڕ لە شتێ کە تائێستا هەر خۆشەویستی ناو ئەنێم، چونکە هەر لەوە ئەچوو کە تا ئێستا لە داستانا دەربارەی خۆشەویستیی پاک وخاوێن ئەیانخوێنمەوە.

هەستێک بوو بەرامبەر بەشتێکی تەماوی هەڵئەچوو، ئەجوولا، ئەیویست لەناو تەما

ڕاستی و ڕوناکی ببینێ. لەو وەستان و تەماشاکردنەی ئەو مەردەدا کە با لاشەیی ئەهێناو ئەیبرد، وورده وورده ڕوخساریم بۆ ڕۆشن ئەبۆوه.

دێو بوو ... هەر ئەمجارەش لە ژیانا دێوم دیوه. پیرێژنان زۆریان بۆ گێڕابوومەوه، ئەمزانی کەدێو وەک کێو گەورە وسەرسەختن. حەفتا فرسەخ بەرزۆزێک ئەبڕن، پێڵاوی ئاسن ئەکەنە پێ، لەپێیاندا وردو خاش ئەبێ. لەسەرە ڕێ دا قڕنی ئەدەن، حەوت جووت ئەشکێنن، تا ئەگەنە مەنزڵ. کەچی ئەو دێوەی وا لەبەردەما ، بەلاشە لاوازوکزه، بەڵام لەوێنەی ئاسمان وسەرفرازی سەربەرزە، لاشەکەی بەسەر سێدارەکەدا ئەهات وئەچوو. دەست وقاچی بەئاسن زنجیر کرابوون وبەسترابوون بە لەشی یەوە، دیمەنی لە شێرێکی ئازا ئەچوو کە دوژمن بەداریشەوە لێی زاڕەترەک بووە.

پێڵاوەکانی پۆڵاو ئاسن نەبوون، بەڵکوو هەر لەپێڵاوی خەڵکەکە بوون،لەپاکی وبریقەشدا هەر لەوە ئەچوو کەبۆ شایی یا ژوانێک چوویێت.

گەلێک کۆمەڵە خەڵک بەو مەیدانەدا تێپەڕئەبوون و ئەو دیمەنەیان ئەبینی، لەڕوخساری زۆریاندا ئەو هەستەم ئەبینی کە لەدەروونی خۆمدا جۆشی ئەسەند، لەو چەمەشدا چەقەڵی ئەوتۆش هەبوو کە بێ سوود ئەیانویست بەووتەی ناشیرین بەرزیی ئەو دیمەنە بشێوێنن.

هەر لەوێدا کەبەدەم سەعۆڵی زستانەوە گەلێک دەست ومێشک بەستبووی، دەنگێک هەبوو کەئازایی وبەجەرگی گرێی زمانی کردبێتەوەو لەناو ئەوخەڵکەدا بە دەنگێکی نەبڵندونەنزم بانگ بکات:

- لەوبەریش . . بەرامبەر بە . . . یەکێکی تر کراوە بە دارا . . (فەهدیان) کردوە بەدارا.

هاوڕێکی لەگەڵ ئەو هاتو لەگەڵ ئەو وون بوو، هاتو بانگی کرد:

- لەوێ کردوویانە بەدارا، تا کرێکارانی شەمەندەفەر وشالجیە بترسێنن، نای کەشێت و نەزانن.

کۆڵان وگەڕەکی بەغدا باش شارەزا نەبووم تا بچم ئەویش ببینم، هاتمەوە ئەخۆشخانەو چیرۆکی کەسێکم بۆ نەخۆشەکان گێڕایەوە کە دووسەد مەتر لەلای قەرەوێلە ساردو سڕەکانمانەوە کراوە بەدارا. هەموو شتم پێ ووتن. عەبدولئەمیریش زەردەخەنەیەکی ئەشاردەوە کە من پێی قەڵس ئەبووم، هەرچەندە من چاودێریی نەرمێکم لێ ئەکرد. نیگاکەی شتێکی تازەی فێر کردم، بەبیانوویەکەوە چوومە دەرەوە، تا شتێکی لێ ببیستم کە بەخەڵکی کە یا لەبەردەمی خەڵکی کەدا ناووتری:

- هەر خۆش بێت شۆڕشگێڕی بچووک، نای چۆن کوڕێکیت، ئەبێ خۆت بپارێزیت، هەر

لەرێگەی ئەوەدا کەهەستی پێ ئەکەیت وئەیڵێیت.

ئەم ووشانە ڕێگەیان بۆ ئەو هەستە ئەکردەوە کە لەبەردەمی سێدارەکەدا هاتبوە دەرووئەوە، تا گیانێکی ڕەنگینی کردەوەی بکرێت بە بەردا.

دوو شەوی تر لەسەر ئەو قەرەوێڵە ساردو سڕە کەوتم شانەکانم ئەهێنایەوە یەک وجارو بار شلم ئەکردنەوە، پاش دوو ڕۆژ ڕزگار بووم، دکتۆرەکەم ڕازی بوو بچمە دەرەوە.

کەلو پەلەکانم هەڵگرت، هەروەک گوێم لەبۆرێی ئۆتۆمبیلەکان وهاواری ئۆتۆمبیلچی یەکانی بەردەرکی ئەخۆشخانە نەبێ. پاش چەند تاوێک هاتوچۆم لەمەیدانی بابولموعەزەمدا بری، پۆلیسەکەی هاتوچۆ تێی خوڕیم، هەروەک لەبیری چووبێتەوە کە وا من لەسەر ئەو بستە زەوی بە وەستاوم کە تەنیا دوو ڕۆژ لەمەوبەر شانۆی تاوانێک وقارەمانێتی یەک بوون.

هەستم بە گورجوگۆڵی یەکی سەیر ئەکرد، هەر ئەوە نەبوو کە بەوێ هەقی ڕۆژە بێ گیانەکانی ئەخۆشخانە بکەمەوە، بەڵکو هەستەکەم زۆر لەوە قوڵتر بوو، ڕادەی بۆ نەبوو. هەستێکی سەیر ئەیجوڵاندم، بۆ شتێکی نادیار ئەگەڕام، ئەو خۆشەویستی بە بوو کە جووڵاندبوومی سەرسامانە بۆ لەشێک ئەگەڕام ئەو گیانەی بەبەرا بکرێت.

کە مەجید ووتی: شۆڕە سواری سێ یەم (زەکی) لە گۆڕستانی نزیک زانستگاکەی ئێمەوە نێژراوە و بەیانی و ئێوارە ئەڕوانێنە گڵکۆی، زۆر شادبووم، وامئەزانی ئەو شتەم دۆزیوەتەوە کە بەدوایا ئەگەڕێم. ڕۆژێکی تەواو هەرتاوە ئەهاتم وئەچوومە سەر گۆڕی. وامئەزانی ئەو هەستە ئەخەمە ڕوو، بەڵام دوایی دیم کە ئەو هەستە شتی کەی لێم ئەوێت. چوومە لای هاوڕێکانم ، شەوو ڕۆژێکی تەواو سەرسامبووم، هەروەک لە تاریکیی بیاباندا ڕێگەم وون کردبێت. هێشتا خەوی هەڵنەهاتوو. ئەبوویبۆوە بە میوانی چاوەکانم، کە بەهێواشی لە پەنجەرەی ژوورەکەم دراو دەستێک دیار بوو کە بانگی ئەکردم، مانگ چەند تاوێک لە کۆمەڵە هەور خۆی دەرباز کردبوو، لەوڵە پەنجەرەدان و ئیشارەت کردنە نەئەترسام. ئەو شەوە لەماڵی مامم نووستبووم وهیچ دزێک یا پۆلیسێک گەر ماڵەکەی ڕانەپەراندایە نەئەگەیشتە من. ئەمزانی کەیەکێکی ماڵەکەیە، زۆریشم بیر لەوە ئەکردەوە کە بۆچ لەو کاتەدا کەهەموان لەشیرینە خەودان من خەبەر ئەکرێمەوە. ئەمویست بەرلەوەی خەمڵ لێ بدەم، تێ بگەم. لەسەرەخۆ دەرگام کردەوە دەستێکی سارد دەستە گەرمەوەبووەکانی گرت، موچڕکێک هات بەلەشما، تووکی سەرم وەستا «شەنگ»ی ئامۆزام لەبەر تریفەی مانگەشەودا باڵای بەرزترو چاوی جوانترو خۆی سپی تر ئەینواند. ڕێگەی نەدام سەیری بکەم، یابیر بکەمەوە دەستی هێناو کۆمەڵە کاغەزێکی پێچراوەی خستە ناو لەپمەوەو دەستی گوشیم وپێکەنی، وەک بەوە وەڵامی هەموو قسەو خوێن گەرمیی ئەو دوو ڕۆژەم بداتەوە.

ئەو چووە ژوورەکەی خۆی، منیش لەسەر جێگەکەم دانیشتم ونەنووستمەوە. چاوەڕێی بەیانم ئەکرد. کەوا سەلای بڵندگۆی مزگەوتەکەی نزیکمان سەرەتاو نیشانەی هاتنی بوو.

پێش ئەوەی بانگ بداو مامم بچێ بۆ نوێژ، چوومە دەرەوە، بۆ ئەوەی شوێنە وونیی لێ بکەم وپاش نوێژ لەمزگەوتەوە لەگەڵیا بێمەوە. پاش ئەوەی لەگەڵ کشانی سپێدەو بەیانا بەدەم برایانی ئەو پیاوە ئازایانەوە هەواڵە نووسراوەکەی کوژچیانم بەڵپاکان گەیاند، لەژیانی خۆشمدا بەرەبەیانێکم گرتە باوەش کە هێشتا هەر ئاوا نەبووەو نابێت. ئەوەکلیلی ڕێگەم بوو بەرەو ئەو هەستە تەماوی بەی لە تونی سێدارەکەوە بەرەو دڵم ڕێی گرتبوە بەرو بوو بەو لەشەی کەئەو گیانی خۆشەویستی بەی کرا بە بەرا کە لە قووڵایی دەروونەوە هەڵئەقوڵێ وتەوژم ئەدا و هەرگیز نابڕێ ونامرێ.

ئەم فەسلە نووسینێکی ڕیپۆرتاژێ بوو ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی ئازایدا بەناوی تیشکی سێدارەوە بڵاو کرابەوە. لە گەشتێکدا لەرێگەی باکو-لینینگراد ساڵی ١٩٦٢ دەستکاری کراوە چووە قالبی چیرۆک ئامیزی بەوە و لەنامیلکەی (ڕازی دووری) دا بڵاو کرابەوە. چونکە پێوەندیی تەواوی بەم باسەو بەم گەشتی ژیانەوە هەبوو لێرەدا تۆمارم کردەوە.

لەرێگەی ئەوەدا کەهەستی پێ ئەکەیت وئەیلێیت.

ئەم ووشانە رێگەیان بۆ ئەو هەستە ئەکردەوە کە لەبەردەمی سێدارەکەدا هاتبوە دەرووغمەوە، تا گیانێکی رەنگینی کردەوەی بکرێت بە بەردا.

دوو شەوی تر لەسەر ئەو قەرەوێڵە ساردو سڕە کەوتم شانەکانم ئەهێنایەوە یەک وجاروبار شلم ئەکردنەوە، پاش دوو رۆژ رزگار بووم، دکتۆرەکەم رازی بوو بچمە دەرەوە.

کەلو پەلەکانم هەڵگرت، هەروەک گوێم لەبۆریی ئۆتۆمبیلەکان وهاواری ئۆتۆمبیلچی یەکانی بەردەرکی نەخۆشخانە نەبێ. پاش چەند تاوێک هاتوچۆم لەمەیدانی بابولموعەزەمدا بری، پۆلیسەکەی هاتوچۆ تیی خوڕیم، هەروەک لەبیری چووبێتەوە کە وا من لەسەر ئەو بستە زەوی یە وەستاوم کە تەنیا دوو رۆژ لەمەوبەر شانۆی تاوانێک وقارەمانێتی یەک بوون.

هەستم بە گوڕجوگۆڵی یەکی سەیر ئەکرد، هەر ئەوە نەبوو کە بەوێ هەقی رۆژە بێ گیانەکانی نەخۆشخانە بکەمەوە، بەڵکو هەستەکەم زۆر لەوە قوڵتر بوو، رادەی بۆ نەبوو. هەستێکی سەیر ئەیجوڵانم، بۆ شتێکی نادیار ئەگەڕام، ئەو خۆشەویستی یە بوو کە جووڵاندبوومی سەرسامانە بۆ لەشێک ئەگەڕام ئەو گیانەی بەبەرا بکرێت.

کە مەجید ووتی: شۆڕە سواری سێ یەم (زەکی) لە گۆرستانی نزیک زانستگاکەی ئێمەوە نێژراوە و بەیانی و ئێوارە ئەڕوانینە گڵکۆی، زۆر شادبووم، وامئەزانی ئەو شتەم دۆزیوەتەوە کە بەدوایا ئەگەڕێم. رۆژێکی تەواو هەرتاوە ئەهاتم وئەچوومە سەر گۆڕی. وامئەزانی ئەو هەستە نەخەمە ڕوو، بەڵام دوایی دیم کە ئەو هەستە شتی کەی لێم ئەوێت. چوومە لای هاوەڵەکانم ، شەوو رۆژێکی تەواو سەرسامبووم، هەروەک لە تاریکیی بیاباندا رێگەم وون کردبێت. هێشتا خەوی هەڵپاتوو. نەبوویژوە بە میوانی چاوەکانم، کە بەهێواشی لە پەنجەرەی ژوورەکەم دراو دەستێک دیار بوو کە بانگی ئەکردم، مانگ چەند تاوێک لە کزمەڵە هەور خۆی دەرباز کردبوو، لەولە پەنجەرەدان و ئیشارەت کردنە نەئەترسام. ئەو شەوە لەماڵی مامم نووستبووم وهیچ دزێک یا پۆلیسێک گەر ماڵەکەی راتەپەراندایە نەئەگەیشتە من. ئەمزانی کەیەکێکی ماڵەکەیە، زۆریشم بیر لەوە ئەکردەوە کە بۆچ لەو کاتەدا کەهەموان لەشیرینە خەودان من خەبەر ئەکرێمەوە. ئەمویست بەرلەوەی خەمڵ لێ بدەم، تێ بگەم. لەسەرەخۆ دەرگام کردەوە دەستێکی سارد دەستە گەرمەوەبوەکانی گرت، موچرکێک هات بەلەشما، تووکی سەرم وەستا «شەنگ»ی ئامۆزام لەبەر تریفەی مانگەشەودا باڵای بەرزترو چاوی جوانترو خۆی سپی تر ئەنواند. رێگەی نەدام سەیری بکەم، بابیر بکەمەوە دەستی هێناو کزمەڵە کاغەزێکی پێچراوەی خستە ناو لەپمەوەو دەستی گوشیم وپێکەنی، وەک بەوە وەڵامی هەموو قسەو خوێن گەرمیی ئەو دوو رۆژەم بداتەوە.

ئەو چووە ژوورەکەی خۆی، منیش لەسەر جێگەکەم دانیشتم ونەنووستمەوە. چاوەڕێی بەیانم ئەکرد. کەوا سەلای بڵندگۆی مزگەوتەکەی نزیکمان سەرەتاو نیشانەی هاتنی بوو.

پێش ئەوەی بانگ بداو مامم بچێ بۆ نوێژ، چوومە دەرەوە، بۆ ئەوەی شوێنە وونیی لێ بکەم وپاش نوێژ لەمزگەوتەوە لەگەڵیا بێمەوە. پاش ئەوەی لەگەڵ کشانی سپێدەو بەیانا بەدەم برابانی ئەو پیاوە ئازایانەوە هەواڵە نووسراوەکەی کۆچیانم بەدڵپاکان گەیاند. لەژیانی خۆشمدا بەرەبەیانێکم گرتە باوەش کە هێشتا هەر ئاوا نەبووەو نابێت. ئەوەکلیلی ڕێگەم بوو بەرەو ئەو هەستە تەماوی بەی لە توێی سێدارەکەوە بەرەو دڵم ڕێی گرتبوە بەرو بوو بەو لەشەی کەئەو گیانی خۆشەویستی بەی کرا بە بەرا کە لە قووڵایی دەروونەوە هەڵئەقوڵێ وتەوژم ئەدا و هەرگیز نابڕێ ونامرێ.

ئەم فەسلە نووسینێکی ڕیپۆرتاژی بوو ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی ئازادیدا بەناوی تیشکی سێدارەوە بڵاو کرابەوە. لە گەشتێکدا لەڕێگەی باکۆ-لینینگراد ساڵی ١٩٦٢ دەستکاری کراوە چووە قالبی چیرۆک ئامێزی یەوە و لەنامیلکەی (ڕازی دووری) دا بڵاو کرایەوە. چونکە پێوەندیی تەواوی بەم باسەو بەم گەشتی ژیانەوە هەبوو لێرەدا تۆمارم کردەوە.

پاش ئەم سەرەتا پتەوە، شکۆدارە، ئیتر وابزانم بەڵگەی منیش بەتینە بۆ ئەوەی منداڵ نیم. بەڵام وا بە خێرایی لە خوێندن دەرکرام ورەوانەی لای خزمان کرامەوە کە فریای ئەوە نەکەوم بەڵگەو بەڵگەنامەی خۆم وشاکیر بۆ ئوستاد بیەم. هاتمەوە، ماوەیەک بێکار سووڕامەوە. ساڵی خوێندن بڕابوەوە، بۆ ساڵی داهاتوو هەر لەشارەکەی خزمان چرومەوە بەر خوێندن وساڵێکی دەرکردن وبێکاری لەژیانم قرتاو لەگەڵ چوونەوە قوتابخانە ودەستدانەوە کتێبی نهێنی نووسینەوەشمان دەستدایە. کەوتمە ناو کۆڕی کاری نیشتمانی یەوە. ساڵی دووەم زۆری نەمابوو تەواو بێت و بەرەو پردی سیراتی بەکەلۆریا بچین.

– هەستە . . . دەی.

توند دەستی گرتم وبەرینەدا ودەستێکی لەسەر دەمانچەکەی دانابوو. لە تاوێکدا بیرم لەوە کردەوە کەکەسێک لەپشتەوە تەپلەکێک بدات بەپشتی ئەو چەتەولەدا و من بۆی دەرباز بم. کەس نەجوولا. خۆم کەمێک ڕاپسکان. توندتر مەچەکی گرتم. کەسەیرم کرد دەرگای ئەوسەر داخراوەو وبەر دەرگاکەی ئەمسەریش دوو پۆلیس لێ وەستاوە. ناچار بەتەمای هەلێکی تر لەسەر جادەکە ملم نا. چەتەولە پشت مل ئەستوورەکە هەر لەبەر دەرگای چاپخانەکە دایمە دەست دوو پۆلیس.

– بەری مەدەن، بیبەن بۆ ژووری ئەو فەرماندەیەی لەبەغداوە هاتووە.

ئەو بەدووای نێچیرێکی تردا لێی دا ڕۆیشت. کە سەیرێکی دوو پۆلیسەکەم کرد. یەکێکیان قالەی گەڕەکی خۆمان بوو. هەموو ڕۆژێ دەهاتە ماڵی معاونەکەی دراوسێمان.

– ئەوە تۆ بۆ کوێ دەبەن، بۆ چیت دەبەن؟.

– دیارە لێ یان تێکچووە، بەیەکێکی ترم تێگەیشتوون.

- نەء، چۆن تۆ دەگرن، معاونەکە بەرت نەدات. ئەحمەد (ڕوویکردە هاوەڵەکەی) ئەک معاون عیجز بێ ئاوا پێکەوە ببیەین، تۆ بڕێ دوواکەوە.

- ڕاست دەکەیت تەواو لێتان عاجز دەبێت. خۆشت دەزانیت چەندە تووڕەیە.

ئەحمەد بەجێی هێشتین. سەیری قالەم کرد بەزەییم بە سەرلێتێکچوون وحاڵیدا دەهاتەوە. بیری هەڵاتنم لەمێشک دەرکرد. بەڵام لە حەوشەی سەرادا کەبەناو دوو ڕیزە دارەکەدا ڕەتبووین، بەفرسەتم زانی بەدەم کۆمەڵێ قسەی ڕەمەکی بەوە نیو هەنگاو قالەم دایە پێش خۆم ویەچەند چنگێک کۆمەڵە بەیاننامەکەی گیرفانم کە سەعاتێ لەوەبەر لە جەمیلی هاوڕێم وەرگرتبوو، بەناو باخەکەدا چاند.

بۆ شەوی دووایی کە بەدەم تەقەتەقی شەمەندەفەری ڕێگەی نیوان کەرکووک وبەغداوە کەلەپچەی دەستم ئەبدا بە سووچی ئاسنەکەی ئەو کورسیی شەمەندەفەرەدا کەپێوەی بەسترابوومە. خۆم لا گەورە دەبوو.

- بەگم، عەریف چەند گەورەو زەبەللاحە کەچی ئەو پێی دەڵێ: (حەیوان).

پانزە کەس لە کونی ژوورێکی ٣×٣دا ئاخنرابووین. بەدانیشتنەوە دەبوو سەعاتی بەکێکمان بە پێوە بێن خۆ ئەسپێ وتەختە گالۆسیش لەگیانماندا سەوزەڵەگیانی دەووت.

- ئای گیانم، ئای لەشم.

- کورە ئەمشەو من خەفەر بووم تۆ نووستبوی ڕیچکەی تەختە کالۆسی لە لەشی تووە بەرەو لای ئیمە دەهات ولاملت نوقتەی دابەشکردن بوو بەرەو گیانی هەموومان.

- بەسە، مردووت مرێ. ئێرە جێی گاڵتەکردن وگاڵتەپێکردنە.

- ئای ئەگەر عەریف سەعدوون ڕێگەی بدایانایە ڕۆژێک لەو ژوورەی ئەمەبو مەنجەڵێک ئاوم بکوڵانایە تۆم تێفرێنەدا لەئەسپێ ولەتەختە کالۆسی ڕزگارماندەبوو.

- هەتیو، کەی ئەمە قسەی ناو هاوڕێ یانە.

- نا مچەگیان، بابە عەریف سەعدوون بڵێین بەشکم تەنووریان داخستبێ وببەین خۆی تێبوەشێنێ.

- تۆش، تۆش چوویتە ڕیزی ئەو؟.

- لێگەرێن، سەید تووڕە دەبێ. لەبیرتان چۆتەوە ئەمڕۆ ئەورۆزە.

هەروەک دەست بەدوگمەی کارەبادا بنێ، یا دوگمەی ڕادیۆ بکاتەوە. بەیەکجار پانزە کەس چریکەیان لێ هەستا.

- ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە ئەوزوزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی وبەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای . . . .

- هەتیونە، سەگبابینە، بێ ئەدەبینە، شەرم ناکەن، ئێرە مەرکەزی پۆلیسە یامەلها ، یا قوتابخانەیە .. .

دەبێ وەڵامی ئەمە پڕ بەدەم تاقە جنێوێکی شیاو زیاتر چی بێ.

- حەیوان . شەرم بکە، بێ دەنگ بە.

- بەگم عەریف چەند گەورەیە پێی دەڵێ حەیوان.

وامزانی من لەهەموو برادەرەکانم بچووکترم، لەبەر ئەوە دەبێ من لەسەریان هەڵبدەمێ. وا من بەو عەریفە زل وزەبەللاحەم ووت: -حەیوان، بەلام ئەوان ڕێیان نەدام لە فەلسەفەی یونان و مەنتیق ولۆجیکدا بیانوو بدۆزمەوە.

- ئادەمیزاد حەیوانێکی قسەکەرە.

- دەی ئەوەندەیتری لێدەن. پێلاوەکانی داکەن ئەو تفەنگە بێنن بۆ فەلاقە.

هەر ئەوەندەم زانی لێشاوی جنێوی وا بەدەم فەلاقەوە دەستی پێکرد. کەمەرم سوورمابوو، ئایا من ئەم عەرەبی یە جلفەیە نازانم یا لەجیهان و موفرەداتی جنێودا کەرم، لەبەر ئەوە ئەوەندەم ووت:

- بەڵێ ڕۆژی جەژنمانە، حەیوان نەبێ ڕێی شادیمان لێ ناگرێت. تیم بەریوون دایانپڵۆسیم، ژماردنی جەلدەی بێ پێ دەستی پێکرد.

- یەک . . دوو .. سێ

- ئای پێدەکەنێ بەچی؟ کوڕی . . . بەچی؟

- چوار . . . پێنج

- ئای هەر پێدەکەنێ لە . . بووە ، تۆ نازانی لێی دەی بیدە دەست خۆم.

عەریف وەک حەیوانێکی دڕندە کەوتە لێدان .

- لەبیرمچوو، ئێوە ژماردنەکە تەواو کەن.

- شەش حەوت . .

- کوڕە هەر پێدەکەنێ: ئەو چاوی لە کێ یە، بەرچاوی بگرن، باتەو سەگانەی تر نەیبینێ. ئەوانیش بێدەنگ کەن.

- بارووت وقورقوشم وپۆلا

گوللەی زۆرداری ناقۆلا

- کوڕە، یا ئەوان بێدەنگ کەن، یا ئەم لەپێکەنین بخەن.

- هەشت . . نۆ . . ئەمەدە.

- زنجیری سەد بەندیخانە، ڕەشاشی دەستی بێگانە

- هیچ نەبێ دوو دار لە دەرگاکەوە بدەن بە دەستیاندا تائەوەندە ئەو شیشی دەرگای ئاسنە ڕانەوەشێنن.

- یەک زەڕەکارمان تێناکا

تەرکی ڕێگامان پێ ناکا

- پانزە دووانزە سیانزە . . .

- هەر پێدەکەنێ، ها من ماندوو بووم. چەلووب تۆ لێبدە من دەیژمێرم.

- شازدە، حەڤدە، هەژدە . . .

- کوڕی سەگە هەر پێدەکەنێ. بەڵام وا چاوی گێژ بوو دەی نیوە ئەوان بێدەنگ کەن.

- گەر مردووین لەم ڕێگەو بانە

نابین بە پیاوی بێگانە

- نۆزدە . . . بیست . . .

گوێچکەم وەک دەنگێکی دوور لەخەودا، دووا ووشەی دەبیست.

- ئاوی ترسانێ نازانین

چونکە خاوەنی ئیمانین

چاووم وردە وردە دەنوقا. کڵپەی ئاگری ئۆتۆمبێلە سووتاوەکەی پۆلیس گەرمیی دەدا بە لەشم ورووناکیی ئەدا بە بیرو تینی بێهۆش نەبوونی دەدامێ. ئاگرو شاکیر پێکەوە لەبەرچاوم لەبەر دوکانەکەی ئوستادا بوون.

- قوربان ، منیش وئەمیش نە منداڵین . . . نە . . .

- بیست ویەک. .

کاتێ هۆشم هاتەوە بە خۆمدا، ئاویان بەدەم وچاومدا ئەپرژاند. . .

- چاوی لێکناوە، بێهۆشە . . .

- کوڕە بەپێکەنینەکەی سەر لێویدا لەمردوو دەچێ. .

یەکێکیان بەدەنگێکی نزم، لەوە دەچوو هەر من گوێم لێی بێ ووتی :

- بەخوا هێشتا منداڵە ، هی گرتن ولێدان و مردن نی یە.

ئەمە ڕاپەڕاندم . .

- نەخێر ، نە منداڵم . . نە . .

بێدەنگ بوومەوە دەستیاندابە باڵم، بەزەبری کوتەک بەدەوری حەوشەی مەرکەزەکەدا ڕاکردنیان پێدەکردم.

- دەی ڕاکە . .
- یەک . . دوو . . سێ . .
خوڵ بەدوای خوڵدا ، تەواو نەبوو ، خوێنی بنی پێ حەوشەکەی سوور کرد.
- هەشت . . . نۆ . . .
نازانم چەند خوولیان بەزۆر پێکردم ، تا قاچم لەسەرووا نەناوسێ و نیشانەی فەلاقە دیارنەبێ. نیوە بێهۆش خوولم دەخوارد، لەدووا خولدا بەدەم لەرزەوە بە پاڵێک فڕێ یان دامە ژوورەوە. بۆ ناو باوەشی هاوەڵەکانم.

* * *

پاراسایکۆلۆژیا زۆر جار فریای لەشت گەیشتن و لێکدانەوەم دەکەوێت. هەر ئەویشە نهێنیی پێکەنینی ئەم کاتی فەلاقەکردنەو پێکەنینی جارێکیتر بەپەنجەرەدا هەڵواسینی ئەو جارەم بۆ لێک دەداتەوە.
ئەوە دەبێ با پێشەکی بڵێم، پێکەنینی لەمەو دووای بەردەمی دوکانی ئوستاد ئەبێ چی پیاو لەژێر فەلاقەدا بە هەڵواسراوی دەخاتە پێکەنین.
هەر ئەو جارە بوو . . .
نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی حوزەیران نوێنەکانیان دا بە شانماندا و یەکی شەقێکیان تێهەڵداین بۆ دەرەوە.
ئەو ئوتێلە هەرزانە ناسیاوەی ڕووم تێکرد لە گرتووخانەوە دوور نەبوو. هەر تەنیشت دوکانی ئوستادیش بوو. وامدەزانی نوێنەکانی سەرشانم بەڵگەنامەی گەورە بوونن لەبەردەمی ئوستاددا. پاش ئەو چەند ساڵە لەبەر دەمیا وەستام.
- ڕۆژباش مامۆستا . .
- ئێ . . ڕۆژباش ئەتۆ کوڕەکەی شێخ موختاری.
- بەڵێ مامۆستا گیان.
- ئافەریم ، ئەتۆ بەربووی.
تەزوویەکی خۆش هات بەلەشما. دیارە ئوستاد ئاگای لەگرتنم هەیە. ڕەنگە هەواڵی «ئەوڕۆژو عەریف حەیران وفەلاقەو هەڵواسینیشی بیستبێ». بەڵام هێشتا من لە نهێنی پێکەنینەکە نەگەیشتووم وئەویش هەر تێی نەگەیشت.
- بەڵێ وەک ئەمبینی بەربووم.
- ئقرارت نەکرد؟

- نەخێر مامۆستا، زۆریان ئازار دام. بەڵام هیچم نەووت.

ڕووی لێوەرگێڕام و ڕوویکردە مامۆستا ڕەحمی:

- ڕەحمی بێگ، ئەمین ڕۆژێک ئاڵای قوماندانی بانگیکردم بۆ دایەرەی تەحقیقات(١). لە حەوشە دیم کوڕێکی گەنج هەڵواسراوە. لەپۆلیسەکان توورە بووم، ووتم: دایگرن. دایانگرت. بەئاڵای قوماندانیم ووت: ئێوە ئەو گەنجەتان بۆ هەڵواسیوە؟. ووتی : ئقرار ناکاتن. ووتم: ڕاوەستە، ئەمین ئقراری پێدەکەم. پۆلیسێکم بانگ کرد. ووتم: بچۆ نان وماستی بۆبێنە، بۆی هێنا. ووتم: ابني اكل(٢). ووتم : دەچایەکیشی بۆ بێنن.

چایەکیان بۆ هێنا، کەتێریخوارد گەشایەوە، هۆشی هاتەوە بەرخۆی، ڕوویکردە ئەمین ووتی:

- عمي . . ئەمین لای تۆ ئقرار دەکەم. ئەمین کاغەزم دایە، ئقراری نووسی.

پێ کەنینی سێ بەم گرتی، ویستم قسەبکەم. مامۆستا ڕەحمی پێی بڕیم.

- ئەریٚ برا ئەمە چۆن دەبێ. ئەگەر مەسەلە ئەو زەمانە بوو. ئەوە «تحقیقات» نەبوو. ئەگەر ئەم زەمانەیە ئەوە ئاڵای قوماندانی نی یە.

ئوستاد کەوتە لێوەلەرە. خۆی زۆر شەرمی لەمامۆستا ڕەحمی دەکرد. بەڕەنگ وڕوویدا دیاربوو دەیویست من وەڵامی بۆ بدەمەوە. بەڵام من ڕوومکردە خۆی ووتم:

- مامۆستا من کەس داینەگرتم وکەس نان وماستی بۆ نەکڕیم. لەبەر ئەوە بەکەسم نەووت:«عمي»و هیچم نەنووسی.

دیاربوو ئوستاد توورەبوو، دەستێکی بەرز کردەوە و وەک پۆلیسی هاتوچۆ بۆی ڕاوەشاندم و ووتی:

- دەبڕۆ، ئەتۆ لەموسافیرخانە ئیسراحەت بکە ڕووی بابی ئەم حوکمەتە گاگووە ڕەش بێت کە منداڵی وەک ئەتۆ دەگرێتن.

* * *

ئەم ئەورۆزی ئاوکونە بۆ ئەو ئەورۆزی دەرەوە، دیارە ساڵێکی تەواو بوو. چرووپڕبوو بۆ خۆم و بۆ خەڵک.

خەڵکەکە کەمێک دڕیان بەپاڵەپەستۆی زەبروزەنگ دابوو. چەند ڕۆژنامەیەک دەیانتوانی هەندێ قسە بەسەر زاردوە سڕیووی ئاوڵ بکەن بەدێڕی نووسراوو چاپکراو.

---

(١)- زەمانی پاشایەتی بە دەمگای ئاسایشیان دەووت: تەحقیقات.

(٢)- کوڕم بخۆ.

لەهەندێ لەو کارگە بچووکانەدا کە ئەوسا لەپایتەخت هەبوون، وورده مانگرتن دەستی پێکردبوو بەندە سیاسی یەکان لەهەر سێ بەندیخانە سەرەکی یەکەی چالی سەلمان(نوگره) وبەغداو کووتدا سێ جار لەدەوری بیست ڕۆژدا مانیان لەخواردن وخواردنەوە گرت وهەندێ دەستکەوتیان بۆ ژیانی ناو بەندیخانەیان سەند.بەتایبەتی کۆتی هەمیشەیی پێ شکاندن. لەسەر شەقامی (باب الشیخ)یش هەر بۆ پشتگیری ئەوان پاش دووساڵ ونیو کپیی شار دەنگی «بابەڕێ . . . و بابڕێ . . . »ی خۆپیشاندانێک گوێچکەی خەڵکی پڕکرد.

بەپەلە بەو تاقمە نوێنەوە چووبوومەوە شارەکەی خۆمان. چەند ڕۆژی دەویست، فریای تاقیکردنەوە کەوتم. تەنیا ڕۆژ بەڕۆژ لەکتێبی کورتکراوەی بەرنامەدا خۆم بۆ تاقیکردنەوە ئامادەکرد. دەرچووم. خۆمکرد بەدەرگای چەند کۆلێجێکی بەغدادا. لەیەکێکیان وەرگیرام. خولیای چوونەوە بەردەم «ئوستاد» لە زۆر خولیا زیاتربوو.

- ڕۆژباش.
- ڕۆژباش، ئەتۆ کوڕەکەی شێخ موختاری ، بۆچی هاتوویتەوە؟

(زۆر کەم ڕێک دەکەوت«ئوستاد» خەڵک باش بناسێتەوە) خۆ ناو لەبەرکردن ئەوە هەر باسی مەکە. ساڵێک پاش ئەوە بوو بەوێدا ڕەتبووم، بانگی کردم.

- وەرە . . .
- فەرموو مامۆستا.
- ئەوە خاڵۆزابەکی ئەمێن هاتووە لەبەغدا بخوێنێ.
- بەڵێ . .
- ئێ . . . ئەوە ناوی چی یە؟
- مامۆستا . . . ئەوە ناوی حەسەنە.
- ئێ . . . ئافەریم ئەی باوکی ناوی چی یە؟.
- ناوی حاجی مەجیدە . . .
- ئێ . . ئافەریم، حاجی مەجید . . . ئێمە بە منداڵی ڕەفیقیش بووین.

دیلانی شاعیر گێڕایەوە ووتی:

جارێک بە یادی دراوسێتی کۆن و دۆستایەتی باوکم بەتاسەوە هاتمە دوکانەکەی «ئوستاد». خوا هەقە بەگەرمی سڵاوی سەندمەوەو تەختەکەی بۆ هەڵدامەوەو ووتی: فەرموو سەردەوە.

- یا خوا بەخێر بێیت. سەرچاوم بێیت، چۆنی؟ چاکی؟ توخوا تۆکێیت؟
- ئای مامۆستا نامناسیت، من حەمەعەلیم.

- ئای ، سەرھەردوو گلێنەی چاوم بێبێت، خێرو فەرت هێنا، کام حەسەعەلی؟

- ئای نەتناسیەوە؟ حەسەعەلیی مەلامحەمەد.

- ئێ . . . ئەمجارەش بەخێر بێیت و سەرھەردوو چاوم بێبێت. باوکت چۆنە؟. چاکە . . هتد، کام مەلامحەمەد. .

- مامۆستا گیان. . . مەلامحەمەد، مەلامحەمەد، مەلامحەمەدی گەڕەکی خۆتان. ئەوی هاوڕێی منداڵیت، مەلا محەمەدی لیلان . .

- ئێ . . دەوا بڵێ. ئەوە بۆ هەرلە ئەوەڵەوە قسەت نەکرد. شوکور چاکە پیر نەبووە چاوی کز نەبووە، ئەی دانەکانی خۆی ماون؟. کام گیلان . . .

- مامۆستاگیان خواحافیز، ئیشێکم هەیە. کەهاتمەوە تێندەگەیەنم کام گیلان . . .

«ئوستاد» خۆی زۆر جار بۆ بەڵگەی بلیمەتیی خۆی دەیگێڕایەوە و دانی بەوەدا دەنا کەمشتی لەبیر چۆتەوە.

- ئەمین، ئوستادی ئەڵەمانی بووم لە زانستگای ئەستەموڵ.

قالە پرسیی:

- باشە مامۆستا بە ئەڵەمانی بە «چاو» دەڵێن چی؟

- لەبیرم چۆتەوە.

- ئەی بە«لووت» دەڵێن چی؟

- لەبیرم چۆتەوە.

- ئەی بە «دان» دەڵێن چی؟

- لەبیرم چۆتەوە.

- ئەی بە «برۆ» دەڵێن چی؟

- هەی دیماغسز، گوو بە دیماغت ، ئەمین ناڵێم لەبیرم چۆتەوە.

- ئێ مامۆستا، ئامادەییم وەرگرتووەو لەبەشی زمانی کولیەی ئەدەبیات وەرگیراوم و هاتوومە بەغدا.

یەکەمجار بوو ئوستاد تەختەکە بۆمن هەڵداتەوە. بڵێ:

- ئێ . . ئافەریم، ئەتۆ قریاکەوتیت، ئینتحامیش بدەیت وئەنجاحەتیش وەرگریت. ئێ . . رووی بابی، ئەم حوکمەتە گاگوودت ڕەشکرد کە ئەتۆ دەگرێت.

دانیشتووانی هەمەڕەنگ و هەمەمەشرەبی بانەکەی مامۆستا کەوتنە تەشریحم.

- دەبا ئیتر هەقی سیاسەتی نەبێ ودانیشێ وگوێ بداتە خوێندنی خۆی. ئیستیقبال و ئیقبالی خۆی. . .

- لەم تەمەنەدا چوار ساڵبتر دەبێتە مامۆستا و هەزاران قوتابی پێدەگەبێنێ. ئەوەیە نیشتمانپەروەری.

- قەیناکا. بابچێ زیاتریش بخوێنێ.

- نا سیاسەت قەیناکا، بەڵام ئێستا باخوێندنەکەی تەواو کات . ئەوسا.

لێرەدا شێخ ڕەشیدی ڕەشە سووری گەیشتە تێنێ:

- بەڵێ . . بڵێن. . شتی تریش بڵێن. قوڕ بەسەر ئەم میللەتە کە ئێوە بیرکەرەوەو ڕێ و شوێن بۆدانەری بن. قەللاح خەریکی سیاسەت دەبێ دەڵێن نەخوێندەوارو نەزان هەقی سیاسەتی چی بە، ئەوە بۆ پیاوی خۆی دانراوە، کرێکار دەست بداتە چەکوش گەردنی زۆرداریی پێ وورد بکات دەڵێن: بابە تۆ ئیشی خۆت بکەو بەکارگە.کاروولات پێش دەخرێ. قوتابی خەریک بێ دەڵێن: هێشتا ماوتە. کە دەرچوو دەڵێن: خوا دوو پووڵ مەعاشی بەرەحەتی داوە، بۆ نایخۆیت و کاری ئەم خەڵکە بەریت بەڕێوە. خۆ کە تەقاویتیش کرا پێی دەڵێن: تۆ سەرت لەگۆڕی قەبر دەلەرزێ.هەقی ئەم کەین وبەینەت چی بە. فلقە کۆن، ئەوی بەبێوەژنی دەیکەیت بەکچێنی بتکردایە . . دەی قوڕم دا بەدەمتانا و قوڕ بەسەر ئەم میللەتەی ئێوە بەپیاو دەزانێ. .

ئەو نەورۆزی ناوکۆنە بۆ ئەم نەورۆزی دەرەوەیە دیارە ساڵێک بوو. چرۆپڕ بۆخۆمو بۆخەڵک. لەوساڵەدا ئیتر جاروبار هاتوچۆی یانەکەی مامۆستام دەکرد.

«دەشتی»ی شاعیر پاش چەند ساڵ لەکاردەرکردن خرابووە سەرئیش ویەمامۆستایی بۆ ئەو خوارەیان ناردبوو. کە بەپایتەختدا ڕەتبوو. چەند ڕۆژێک مابوەوە. لاوان دەوریان لێدابوو. دوو ڕۆژ پێش نەورۆز بوو. بەیانی چوومە ئوتێل بۆ لای. دیاریی شوان یا شنگە یا ئاڵە کۆکە و کاڵا بەقەد باڵایە. بۆ نانی بەیانی بانگم کردوو بۆ هێلکەو ڕۆنەکەی لۆقەنتەی سیمۆنی نەرمەنی کە لەولای یانەکەی ئوستادەوە بوو. بەلایدا ڕەتبووین. ئەمڕۆ زوو هاتبووە مەڵبەند. دیمەنی دانیشتنی سەرکورسی یەکەی و ئەهێرینە جادەکەی لەشێرێک دەچوو بۆ نێچیر خۆی نابێتەوە. دەستم تەواو بڵند کردەوە.

- ڕۆژباش مامۆستا . .

- ئێ . . ئەتۆ هاتیت؟ وەرە؟

- نا . . مامۆستا ئەوە بۆلای سیمۆن دەچین، دەفەرموو لەخزمەتتدا بین، گەورەمان کە.

مامۆستا دەشتی ئەوەستا. هێشتا زۆری مابوو لە «ئوستاد مەعلمی» بگات.ئەمە ئەختی ئوستادی پەستکرد. بەڵام لەبەر ئیشەکەی، لەرقی ئەو دەستی لەمنی نێچیر هەڵنەگرت.

- وەرە . . پێت بڵێم . .

- بەڵێ . .

- ئەتۆ دەزانی ئەوە دوو ساڵە «تۆفیق بێگ» مردووە، ئیتر لەسولەیمانی کەس ئاگری نەورۆزی نەکردۆتەوە. لێرەش ئەم گاگوانە رێگە نادەن. ئێمە قەرارمان دا لەماڵی «سالح بێگ» بە پارەی کۆنی یانە کە لەلایەتی ئاهەنگ بگێرین.

- زۆر باشە ،مامۆستا، پیرۆزە . .

هاتم برۆم. بانگی کردمەوە.

- ئاخر ئەتۆش دەبێ بێیت.

- بەسەر چاو مامۆستا.

هەنگاوێکم بۆ گەیشتنەوە بە مامۆستا دەشتی نابوو کە بانگی کردمەوە.

- ئاخر دەبێ هەموو رەفیقەکانیشت بهێنیت.

- باشە مامۆستا گیان . .

ئەمجارە نزیک مامۆستا دەشتی بووبوومەوە کە بانگی کردمەوە.

- ئێ . . ئاخر ئەمێنیش نوتقێکم هەیە.

هەنگاوی یەکەمم نابۆوە.

- ئێ . . .ئاخر . . . ئەتۆش ئەو نوتقە دەخوێنیتەوە.

- بەڵێ . . بەسەرچاو . . .

دیسان بەلۆقە خۆم گەیاندبووە لای مامۆستا دەشتی . . کەلای دنگی نزیک چاپخانەکەی پەرلەمان وەستابوو کە ئوستاد هەڵسایە سەرپێ وبانگی کردمەوە.

- مردووت مرێ خۆت بەکێ وە خەریک ئەکەیت. هێلکەو رزنەکەت لێکردم بەدەرد.

- نا، مامۆستا دەشتی، نازانی چەند خۆشە.

- دەبچۆرەوە لای هەر ئەمجارە.

- ماڵی ئاوا بێ، خۆی بەو جارە بری یەوە.

- ئێ . . دەبێ سبەینێش بێیتە ئێرە. لەبەردەمی خۆمدا ئەو نوتقە بخوێنیتەوە. پاشان باش دەوری بکەیتەوە بۆ دووسبەی بەیانی.

- ئەی بەسەر چاو . . خواحافیز.

* * *

سالح بەگ بەکوردایەتی بەناوبانگ بوو، بەلاّم بەندوباوی سەر بەحرکمەت و کۆنەپەرستی

وئینگلیزیشی بەدوواوە بوو. بۆ لێکدانەوەی ئەوسای من زۆر زەحمەتبوو ئەم شتانە پێکەوە بگونجێنم وبچمە نەورۆزی ماڵی ئەوان. بەدەم هێلکەو ڕۆن خواردنەوە پەیام بردە بەر مامۆستا دەشتی.

- ئەگەر بۆ ئینگلیزو حوکمەت بێت ئەوە ئەو لێکەوتووە. ڕەنگە هەر لەسەر زمان درێژیو ،هەندێ ناپیاوی قبوول نەکردن بێت وجارو بار دەم لەکورردایەتی دان و (بانە ومانە) دروستکردنەوە بێت. بەڵام با نەورۆزی ئەوان بۆ خۆیان بێت. ئێمە ئەگەر پێمانکرا خۆمان دەبێ مەشخەڵ هەڵگرینەوە. ئەگینا باجارێ لەناو دڵماندا گڕ بستێنێ.

- یانی چی ؟ نەچم؟

- ئەی دیارە نابێ بچی. تۆ وماڵی ئەوان وئەو کۆنە چەکمە ڕەقانە؟.

- ئەی نوتقەکەی ئوستاد؟

- ئوستادت لێکردم بەچی؟ چاوی دەرئەهات، منیش ئەڵێم هەرنابێ بچی. تۆ ئەڵێی نوتقی ئوستاد، دیارە یەکێک بۆی نووسیوە، یەکێکیش پەیدا ئەبێ بۆی بخوێنێتەوە . . .نابێ بچی.

- ئەی پێی ئەڵێم یەکێک پەیدا بکات؟ چۆن بوێرم ئیتر ئەبێ بەم شەقامەدا تێپەڕ نەبم.

- تۆ مەچۆ، ئیتر ئەوەتر چۆن تەگبیر ئەکەیت بیکە.

تا شەو لە خولیای ئەو پێوەتن وپێنەوەتنەدا بووم. هێشتا «ئوستاد» قالەی لەڕابوردن بە شەقامی ڕەشیددا قەدەغە نەکردبوو. بەڵام دیاربوو من هەر بە پاراسایکۆلۆژیا لەوەش گەیشتبووم، کە ئوستاد لەم چەشنە سزایەشی هەیە، هەرچەندە لەژیانی خۆیدا هەر سزای «قالە»ی بەم چەشنە دابوو، بەڵام من تاشەو چوومەوە ژووری بەشە ناوخۆیی یەکەی لێی دەنووستم هەر چرامان دەکوژاندەوە. دەکەسی ژوورەکە لێی پاڵکەوتین ولەگەڵ «بەدبەخت» دا کەوتینە قسە دڵم ئاوی نەخواردەوە.

* * *

زۆرجار لە بارویاوەرانی ئوستاد دەپرسن. بۆچی وا قالەی ڕەهەندەی کۆڵانەکانی پشت حەیدەرخانە کردو ئەگەر بیویستایە لە چاپخانەی پەرلەمانەوە بچێ بۆ «حەسەن عەجەمی» نەدەبوو بە شەقامی ڕەشیددا بڕوات، بەڵکو بەو کۆڵانە ئاڵۆزو پێچ پێچانەیەدا بڕوات.

لەم ساڵانەی دواییدا جارێک دەچووینە چاپخانەکانی ئەو کۆڵانانە بە قالەم ووت:

- تۆ باش شارەزای ئەم کۆڵانانەی.

- بەڵێ، ئوستادی تۆ بەرەحمەت بێ باشی فێرکردم.

ئوستاد بەتەواوی گەیشتبووە ئەو بڕیارەی دا.

- ڕەحمی بێگ ، تۆ کە گوێی ئەم قالە قالبە گرت بەسەر ئەم عالەمەدا شۆڕکردووە، ئەمن گەوادی وا بەمبەر دوکانەدا بڕواتن کوردایەتی ناکەم.

- بابە پێی ئەڵێم بیرەدا ئەڕوات وکوردایەتی بکە. با ناوارەی ئەم چاپخانەو ئەوچاپخانە و ئەم دوکان وئەودوکان نەبێن.

دیاربوو ئەویش هەر بە ئوستاد ناسی وپێش بینی لە مەسەلەگەیشتبوو، دەیزانی ئوستاد هەموو شتی لێ قبووڵ دەکات ئەو مەسەلەیە نەبێ.

- ئەرێ قادر بەم ناوەدا نەهاتووە؟

- ڕەحمی بێگ، ئەتۆ برای گەورەی ئەمینی. هەزار شەقم تێ هەڵبدە ناڵێم نا. بەڵام لە مەڵبەندی ئەمین دەست غەلەت نەکاتن.

- بابە چۆنت دەوێ وا، ئیتر ناڵێم قادر، باتۆ ووتەنی «قالەقالبەگرە» بێت وتووڕە مەبە.

- نا ئەمین حەددم نی یە لەئەتۆ تووڕەبیم، بەڵام ئەتۆ دەزانی ئێرە جێگای پیاوە، هەتیو مەتیو بیرەدا ڕەت نابن. هەر لەبەر ئەمە ماموستا ڕەحمی نەیویرا لێی بپرسی بۆ، بەڵام ئوستاد کە خۆی زەوقی هەبووایە دەیگێڕایەوە.

- گەوادی وا نووسیی کتابی ئەو پەڕپووتە، ئەمین قسەم نەکرد.

ڕاست دەکات، پیشانگایەک بۆ کتێبی ئەم هەرێمە کرابوو. قالە ڕیپۆرتاژێکی لەسەر نووسیبوو. لەوێندا هەرچی«ترین» هەبوو کۆیکردبووە. (جوانترین ، کۆنترین، تەنکترین کتێب . . .هتد) کەچی دووا(ترین) ی ئەو دیماغسزە «پەڕپووتترین» کتێب بوو. کە بەکیتابی حەق پەرستیی بەشیری ناوبردبوو بێ ئەوەی پێی بڵێ ئوستاد یاماموستا.

ئوستادیش ڕاست دەکات، لەمەیاندا هیچ قسەی نەکرد. وابوو ئوستاد ووتارێکی لەگۆڤاری (خۆر)دا نووسیبوو گلەیی لە ڕۆژنامەی (ڕۆژگار) کردبوو.

(جاران ڕۆژنامەی ڕۆژگار زۆر بەنرخبوو، شیعری چاک، ووتاری بەنرخ، نووسینی ئەمین، مەتەڵ ، پەند، . . . هتد تێدابوو، ئێستا شتمان بۆ بڵاو ناکاتەوە با خاوەنەکەی بزانێ ئەمە هەر ڕۆژنامەی ئەو نی یە، موڵکی پانزە ملیۆن کوردە).

ساڵ هێشتا سەرەتای پەنجاکان بوو، ژمارەی خەڵکی جیهان زۆر لەئێستا کەمتر بوو ج جای کورد کە لە هەموو لا کراون بە سەرە مەقەست، سەرە مەقەستی ئوستاد نەبێ. قالە وایزانی کونی چوونە ناو دڵی ئوستادی دۆزیوەتەوە، بەڵام نەیپێکا.

- ماموستا، چاوت لێبە خاوەنی گۆڤاری (خۆر) چیی نووسیوە؟

- نێ . . . .چیی نووسیوە؟

- پەراوێزی بۆ ووتارەکەی تۆ نووسیوە، دەڵێ ماموستا هەڵەیە. کورد پانزە ملیۆن نی یە بیست وپێنج ملیۆنە ولەبەر خاتری گزری «سەرسورماو»ی برام نەبوایە دەمگەیاندە پەنجا ملیۆن. بەڵام ئەو هەربیست وپێنجی ووتوە، باوابێت.

- نێ . . . ئەوە . . . ئەوە قسەی ئەمینە دەیکاتەوە. ئەو قسەیە ئەمین دووساڵ لەمەو پێش کردوومە. بەڵام هەتیو تۆ پێت ناخۆشە؟

- ئەی چۆن ماموستا، کورد کەی بیستێ و پێنج ملیۆن دەبێت؟

- ئەو پیاوە ئارەزووی خۆیەتی ، دەڵێ پانزە، دەڵێ بیست وپێنج، دەڵێ پەنجا. هەتیو ئەتۆ هەقت چی یە؟ ئەگەر ئەتۆ دەڵێی ڕاست نی یە بابیانژمێرین.

- ماموستا چی بژمێرین، بەملیۆن خەڵک. بەخوا ئەگەر ئەوەندە بێ حەوت ملیۆنی زوڵە. هەزار زوڵی وەکو ڕەشید بازرگان وحامید موختارو کەریم دوودەرگا هەیە . . .

- ئێ ئاگاتان لێبوو ئەو هەتیوە ئەو قسەیەی کرد ناوی کەریم بێگی هێنا کە خزمی ئەمینە، کچەکەی ژنی کوڕی برازاکەمە.

- باشە، ئەی جەنابت هیچت نەووت؟

- نە، . . جانم. . . هەر ووتم: ئەگەر حەوت ملیۆن زوڵ بێتن، ئەتۆ یەکێکی لەو حەوت ملیۆنە. خۆ ئاگات لەوەش هەبوو ئەوەندە بێ ئەدەب بوو بە ئەمینی ووت: تۆ ئازانی تاران وتمەن چی یە؟

ڕاست دەکات قالە ساڵێک ڕووی کردبووە تاران.بۆ سەیر وسەفا وگەران. کەهاتەوە هەرباسی تاران بوو، بۆ ئیمەی دەرەوە ئەدیو. جا چەندی ڕاست وچەندی درۆ پێکەوە دەنا. . .

- جا دینارم وورد کردەوە بەبیست تمەن.

- نە، . ئازانی دینار دەتمەنە.

- نا . . ماموستا بیست تمەنە.

- کەرە، ئەمین بە دە تمەنم دا.

- کەی ماموستا؟

- سەفەر بەر .

- جاً کەی ئەوکات دینارهەبوو؟

- کەرە، ئەمین هەمبوو، هەریەوەندەیە.

- ماموستا ئەتۆ بە ئەمن دەڵێی تاران چی یە ، ئەمن لەتاراندا هەزارم دا..

وامەزانی ئوستاد دەدا بەناوی دەمیا. کەچی زۆر لەسەرەخۆ ئیشارەتی ژووری پشت

قەفەسەکەیی کردو ووتی:

- بیکە بەھەزار ویەک.

- ئی . . . خۆ باسی دەرسی ئەستەمولتان لەبیرە.

- بەڵێ وایە ماموستا قەیناکا.

- نی ئەمێن بەھەموو ئەمانە قسەم نەکرد، ئێستا هی ئاوا بەئەمین دەڵێ «ئوسطە»؟

ئوستاد وەک دەزانن بە ووشەی وەستا زۆر تووڕە دەبوو جا قالە نووسیبێتی یابلە. ئەوە بوو نووسراو بەسەر قالەدا هێنرا .

لە«ئەستێرەی بەیان» یشدا سەیر بکەن چ پەراوێزی یا پێشەکی یە بۆ ئوستاد نووسراوە.

ئەو پارچەیەکی دابووە دەست ماموستای بەرماڵ بۆی بڵاو بکاتەوە. بەڵەش بەو چەشنە پێشکەشی کردبوو کەنووسیبووی:

ئەمە سەرە مەقەستە، وەستا بەشیر ناردوویەتی . مەرگی فایەق بێکەس زۆر نارەحەتی کردووە. دەبێکەس گۆڕ هەڵتەکێنە، وا لەسەر حسابی خۆی لەچاپماندا.

لەبیریشم بێ نووسینەکە پێوەندیی بە بێکەسەوە نەبوو. چەشنێک بوو لەھەندێ شیعری ئەمڕۆ:

کەی من وەک ئەمروود ئەمروودیم کرد

کەی من وەک شەدداد شەددادیم کرد

. . . هتد

ماموستای بەرماڵ گێڕایەوە ووتی:

ئەمە دوو ڕۆژبوو بڵاوکرابۆوە. ئەمدەوێرا بەدوکانی ئوستاددا تێپەڕبم، ئەترسام حسابم لەگەڵ بکات. کە پەتم پچڕی وقیروسیام کرد . ئوستاد لەجێی حساب زۆر «شوکروتەقدیر»ی کردم و ووتی:

- ئافەریم، ئەمێن لەبیرم چووبۆوە ناوی فایەق بێکەس بھێنم، ئەتو ناوی ئەویشت نووسی.

ئیتر ئەمی تریان قالە نووسیبێتی یابلە، هەربەسەر قالەدا هێنرا. ئەمجارەش بەھەبەسی «شوکروتەقدیر»ێکی تر پارچەو پێشەکی یەکی تر نووسرا. بەڵام ئەمیان بەخێر نەگەڕا. ئەوەبوو ئوستاد پارچەیەکی تری لەو بابەتەی بەیرۆدا هەڵدابوو وناردبووی بۆ گۆڤاری «بەریانگ».

سەرەتا هەر ئەوەی پێشوو بوو کەدەڵێ:

«ئەمە یەکێکە لەسەرە مەقەستەکانی وەستا بەشیر لەسەر حسابی خۆی لە چاپماندا.

پارچەکەش دەڵێ:

لەدوولاوە دەسلەمێتەوە برۆ

وەک چزوو وایە برۆ

. . هتد

- ئای مامۆستا ئەوە چۆن دەمی هێناویتی بلێ وەستا.

- نە، . . . نووسیویتی . . .

- ئاماقوولبکرد. ئەی جەنابت هیچت نەووت.

- بەڵێ، هەر چوار کوڕەکەم چوون لێیدەن. دەستیان نەکەوت. لەبراکەیاندا.

- مامۆستا خۆ تۆ سێ کوڕت هەیە.

- نێ . . . زاوایەکیشم هەیە.

- ئینجا چۆن؟

- خەڵک وخوا بۆی تێکەوتن. بائازاد بێ، لەبەغدا بێ، بەڵام بەم شەقامەدا نەڕوات. بیرەدا بڕواتن ئەمین کوردایەتی ناکەم.

* * *

کوردایەتی ناکەم لای ئوستاد زۆر مانای هەبوو. یەکێکیان ئەوەبوو کە ئیتر نابێ کەس لەم دوکانە دابنیشێ. هەموومان لەمەیان ئەترساین. بڕیاری یەکەمیان هەر بۆ قالە درا. لەسەر ئەو وەستایە، بەڵام ئەمی دووەمیان لەسەر پارە داواکردن بوو. ڕۆژێک توپەڵ ئەحمەد پارەی هەندێ کتێبی لای بوو، لات و تەقاویت بووبوو. هاتە بەردوکانەکە.

- مامۆستا گیان، ئەوە بوو بەچەند ساڵ، دووسەد وپەنجا دانەت فرۆشتووە، بەشکم حسابێکم بۆ بکەیت.

- ئەمن نیمە بیدەم . . .

- ئاخر کتێبە وفرۆشتووتە، ٢/. بۆت بۆخۆت ئەی ئەویتری.

- ئەمین نیمە بیدەم.

- ئەی هەر لەسەرەتاوە بتووتایە نایفرۆشم نیمە بیدەم . ئەمە قسە نی یە. . .ئەو هەر لەبەرخۆیەوە قسەی نەکرد. ئوستاد کەوتە گەڕانی دۆڵاب و «مێزەدەو مەحفەدە» کانی وهەر ئەوەندەمان زانی هەرچی کتێبە کۆی کردەوە و فڕێی دانەسەر جادەکە.

ئەمجارەش تووڕە بوونەکەی لەتووڕەبوونی شێر دەچوو. زۆر لە خۆمان ترساین بەسەر ئێمەشدا بنەڕێنێ ویتەقێتەوە خواو ڕاستان«هۆردوو»ی شاعیر بەوبەردا ڕەت بوو.

- هۆردوو . . . هۆردوو ، ئەتۆ وەرە.

هۆردوو هاتە ئەمبەردوە ولەبەردەمیا وەستا.

- هۆردوو، ئەتۆ بلێ گوادی.

- مامۆستا. ئەستەغفیروڵڵا. ئەمن کو وا بەئەتۆ دەرێم.

- نەء. . . ئەتۆ بلێ گوادی.

- کوو دەرێم، نارێم.

- ئەتۆ بلێ. . .

-دەستی لێدایە مەترەدارینە کزنەکەی. هۆردوو لەتاوا ووتی:

- باشە بابە ئەتۆ گوادی. . .

- ئێ. . . خلف الله علیک. . .ئەمێ ئیتر کوردایەتی ناکەم. دڵی ئینگلیزم لێ ئێشا، دڵی فرەنسەم لێ ئێشا، دڵی ئەمریکەم لێ ئێشا، دڵی عەرەبم لێ ئێشا، دڵی ڕووسم لێ ئێشا، لەسەرئەم کوردانە. کەچی ئەوەتا داوای پارەی کیتاب لەئەمێ دەکەن. کیتابەکان بیەنەوە ئەمێ ئیتر کوردایەتی ناکەم.

- بابە، نە پاران بدەوە ونەکتێبان بدەوە.

- نەء، ئەتۆ کیتابی خۆت ببەرەوە. ئەتۆ فەقیری پارەی ئەتۆ دەدەم.

- بابە پارەم ناوێ. . .

- نا. . ئەتۆ فەقیری حسابم بۆ بکە.

بەزۆرە ملێ هۆردووی خستە سەر حساب. ئوستاد لە موناسەبەتێکی تردا لەمەڕدووا لەباسی هۆردوودا ووتی: «کیتابی ئەو هەشت پەڕەیە».

هەر هەشت پەڕە، هەشت پەڕە ژماردی کردی بە دوو دینار.

- ئەو دوو دینارە دینارێکی نادەم. بەڵام ئەتۆ فەقیری دینارێکت دەدەمێ.

- باشە چەندی دەدەیت بەزیاد بێت.

- ئێستاش دینارێکم نی بە هەر نیو دینارت دەدەمێ. .

- بابە ئەمن کەی پارەم ویستوە.

- ئەو نیوەش ئێستا نیمە، سبەینێ وەرە ببەو ئیتر ئەمێنیش کوردایەتی ناکەم.

* * *

ئێمە جاروبار قسەکانی ئوستاد دەگێڕینەوە، بەڵام ئەو خۆیشی جاروبار قسەی خۆی دەگێرایەوە.

ووتی: ڕۆژێ کابرایەکی زلەی سێدارە بەسەر هاتە بەردوکانم. دەفتەرێکی زلی بەدەستەوە

بوو لەسەر ئەو کیتابانە داینا. . .

- استاد انته مطلوب ضريبه الدخل.(١)

ئوستادی بێ دەخل خۆی چی وباجی چی. چۆلەکە خۆت چیت وگوشتاوت چی یە. لەوەلامدا تا توانیبووی دارێکی بەکۆنە مەترەدارێنەکە پێدادابوو و ووتبووی:

- ولک انت انچپ . . . (٢)

کابرا لەتاودا هەڵهاتبوو . . .

جاروبار کە دەمانویست ئەم کارەساتەمان بۆ بگێڕێتەوە دەیووت:

ئەوە وەختێ ئەمین دەتوانم بیگێڕمەوە کە برسیم بێ ولەخانەی عسەبیەتیشدا بم.

* * *

ئوستاد وایئەزانی لە هەموو کەس زیاتر شارەزای تارانە، چونکە لای وابوو تارانی دیوە. ڕۆژێک ووتی: ئەمین لە ئەنقەرەوە سواری پاپۆڕ بووم، لەتاران دابەزیم.

هەر هۆردوو بوو ووتی:

- مامۆستا ئاخر لەئەنقەرەو تاران بەحر نی یە.

- نا هەیە.

- مامۆستا ئەوە خەریتە باسەیری بکەین.

- کەرە، ئەوەی ئێوە لەمەدرەسە دەیخوێنن غەلەتە ئەمین دەڵێم چووم.

* * *

ئەو ڕۆژەی باوکم پەلی گرتم وبردمی یە قوتابخانە نە ئەو نە من تەواو باوەڕمان نەبووکە لەقوتابخانە وەرمنەگرن.

تەمەنم لەوە کەمتربوو کە وەرمگرن. کە گەورە بووم زانیم بە چ هەوڵ وکۆششێک وەرگیراوم. هەر دڵنیا نەبوون لەو وەرنەگیرانە وایکرد کە یەکەم ڕۆژ بە کراسەکەی خۆمەوە بچمەوە قوتابخانە.

دەمەو عەسر باوکم بردمی یە موغازەیەک لە دوو موغازە گەورەکەی ئەوسای شار. تاقمێکی تەواو بەرگی خاکیی دیدەوانی بەپێڵاو وگۆرەوی وکاسەی ئاوخواردنەوەو فیکەوە بۆ کڕیم. بۆ سبەینێ زوو بەو بەرگەوە هەستام وڕووەو قوتابخانە ڕۆیشتم. لەبەر هەر ماڵەدا

---

(١) مامۆستا تۆ باجی داهاتت لەسەرە.

(٢) کوڕە، تۆ پەڕ یە.

فیکەبەکم لێئەدا.

«بەدبەخت» لەئێمە گەورەتربوو، باوکی نەیئەنارده قوتابخانە، لەبەرئەوە لەبەر دەرگای ئەواندا چەند فیکەبەکم لێدا، تاخۆی وباوکی بۆم دەربچن.

باوکی زۆری قسە بەمنیش وبە باوکیشم ووت کە منی کردووە بەفارمەسۆن وئەیووت:

- ئای ئێستا باپیرت بمایەو بەم بەرگانەوە تۆی بدیایە.

لە خۆیەوە دووسێ جنێویشی بەتورکی دا من تێیان نەگەیشتم.

دووساڵ بەسەر ئەم بەزمەدا رۆیشتبوو، ئەو رۆژە ساڵی خوێندن دەستی پێکردبووە. هەرچوونە ژووری دەرسخانەوە تەماشا ئەکەین «بەدبەخت» لەپێش ئێمەوە دانیشتووە. مامۆستاکمان بەباسی ئەو دەستی پێکرد، ووتی: ئەمە قوتابی یەکی زیرەکەو لە حوجرە لای مەلا زۆری خوێندووە لەبەرئەوە خرابە پۆلی سێ بەم. لە خوێندنا باشە، رەنگە هەندێ رەفتاری قوتابخانەکەمان ئاگادار نەبێ ئێوە فێری کەن.

تادەرس برایەوە بێدەنگ بووم. هەر زەنگی لێدراو مامۆستا چووە دەرەوە بەفیکەیەک هەموو قوتابی یەکانم لێ تێگەیاند. ئێمە چوینە دەرەوە ئەو وایئەزانی حوجرەیە، لە پشووشدا لەسەر کورسی یەکەی دانیشتبوو. کە هاتینە ژوورەوە مامۆستا تێی گەیاند کە دەبێ بچێتە حەوشە وباری بکا.

- من باری ناکەم. یاری نازانم، باوکم نایەلێ لەگەڵ منداڵاندا یاری بکەم.

- نا، کورم، ئەوە خۆت وهاوەڵەکانت. من پێیان ئەڵێم فێری باریت کەن.

مامۆستا هەندێ ئامۆژگاری کردین. بۆ پشووی دووەم فێرمانکرد، ئەو ڕابکاو ئێمەش بەدوایەوە بانگمان دەکرد «فارمەسۆن، هەی فارمەسۆن». ئیتر ئەوە بوو دەستی دابە جانتاکەی و چاوەڕێی دەرسی سێ یەمی نەکرد بە گریانەوە گەڕایەوە ماڵەوە.

سبەینێ بەیانی پێش دەرس بانگ کرامە لای بەڕیوەبەر.

باوکی بەدبەخت لەوێ دانیشتبوو. بەگوێ ڕاکێشانێک وچەند ئامۆژگاری یەک رزگارم بوو. بەڵام ئەمجارە کە هاتینەوە چونکە ئەو لەئێمە درێژ تربوو هەر لە پێشمانەوە دانیشتبوو. ئێمەش سەیری کەللەسەرەکانەکرد، کە پاک بە گوێزان تاشرابوو. هەر زەنگی لێدا لەسێ لاوە بەپەلەپیتکە کەوتینە کەشک لێدانی. ئەمجارەش دەرسی بەجێ هێشت و بەقوڵپی گریانەوە گەڕایەوە.

لای عەسر هێندەمزانی باوکی خۆی کرد بەژووردا بۆلای باوکم. باوکم لەبەری هەستاو سەلامی سەندەوە.

- بۆ لای جەنابت نەهاتووم. بۆلای ئەم ناگری قوورەتە هاتووم.

من خەریکبووم ڕابکەم باوکم ڕابگرتم. پاش ووت وویژێکی درێژو هەندێ ڕازو گلەیی نێوان ئەوو باوکیشما «فارمەسۆن مەسەلەسی» چارکراو بۆ سبەینێ من و بەدبەخت بووین بەهاوەڵ برا.

وا دەساڵ زیاتر ڕابووررد پلەی سەرەتایی و ناوەندیمان پێکەوە بڕیووەو شەو لەژووری بەشی ناوخۆی زانستگادا لەتەنیشت یەکەوە پالکەوتووین.

- چۆن تۆ بەقسەی ئەو دەشتی بە ئەکەیت وناچیت.

- نەخێر، ئەو نایەوێ بچمە ماڵی قادر بەگ.

- بۆ بۆ نەورۆز نی یە، بۆ جەژنی کورد نی یە؟ ئەی جەژنی هەموومان نی یە؟.

- نەخێر جەژنی ئێمەو کاوەیە. جەژنی ئەوەو دەست وپێوەندی زوحاک نی یە.

- ئەوە ئەو زەمانە بوو، ئێستا کورد هەر کوردە.

- تۆ وای تێ بگە، بەلاّم جەژنی ئێمە خۆمان دەبێ بە جیا بێت. پاشان من ئوتقی ئوستاد بخوێنمەوە ولەناو ئەواندا؟

- کاکە فرسەتە. ئەگەر من لەجێی تۆ نەبووم ئەعزانی . .

- دەفەرموو لەجێی من بە، سبەینێ ئەتبەمە لای ئوستادو خۆی ووتەنی ئەیخەمە دیماغی بەوە کەتۆ لەمن باشتری ئەیخوێنیتەوە.

وادیاربوو خوا بۆ بەدبەختی ناردبوو.

* * *

«چاپوک» تازە لەدەمی گورگ بەرەڵلا بووبوو. پێشتر دەنگی زۆر تیژو زولاڵ ودلبر بوو، بەلاّم کە کەوتە دەم گورگ هاوارو فریادی زۆری لێ هەستابوو.کونەمشکی لێ بووبوو بەقەیسەری. زۆر کەس بەچنگ وپەلی خۆی بۆ گورگەکە گرتبوو بەشکم بینە خۆراکی وخۆی ڕزگاری بێ. ئێستر ئەو ڕزگار بوونە ڕووی نەدەهات نزیک خەڵکی بکەوێتەوە. هەندێ هەر گومانیان لێی بوو. هەندێ ڕقیان لێی بوو. لای هەندێکی تر هەر بێزراو بوو. ئەو لەدڵدا دەکولاّو بەدیمەن زۆر جار لەوە دەچوو نە بای دیبێ نەباران. بەلاّم لەدڵدا هەر حەزی بەدەنگە دلێرەکەی جاران وکۆڕی تێکۆشەران دەکرد. هەروەکو هەمیشە بڵێ:

نقل فؤادک حیث شئت من الهوی
ما الحب الا للحبیب الاول(١)

چاپووک لە چایخانەی کوردەکانەوە دەستی بەهاتنەوە ناو خەڵک کردبۆوە.

---

(١) دڵت بەئارەزووی خۆت بگێرە. بەلاّم خۆشەویستی هەر بۆ یەکەم خۆشەویستە.

کەس لەچایخانە دەرناکرێ. هەندێ لەترسا بێ، یا لەروودامان بێ بەخێرهاتنیان دەکرد. هەندێکیش چایخانەیان تەرک دەکرد. ووردەووردە ئەو چووبووە ئەقڵی بەدبەختی هاوەڵمەوە. ئەو سەردەمە بەدبەخت بۆ دۆستایەتیی ئەو بیانووی ئەوە بوو کەڵای بەڵای ناگەهان و دەردو ئازاری زەمان دەپارێزێ. کە دەمەو ئێوارە بەجووت لەگەڵ بەدبەخت ڕوومانکردە بانەکەی ئوستاد، تەماشا دەکەین چاپووک پێش ئێمە خۆی گەیاندۆتە ئەوێ. تومەز ئەمە یەکەمجاری نی یە. چایخانەکە لەوێوە نزیکبوو، ئەمیش بە خشکەیێ بەهۆی ئەم وئەوەوە خۆی گەیاندۆتە ئەوێ و چەند جار هاتووە و بە غەڵبەغەڵب مامۆستاشی وا لێکردووە کە دەرینەکات. تۆ بڵێی ئەویش هەر لەبەر چاوەزارو بەڵای ناگەهان بووبی؟!

من تا ئەوکاتە لەو کەڵلە ڕەقانە بووم کە خۆم لە چاپووک بەدوور دەگرت. بەڵام واریش بوو بەتووشەوەو دەبێ شانەی بۆ هەڵگری. نازانم بەدبەخت پێشتر بەدزیی منەوە لەگەڵ چاپووکدا ڕێککەوتبوون یاهەر ڕێکەوت بوو. بەڵام ئەو ئیشی منی ناسانکرد. هەر دەمم کردەوەو ووتم: ئوستاد، ئەمە بەدبەختی هاوەڵمەو لەمن باشترە. ئیتر چاپووک لەدەمی قۆستمەوەو بەدەنگەدەنگ وغەڵبەوە قسەی قەڵەو هەموو شتی بردە دیماغی ئوستادەوە.

بەتایبەتی ئەوەشی تێگەیاند کە قادر بەگ ئاهەنگی ساڵانی ١٩٤٦و١٩٤٧ ی بیر کەوتۆتەوە و بێ گوێدانە ئافاتی زەمانە، یالەبەر ئافاتی زەمانە ئەمی کردووە بە بەرنامە پێشکەشکەرو ئەمیش سبەینێ لەجیاتی ئوستاد بەدبەخت پێشکەشی خەڵکی دەکات:

- ئێ باشە خلف الله علیک.

- باشە چی بڵێم چی دەفەرمووی.

- ئەتۆ خۆت دەزانی ، خۆت لەئەمین باشتر دەزانی . . . بۆیان گێڕامەوە...

چاپووک دەمێک بوو قسە لەناو دەروونیدا پەنگی خواردبووە. بەڕاستی لەدەمی گورگ بەربووبوو، قادربەگی هێندە مەتڵەب نەبوو. بەڵام بەرێگەی دانیشتن دانی لەبانەی ئوستاد دەرووی خێری لێکرابووە. لێرە لەترسی ئوستاد ئەکەس دەیوێرا بەخێرهاتنی ئەکات وئەکەس لێی لالووت بێ وئەکەس هەڵسێ. لەبەر ئەوە تاتوانیبووی باسی ئوستادی کردبوو، ستایشی کردبوو، بە جۆرێک ئەو خەڵکە سەریان سوڕمابوو. تۆ بڵێی شان وباڵی ئوستاد ئەوەبێ و ئەوان نەیانزانیبێ . . .

پاشان لاوی جوانمەرد بەدبەختی پێشکەشکردبوو. ووتبان ئوستاد لەتەنیشت قادر بەگەوە دانیشتبوو، کە چاپووک قسەی دەکرد. پەنجەی بەرزدەکردەوەو لەگەڵ هەموو ستایشێکی ئەودا دەیووت: وایە . . ئافەریم . . ئێهە . .

ووتبان بەدەم قسەکانی بەدبەختیشەوە کە گوایە ووتارەکەی ئەوە، هەر ئەمە ڕەفتاری

بو.هیچ دەربەسی ئەوەش نەبوو یاوەبالْ بەئەستۆی دانیشتووان لەوە نەگەیشتبوو کە ئەو دەبیْ بیدەنگ بیْ. چونکە چاپووک ووتبوی: لەبەر ئەوەی ئوستاد دەستی نەخۆشی هەیە. ئەوا بەدبەختی لای جوامێرد ووتاری ئەوتان بۆ دەخوێنێتەوە.

*   *   *

باسی ئەوەم کرد کەکەس لەبەر ئوستاد نەیدەوێرا بەخێرهاتنی چاپووک نەکا، ئەمە بۆ هەموو هاتوویەک رەوت ونەریتی یانە بوو. بەلاْم رۆژێک لەرۆژان، قەزای رەبانی، من وچەند لاوێکی ئەندامی یانە لای ئوستاد دانیشتبووین. مامۆستا ئەحمەدی مامە بەخۆی وهەیبەت و جبەو مێزەرەوە هاتە بەردەمی دوکانەکە. بەقەرائەتەوە فەرمووی:

- ئەسسەلامو عەلەیکوم.

هەموو بەگەرمی وڕێزەوە بەدەنگی بەرز وەلاْمان دایەوە:

- وە عەلەیکوموسەلام . . .

لەهەمووومان دەم گەرمتر لالە کەمالی کوڕە شێخ بوو. مامۆستا چاوەڕێ بوو ئوستاد تەختەی سەیتەرەکەی هەلْبڕێ و بێتە سەرەوە. لەوکاتەدا لالە کەمالْ بەچرپە لەمنی پرسی:

- ئەدی ئەم مەلایەی کیْ یە؟

- ئەوە مامۆستا شێخ ئەحمەدی مامەیە.نایناسی؟

- نای ئەوە ئەو . . . . د یە.

یەکسەر پشتی تیکرد.هەروەکو مامۆستا فەرقی بە شتێک کردبیْ. داوای لێبوردنی لەئوستاد کردو نەهاتە سەرەوەو ڕۆیشت.هەروەک ئوستادیش فەرقی بەشتێک کردبیْ لەهەردووکمان مۆڕ بۆوە. لالە کەمالْ بۆ شەرحی حالْ هاتە جواب و ووتی:

- مامۆستا . . .

- ئی . . .

- ئەوە شێخ ئەحمەدی مامەیە دەیناسی.

- ئیْ.

- ئەوە پیاوێکی زۆر خراپە.

- ئیْ . .

- ئەوە بەدرۆ خەوێکی دیوە.

- ئیْ.

- ئەوە بەهۆمەری زۆرداری ناپەسەندی ووتووە . . .

- نیٚ.

لالەکەماڵ چارەکە سەعاتێک درێژەی دایە. ئوستاد هەر لەکۆتایی ڕستەدا پێی دەبڕی و دەیووت: نیٚ . .

تا لیٚ بۆوە ئەوسا مستی قوچاندو پەنجەی گراوەی هەڵبڕی ودووا بڕیاری ڕاگەیاند.

- نە. . بەدینی پێغەمبەر باغنیشی . . .

ئەمە هەر تاقە تەریق کردنەوەی ئوستاد نەبوو بەرامبەر بەقسەی ناحەق. جارێکی تر مامۆستا شێخ ئەحمەد خۆی تەریق کرابەوە. بافلاش باگ پێچەوانە بکەینەوە و ئەختیٚ بچینە پێشەوە وساڵ بکەین بە بەهاری ١٩٥٩ . . .

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «سەربەستی» دەرچووبوو ئوستاد زۆری پێخۆش بوو. بۆچی؟ دووایی پێتان دەڵێم . مامۆستا شێخ ئەحمەد هاتە لای ئوستاد. تەختەی بۆ هەڵدایەوە. سەرکەوت. هەموو ڕێزمان لێگرت و لەبەری هەستاین. سەیرێکی دانەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی کرد کەلە بەردەمی ئوستاددا لەپاڵ کتێبی تردا دانرابوون. ڕووی گرژ کرد.سەیرێکی من و(ئەبولفەزل)ی کرد. دەیزانی ئێمە لەوێندا کاردەکەین. لەو کاتەدا کابرایەک هات، ڕوویکردە ئوستاد.

- ئا ڕۆژنامەیەکی «ڕۆژگار»م بدەریٚ.

ئوستاد بیٚ ئەوەی وورتە بکات دانەیەک لە«سەربەستی»ی دایە دەستی.

- من «ڕۆژگار»م داواکرد.

- نی یە.

- ئەی ئەوە نی یە لەولاوە داتناوە.

- دەڵێم نی یە . . .

- دەتوخوابمدەریٚ.

- سەگباب دەڵێم نی یە. جاریٚ ئەمەیان بگرە وپارەکەت بدەو برۆ.

- قوربان من ئەویانم دەویٚ.

- سەگباب. جاریٚ نۆرەی ئەمەیانە، پارەت بدەو ڕۆژنامەت بگرەو ملت بشکێنە.

سەیر بوو کابرا وورتەی نەکردو ڕۆژنامەکەی برد.

مامۆستا شێخ ئەحمەد لەمە پەستتر بوو. زانیی ئەمەش پەندی ئێمەیە ونەیویست لەگەڵ من بدویٚ. ڕوویکردە ئەبولفەزل :

- ئەریٚ مەلائەبولفەزلە ئەفەندی، لەهەموو غەزەتەی عیراقدا، غەزەتەت نەدۆزیوەتەوە کاری تێدابکەی غەزەتەی ئەم کابرا جولەکەیە نەبیٚ.

لەوێنەی ئەو ڕابەرە جیهانی یەدا کەوێنەکەی بڵاوکرابۆوە، پەنجەی بۆ پێشی درێژ کردو پرسی:

- وانی یە وەستام.

وەستا بەتەواوی تووڕەبوو. دیارە مامۆستای شێخ نەیدەزانی بەوەستا تووڕە دەبێ. لێوی خوارەوەی کەوتە لەرینەوە. برۆی چەپی بەرز بۆوە. قولەمشتی توند کردو پەنجەی شایەتانی درێژکردو دەستی هەڵبڕی:

- نە. . . .ئوستادی فاضل ئەفەندی ، ئەوە . ئەوە . . . ئەوە (ئەمیش پەنجەی لەوێنەکەدا بۆپێشی درێژکرد) . . ئەوە زاتێکە عالەمی . . .ئیتر مامۆستای شێخ وەک جاری پێشوو هەستاو ڕۆیشت وئەیزانی ئوستاد ئەمەی بۆ لەگەڵدا کرد.

ئوستاد لەگەڵ ئەم ڕۆژنامانەدا کۆمەڵێ سەرگوزشتەی هەیە، دەچنە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی یەوە.

«تێکۆشان» وەسەربەستی» لەیەک سەردەمدا دەردەچوون. هەروەک ڕۆژنامەنووسان دەڵێن: دەستە خوشک بوون. فەیلەسووفان وتەنی: یەکێتی وناکۆکیی تاقە شتێشبان لەنێواندا بوو. فرۆشتنی یەکێکە لە دیمەنەکانی بەرەوی ڕۆژنامە ومەیدانی پێش بڕکێ . . .

- وەرن . . .

- بەڵێ مامۆستا.

- ئێوەی . . . خۆتان بەخزمەتگوزاری شەعب نازانن؟

- بەرێ وەڵلا.

- ئەمین شەعب نیم؟

- ئەی جەنابت شەعب نەبێ کێ شەعبە؟

- کەواتە بە موفید ئەفەندی بڵێن، پارەی فرۆشتنی «سەربەستی» لەئەمین نەسێنێتن، چونکە ئەمین شەعبم.

کە ڕۆژنامە مولکی تاقەکەس نەبوو کاری نووسین و دەرکردن ومەسرەفی بەدەست دەستەیەکەوە یا چەند لیژنەی جیاوە بوو، زۆر زەحمەتە هەموو ئەمانە ڕازی بکەی کە واز لەپارەی گشتی بێنن بۆ ڕازیکردنی ئوستاد. یا تەنانەت هەموویان لە «ئوستاد مەسەلەمی» بگەن. بەتەنیا خۆم چووەمە کۆڕی ئەم تێکۆشانە سەختەوە. ئەبولفەزلیش عەقڵی نەیدەگرت. دووایی بڕیارێکم پێدان. ژمارەیەک دووی ڕۆژنامەکە نەدەین بە ئوستاد. بڵێین دەرنەچووە. ئەگەر ژمارەی فرۆشتنی لەشوێنەکانی تر زیادیکرد ئەوا هیچ. ئەگەر زیادی نەکرد، من وئوستاد، یا ئوستاد ومن سەرکەوتووین. ئەوسا ئەم چەشنە تاقیکردنەوانە هەر لە ئەمەریکا

هەبوون. ئەنجام: ژمارەی فرۆشراوی هەموو لا لە جێی خۆی ما. مەلبەندی ئوستاد خاوەنی خوێنەر وکڕیاری خۆی بوو، کە لەوێ نەبووایە، ڕۆژنامەیان نەدەکڕی. یا بەزۆری نۆرەگەی ئوستاد نەبوایە بەلای «سەربەستی» دا نەدەچوون.

- مامۆستا، بە کاک موفیدم ووت.

- ئێ . . .

- هەر ئەو نا، بەڵکو . . . و . . . و . . . یش.

- ئێ.

- قابیلە فەرمانی جەنابت ڕەد بکرێتەوە.

- ئێ ئافەریم، ئەمین دەمێکە زانیومە ئێوە پیاون، کەچی ئەو مەحموود ئیسماعیلە (مەبەستی سمایل مەحموود)ە. هەر ئەوە نی بە مەقالەی ئەمین لە (تێکۆشان) دا بڵاوناکاتەوە. بەڵکو داوای پارەش لە ئەمین دەکاتن.

- شامل ابنی، ئەگەر ئەمین لێرە نەبووم داوای غەزەتەی «تێکۆشان» یانکرد، بڵێ دەرنەچووە، قەدەغە کراوە.

قەدەغەی تایبەتیی ئوستادیش لەگەڵ ڕۆژنامەدا سەر گوزەشتەی زۆرە، جۆری زۆرە. لەبیرتانە هەر ئەو ڕۆژنامەی «ڕۆژگار»ە کونجی تایبەتی باوەکو ڕۆژنامەنووسان دەڵێن: گۆشەی تایبەتی دابوو نووسەران. لەژوور گۆشەیەکەوە ناو و وێنەی قالەی ناحەزی دەبریسکایەوە. دوو هەفتە فڕێی دایە پشت دۆلابەکەیەوە.

- مامۆستا ڕۆژنامەی «ڕۆژگار».

- نەگەیشتووە، ڕێگە بەفر و بارانە.

دووایی کە ڕۆژنامەکانی ترسەرف بوون چرای پشتەوەی بۆ زاواکەی وکوڕەکانی هەڵگیرساند. ئیشتنە سەر شوێن ناوو وێنەی قالەو هەموویان بە مەقەست لەهەموو دانەکاندا بڕی. ئەوسا کەوتە فرۆشتن.

- مامۆستا، هەر ئەم ڕۆژنامەیە هەیە. ئەویش کۆنە ولێشی بڕاوە.

- دەتەوێ بتەوێ، ناتەوێ دەبێ بتەوێ.

- ئەی باشە، بۆچی ئەمەی لێ بڕاوە؟.

- کوڕم ئەوە شتی خراپی تێدابوو، ڕەقابە بڕیی شوکری خوابکە هەموو ڕۆژنامەکەیان قەدەغە نەکرد.

* * *

- دەتەوێ بتەوێ ، ناتەوێ دەبێ بتەوێ.

ئەمەتان لاسەیرە؟ لە بەلاغەتدا چیی پیٚ دەلیٚن، لە ئیستیلاحی شاعیرانی ئەم دەورەدا چیی پیٚ دەلیٚن «وێنەی عەکسی» ی پیٚ دەلیٚن،، پەیکە بەکونجی پیٚ دەلیٚن، عەبای نارنجی پیٚ دەلیٚن، یا پیٚ بلیٚین . . . بەلاٚم ئوستاد شتیٚکی وای دەووت و ناوی دەنا. ئەوە ئەبوو جاریٚک بە یەکیٚکی ووت:

- کەرە، ئەتۆ لەپالەوانی حیز دەچیت.

یاکە جاریٚک کەریمی شوان بەکوردی بە سەقەتەکەی خۆی پیٚی ووت:

- ئوستاد ئەفەندی، گەمژە، خۆت نەشاعیر، خۆت ماعیر.شاعیر مەرحووم رسافی، شاعیر مەرحووم زەهاوی.

- ڕوحەکەم ئەتۆش گووگیٚژی کردووی.

جا بۆ خاوەنی ئەم وێنانە زەحمەت نی یە لەشویٚندا وەلاٚمی سەریە بەلاغەتی خۆی بداتەوە.

وریا خۆی بۆکۆکردبۆوە، پرسیاری سەیری بۆ ئامادە کردبوو، ئەیویست بەپیٚی بەلاغەت لەو پرسیارانە بیٚت کە وەلاٚمیان نی یە. یا ئوستاد وەلاٚمی نازانیٚ.

- ئەریٚ مامۆستا . . .

- ئیٚ . . .

- ئەریٚ ئوشارەزای میٚژووی ... فلاٚنە سالٚ ، فلاٚنەشت چوٚن روویدا ؟

ئوستاد هەر کتوپڕ حازر جواب بوو وئەو قوریدا بە دەمی وریادا .

- کەرە ... ئەتو شتیٚک کە نازانی بۆ دەپرسی .

کە کەس لیٚی ئەپرسیتەوەو حازر جوابی یاسای خۆی هەبوو یا نەبوو ، تەنیا زیرەکی نییە ئوستاد بکا بە حازر جواب .

ڕۆژیٚک پۆلیسیٚک بەویٚدا ڕەت بوو . ئیتر پیری بیٚ ، سدارەکەی سەری بیٚ ، وایانکردبوو پۆلیس بە تورکی بلیٚ:

- بیر پاکیتە بورمەنە (١)

ئوستادم ئوستاد ، لەجیاتی پاکەت پەلاماری دارەکەیی دا . بەدەم دار بەرز کردنەوەوە هاواریکرد .

- سەگباب ، تۆ وەرە تورکیش بیٚ و پۆلیسیش بیٚ .

پۆلیس تاتوانی تینی دابە خۆی و ڕایکرد . ئەمەش هەر وێنەی عەکس بەو خۆت لایەنەکانی بزانە .

---

(١) - پاکەتیٚکم بدەری.

بەڵام ئوستاد بەم حازرجوابی یە خۆی لە زۆر پیلانیش ڕزگار دەکرد

هەربابە پێچەوانەی فلاش باگەوە بچینەوە پێشەوە . ساڵ دیسان ١٩٥٩ بوو. کاربەدەستێکی ناپەسندی ئێران ووتبووی : کورد فارسن وتارێکی لالە کەمال پەناوی نوستادەوە بلاوکرایەوە!

یا نەستە غفیروللا، خۆی ووتەنی، خۆی قەلەمی بەقووەت بوو و نووسیبووی - لەوێدا فەرمووبووی : ئەو کاربەدەستە باغنیش و ڕیشگاوە. کورد فارس نین. هەرچی لێکۆلینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و توێژینەوەی فیلۆلۆژی هەن سەلماندوویانە ,کە فارس کوردن. بەڵام هیچمان لە هیچ با کەسمان باسی ئەوێترمان نەکەین و هەرکەس بۆخۆی.

کە قوتابی یەکی دانشگامان ناردە لای ئەم داستانە درا بەدەستەوە.

مامۆستا، ئەو ووتارەی نووسیبووتان زۆجوانبوو.

ئێ ... ئەمێ قەلەمم بەقووەتە، کامەیان؟

- ئەوەی لە "تێکۆشان" دابوو، قورت دابرو بەدەمی ئەو کاربەدەستە ئێرانی یە ناپەسندەدا.

- ئێ.. وایە.. ابنی ... نافەریم.

- بەڵام دوو ووشەی تێدا بوو تێ یان نەگەیشتم.

- چین؟.

- ئەنترۆپۆلۆژی و فیلۆلۆژی...

(بەدەم پێکەنینەوە)

- ئی.. کوڕم ئەوە تۆ تێیان ناگەیت، ئەوە حوکمەت تێیان دەگاتن...

ئەی من مامۆستا، منیش قوتابیی زانستگام، ئەی من تێی نەگەم کێ تێیان دەگات؟.

- کەرە... سەگباب، انجەبە، ئەمێ جەلەبی نانووسم تاتو تێی بگەیێ.

* * *

لەهەر تەلە دەنگێک، بۆهەر زەمان و ڕووداوە چەشنە باس و خواسێک و قسەیەکی خۆشی نوستادە، بەڵام دانیشتووانی جێگیری یانەکە ناسراوبوون و هەرخۆیان بوون. جارووبار تاک وتەرا لێ یان زیاد دەبوو. ئەو زیادبووانەش زیاتر لەو قوتابی یانەبوکە تازە دەهاتنە بەغدا. ئەمە بوون ئەو کەسانەی هەمیشە لەخزمەت نوستاددا بوون. یا وەک یەکێک لەوانەی لەم دواییە بەدا خۆیکردووە بە خاوەنی "نوستاد مەسەلەی" ناوی ناون (حەمرتەی مزدەبەر) هەرچی پلەی لەوە خوارترە. ئەوە زۆر بوون. سەرکورسی بە باریکە درێژەکەی تەنیشت ئوستاد خۆی هەمیشە پڕبوو. بەردەمی دوکانەکە هەمیشە تۆپەلی خەلکی لەبەردەمدا بوو ئەوانەش

کەرادەبوردن و کەمێک دەوەستان. ئەوە دەیان کەس بوون. زۆرتریش نیشتەجێی بەغدا بوون. بۆ بازاڕ دوو هەنگاو، بۆ هەموو وەزارەتەکانی کوێی دەوڵەت و بۆ سەرا هەنگاوێک. ئیتر قسەیەک، دەنگوباسێک، هی ئەوتۆ هەبوو ڕۆژی سێ جار ئیستیکی لەبەردەمی دوکانەکەدا دەکرد. قوتابیانیش کە هەندێکیان لە ئەعزەمیەو هەندێک لە وەزیریە بوون. بابەتاییەتی بۆ ئەوێ، یا بە ئیشێک بەویندا هەر ڕادەبوردن. هەرچی قوتابیانی دووره بەغدا بوون وپێنج شەممەو هەینیان دەهاتنە شارەوە، بە قوتابیانی کۆلیجی ئەفسەریشەوە هەردەبوو سەرێکی لای ئوستاد بدەن. کەسانێکی ناسراویش کە لە شارەکانی دەرەوەی بەغداوە دەهاتن بۆ دیدەنیی ئەم و ئەو. هەرچەند تاوێک دەهاتنە ئەوێ و هەندێکیان هەموو کاتی بێ ئیشیی خۆیان لەوێ دەبردەسەر.

کاروانسە رابوو. چەند چێ و دەستەونەوەی بە ڕێکردەبوو. زۆرجار نوێنەری ئەم چێ ودەستەو ئەوەیشت لە یەک زەماندا هەر لەوێ دەدی.

لە کەیەوە ئەم دەرووە لە کورد کرابوەوە، نازانین، بەڵام کۆنترین بەڵگەو قسەی ئوستاد لەسالیی ۱۹۲۷ دوە لەبەر دەستدایە. خۆشی کۆمەڵێ وێنەی دەساڵ، دەساڵی خۆیی هەڵوا سیبوو و لەژێریا نووسیبووی :

وێنەی ساڵی ۱۹۲۹

وێنەی ساڵی ۱۹۳۹

وێنەی ساڵی ۱۹٤۹

وێنەی ساڵی ۱۹٥۹

دووا جاریش ووتارێکی ئوستاد لە ڕۆژنامەیە کدا بە ناوی ووت وویژی نیوان وێنەی (۱۹۲۹ و ۱۹٥۹) دوە بڵاو کرابوەوە.

ئوستاد زۆرجار یادگاری خۆیی دەگێرا یەوە. ئەگەر هەمووشیان وانەبن دبارە ڕاستیان هەر تێدا بوو. لەم بارەیەوە شرۆڵ دەیووت:

- ئەرێ ئوستاد کەرە، یا ئەم خەڵکە بە کەر دەزانێ؟ هەر خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە ودەیووت :

- خەڵک بە کەر دەزانێ. بەڵگەشم ئەوەیە چونکە ئەمن لە هەموان بەکەرتر دەزانێ کام قسەی زۆر قورە بۆ ئەمنی دەکات.

ئوستاد زۆرجار یادگاری زەمانی سەفەربەری دەگێڕایەوە. دەمێ تاقم زابتی بووە، دەمێ لای ئالای قوماندانی بووە، مامۆستای مەدرەسەی زابیتی بوو.... هتد. هەریەکەش لەمانە حیکایەتی خۆی هەبوو.

تالب سوشیالیست بە ئوستادی دەوێراو گاڵتەی لەگەڵ دەکرد. ڕۆژێ لێی ڕاپەڕی ووتی :

- کابرا، تۆ ئەم زابیتانە دێنە لای تۆ خاطراتی خۆیان دەگێڕنەوە. تۆ هی یەکێکیان بکە بە هی خۆت. ئەم زابیتانە هەریەکەی لە جەبهەیەک شەڕیا نکردووە. نابێ تۆ هەر لەو شەڕەدا لە جەبهەی قەفقاس و چەناق قەلعەو کووت بوویی.

- کەرە ئەتۆ نازانی. ئێوە گاگوون، هەرلە جەبهەیەک بوون، ئەمین لە هەمووی بووم.

توخوا با لای (ئاڵای قوماندانی)ش بوەستین، ئوستاد زۆرجار باسی خۆی و سەرتیپ، یا (ئاڵای قوماندانی)ی دەکرد. لای وابوو کە هەریەک تاقەکەس ئەو پلەیەی هەبووە و ئەویش ئاڵای قوماندانی یەکەی ئەو بووە. سەیریش ئەوەیەکە گەورەترین سەرناوی خۆی وئەو قوماندانەی دەبردە خانەکەیەوە کە یەکێک لە موریدەکانی ئوستاد لەممەودوا فەسڵی تایبەتیی بۆ تەرخانکردووەو ناویناوە (ئوستادو سێکس).

- ڕۆژێک ئاڵای قوماندانی بانگی کردم. ووتی :

- بەشیربیگ !

ووتم :

- ئەفێت (١)

- ئوتر ئەفەندی یەمز. (٢)

- ئەمین دانیشتم. ووتی :

- بیرئیشکا لمز وار (٣)

- ئەمین ووتم :

- سویلە بگمز (٤)

ووتی :

- تاقمێک هەن لە شەڕدا ڕایانکردووە. بەپێی قانوون دەبێ بیانکوژین. خەڵک و خوا بۆیان تێکەوتوون، ئێمە نابێ بیانکوژین. ئەتۆ دەڵێی چی ؟.

ئەمین ووتم :

---

(١) - بەتورکی : بەڵێ.

(٢)- دانیشە ئەفەندیی ئێمە.

(٣)- موشکیلە یەکمان هەیە.

(٤)- بڵێ بەگی ئێمە.

- سن سویله بگمز (١)

ووتی :

- ئەمین دەڵێم : با لێیان بگەڕێین شەڕەشیر بکەن، هەم هەموویان دەکوژرێن. هەم ئێمەش عدامان نەکردوون.

ئەمینیش ووتم :

- خبرلی در (٢)

لەپڕ شتێکی عەجیبیم دی. لەوناوەدا شمشیر بریقەی دەهات. ئەمینیش سواری ئەسپە شێ یەکەم بووم بە دەوریاندا ڕەمبازیم دەکرد. لەپڕ لەدوورەوە شتێکی عەجیبی ڕەشم دی. ڕووم تێکرد. تەماشا دەکەم ژنێکە زۆر جوان. نە بکەی، نە بخوی، تەماشای سای گەردنی بکەیت، مێوژە ڕەشکە بخواتن لە سای گەردنی بەوە دیارە. بوی دابەزیم.

- چی دەکەی ؟

- هیچ ناکەم. (ئوستاد هەموو ئەم چەشنە قسانەی بە پێی عادەتی خوی چەند جار دووبارە دەکردەوە).

- چی دەکەی ؟.

- هیچ ناکەم.

- ئەمین یەکسەر ووتم : دەتگ . . .

- نام...

(چەند جار دووبارەی کردەوە).

- ئەمین پێیم داک..... لەوکاتەدا کە خەریکبووم شتێکی ڕەق بەردەستم کەوت، بە پشتیەوە بەسترابوو.

- ئەوە چی یە ؟

- هیچ نی یە.

(چەند جار).

- بمدەری.

- ناتدەمێ.

(چەند جار).

---

(١)- تو بلێ بەگی نیمە.

(٢)- خبردارە.

- دەمانچەیە.

- ئەمین لێم سەندو پرسیم : بۆچتە؟

- بۆ هیچم نی یە.

(چەند جار).

دووایی ووتی:

- عەی. ئەمین ڕاستی بە ئەتو دەڵێم.

ووتی :

- ئەوە کابرایەکی ئەرمەنی تەعدای لە ئەمین کردووە هەتکی نامووسی ئەمینی کردووە. ئەمینیش بۆحەق سەندنەوەی شەرەفی خۆم ئەم دەمانچەیەم هەڵگرتووە. کە وابووت، کەوابووت، کەوابووت. زۆر دڵم پێی سووتا. (وورده وورده ئەمەی دەووتەوەو دەستیکرد بە گریان). زۆر دڵم پێی سووتا. دەمانچەکەشم دایەوە. بۆشم تێ خ......

ئەم حیکایەتە لەناو مووریدانی ئەودا بوو بە مەسەلەی دەمانچە دانەوە. هەرچی تازە مووریدە کەشە ئەوە کردوویەتی بە سەرەتای باسێک دەربارەی (ئوستادو سێکس) وچەند حیکایەتی لە من پرسراوی لەوێدا جێکردۆتەوە لەوانە :

ئەم وەزیرانەی ئێستانا، کوڕەکان، نە دایکیان ئەخوشکیان، ئەژنیان لەدەست ئەمین دەرنەچوون. دایکی ئیسماعیل شاکیر ڕاوی حەزی لە ئەمین دەکرد، بە براژنی دەووت : فلان چامان بۆ نەکاتن ئەمین نایەمە ماڵی ئێوە.

بەدبەخت بەچریە دەیووت : براژنی بەو بیانووەوە ئیشەکەی پێکردووە.

ئەو لەسەری دەڕۆیشت و دەیووت :

- خوشکی ئەو نووری سەعیدە کە ناوی فاطیمە بوو، ئەوە حەزی لە ئەمین دەکرد، سوێندی خواردبوو هەر دەبێ خۆم بە بەشیر خراپ بکەم. کە ئەمین خۆم ئەدا بەدەستەوە ئەولە داخاندا مرد، وە لە عەینی حاڵدا ژنێکی تری لاتیکیش مرد.

"ئوستاد" لەم فەصل وبابەی هەرنەدەبیردە مەیدانی سێکسەوە ، بەڵکو هەندێ چیرۆکی دڵداریشی دەگێڕایەوە :

- لە ناسریە حەوت کچ هەبوون.هەر حەوتیان حەزیان لە ئەمین دەکرد. کچێکی کوێر هەبوو نامەی لە بەینی ئەمین و ئەواندا دەهێنا. ڕۆژێک هەر حەوتیان یەکیانگرتبوو، بەکێکیان ووتبووی :

- فلان حەز لە ئەمین دەکاتن. ئەویتریان ووتبووی :

- نەخێر حەز لە ئەمین دەکاتن.

هەر حەوتیان ئەوە یانووتبوو. دوایی کچە کوێرەکە ووتبووی : هەمووتان درۆ دەکەن. تەنیا حەز لە ئەمین دەکاتن.

بەهەر حەوتیان تیریان لێدابوو. ووتبوویان :

- ئەتۆ درۆ دەکەیتن. بۆ ئێمە قەیناکا، بەڵام حەز لە ئەتو بکاتن. ئەوە بۆ فلان عەیبە.

ئەمجارەش بەدبەخت بەچرپە دەیووت :

- باشە ئوستاد ئێستا ناتوانی دێڕێک بنووسێ ئەو کاتە ئەم هەموو نامەیەی چۆن نووسیبووە.

ئوستاد شانازیی بەجوانیی خۆیەوە دەکرد کە (هۆزدوو) شیعری بۆ سەرنەکەوتنی خۆی دەنووسی لە دلداریدا ڕۆژێک ئیشارەتی وێنەی ۱۹۲۹ ی ئوستادم کردو ووتم :

- ئەگەر تۆ ئەوەندەی ئەوکاتەی ئوستاد جوان بوویتایە دنیات دەخوارد...

- ئی... ئافەریم. هۆزدوو ڕاست دەکاتن. ئەوەندەی ئەمین جوان بوویتایە دنیات دەخوارد.

کە هەستام بڕۆم داینامەوە ووتی :

- ئەتۆ مەڕۆ، ئیشم پێتە. مامەوە تا ڕەحمی بەگ هات ئوستاد ووتی :

- ڕەحمی بێگ. ئەم ئەسرەدتە قسەیەکی عەجیبی کرد.

- چیی ووت :

ئوستاد ڕوویکردە من و ووتی :

- ئەسرەدت. ئەتۆ بلێ.

قسەکەم گێڕایەوە. بەکوردی ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ داینام. دەوامی پاشنیوەڕۆشی پێکردم وهەر یەکێک دەهات دەیووت :

- فلان. ئەم ئەسرەدتە قسەیەکی عەجیبی کرد. بە (تۆ بلێ) یەک دیسانەوە پێی دەگێڕامەوە. بەداخەوە ئەو کاتە ڕیکۆردەر زۆر نەبوو. تابە ئاسانی خۆم لەو ئەرکە ڕزگار بکەم.

موریدەکانی زۆر جار لەم مەیدانەشدا گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد. جەلال فارووق لە ڕۆژئاوا بوو. بەبیریا هاتبوو بە ناوی کچێکەوە نامەیەکی بۆ بنووسێ. نامە گەیشت. کەم کەس ئەوسا ئەڵمانی یان دەزانی. دوکتورێکی ناودارمان هەبوو ژنەکەی ئەڵمان بوو، باوکی دوکتور هات وچری یانەکەی ئوستادی دەکرد. ئیتر ئەویش ئەرکی درایە. چووە لای بووکەکەی، ئەو ئەڵمانی یەکەی بۆ مێردە دەکرد بە ئینگلیزی. ئەویش دەیکرد بە کوردی.

کچە نووسیبووی : شیعرێکی جوانی تۆم دیوە لە شیعری (هاینە)ی ئەڵمان دەچێ.

شیعرەکەم کردووە بە ئەڵمانی. شیعریش هەر پارچەی (مەیل) ەکەی شرۆڵ بوو. دیارە چەند دێر هەست و ئەستیش لە نامەکەدا بوو.وەڵامی ئوستاد لەلایەن ئەو دەستەی وەرگێڕانەوە نووسرایەوە.

نامەی تازە هات. وەڵام درایەوە. لە سێهەم نامەدا دوکتۆر توورە بوو ووتی :

- بابە. خۆ من لەم ماڵەوە دەستگای وەرگێڕانم بۆ ئوستادی تۆ دانەناوە. پێی بڵێ ژنەکەی ڕۆیشتۆتەوە. بەڵام. ئوستاد پەکی نەدەکەوت. ئێمەش بەشی ئەوەمان دەزانی ڕێگەی نیشان بدەین.

ماموٚستا ڕاجی هەمزە پیربوو. بەڵام حەزی لە خوێندن دەکرد. خەریکبوو خۆی فێری ئەڵمانی بکات.

- ڕاجی. ئەتو خەریکی ئەڵمانی فێربیت.

- بەڵێ، خەریکم باش فێر دەبم.

- دەباشە، ئەتو بوٚخوٚت باشە. بچو ئەم نامەیەم بوٚ بکە بە کوردی.

پاش هەفتەیەک هێنایەوەو هەر دەیوتەوە :

- بە هەفتەیەک، بە هەفتەیەک، بە قامووس، بە قامووس، بەعەزیەت، بەعەزیەت، کردم بە کوردی.

لەو بەینەدا جەلال کە ئەم هەموو کەتنەی کردبوو بە ئێش هاتبووە. وەک قوتابی چووبووە خزمەت ئوستاد. گوایە پرس و ڕای پێدەکا.

- ماموٚستا، کوٚمەڵێ قوتابیمان هەیە لە دەرەوە. بوٚ پرسی ئەوە هاتوومەوە. چەند ناوێکت لێ دەپرسم بزانم وەریانگرین یانا ؟

- بلێ...؟

- قادر...

- چی ؟ ئەو قالەقالبەگووە. ئەوە عادی بە نابێ وەرگیرێ.

- ئەی نەسرەت.

- ئەوە خراپ نی یە. بەڵام وەریمەگرن. ئەترسم تێکتان بداتن.

- نا، ماموٚستا چوٚن ئەو تێکمان ئەدا. ئەو ئەوەی ناوێ.

- نێ.. ئەوە نی یە دەڵێن چێن وسوڤێتی تێکداوە. ئەی ئێوەش تێک بداتن دەڵێن چی ؟.

ئینجا ئوستاد کەوتە پرسیار.

- باشە ئەتو لەو وواڵاتە (هێلکە) دەناسی.

- مانای چی ؟ ماموستا هێلکە دەناسرێ یادەخورێ ؟

هێلکە لەوێ هەیەو زۆریش دەخورێ.

- نا، هێلکە کچە، خەڵکی ئەوێ یە. حەز لە ئەمین دەکاتن.

ماموستا چۆن ؟

- ئی... ئەوە نامەکانی

جەلال کە خۆی خاوەنی فرت وفێڵەکە بوو. پاش خوێندنەوەو ووردبوونەوە ووتی :

- مامۆستا، ئەم کچە ناوی (ئێلگا)یە .. ..

- ئێ .. . فەرقی نی یە(هێلکە)خۆشترە.

- کەیفی خۆتە، وامن ناوونیشانی دەنووسمەوە، کەچوومەوە دەیدۆزمەوە.

جەلال لەسەرخۆ ناوونیشانەکەی ماڵی خۆیانی نووسیەوە. کەچووە رۆژئاوا ئیتر بۆ ئەوەی مامۆستا ڕاجی ئەوەندە عەزیەت نەکێشێ. بەم چەشنە کۆتایی بەم شانوگەری یە هێنا.

- مامۆستا ئەوە چی یە؟

- ئەو فارووق جەلالە، ئەوە دەیناسن ؟.

- ئەی چۆن ؟ چیی کردووە ؟

- بخوێنە.. خیانەتی لە ئەمین کردووە.

"مامۆستاگیان :

کە گەرامەوە ئێلگام دۆزی یەوە کە دیم ڕامان بەرامبەر بە تۆ و شیعری تۆ وەک یەکە ماردم کرد.."

هەرچەندە ئوستاد زۆر پەستبوو، چەند ڕۆژ گاڵتەی نەدەکرد ریشی نەدەتاشی و ئیتر کەباسی قوزی دەکرا نەیدەووت:

- ئی.... ئەمین چوتم ؟

بەڵام ژێر کەوتنی بەسەر خۆی نەهێناو بۆ جەلالی نووسی :

" پیرۆزت بێ. ئەتو برازای ئەمینی، ئێلگاش هەر برازامەو باوکەکەشی پیاوێکی زۆر زانایە."

خۆش ئەوە بوو جەلال دەیووت : دیارە ئوستاد نە خەزوورمی دیووەو نە زاناشە.

* * *

ئوستاد کە تێی بگیرایە لەقەبی موشیرەکەیی دەکرد بە پلەی موشیری سوپا. بەڵام (ناس رنەجناس) هەموو دەیانزانی کە لە سوپای عوسمانیدا ئەو پلەیە نەبووە. بەڵام خوا هەقە بۆ ئەو دەورە لە (تاقم زابتی) زیاتر خۆی نەدەبردە پێشەوە. هەرچەندە گەورەیی بە پلەو مەقام

نی یە، بەکارە. ئەوە بوو ئوستاد لەو کارەدا ئیشی زۆر گەورەی کردبوو. منەتی بەسەر زۆر خەڵکی ئەم سەرزەمینەدا پێدەکرد.

- ئەمین سالێک (تاقم زابتی) بووم لەسەر پردەکەی موسڵ. سەیرمکرد ئەم ئەقتابی سەبعیە (١) هاتن.

ووتم : بیانگرم، نەیانگرم (چەند جار) دووایی ووتم : برۆن مەحزە نلیللا ئازاد بن.

- مامۆستا ئەو ئەقتابی سەبعەیە کێ بوون ؟

- ئێ ... مارکس، لەنین، ستالین خ... خ... خەرەشۆف، ئەم فەهدی حازری یە، ئەوەی سووریە، تونلێ ...

- خالید بەکداش.

- ئێ .. خالیک بەرداش ..

- مامۆستا ئەوە بوون بە شەش...

- نە، ... حەوتن. هەر حەوتیان بوون. ئەمین بمگرتایە تەسلیمی حکومەتم بکردنایە عدامی دەکردن. ئێستا شەیوعی لە دنیادا نەدەما.

ئەم قسانەی ئوستاد دەربارەی ئەفسەریی خۆی لەوانە بوون کە شەرول ختنی یە خانەی خەڵک بەکەر زانینەوە. هەرچی ڕاستی یە ئەوە ئەو دەیووت :

- ئەمین ئوستاد بووم لە مەدرەسەی زابیتی.

کوڵۆنێل ئەحمەدە کوردەش کە بەراستی لە هەردووسوپادا ئەفسەر بووە دەیووت :

- ڕاست دەکات، باوەر بکەن من ئەم ئوستادەم دیوەوە لەو دەبوێەی بەغدا، کە لە زەمانی ڕوشدیەی عەسکەریی تورکدا (ئۆن باشی)(٢) بوو، مەشقی ڕۆیشتنی بە قوتابیانی ڕوشدیە دەکرد. کەواتە بۆ ئوستادی مەدرەسەی زابیتی نەبێ...

ئوستاد لە باسی بێ وەفایی خەڵکدا دەیگێرایەوە کە سەدان کەس هەن، ئەمین لە مەدرەسەی زابیتی دەرسم پێ ووتوون. کەچی ئێستا بوون بە وەزیرو گەورەو لە ئەمین ناپرسنەوە.

ئەم بێ وەفایی یە هەر لای ئەوانە نەبوو، بەڵکو شتی تریشی بەدەمەوە بوو.

- ئەو شێخ موختاری کێوەرەشی یە دەناسن ؟

- ئەی چۆن ئەوە موتەسەریفی (٣) شارەکەی ئێمەیە.

---

(١)- ئەقطابی سەبعە . حەوت قوتب یا مەدار.

(٢)- سەرۆکی دەکەس. واتە یەک خەت.

(٣)- موحافیز- پارێزگاری ئێستا.

- نێ... ئەوە ئەمین کردم بە موتەسەریف...
- چۆن مامۆستا ...
- رۆژێک هاتن بە ئەمینیان ووت : وەرە لاین(١) لە داخلیە(٢) ئەتۆی دەوێتن.
- ئەمین چووم، ووتی:
خوش گیالدی. نوتر ئەفەندی یمز(٣)
- ئەمین دانیشتم. ئەو خۆی موتەحەیر بوو بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو:
- بەشیر بیگ- موتەسەریفێکم دەوێ بۆ ئەو شارەی ئێوە.
- خوان تەعالا خستی بە دڵمەوە ووتم:
- شێخ موختاری کێبوەرەشی . . . ئەوە بوو بوو بە موتەسەریف کەچی ئێستا بێرەدا دەرواتن سەلام لە ئەمین ناکاتن.
تالیب سوشیالیست لەوێ بوو ووتی:
- کاکی خۆم ئەمجارە منت لەبیر نەچێ. رۆژێ جارێ سەلامت لێ دەکەم.

* * *

ئەم هەموو باس ویادگارەی ئوستاد بۆ دانانی سەرەتایەکی مێژوویی بوو بۆ دروستبوونی ئەو یانەو مەرکەزە.

کۆنترین بەڵگە دوو ساڵ پێش وێنەی ساڵی ١٩٢٩ یە.

مامۆستا نادر بازرگان دەیگێڕایەوە کە ساڵی ١٩٢٧ بە بەردەمی مامۆستادا تێپەڕبووم، ئەو سەردەمە لەحەرەتی بەرگدرویتیدا بوو. بانگی کردم. رۆژنامەیەکی (القطر)ی بەدەستەوە بوو، سەیریکرد ئەوا لەووتاریکدا لە چەند شوێندا ناوی کوردی تێدایە. ووتی:
- نادر . . .
- بەڵێ مامۆستا . .
- وەرە بزانە ئەو سەگبابە چی نووسیوە، تێم بگەیەنە، تا ئەمین رەدی دەنووسم.

دیارە ئوستاد بە هەستی شۆرشگێرانە، یابە سەلیقەی خۆی لەوە گەیشتبوو کە ئەو ناویردنە لە رۆژنامەیەکی ئەو سەردەمەی بەغدادا خێری ئێمەی تێدا نی یە.هەروەک ئەمەش ساڵی ١٩٢٧ مان بۆ دەکا بەسەرەتای ئەم یانەبەو سەرەتای(تۆ بینووسە من تەئلیفی دەکەم)ی

---

(١) لاین- حاکمی ئینگلیز بوو لە کەرکووک ئەدمۆنز لەو جی یە بوو کە ئوستاد دەیڵێ.
(٢)- وەزارەتی ناوخۆ.
(٣)- بەخێربێی دانیشە ئەفەندیی ئێمە. (بەتورکی)

ئوستاد. ڕۆژێک کتێبێکی مامۆستای (بەرماڵ) مان بەدەستەوە بوو لە شۆڕشەکانی کورد دەدوا. مامۆستا لە زمان یەکێک لە ئەفسەرەکانی شێخەوە دەیگێڕێتەوە. چۆن لە بەغداوە چووە بۆ لای شێخی ئەمر. ئوستاد لەمە گرژ بوو ووتی:

- نە ئەوە دەبوو بنووسێ فلانە کەس(مەبەسی خۆی بوو) خۆی نەیتوانی بچێ. پارەی دا بەو ئەفسەرانە ناردنی. کەچی هەر ڕاست ورەوان کە تەماشای پەراوێزی ئەو لاپەڕەیمانکرد نووسرابوو:

- ئەفسەرەکە کە ئەم قسانەی دەگێڕایەوە دەیووت:

ئێمە لەهەڵس وکەوتی کوردایەتیی ئەوساماندا سوودمان لە دوکانی دوو بەرگدروو دەبینی کە یارمەتی یان دەداین. یەکێکیان لە مووسڵ. ئەویتر ئوستاد بوو لەبەغدا.

کەواتە هەڵس و کەوتی ئوستاد لەگەڵ ئەفسەرانیشدا کۆنە. زۆر جار کە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٦ دەکرا دەیووت:

- بەکر پاشا، ئەڵڵا برحمە، لەم دوکانە نەخشەی ئینقلابەکەی کێشا.

کە لێمان پرسی - ئەی چۆن نەبووی بە مەندووب(١)

ووتی:

- ئەمە . . ئەمن بوویووم. بەڵام بەکر پاشا خۆی ووتبووی: با ئەم پیاوە نەبێ، چونکە ئەگەر ئێستا بوو بە مەندووب. کە ئەمن کوژرام ناتوانێ ببێتەوە بە بەرگدروو، با مەقەستەکەیی لەکیس نەدەم.

بۆ ڕاست ودرۆی قسەش من لەجیاتی ئوستاد دەڵێم:

سەیری ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بکەن.بەیاننامەی خۆپاڵاوتنی ئوستادی تێدایە بۆ مەندوویی. ئەوەشتان لەبیر نەچێ کەئەو بەیاننامەیە تەواو وەرگێڕانی بەیاننامەی بەرەی چەپی ئەو سەردەمەیە.

پێش ئەوەی وەک چیرۆکنووسان دەڵێن بێینەوە سەر (باک گراوند) ی مێژوویی یانەی مامۆستا و ئەو کەسە دیارانەی سەردەمی ئێمە. لەلای چەند قسەیەکی ئوستاد دەوەستم.

کەئوستاد ووتی :(بۆ خۆت باشە) ئەوە ئەم قسەیەی چەند جاری تر دووبارە دەکردەوە.

قالە یەکەم کتێبی دەرکردبوو. زۆری لا خۆشبوو، پێش چاپ لە کتێبەکەی بدوێ هەموو ڕۆژ لە بەر دوکانەکەدا دەوەستا. چونکە هەقی هاتنە سەرەوەی نەبوو وهێشتا شەقامی ڕەشیدیشی لێ قەدەغە نەکرابوو.

---

١ـ مەندوب، نائیب، ئەندامی پەرلەمان

لە کتێبەکەی دەدووا: فڵان شیعرم کردووە بە عەرەبی و فڵانم وەرگێڕاوە.

- ئەی ئەمین!

- مامۆستا تۆ چیت لەم بابەتە هەیە تا وەریگێڕم؟

پێش ئەوەی مامۆستا تووڕە بێ یەکێک لێی ڕاپەڕی.

- ئەی شێوەنەکەی ئوستاد بۆ مەکی بەگ.

- نا . . . نا . . ڕاست دەکەیت، ئەوە زۆر جوانە بەڵام بەعەرەبی یە، من کوردیم کردووە بەعەرەبی.

- ئێ . . . قەیدی چی دەکا، ئەوەیان با وەرگێڕانی عەرەبی بێ بە کوردی وبچێتە ناو کتێبەکەوە.

ئوستاد خۆی هەڵیدایە.

- ئێ . . . ڕاست دەکا با ئەوە بکەیتن بە کوردی.

- ئاخر مامۆستا چۆن دەبێت کتێبێ بەعەرەبی بێت هەر لاپەڕەیەکی کوردی بێت.

- نا، دەبێت، ئەتۆ بۆ خۆت باشە.

کە کتێبەکەی تالە دەرچوو وهیچی ئوستادی تێدا نەبوو. هەر ئەوەندە هاتە جواب کە کتێبەکەی فڕێدا بەسەروچاویداو پێی ووت:

- کەرە، ئەمین دەربەس نیم. بەڵام ئەتۆ بۆ خۆت باشبوو ناوی ئەمین لەکتێبەکەتدا بووایە.

دیارە ئەم فڕێدانە سزای تری (تبعی) شی بەدوواوە بووکە نەفرۆشتنی کتێبەکە بوو. تالەش دوو جوینی لا خۆشتربوو لەو فرۆشتنە. چونکە هەمیشە بە جوێن چەشە بووە وپارەی ئەو ژمارە کتێبانەشی بۆ ماوەتەوە کە ئوستاد دەیفرۆشتن. چونکە ئەو . . . بەو پرولەکێتی و ڕەزیلی بە داوای پارەی هەردەکرد. ئوستادیش بەسزای ناونەبردنیش نەبووایە، بەسزای داوای پارە کردن پاشماوەکەی دەدا بەسەروچاویدا. کەواتە هیچیان لەهیچ. ئەو ناوی نەبراوە کەکابرا بۆ خۆی باشبوو. ئەمیش دوو جوینی پێدراوەو تاقە کتێبێکی بەسەروچاودا دراوەو پارەی بۆ ماوەتەوە.

«ئوستاد» ئەم پارە نەدانەی هەر لەگەڵ ئەم چەشنە ناپەسندەدا نەبوو. لەگەڵ دۆستیشدا بوو. بەڵام خوا هەقە دۆستەکان ئەویش بیدایە پارەیان لێ نەدەستاند. تەنانەت «بەدبەخت» ٢٠٪ کرێی فرۆشتنیشی زیاد لەنرخی کتێبەکانی دەدایە.

- ئێ . . . ئاغەریم، ڕاست دەکەیت، ئەمین ماندوو بووم، فرۆشتوومن، ئەوە هەقی خۆمە.

* * *

هەر لەو دووبارەکردنەوە وەرسنەکەرانە ولە (تعلفازی خۆکردیی) ئوستاد هەموو ڕۆژ بە

(دینی پێغەمبەر) سوێند خواردن و(خوانتەعالا) و(لائیق) بوو. هەندێ جار ئەم ئەلفازانەیی هەموو لەیەک ئەدا.

کەئوستاد بایەخ ونرخی جیاجیای هەموو دانیشتووانی یانەکەیی لابوو. جاروبار شتێکی سەیری دەربارەی هەر یەکەیان دەووت دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە بە ئەبولفەزلی دەووت:

- گەنجێکی لائیقە، بەلاّم خوانتەعالا سەری لێ شێواندووە .

*　　*　　*

«ئوستـــاد» ڕێزی لەهەندێ لە ئەندامـانی یانەکـەی دەگـرت وبەردەوامـیش گـالتـەی بەهەندێکیان دەکرد. تەنانەت لات سـەیر نەبێ کە لەپاشملە هەندێ لەقەبی خۆی بەسەر ڕێز لێگیراوەکانیشدا دابەشکات.

باقیی شێخ ئەحمەدی مامە گێڕابەوەو ووتی:

تازە هاتبوومە بەغدا بۆ خوێندن، بەهۆی باوکمەوە ئوستادم ناسی. ڕۆژێک لامخۆشبوو یەکـێـک دەهات، یەکـێـک دەڕۆیشت، هەر دانیـشـتـم تا درەنگ، هەر یەکـێـک دەڕۆیشت دەمپرسی :

- مامۆستا ، ئەو کێ بوو؟

- ئێ . . ئەوە، ئەو گاگووە، ئەوە ئەحمەد بێگ بوو.

- مامۆستا ، ئەی ئەمەیان کێ بوو؟

- ئێ . . .ئەوە ، ئەو گاگووە، ئەوە ڕاشید بێگ بوو.

بەمجۆرە دە «گاگوو» ڕۆیشتن، کە خوا هەڵناگری هەمووش «بێگ» بوون. ووتم:

- مامۆستا کەواتە هەرچی دێتە ئێرە، هەموو پیاوی گەورەن، «بێگ»ن بەلاّم «گاگوو»ن.

ووتی:

- ئێ . . .

*　　*　　*

ئوستاد تاقەتی ناوبردن وناو لەبەرکردنیشی نەبوو.

جارێک مامۆستا (عەونی) ی میسر هاتبووە بەغدا ودیارە دەبێ سەری لە بەردی ئەلحەدی ئوستادیش بدا. کە تاقمێکی زۆر کۆبوونەوە.

ووتی:

- عەونی بێگ . . . مەصر. ئێوەش هەریەکەی خۆی تەقدیم بکاتن.

لە ئەندامانی یانە هۆردوو گالتە پێکردنێکی زۆری پێدەبرا. باکەمێک بچینە پێشەوەو

دووایی بگەڕێینەوە.

شۆڕشی چواردەی تەمموز قەوما بوو، بەندبەر بووبوون ئاوارە گەڕابوونەوە، ئەوەی لەسەر ئیش دەرکرا بوون خرابوونەوە سەر ئیشی خۆیان وماوەی دەرکردنیشیان بە خزمەت بۆ حساب کرابوو. لەو ناوەدا هەر هۆزدوو هیچی بۆ نەکرابوو. سەربە هیچ لایەنێک نەبوو، تا ئەوان لەسەری هەلدەنێ. بەلام لەگەلْ ئەوەشدا ڕۆژنامەیەک شکاتی بۆ بلاوکردبۆوە.

- من وا دەرکرام، واگیرام، خەریکبوو بمخنکێنن ئەوەندە زمان دەزانم، ئەوەندە کتێبم هەیە. دەتوانم هەفتەی کتێبێکیش دانێم.

دیاربوو، هەرچی ئەنداماسانی یانە لە دەرەوە دەیانئووسی یا دەیانووت، کەرەسەی باس وخواسی ئەندامانبوو.

- باشە هەرچیی ووتووە قەیناکا. بەلام ئەو چۆن دەتوانێ هەفتەی کتێبێک دانێ.

- ئێ . . . دەتوانێ . . .

- ئاخر مامۆستا ئەو ئاهەر کەس بێ چۆن دەتوانێ کتێب ئیشی دەوێ، سەرچاوەی دەوێ، نووسینی دەوێ.

- ئێ . . . دەتوانێ.

- وەللا بلێین چی، بەخوا ئەمە کاری کردن نی یە.

- کوڕە وەللا خۆ بادانە.

ووت و وێژ درێژەی کێشا، دەبوو دووا بڕیاریش هەر بڕیاری ئوستاد خۆی بێت، دەستی دایە کتێبێکی هۆزدوو، کە لەبەردەمیا بەکۆمەلْ دانرابوو نەفرۆشرابوو.

- ئێ . . . کەرێنە، دەتوانێ. ئاخر کیتابی ئەو هەشت پەڕەیە.

ئوستاد ئەمەی هەر بەدێمن بۆ دەرنەکەوتبوو. بەکرداریش دلْ بریندارپوو.زۆر جار باسی کتێبێکی خۆی دەکرد.

- ئەو کیتابەی من دەرچێت دنیا دەشێوێت هەموو شتی تیدا دەبێت.

- مامۆستا کتێبەکەت ناوی چی دەبێت.

- کیتابی ئەمێن ناوی «ئاتەشکەدە» دەبێت. هەموو حکومەتی دنیا یاساغی دەکاتن، حکومەتی مصر نەبێت.

- مامۆستا بۆ چی هەر میسر نا؟

- ئێ . . . ئەی نازانی کاکم زەمانی تورک کیتابی خۆیی لە مصر چاپکرد.

- کامە؟

- ئێ . . .(شجرد البیان).

- باشه مامۆستا، دەمێکە باسی ئەم کتێبە دەکەیت ئەوە کەی دەردەچێت؟

- نێ . . غیر هۆردوو بلّحه.

دیارە ئەم بلّحی بەشی بۆ سەلێنرابوو، ڕۆژێک لە هۆردوو هەلّچوو.

- نێ . . . بەسە ئەگەر ئەتۆ نانووسیتێ، شڕۆلْ موستەعیدە سەدکیتاب بنووسێتێ.

دیارە ئەم سەدە بۆ شڕۆلْ خۆی نا، بۆ ئوستاد بوون. بەیەکەوە خەریکبوون بەسەر ڕەفتارو هۆش وگۆشی هەمووواندا زالْبوو. ڕەنگە تائێستاش زالْبێ . . .

سالانی دووایی ئوستاد بوو، من زۆر لە وولات دوور بووم. شڕۆلْ نامەیەکی درێژی بۆ ناردبووم.

لەوێدا نووسیبووی:

- هەرچی ئوستادە، ئەوە ئەم چەند ڕۆژە زۆر بێ تاقەتە. گالتە ناکات. لەم بەینەدا ویستی ژن بۆ کورە گەورەکەی بێنێ. کچێکیان لەشەقلاوە بۆ هەلْدا. خۆی و هۆردوو وڕەحیم گەنجان ڕوویانکردە شەقلاوە. لەوێ چوونە مالی کابراو خوازبێنیی خۆیان کرد ودەست ماچکرا. کەوتنە سەر مارەکردن. کورە لەوێ نی یە . کچیش جارێ نابرێتە بەغدا. گەنجان ووتی:

- لەشەرعدا وەکالەت هەیە. بەوەکالەت دەبێتێ.

هاتن وەکالەت بنوسن، هەرسێکیان ناوی کچەیان لەبیر چۆبۆوە. ڕووشیان نەدەهات لە باوکی بپرسن، چونکە توزێ لەمەوبەر بەناوی خۆیەوە خوازبێنی یانکردبوو.

گەنجان . شەرعزان وریاسازانبوو ووتی:

- هەنوکە، لەتەلْقینی سەرقەبردا بە (بنت حوا) ناوی مردوو دەبەن. لێرەشدا دەبێ بنووسین، بنت حەوای شەقلاوەیی باوکی کرد بە وەکیل بۆ . . .

کەوتە نووسین، ئوستاد هەلْیدایە.

- ڕەحیم بنووسە(بنت الحوا) ، بنت حوا نا.

- مامۆستا، هەنووکە ئەتۆ دەزانیتێ حەوا ئیسمی عەلەمە، بنت مۆزافە پالْ حەوا، بەئیزافە بان عەلەم دەبێتێ بە مەعریفە، گیتر نابێتێ حەوا هەم بەئەلف و لامی هەم بە عەلەمیەت مەعریفە بێتێ.

- ئەە . . . دەبێتێ، هەر بنت الحوا بنووسە.

- مامۆستا، ئەمن شتی غەڕەتی نانووسم. کوو دەینووسم.

- نێ . . . دەلێم بینووسە.

نەخێر، ئەو قەلەمی دانا، خەریکبوو کار تێک بچێ. هۆردوو کەوتە ناوەوە.

- بابە، کاکە ڕەحیم، گەرمان لێ لادە، با کارەکە بڕوات. کچ دەبێ بەبووکی مامۆستا خۆی . بۆ خۆی دەزانێ ئەلف ولامی دەوێت یا نایەوێت.

ڕەحیم لەگەڵی شەیتان هاتە خوارەوە ووەکالەت نووسراو کچە پەنجەی پێداناو باوکی‌یان لەگەڵ خۆیاندا سوارکردو بەغدا خۆت بگرە هاتین.

کەگەیشتینە هەولێر. پۆلیس ڕایگرتن، ئەوسەردەمە ناسنامەو ئەوانە نەبوو پۆلیس هەر دەیپرسی وبەس.

- اسمک؟(١)

- بشیر.

- ابوک؟(٢)

ئوستاد زۆر پەستبوو کە بەمەش نەیناسی.

- مشیر

- شغلک؟(٣)

لەمەیان هەرتەواو پەستبوو.

- ولک، آنی تاجر مشهو في بغداد.(٤)

کەوتنە ڕێ، هەرچەندە ئوستاد ووتی:

- ئەمە زۆر کەر بوو، ئەمینی نەدەناسی. بشمووتایە ئەمین گەورەی کوردم، فەیلەسوفم، شاعیرم، هر تینەدەگەیشت. بۆیە ئەمین توجارم لا باشتربوو.بەڵام کابرای خاوەن کچ ووتی:

- کاکە هۆردوو، کاک ڕەحیم، ئەمە دەولەمەندی بەغدا دەرچوو. دیارە کچی منی بۆ کارەکەری دەوێ. بەخوا من کچی خۆم نادەم.

- کاکە نەوەڵلا ، هەرووەک پێمان ووتی، پیاوێکی باش وناسراوەو فەقیری ماڵی خۆیەتی. لەبەر کابرای پۆلیس وابووت.

- نەبەخوا. یادەبێ پارەیەکی زۆر بدات. یاشتێکی زۆری لەسەر بنووسێ. ئەگینا کچی خۆم نادەم.

کابرا لە هەولێرەوە دەگەڕێتەوەو ئەمانیش هەرسێکیان دەست لەگونان شۆڕتر دەگەڕێنەوە

---

(١)- ناوت.

(٢)- باوکت.

(٣)- کارت.

(٤) کوڕە من بازرگانێکی بەناوبانگی بەغدام.

بەغدا.

چەند ساڵ بەسەر ئەم نامەیەی شرۆڵدا ڕابووردبوو. ئوستاد چووبووە جێی هەقی خۆی. لەبەغدا تووشی هۆزدوو بووم. لە باس وخواسی ئوستادو ڕۆژانی گەشی بەر دوکانەکەیدا باسی ئەم نامەیەم بۆ هۆزدوو کرد. گرژبوو هەڵچوو، تووڕە بوو.

- نەخێر وانی یە، ئێمە هێندە بێهۆش تێین، ئەمە شرۆڵ کۆنە پەرستە، ئەوەی لێ دروست کردووین.

- دەی باشە، هەر ڕاست نی یە؟

- نا، ڕاستیی تێدایە، بەڵام وەها نی یە.

- ئەی چۆنە؟

- تا چوونە شەقراوێ ڕاستە. بەڵام نەچووینە ماڕی کابرای.

- ئەی؟

- چووینە چاپخانەیەکی، کەوتینە پرسین. لەوێ ناوەکەمان لەبیر چۆوە. ناوی باوکیشمان نەدەزانی.

ئوستاد ووتی:

- نێ .. . هۆزدوو کچەکە ناوی پرشنگە.

- ئەمن چووم، گەڕام، پیاوێک لەم حاڵە، لەم ڕەنگە پرشنگ ناوێ هەبێ، نەمدۆزی یەوە.

- نێ . . . ناوی «گەلاوێژ»ە.

- بۆ ئەویش گەڕام نەبوو.

- نێ ناوی «نەسرین»ە.

هەر نەبوو، چەند ناوێتری ووت. گەڕام نەبوو، ئیتر گەڕاینەوە بەغدایە. ئێمە نەخوازبێنیمانکرد نەهیچ. شرۆڵ دەیەوێ بەدناومان بکات.

* * *

لەم هەموو قارو غەزەب وگاڵتە پێکردنەی ئوستاد قالە لە هەمووان زیاتری پێبرابوو. ڕاستبوو قالە دەرکرابوو، تەنانەت ڕابوردن بە شەقامی ڕەشیدیشدا بۆئەو قەدەغە بوو، بەڵام تاقە پەهووداى ئیسخەربوتی بوو کە لە خۆشەویستی و دەروونی فراوانی ئوستاد بێ بەریبوو. وا ئەو بەوێدا ڕەت نەدەبوو. بەڵام ئەندامانی بانە ئەوەندەیان باسدەکرد کە دیمەنی چەپەڵی هەر لەبەر چاوی ئوستاد بێ و جارویار باسی هەر بکا . خۆ بەدی وناپەسندیی ئەویش ویردی سەر زمانی ئەندامانی بانە بوو. تەنانەت مامۆستای "شەونیوەڕۆ" سی ساڵێک پاش مەرگی

ئوستاد بەیادی ئەو ڕۆژانەوە نووسیبووی:

کە قالەم ناسی، منداڵێکی چڵمنی پیس وپۆخڵی بەدخووبوو. من هات وچۆی باوەڕیم دەکرد. باوکی لێی پرسیم:

ئەم قالەیەی کوڕی من دەبێت بە خوێندەوار. پێم ووت: ڕەنگە ببێ بە خوێندەوار، بەماموستا، بە... بە... بەڵام هەر بەئینسان نابێ.ماموستای "شەونیوەڕۆ" لێی زیادکردبوو ونووسیبووی: ئێستاش هەر وای پێدەڵێم.

کاتی خوی کە ئەمەی بو ئوستاد دەگێرایەوە، ئوستاد دەیووت:

- خەلفەڵلا عەلێک. ئەوە ئەو هەتیوە جاسووس بوو بەسەر مەکی بیگەوە. ئەمین پێم دەووت: مەکی بێگ ئەم قاڵبەگووە. بو جاسووسی دێتە ئێرە . باوەڕی نەدەکرد.

تا موختاربێگ خوی پێی وتبوو: ئەتو سقەیەد بە ئەمین ئەو هەتیوەم کردووە بە جاسووس بەسەر تووە.

ئەو جارە ویرام لە قسەی ئوستاددا قسە بکەم ووتم :

- ماموستا. مەکی بەگ ساڵی ١٩٤٨ مردووە. قالە ئەو کاتە منداڵ بوو. ڕەنگە بەغدای نەدیبێ . چ جای ماڵە وەزیر.

ئوستاد تووڕەبوو ووتی:

- باغنیشی، هەبوو، هەتیوێکی پیسەکبوو هەموو شوێنێ دەچوو .

منیک کە هەر ئەو جارە ئوستادم تووڕە کردووە . بیست و هەشت ساڵ پاش مردنی ئوستاد کە کاغەزو ماغەزی ئەو دەستگایانە کەوتەڕوو وناوی قالە واهاتبوو کە لە ساڵی ١٩٥٠دا ڕاپۆرتنووس بووەو ڕاپۆرتی لەو ڕۆژنامەیە نووسیووە کە لە شارەکەی خۆیدا دەردەچوو ووتم:

- خەلفەڵلا عەلێک ئوستاد تۆ ڕاستت دەکرد، ئێمە باغنیش بووین.

ئوستاد ئەوەندە تیژ بوو کە لێیان دەپرسی:

- ماموستا، تۆ هەموو کەست خوش دەوێت، ڕق وەق نازانیت.

دەیووت :

- نێ... ئەمین ڕقم لە کەس نەبووەو نی یە، لە دنیادا لە سێ کەس نەبێ . یەکەمیان براژنێکی خۆمبوو، ئاڵتوونەکانی دزرابوون. بوختانی بە ئەمین کرد ووتی : ئەوە ئەو دزیوێتی داوێتی بە دۆستەکەی. ئەمینیش چووم قورئانێکم هەڵگرت، چوومە شێخ عەبدولقادر. ووتم: حەزرەتی غەوس، غەوسەکەی بەغدا، ئەگەر ئەمین دزیومە کوێرم کە. ئەگەر ئەو درۆ دەکاتن بیکوژە.

هەفتەیەک ڕانەبورد، ئەو مرد. دووەمیان ئەو قاڵبەگووە دەیرسەیە. سێ یەمیان... سێ یەمیان... سێ یەمیانم لەبیر چۆتەوە...

دووا فەسڵی لەگەڵ قالەدا ئەوە بوو ڕۆژێک ووتم:

- مامۆستا وێنەیەکت لەگەڵ قالەدا هەیە، لە پانەی سەرکەوتن لاتەوە دانیشتووە، کتێبت بۆ دەخوێنێتەوە.

- نەخێر نی یە.

- مامۆستا هەیە، لای قالە خۆی دیومە.

- ئێ... ئەگەر ئەتۆ ڕاست دەکەیت، دەیدزیت دەیهێنیت بۆ ئەمن.

- نا، مامۆستا لێی دەسێنم. بەلام ئەترسم بیدڕێت.

- نا، بە دینی پێغەمبەر نایدڕم.

هەرچۆنێ بوو وێنم لە قالە سەند، ئوستاد لەدەستی وەرگرتم، مەندەردەکەیی بۆ لەچاوکرد. هەر چاوی پێی کەوت لێوی خوراوەی کەوتە لەرینەوەو بڕوێەکی بەرز بووە و یەکێکی هاتە خوارەوەو وێنەی وورد ووردکرد.

- مامۆستا، ئاخر تۆ سوێندتخوارد.

- نا، ئەتۆ نازانیت، ئەو دەڵێن نیازی چوونە دەرەوەی هەیە. ئەمەی لەگەڵ خۆی دەبرد. لەوێ ئەمین دەناسن،بەمە خۆی دەبردە پێشەوە.

قالە دەڕۆیشت، منیش دەڕۆیشتم، دووا دیداری ئوستاد بوو، ئەبولفەزلم لەگەڵبوو، چووم بۆ ماڵئاوایی چاوی پڕبوو ووتی:

ئەتۆ خەز دەکەیت، ئێمە هەر ڕێک بین، نامەمان لەبەینداب‌ی.

- ئەی چۆن مامۆستا.

- دە سوێند بخۆ.

- سوێندی چی بخۆم.

- ئەتۆ سوێند بخۆ چیم دەوێ بیکەیت بڵێ بە دینی پێغەمبەر...

- بەدینی پێغەمبەر.

بڵێ: ئەو قالبەگووە لە تەیارەکە دەخەمەخوارەوانێ.

ناچار ووتم:

- دەیخەمە خوارەوە.

- ئێ... ئەوە چەند شایەت لێرەن. ئەتۆ ئەو سوێندەت بە درۆ خواردبێت کوێر دەبێت.

قالە ئەخرایە خوارەوە. منیش بێ ئوستادو نامەی ئۆقردم نەدەگرت. لە یەکەم نامەدا

نووسیم: مامۆستا بە دینی پیغەمبەر فڕوکەکە نە دەرگا، نە پەنجەرەی کراوەی نەبوو، لەبەر ئەوە پێم نەخرایە خوارەوە.

زۆری پێ نەچوو بەدەستی، بە برادەرێکدا ئوستاد لە قوتوویەکی موقەبادا کە (باتا)ی لەسەر نووسرا بوو نامەو دیاریی بۆ ناردبووم. وامزانی پێڵاوی باتایە. کە کردمەوە خورما بوو. بە نامەهێنەری وتبوو: پێی بڵێ ئەمە لەو وڵاتە بایی چوار دینارە، هەرچی نامەکەشی بوو بە خەتی هۆزدوو بوو بە دێرێک دەستی پێکرابوو کە دەڵێ: دە خواتان لەگەڵ هەی دووروولاتان .

کە کوتر بە باڵ ناگاتە لاتان

ئەوسا نووسیبووی : ئەوە ئەو خورمایە لەگەڵ هاوەڵەکانتا بخۆن. بەڵام بەشی هەتیوە زۆڵەکەی لێ نەدەیت هەرچی ئەوە ئەسفنێکی بدەرێ بابمرێ. بڵێ خۆی وابزانێ نوقوڵە خواردی.

لە وەڵامدا نووسیم :

مامۆستا، زۆر مەمنوون، بە سوپاس و ستایشی جەنابتەوە خواردمان ، قالە لێرە نی بە لەشارێکی ترە.

ناوکە خورماکەمان کۆ کردەوەو بە پۆستەدا بۆمانارد. هەرچی ئەسفنێکە ئەوە کە دیم هەوڵ ئەدەم.

لە گەڵ ئەوەشدا چەند دێڕێکم بە خەیاڵدا هات کە موریدەکانی ئوستاد دەڵێن- تەواو دەربڕی گیان وشێوەی ئوستاد خۆیەتی. لەسەرەتای ئەو چەند دێڕدا نووسیم :

مامۆستا من ئەم دێڕانەم لە دەستخەتێکی نامە خانەیەکی ئێرەدا دی. لەوە دەچێ شیعری جەنابتان بێ. ئەگەر وایە بیانووسە. (واتە بڵاویان بکەرەوە).

**لەمەدرەسە....**

**تا ئەو شوێنەی خوێندن بەسە**

**ئەمین خوێندم**

**بەدینی پیغەمبەرە سوێندم**

**ئەمین نووسیم شعرو ئەدەب**

**کەچی قاڵبەگووی بێ ئەدەب**

**نووسیی بەشیر**

**پیاوێکە پیر**

**ئەو چووزانی ڕاو و تەدبیر**

ئەو چووزانی شعر بلێ

- هەی کەری کوڵت لێ هەلێ

ئەم قسانە

دژی خەلکی کوردستانە

چونکە هەموو ئەم خەڵکانە

دەلێن بەشیر

هەم گەورەیە (هەمێ چبیر)(۱)

ئەمێن بەتو دەلێم (اِنچپ) (۲)

سەرمەو قولات دە ڕاست و چەپ

پاش چەند ساڵ لە وەڵات سەرنووسەری گۆڤاری " ڕووناهی " بۆیگێڕامەوە ووتی :

- بەلای نوسینگەدا ڕەتبووم. بانگیکردم. پارچە کاغەزێکی دایە دەستم.

- ماموستا ئەمە چی یە؟

- ئەوە.... توبڵێ.

- نێ... ئەمە شیعرە.

- نێ...

هی خوتە.

- نێ.. خەلفەللا عەلێک.

- بانی بڵاوی بکەمەوە.

- نێ... بینووسە، ئافەریم.

کاکی سەرنووسەر دەیووت : نوسینگەدلەو سەردەمەدا چەند شتی قەدەغەی پی بڵاو کردینەوە. کە لەگەڵ هێڵی گشتیی گۆڤارەکەدا نەدەگونجان، هەرچەندە خەلک پێ یان خۆشبوو. یەکەمیان ووتارێک بوو بە وێنەی نوسینگەوە. ناونیشانی (ئەحلان کەواسیی سی برابوون) ی بۆ دانابوو. حیکایەتی (ڕەحمەت لە کفن دزی قەدیم) ی تێدا گێڕابووە. کە بە ئاشکرا دیاربوو لەگەڵ کێ یەتی. دووەم ووتار باسی کوردو دوژمنانیی دەکرد کە کردبوونی بە چوار هەریەکەیان بەشی خۆیان هێرشیان برا بووە سەر لای چوارەمیان بەتایبەتی وەستابوو. دوژمنەکان بەرێز : ئینگلیز، تورک، فارس و ئەردەن بوون. فەرمووبووی :

---

(۱)- بەعەرەبیی گەورەشە.

(۲)- بەعەرەبیی وەلیە.

ئەمی چوارەم خـۆی نۆکەرەو دەیەوێ ئێـمـەش بکا بە نۆکەری خـۆی. کەواتە ئەگەر قـبووڵی بکەین چی دەردەچێ.

سەرنووسەر دەبووت : چۆن دەتوانم شتی ئوستاد بڵاو نەکەمەوە. باعەرش و قورشیشم لێ زویر بێت. لەبەرئەوە مـەسـەلەی ئەم شیعرانەی ئاسانبوو. باقالەو پیاو و میاوی قسە بکەن. بڕیارم دا بڵاوی بکەمەوە. کەوتە ژمارەی داهاتوو. شوباتی ١٩٦٣ هات ئیتر نە گۆڤاری کوردی ما ، نە ئێمە ماین و ئیتر ئوستادیشمان نەدی بەوە.

ساڵ دەهات ساڵ دەچوو ژیان لە گۆڕاندا بوو، ڕووداو بەردەوامبوو، خۆش بوونایە ، یا ناخۆش، هەر لەتەمەنی ئێمە کەمدەبۆوە.

یانەکەی ئوستاد لای زۆر کەس جێی کاتبردنە سەربوو، یا جێی مێشک زاخاودان بوو، یا سەرچاوەی هەواڵ ولێکدانەوەی نوێ بوو. خۆ قسەکانی ئوستاد خۆی، ئەوسا وئێستا هەر خەمڕەوێن بوون.

دەستەی یەکەمی ئەو یانەیە ئەمابوون، یا ئیتر بە ویدا نەدەهاتن. مەکی بەگ مردبوو. سالح بەگ و فەرحی بەگ دیار نەبوون. بەڵام ئەندامانی هەمە ڕۆژە لە پیاوی گەورەو بەدیمەن لەناودارێەدەر بوون. ئێمەی لاوی دەستەی دوومیش هاوکار وهاودەمی ئەوانبووین ولای ئوستاد ئەرک و مافمان چوونیەک بوون.

ڕەحمی بەگ ئەستێرەی دیاری یانە بوو. قسەی لای ئوستاد دەڕۆیشت. ئەگەر لێشی زویر بووایە ئەیدەدایە ڕووی ویریاری دەرکردن، یا لەبەر دوکاندا ڕاوەستان و سەرنەکەوتن بەسەر ئەو دارەوانە بوو.

ڕەحمی بەگ لە زۆر مەیدانی چالاکی وهەوڵ وکۆششدا قۆڵی لێهەڵکردبوو. مێژوویەکی سیاسی درێژی هەبوو. چەند جار ئەستێرەی بەختی گەشابۆوە وجارێکیش گەیشتبووە لووتکە و لاوان وتێکۆشەران بەسەرۆکی باڵایان دانابوو. ئەو سەردەمەی ئێمە لای ئوستاد دیمان لە مەیدانی کاری سیاسی کشابۆوە. بەڵام دەمی لەسیاسەت هەر دەدا. ڕای هۆشیارانە و ژیرانەی هەبوو. کاکڵەی تەجروبەی، لەقسەی خۆشی، لە تەوازوعی لەگەڵ ئێمەدا ولووتبەرزیی لەگەڵ بەناهەق بەرز کراوەکاندا سوودماندەبینی.

ڕەحمی بەگ لەو کەسانە بوو کە نەیدەتوانی مەیدانی خزمەت بەجێ بێڵێ. لەبەر ئەوە کەکۆڕی سیاسەتی بەناچاری بەجێهێشتبوو، لەنگەری چالاکیی دابووە سەرخزمەتی خەڵک و لەڕێی وەزیفەو پەروەردەوە هەوڵ بۆ ئەم وئەودان وچالاکیی نووسینی لەو سەردەمەدا بەرهەمی

ڕەنگین وبەنرخی هێنایە کایەوە.

ووتم : ئوستاد هەر لەوێ قبوولْ دەکرد ولەڕوویا لە مەسەلەی قالە بەولاوە لەهیچدا وەڵامی نەدەدایەوە. بەڵام جاروبارپریشکی غەزەبی ئوستادی هەر بەردەکەوت.

هاوینبوو، گەرمای بەغدا پیاوی وردەکرد. گەیشتمە بەردوکانەکە . خێرا ئوستاد ووتی:

- ئێ . . .ئەتۆ هاتی؟ بچۆ بەمەهدی بڵێ سێ چا بێنێ بۆ ئێمە لەسەر حسابی ئەتۆ. تا چایەکان دەگاتێ بچۆ لەوبەرەوە پارچەیەک سەهۆڵیش بێنە . . . ئێ. . . ئەی ئاو، ئاو لەتوتیلەکەی تەنیشتم هەیە، کێ بیهێنێ؟. لەژێرەوە سەبرێکی رەحمی بەگی کرد. ئەویش یەکسەر پەلاماری دۆلکەکەی دا. خوا هەڵناگرێ ئوستاد بەساردو سڕی ووتی:

- نە، . . . ئەتۆ نا.

منیش دەستم دایە دۆلکەکە. نەیدامێ وهەستا، نەخێر ڕامکێشا، توند گرتی. ووتم:

- مامۆستا ناکرێ. چۆن جەنابت ئاو بێنی.

بەڕاستی لێم توورەبوو ووتی:

- نا، کاکە، لیمگەرێ تۆ بچۆ چا بانگ کەو سەهۆلی خۆت بێنە. یا ئاوی ساردی خۆمان بەرەنجی شان بخۆینەوە.

کە هاتمەو بەهێمنی پێم ووت:

- مامۆستا بەڕاستی خەجالەتکردم. کەی ئەوە کاری جەنابتانە.

ئەمجارە بەپێکەنینەوە ووتی:

- کاکە، وانەمجارە تولێرە بوویت، من ئیرەم پێ تەرک نەکرێت دەبێ ئەم وەزیفەیە هەر ببینم. دەبا لەئێستاوە فێری ببم.

کەرەحمی بەگ شەش بەرگ مێژوو و بیرەوەری خۆیی نووسیبوو و ناوی ئوستادی تیدا نەبوو چەند ڕۆژێ لێی گرژبووبوو، ئەویش دەیزانی بۆچی. دووایی توانی دڵی بهێنێتەوە جێ وبڵێ: من هێشتا باسی سەردەمێکم کردووە کەتۆم تیدا نەناسیووەو هەوڵ وکۆششی تۆ دووای ئەو ساڵانەیە. چونکە تۆ لەمن بچووکتری. ئوستاد بەم قسەیەی دووایی دڵی هاتبوودوە جێ ووتبووی:

- ئێ . . . کەکیتابی ترت نووسی.

- ئەوە شەرتە باسی تۆی تیا بێت.

ئوستادی فەقیری زۆر جار داواکانی ئاسانبوون. کە کتێبێک یا گۆڤارێک دەردەچوو مەندەرەکەی بۆ لەچاو دەکرد وەدەیپرسی:

- ناوی ئەمین هەیە؟

زۆر جار بەوەش ڕازیبوو کەتەنیا لەسەر بەرگی گۆڤارەکە یا کتێبەکەدا بنووسرێ-(لەبەغدا لەلای ئوستاد دەفرۆشرێ). بەڵام قوربەسەر ئەوەی لەجیاتی مامۆستا ناو ئەوی بەوەستا بنووسیایە.

دەنگوباس بڵاوبوەوە کە ڕەحمی بەگ بەرگی دووەمی کتێبێک لەسەر شیعری کوردی دەنووسێ. لەبەردەمی خۆیدا ڕێزگرتن بێ، یانەوێران، کەس قسەی نەدەکرد. لە پاشملە هەر موناقەشە بوو لەسەر ئەوەی ئەم بەرگە دەبێ چۆن بێ.

ڕۆژێ لە ڕەحمی بەگ خۆیم پرسی:

- مامۆستا، دەڵێن خەریکی بەرگی دووەمی؟.

- وسبە . . . موشاغیب . مەبەستت چی یە؟.

بێدەنگبووم. پاش ئەختێک هەستاو بانگیکردم. پیاسەیەکی لەگەڵ بکەم. فەرمووی:

- کاکە، ئەمجارە دەیکا بەڕاست. لێمی تێک مەدە. دەزانی ئەم دوکانەی ئەو جێی زۆر شوێنی بۆ گرتووم، زۆر کارم، خەڵک بێنێنم بەهۆی ئەوێوە ڕایی دەبێت. لێمگەڕێ. عەرزمکرد:

- ئەمر دەکەیت مامۆستا.

ئێوارە ڕەحمی بەگ نەهاتبوو. لەپرسەعید ئەفەندی پەیدا بوو. کەوتنە باسی کتێبەکە.

- دەڵێن هەر باسی شاعیرە مردووەکان دەکات.

- نەء . . . مامۆستای بەڕماڵ بەوە خۆی لە گلەیی هەمووومان ڕزگار کردووە. ئەم لە بەرگی یەکەمیشدا باسی زیندوی کردبوو.

- ئەڵێن باسی فلان وفلانی کردووە.

- کوڕە خۆ گۆران لەزیندانە کەچی باسی ئەویشی کردووە.

ئوستاد هەڵیدایە:

- ئێ . . . عەبدوڵلا بێگ بستاهیلیتی.(١) ئەوە ئەو حەرکەمەتە گاگورە زوڵمی لێکردووە، دەتانەوێ ڕەحمی بێگیش زوڵمی لێ بکاتن؟ نەء . . . بەڵام دەبێ ئەمجارە ئەوێنیشی لەبیر نەچێتێ.

سەعید ئەفەندی هەڵیدایە:

- ئەی بۆ من ناناسێت ، بۆ تازە کەوتوومە شیعرووتن؟

هەردووکیان ڕوویانکردە بەدبەخت کەبچێ وتەکلیفی ڕەحمی بەگ بکات کە باسی

---

(١) بەعەرەبیی بەغدا (یستاهل) یانی شایانێتی.

هەردووکیانی تێدا بێت. ئوستاد نەختێ هەڕەشەی پاشملەشی کرد.

دیارە بەدبەخت مەسەلەی بەڕاست نەگرتبوو. سەعید ئەفەندی لە بەغدا نی یە، ئوستاد لێشی تووڕە بێ کار ناکات. بەڵام ڕەحمی بەگ بۆ ئەوەی خۆی لە قارو غەزەب ڕزگار بکات، لەگەڵ بەدبەخت ڕێکەوتبوو:

- مامۆستا ، چووم ڕەحمی بەگم دی.

- ئێ . . . ووتی باشە؟

- نەخێر کەمن چووم پێم ووت، ووتی: تا ئێستا پێش پێی تۆ سەعید ئەفەندی لێرەبوو. تازە وەعدم دابەو. ئیتر جێی هەردووکیان نابێتەوە. باشە من هەمەو ڕۆژێک لەوێم بۆ زوو قسەی نەکرد.

دیسان ئوستاد تووڕە بوو . ئەمجارەیان لە سەعید ئەفەندی.

- ئەوە. ئەو لاترقەوچە، ئەوە لەمەدرەسە لەگەڵ ئەمن بوو. کەچی خۆی تەقاویت قایمەقامیبوو چوو لەدەستگای تووتن جێگەی ئەمینی گرت. وائێستا لەشعری کوردیدا جێگەی ئەمبنی گرت. دەی ، قەیناکا ، بارەحمی بێگ بینووسێ، باشعری ئەو بنووسی، کێ دەیخوێنێتن؟!

ئوستاد هەربەوەوە ئەوەستا، هەقی خۆیی بەخەباڵی خۆی لەڕەحمی بەگیش ولەسەعید ئەفەندیش کردەوە.

کتێب دەرچوو. نە ناوی ئوستاد و نەناوی سەعید ئەفەندی تێدا نەبوو. ئەمە توزێ دڵی ئوستادی هێنایەوە جێ. بەڵام هەرمابووی. زۆر کەس لەم لایەن وئەولایەنی کتێبەکە دەدووان. ڕەحمی بەگ هاتە دووکان. چاوەڕێ بوو ئوستاد قسەبکا، بێگومان وەڵامی خۆیی پێبوو. بەڵام ئەم هیچی نەووت. شرۆڵ لەوێبوو. دیارە باسی ئەویشی تێدا نەبوو. بەڵام شرۆڵ لەوە زیرەکتربوو کەدەریببڕێ. ڕەحمی بەگ خۆی لێی پرسی:

- حەز ئەکەم ڕات دەربارەی ئەم کتێبە بزانم.

شرۆڵ بەدرێژی کەوتە قسە. خوا هەڵناگرێ لایەنی باشیی هەڵسەنگاند. بەڵام لەڕەخنەشدا ووتی:

- مامۆستا، ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ناتوانێ لەوە بگات کام شاعیریانت لاگەورەترو چاکترە. هەموویانت وەک یەک بەرز کردۆتەوە.

ڕەحمی بەگ بەدەروونێکی ساف وسنگێکی فراوانەوە گوێی بۆ شل کردبوو ووتی:

- بەراستی تێبینی یەکیووردە، هیوام وایە لە بەرگی سێ یەمدا ، یالە چاپێکی تردا بە جێی بێنم.

ئوستاد هەر لە شوێنی خۆی بەوە کەوتە پێکەنین.

- هێ . . هێ . . هێ . .

- ئەوە بۆ پێئەکەنی؟

- هێ . . .هێ . . هێ . . .

- ئەڵێم بۆ پێئەکەنی ؟

- هێ . . .هێ . . هێ . . .

- پێم ناڵێی بۆ پێئەکەنی؟

- ئێ ڕەحمی بێگ، بۆ لێی تووڕە دەبیت، شرۆڵ قسەی هەق دەکاتن. پیاوەکە ڕاستدەکاتن.

ڕەحمی بەگ کە بەو هێمنی بە گوێی لەشرۆڵ گرتبوو. ئیمانی لەکەللەدا نەما.دەیانووت لەشوێنی خۆیدا تووڕەبە. بەڵام هەرگیز واتووڕەم نەدیبوو. یاووشەی وام لێ نەبیستبوو:

- حەیوان . . . چەندت پێئەڵێم. شتێک کە لێی نازانیت قسەی تیا مەکە.

- ڕەحمی بێگ، قسەی هەق دەکەین بۆ تووڕە دەبیت.

ڕەحمی بەگ هەستا ڕۆیشت، ئوستاد خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی. کە سبەینێ ڕەحمی بەگ، بەسڵ کردنەوە هاتەوە. دەتووت هیچیان نەبایان دیوە نەباران وهەموو شت چۆوە جێی خۆی.

هەرچی سەعید ئەفەندی یە. ئەوە ئوستاد خۆیی دەستنەکەوت. بەڵام پاش بەینێک تایەر ئاغای برای کەقەت لە بەغدا ولە دوکانی ئوستاد نەمانیبوو هاتبووە بەغدا وئوستاد بەخێرهاتنی کرد. دیارە بۆی هەڵگرتبوو. تایەر ئاغا نەختێ گوێی کەر بوو. لەبەر خۆیەوە حیکایەتی کۆن ویادگاری کۆنی بۆ ڕەحمی بەگ دەگێڕایەوە. لەپڕ بەلەفەمێکی هەڵدا کەوتە سەر کتێبەکانی بەردەمی ئوستاد. ئوستاد چووە خانەی عەسەبیەتەوەو قیرانی بەسەریا:

- یاظالم چەفیەیەک(١) بە ٣٠ فلسە، ئەتۆ سی فلست نی یە چەفیەیەک بکڕیت؟

ئاغا گوێی لێ نەبوو، لەسەر قسە بەردەوامبوو:

- بیرتە بەگم جاران لەجیاتی پایسکل وماتۆڕ وئوتومبیل بەسواری کەر پۆستە دەبراو دابەشدەکرا.

ئوستاد لێی ڕاپەڕی ، ئەمجارە وایقیژاند کەگوێی لێ بێ.

- ئەرێ زەمانی کەرە، ئەتۆ باسی کەر دەکەیت. ئێستا زەمانی سەیارەیە، زەمانی

---

(١) چەفیە- بەعەرەبیی بەغدا- دەستەسرە.

طەیارەیە، زەمانی ژیلینە.(١)

ئیتر ئاغای بەسەزمان ناچار بوو هەستا ڕۆیشت ئوستادیش دەستی کرد بە پێکەنین.

* * *

ڕەحمی بەگ وەک ئەو هەڵوێستەی خۆیی هەر لەدڵدا مابێ و بیەوێ برینی دڵی ئوستادو ساڕێژ کات وابوو. زۆر قسەی خۆشی لەگەڵ دەکرد، دڵنەوایی دەکرد. کە سەردەمێک پەیتۆکەیەکی بچووکی کڕیبوو کچێکی خۆی لێی دەخوڕی. جارویار دەیگەیاندە لای ئوستاد دەهاتەوە بەدوویدا. ئیتر ئوستادیشی دەگەیاندە ماڵی خۆیان. کە ئەوکاتە لەویەر بوو.(٢) هەندێجاریش دەیبرد بۆ گەڕان. بەڵام ئەم سواری پەیتۆوکە بوونەی ئوستادیش چەند قسەی خۆشی ڕەحمی بەگی بە دووا داهات. دەیفەرموو: کە سواری ئوومبیلەکە دەبێن بەمن ئەڵێ: ڕەحمی بێگ، ئەتۆ لەپێشەوە سواریە. ئیتر نازانم پێشەوە لای ئەو جێی پیاوی گەورەیە،یابچووک. ناشمەوێ بپرسم. ئەڵێم بادڵم بەوە هەر خۆش بێت کە بەگەورەم ئەزانێ.

زۆر لەوە زیاتر شێخی مەزن بەنەخۆشی هێنرابووە بەغدا. ئەوە بوو هەر ئەو جارە کۆچی کرد. ڕەحمی بەگ زوو زوو سەری لێئەدا، یا هەر بەدیاری یەوە بوو. چەند جار ئوستادیشی لەگەڵ خۆی بردبوو.

فەرمووی: ڕۆژێک گەیشتینە (باب الشرقي) کە سەیرێکرد پرسیی:

- ڕەحمی بێگ، ئێرە کوێ یە؟

ووتم : نازانی ،ئەمە بابلشەرجی یە؟.

ووتی: ئێ . . . ئەمێن ساڵی ١٩٢٢ دیم وانەبوو.

توەمەز ئەمە ٣٤ ساڵە بابلشەرجیی نەدیوە. کە لەباسی ئوستاددا ئەمەم لەشام بۆ شاعیرێکی گەورەی ژووروو دەگێڕایەوە دەیووت:

- هەقیەتی بابلشەرجی کە گۆڕەپانێکی پیسە بچێت بۆ لای ئوستاد.

ئوستاد هاتوچۆی کەمبوو. ماڵەوە و مزگەوتەکەو یانەی سەرکەوتن هەبوو کە زۆر جار دەچووە ئەوێ. تەنانەت خوا دایە ماڵەکەشی بۆ نزیک دوکانەکە بۆوە. ئەمەش حیکایەتی خۆی هەیە.ماڵی ئەویەری بۆ هاتوچو ناخۆشبوو. دەبوو نیوەڕوان چەند کەسێک وەک ئێوارانی هەموو ڕۆژێکی حازری مەراسیمی دەرابەی دوکان بەدارداداوە وداخستن وقفل لێدانی بن و یارمەتیشی بدەن

(١) بالۆن.

(٢) بەری کەرخ یا جعیفر.

ئەوسا چاوەڕێی پاس بێت. زۆر جاریش ئەدەچووە ئێستگەی وەستانی پاس. هەر لەجێی خۆی لەبەر دوکانەکەدا دەوەستا وئیشارەتی پاسەکەی دەکرد. سەیر ئەوەبوو شوفێرەکان هەموویان بۆ ئەو دەوەستان. هەر بەهیوای ئەوەبوو پارەیەکی چنگ کەوێت ولەکۆڵانی ئەوبەری دوکانەکەدا خانوویەک بکڕێ. بەڵام چۆن؟. ڕۆژێک زۆر ڕووی خۆش وگەشبوو. کە کۆمەڵێک لێی کۆ بوونەوە ولێی پرسرا کە ئەم دڵە خۆشەی ئەمڕۆی چی یە. ووتی:

- ئێ . . . خواتەعالا گرێ کوێرە دەکاتەوە.

- باشە . . .چی یە و چۆن؟

- ئێ . . . پارەی خانوو پەیدا دەبێتن.

- خێر بێ چۆن؟

- ئەوە کورە بچووکەکەی ئەمین خەوی دیوە، لەژێر دیواری ماڵەکەماندا خەزنەی تێدایە.

- بابە خەوی چی کێ دەڵێ ڕاستە؟

- ناهەیە، ئەمین کرێکارم گرتووە سبەینێ هەڵیدەکەنن.

زۆریان لەگەڵ ووت سوودی نەبوو، مامۆستای بەرماڵ دەبووت:

- کورە سەری ماڵ ومنداڵت بەفەتارەتێکدا ئەدەیت.

سبەینێ پاش نیوەڕۆ کزومات دانیشتبوو.

- مامۆستا، ئەوەچی یە؟

- هیچ نی یە.

- ئەی بێتاقەت دیاری.

- دەڵێم هیچ نی یە.

- ئەترسم دیوارەکەت تێک دابێ.

- ئێوە هەقتان چی یە.

مامۆستاي بەرماڵ دیسان کەوتەوە قسە:

- کورە پێم نەووتیت، دیارە تێکت داوەو خەزنەشی نەبووە . . .

- نا هەیە، هەیە .. .

- چۆن؟ ئەی بۆ بێتاقەتی . . . .

- هەیە ، بەڵام خواتەعالا هێشتا بەنسیبی نەکردووە. بەڵام ئەو دراوسێ سەگبابە ....

- چی یە دراوسێی چی . . .

- ئەوە، دیوارەکەی نێوانمان بەو هەڵکەندنە ڕووخا دەڵێ دەبێ ئەتۆ چاکی بکەیتن، ئەمنیش تا خەزنەکە نەبێ بەنسیب نیمە چاکی بکەمەوە.

هەر چۆنێک بوو بەدبەخت قۆڵی لێهەڵکردو پارەیەکی باشی بۆ کۆکردەوە ودیوار چاک کرایەوە. چەند مانگێکی تری پێچوو، دیسان ئوستاد بەڕووخۆشی وگەشی یەوە دانیشتبوو.

کە لێی پرسرا ووتی:

- ئێ . . . خانوەکە تێکدەدەن. ئینشەڵڵا ئەمجارە خوانتەعالا خەزنە دەکاتن بەنسیب.

- چۆنی تێک ئەدەن؟ کێ؟

- ئێ . . بەرجادە دەکەوێتن.

وریا ووتی:

- جا مامۆستا لەو حاڵەدا ئەو خەزنەیە ئەبێت بە بەشی میری ویاسا نایدات بەتۆ.

- نا . . . ئەتۆ نازانیتن ئەمین چروصەلای ڕەحمی بێگ تێمگەیاند.حسێن عیزەت موهەندیس باشی یە. لەوێ ڕاپسپارد بەکرێکارەکان بڵێ قسە ناکەن. بیدەن بە ئەمین.

تومەز ئەوکاتە ڕەحمی بەگ بەڕێوەبەری شارەوانیی پایتختەتبوو. لەگەڵ سەرئەندازیارە کوردەکەیدا پارەیەکی باشیان لەبری ڕووخاندنی خانووەکەی بۆ ئوستاد دانابوو. خەزنە دەرنەکەوت. بەڵام ئەو پارەیەی لە جێی خانووە ڕووخاوەکەی درایە. دوکانەکەشی پێ پۆشتە کردەوەو ناواتیشی هاتەدی. خانوویەکی لە کۆلانەکەی ئەوبەر دەستکەوت. ئیتر خۆی دەڕۆیشتەوە یا یەکێک لە کوڕەکانی یا لە لاوانی سەر بە دوکانەکە تا عەسر لەسر دەغیلەکەی دادەنیشتن وشتیان بۆ دەفرۆشت. بەڵام ئەو لە دەرابە دادانەوە ڕزگار بوونەکەی پێخۆشبوو.

* * *

لەپاڵ ڕەحمی بەگدا مامۆستای بەرماڵیش نەستێرەیەکی گەش ودیاری دوکانەکەی ئوستاد بوو. دیارە هەر لەگەڵ چوونە بەغدای دابوویبووە گەلاوێژی درەوشەداری بەرەی کۆن وتازەی هاتوچۆکەران. ئەم هەر لەژیانیدا کەمتر بەکاری سیاسی یەوە خەریکبوویبوو، بەڵام لەڕێی شیعر وئەدەب ورۆژنامەوە بە بیری گشتی هاتوچۆکەرانەوە بەسترابوو وقسەی لەوباسە سیاسی یانە دەکرد کە بوبوونە هەوێنی کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە. تاقە باسیش کە لەوێ کۆن نەدەبوو هەر لەجێی خۆیدا بوو وکۆڵەکەی باسەکان وئەم هەموو دەستەو بەرە فراوانە جیاوازانە بوو هەر باسی ئەو کوردایەتی یە بوو کە ئوستاد خۆی لە هەمووان بەسۆزتر لێی دەدووا.

مامۆستای بەرماڵیش هۆی زۆری بەدەستەوە بوو کە ئەم دوکانەی پێ تەرک نەکرێت. هەر لە ئوستادیشی قبوڵدەکرد کاری وەک مەسەلەی بەرگەکانی وپارەی کتێبەکانیی لەگەڵ بکات ئوستادیش هەر لەگەڵ ئەودا ئەم چەشنە کارانەی دەکرد.

مامۆستای بەرماڵیش لەوانە بوو کە هەر لە زووەوە شیعرو ووتاری بۆ ئەو دەنووسی کە

نوستاد تعلیقیان بکات.

گێڕایەوە ووتی: کوڕە من شیعرم کەم نووسیوە. جارێک پارچە شیعرێکی زۆر جوانم نووسی. بەناوی ئوستادەوە بلاوکرایەوە. لەڕاستیدا پەشیمانبووم بۆچی بە ناوی خۆمەوە ئەو شیعرە جوانانەم بلاو نەدەکردەوە. کەهاتمە لای نوستاد وسەیری گۆڤارەکەی کرد وا ناوی ئەو هەیە وتی:

- بیخوێنە.

کە بۆم خوێندەوە مشتی قوچاندو پەنجەیەکی درێژ کردو دەستی بەلای سەریدا درێژکردو لەجیاتی ئەوەی بڵێ دەستخۆش ووتی:

- بەدینی پێغەمبەر ئەمە جوانترین شیعرە ئەمن نووسیبێتم.

مامۆستا ووتی: بەڕاستی پەلەپیتکەت لێ بدامایە نەتەقیم. وەرە ئەو شیعرە جوانانەی بدەرێ کەچی ناوا پاداشتت بداتەوە. ناچار ووتم:

- کوڕە ئەمە بەخەلک بڵێ، بەلام لای خۆم مەیڵێ.

*　　*　　*

جا من حیکایەتی ئەو شیعرانەم لەبیرە. ئەمە کاتی خۆی نوستاد بەناوی(لەسەر نەستەقی نالی) بەوە لە گۆڤارێکدا بلاوبکردبۆوە. سەرەتاکەی ئەوەیە کە دەڵێ:

(ساقی وەرە لەم گونبەی دەوران

دەورانێک بگێڕین . . .

پاش دەساڵ بە هۆردووی نووسیبۆوە ساقیی کردبوو بە (ساحێب) وناردبووی بۆ مامۆستا گۆران بۆ بلاوکردنەوە. چەند هەفتە چاوەڕێبوو نەبوو. تومەز مامۆستا گۆران (ساحێب)ەکەی کردبوو بە(ڕابەر) وهەر (ڕابەر)یشی کردبوو بە ناوونیشان. مامۆستا گۆران هاتە بەغدا نوستاد بەلالووتەوە پێشوازی کرد. دووایی پەتی پچڕی و لێی پرسی، ئەویش ووتی:

- ئەی سێ ژمارە لەمەوبەر بلاو کراوەتەوە.

- کوا ؟

بۆی گەڕاین دۆزیمانەوە. مامۆستا ئەوەشی تێگەیاند کە ڕابەری کردووە بە ناوونیشان.

نوستاد کەوتە قسە:

- ئەوە وەختی خۆی حەزرەتی نالی فەرمووبووی ساقی، ئەمینیش وەختی خۆی نووسیم ساقی، بەلام ئێستا ئەمین پیربووم، بۆ ئەمین جوان نی یە بلێم ساقی، کردم بە ساحێب .

مامۆستا گۆرانیش هەلیدایە:

منیش خوم به نیشتمانپەروەر نەزانم وساحێب بەئینگلیز دەوترا، بۆ منیش جوان نی یە بڵێم ساحێب کردم بەرابەر.

- ئێ . . . خەلفەللا عەلیک.

لەزۆر لەداستان وقسەوباس وموناقەشەکانی دوکانی ئوستاددا مامۆستای بەرماڵ بەشداربوو. هەرچەندە مامۆستا بە ئیسکی سووکی،ئەدەبی بەرزی، بەقووڵی ودڵسۆزیی بۆ خەڵک، بۆ گەل، وادەچووە دڵەوە کە ڕێزی دەگرت وجاروبار ئەوگاڵتەناشی لەگەڵدەکرد کە لەدووتوێی ئەم ڕێزەوەدا دەبیسترێن گوێی بۆ شل دەکرد بەڵام کەمتر بەقسەی دەکرد. لەیەکێک لەداستانە بەناوبانگەکانی ئوستاددا مامۆستا ئەکتەر یاکۆمبارسە. ئەوە بوو ڕۆژێ بەر دوکانەکە قەڵەبالغبوو. کۆمەڵێ خەڵکی زیاد لەوانەی هاتوچۆی دوکانەکە دەکەن و دوکاندارەکانی دراوسێ هەموویان کۆبوونەوە.

- بەراستی غەدریان لێ کردوویت.

- ئای ... کەبێ ویژدانن.

- باشە نەدەبوو زوو فەرقی پێ بکەیت؟

هەر ئوستاد لە دووردوە من و بەدبەختی دی هاواریکرد:

- ئێ . . ئێوە هاتن، وەرن دانیشن مقەیەد بن ئەمن دەچم شکات دەکەم.

ئێمە سەرکەوتین و ئەو ڕێی نەداین لێی بپرسین مەسەلە چی یە. بەپەلە لێبدا ڕۆیشت.ئێمەش ناچار لەسەر دوکانەکە دانیشتین ولە خەڵکەکەمان پرسی:

- ئەرێ چی قەوماوە.

ئوستاد تازە دوکانەکەیی لەبەرگدروێتی یەوە گۆڕیبووە سەر ئەو حاڵەی ئێستا- کتێب وڕۆژنامە، جگەرە، شقارتە . . . هتد بفرۆشێ. لەئیشارەزاییدا هەستی بەوە نەکردبوو، کابرایەک هاتبوو پێنج قرۆشێکی لوبنانیی دابوویە کە ئەودەمە لەکاغەز بوو و لەچارەکە دیناری عێراقی دەچوو. ئەمیش پاکەتە جگەرەیەکی دابوویەو ۲۲. فلسی باقی دابووەوە. چونکە پاکەت ئەو دەمە بە ۳. فلس بوو. توەمز ئەمە کرێکارێکە لەو کرێکارە سووری یالوبنانی وفەلەستینی یانەی ئەوسا بەعێراقدا دەچوونە کوێت. کە هاوەڵەکانی هەست بەمە دەکەن بەریز دێنە بەر دەمی ئوستاد وهەریەکە پێنج قرۆشی یەکی دەداتێ وپاکەتێک و ۲۲. فلسی خۆی وەردەگرێ. کە ئێوارە ئوستاد سەیری دەغیلەکەی دەکات سەری سوڕ دەمێنێ، لە دراوسێکەی دەپرسێ. لەمەسەلە دەگات، ڕووش دەکاتە سەرافەکەی نزیکی، ئەو دەڵێ: ئەمە یەکی بە پێنج فلس دەگۆڕمەوە وسەرافیشم دەوێ.

ئوستاد کەسی لەگەڵ خۆی نەبرد بۆ شکات. وورده وورده ئێمە کۆبووینەوە چاوەڕێی

گەڕانەوەی بووین. ئەوەندەمانزانی وەک سەرکردەیەک کە لەجەنگەوە بەسەرکەوتوویی هاتبێتەوە ، سەربەرزانە گەڕابەوە.

- باشە بۆ بەتەنیا ڕۆیشتیت، یا یەکێکمانت لە خزمەتدا بووایە.

- نە، . . . وابا‌شتر بوو. ئەمین خۆم بچم.

- دەی چیتکرد؟

- ئەمین چوومە پۆلیسخانە. شکاتمکرد. کابرایەکی هەولێری لەوێبوو. کە کابرای هەولێری زانیی ئەمین گەورەی کوردم ووتی: هەر سووریەکت دی بیکوژە.

- چۆن هەر سووریەک؟

- نێ . . . سووری پارەی ئەمینیان دزی، ئەمینیش هەر سووری یەک ببینم دەیکوژم. (دارەکەی گرت بەدەستی یەوە . . . ) ئێوە مقەیەد بن، کەسووریەک بەم بەر دوکانەدا ڕۆیشت بیگرن، یا بەئەمین بلێن.

مامۆستای بەرماڵ گەیشتە تینی:

- کورە پێت ئەڵێم ، ماڵت چوو، یا سەرت نەچێت. واز لەم کارانە بێنە، چۆن زەلامێکی نەدیو نەناسیو هەر لەبەرئەوە دەکوژیت کە سووری یە؟

- نە ، ئەتو نازانیت، ئەوە بەینەلدوەلە، عیراقی سووری بکوژێتن خوێنی نی یە.

-کورە بەشەر هەر بەشەرە، چۆن خوێنی نی یە؟

قڕدیان بەرز بووە. لەو کاتەدا قەمەردەینی هاوڕێمان کە ئەویش ئەندامی هەمیشەی یانەکە بوو هات و لەچەند تاوێکدا لەهەموو فەسڵی تا نێرەی داستانەکە گەیشت.

- مامۆستا ڕاستدەکات، ئەمەش لە کولیەی حقوق خوێندەمانە، عیراقی سووری بکوژێ خوێنی نی یە.

- نێ . . خەلفەللا عەلیک، ئەوە پیاوی قانوون ئەی ئەمین نالێم؟. ئەی ئەمین چل ساڵە لە بەغدا گەوادی دەکەم، باقانوون دەخوێنم.

چەند ڕۆژ دارەکەی بەدەستەوە بوو نەکەس ڕابورد ، ئەو بەدەم وچاودا بیکات بەسووری و ئەئێمەش کەسمان بۆ دەستیشانکرد. مامۆستای (بەرماڵ) تۆقرەی لەبەر برابوو. بەچرپە دەبووت: کورە ئاگادارین کارێکی وا نەکات ئەو تووش بێ وئێمەش ئەم لاتیەمان لەکیس بچێ .

ئوستاد ووردەووردە هێمن بۆوەو بەدبەختیش کە جاروبار بەم بیانوو وئەوبیانووەوە یارمەتیی دەدا پارەکەی بۆ بژاردو ئاو کرا بەئاگرا.

من لەخانەی مامۆستای (بەرماڵ) ڕاوەستابووم کە کەسانی تریشتان پێ بناسێنم. بەڵام وا

کڕین وفرۆشتنی ئوستاد لای قسەی تر ڕامدەگرێت.

ڕۆژێک لەگەڵ بەدبەختدا لە بابلشەرجی یەوە بە پێ ڕووەو لای ئوستاد دەهاتین. ئەو جگەرەی دەکێشا. وهەر تاوەنا تاوێک دەیووت:

- کوێر بووم بۆ جگەرەیەک.

- دەی ئەوە جگەرەیە، پاکەتێک بکڕە.

-برا ناتوانم تاقە یەک جگەرەش بکڕم، لەئوستاد نەبێ. لەکەسیترم پێناکڕێ.

بەو حاڵەوە بەدەم ئاخ و ئۆفی ئەوەوە گەیشتین. یەکەم شت، هەر دانیشتین ودانەنیشتین پەنجا فلسی دەرهێنا وپاکەتێکی هەڵگرت. ئوستاد دڕەمەکەی خستە دەخیلەکەیەوە.

- ئەوە چی یە؟ ئەی باقی یەکەم؟

- باقی نی یە.

- ئەی باشە پاکەت بە سی فلس نی یە؟

- با . . بەلام ئەمین بە پەنجای دەدەم.

- مامۆستا، ئەوە دەستەگوێزانیش لە شوێنان بە ٥٠ فلسە، تۆ ٧٥ مان لێ دەستێنیت، ئەوەتا ئەم برایەم ئاگادارە کوێربووم بۆ جگەرەیەک نەمکڕی تا هاتمە لای تۆ. ئێمە هەموو شت لای تۆ دەکڕین، ئەو شتانەی نرخیان دیارە بەگران مەمانەدەرێ.

- نێ . . . سەلامەت بیت چیت دەوێ. هەموو کەس لە طەمەعی خۆی دەگەڕێت، دەتەوێ ئەمین لەطەمەعی خۆم نەگەڕێم.

هەر ئەم دەرگای طەمەعە گفتوگۆ وموناقەشەی لەسەر ئەوە دروستکردبوو، کە ئوستاد لە بەرگدرووێتی یەوە بەرەو شت فرۆشتن چووە. چی بفرۆشێ؟. هەر کەس قسەیەکی دەکرد. تا گەیشتە سەر کوڕە گەورەکەی، ئەویش کەوتە قسە.

-بابە لیش ما تبیع پیپسی کۆلا(١)

ئوستاد لەمەیاندا زۆر تووڕە بوو، قیژانی بەسەر کوڕەکەیدا، کوڕە ترسا، هەستا چووە دەرەوە، ئوستاد بەدارەکەیەوە بەدوایەوە. کوڕە چاپووکتر بوو، لە شەقامەکە پەڕی یەوە. ئیتر باوک پێ ی نەکرا دووای کەوێ هاتەوە. بەلام بە تووڕەیی دانیشت. کەوتەوە خانەی عەصەبیەتی خۆیەوە.

- نێ . . . باشە، ئەمین ئەوەندە دەڵێم، ئەمین لێرە دانیشم، سەگبابێک بێت لەوێدا (ئیشارەتی بەردوکانەکەی کرد) ئەمین . . ئەمین . .(ئیتر قسەی پێ نەووترا)دەستێکی

---

(١) واتە: بابە بۆ پیپسی کۆلا نافرۆشی؟

قوچاند و وەک شووشە گرتبووی و بەدەستەکەی تری وەک شووشە هەڵپچڕی جوولەیەکی کرد) . . .ئەمین . . ئەمین . . پف . . پف . . پف . .

* * *

لە مامۆستای (بەرماڵ) ەوە بۆ ئەحمەدە کوردە. ئەمیش یەکێک بوو لەئەفسەرە کۆنەکان. ئێسک سووک، قسە خۆش قسەزان. ئەو ئەفسەرە کوتانەیتر کە زۆر دەهاتنە لای ئوستاد هەرباسی سوپاو جەنگیاندەکردو هەمووش هەر لە بارو حاڵی وڵات ناڕازیبوون. بەڵام کاک ئەحمەد لەوانیتر زیاتر دەهات و هەر دەهات باسی شیعرو ئەدەبی دادەمەزراند. زۆر شارەزابوو، زۆری لەبەربوو، تاقەدێرێکت بۆ بخوێندا یەتەوە هەموو پارچەکەی بۆ دەخوێندیتەوەو پێی دەوتی شیعری کێ یە. لەسوپادا زۆری ئیشکردبوو، زۆر گەڕابوو. سوودی زۆری لەم گەڕانانەدا بەکۆکردنەوەی بەیاز ودیوانی شیعر دیبوو. کە باسی ئەو دیوانانە دەکرا لەوە ناڕازیبوو کە خۆی پێی ناکرێ چاپیان بکات و کەسیش نی یە لە جێی ئەو دەستیان بداتێ. کە ڕۆژێک لە خۆشی یەوە وەتی : یەکێک داوای دیوانی پرتەو بەگی هەکاریی لێکردووم داومەتێ ونازانم لە ئۆدەی دێ یانا ؟

ئوستاد لەوێوە وەتی :

- ئەی ئەمین؟.

- تۆی چی؟ تۆ لەئۆدەی دێی؟

- نەء . . ئەمین.

- تۆ، چی؟

- ئەمین، تۆ بڵێ.

- یانی دیوانێک بدەمێ ئامادەی بکەیت وچاپی بکەیت؟

- نێ، ئەوە بەدبەخت موستەعیدە دەینووسێ، ئەمین تەنلیقی دەکەم.

- باشە بابە دیوانی حاجی قادرت دەدەمێ.

بۆ سبەینێ پەیمانی خۆی بەجێهێنا. دیوان درایە بەدبەخت، هەریەکە لەم کۆڕەدا ڕایەکی دایە.

چۆنی بنووسێتەوە، چۆن لەگەڵ چاپکراوو چاپنەکراوی ئەو دیوانەدا بەراوردی بکات. بەدبەخت چالاکانە دەستی دایە و هەموو ئەندامان ڕدانیشتووان وهاتوچۆکەرانی دوکان بەپێی توانا یارمەتیان دەدا وزۆر جار ئەم مانا یا ئەو مانایشی لە شارەزایانی ناو دوکانەکە دەپرسی. ئوستادیش زووزوو دەبووت:

- ئەتۆ ئاگات لە موقەدیمەکە بێت. جوانی بنووسە، ئەمێن دەمەوێ موقەدیمەکەم ڕەنگین بێت. قووەتی موئەلیف لە موقەدیمەدایە.

کە لێمانپرسی:

- مامۆستا وێنەی تێدابێت ووتی:

- ئێ . . .هەر هی هەردووکمان (واتە خۆی وحاجی) ئێ بستاهلمان (١) نی یە؟

- بەڕێ وەڵڵا شایانی هەردووکتانە.

کار دەستپێکرابوو کەچی کەس ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو کە چۆن پارەی چاپ پەیدا بکرێت. ڕۆژێک ئوستاد خۆی کە دیار بوو مرخی لە بارمەتیی هەمووان وبەتایبەتی بەدبەخت خۆشکردبوو، کەوتە باسی پارە:

- ئێ . . . ئێوە دەزانن ئەمێن ئێمە پارەی چاپ بدەم ئەمێن دەنووسم، ئێوە پارە پەیدا بکەن.

ڕەحمی بەگ ویستی هانی بدا ووتی:

- ماشەڵڵا، نەشەمبیلا جوانی دەنووسی وتەنلیفی دەکەی. قەیچێکا با پارەکەش هەروابێ. باشە ئێمە ئامادەین. بەڵام تۆکاتی خۆی لە بەڕێوەبەرانی بانەی پێشکەوتن نەبوویت؟

- ئێ ...

- ئەی زۆرتر بانەکە بەپارەی تۆ ڕانەئەگیرا؟

- ئێ ...ئەوسانەمێن مەکینم بوو.

- باشە، ئێستا پارەکە لای ساڵح بەگ نی یە؟. بچۆ داوای لێ بکە.

لای عەسر هەستا جووڵا، چووە ماڵی ساڵح بەگ. بە ڕووی گەشەوە هاتەوە. پیاوەکە مەردانە وتبووی:

- چەندی تێچوو من دەیدەم.

ئیتر ڕۆژێ دە جار سەری دەکردە سەر بەدبەخت کە زوو تەواوی بکات وپیشەکی بەکەش برازێنێتەوە. هەر لەو سەردەمەدا بووکە هەموو دوکانەکە بەم دیوانەوە خەریکبوون. مامۆستا (م) هاتوچۆی بەغدای دەکرد ئاگاداری ئەم خۆ ئامادە کردنە بوو. تومەز ئەویش دەستنووسێکی ئەم دیوانەی لابوو، خۆیشی چاپخانەی هەبوو بێ ئەوەی قسە بکا، ڕۆیشتەوە. لەپڕ کۆمەڵێ دیوانی چاپکراوی بۆ ئوستاد ناردبوو بیفرۆشێ، دیارە ئوستاد زۆر پەستبوو، دیوانەکەی نەدەفرۆشت وهەر دەیووت:

(١) بستاهل بەعەرەبیی بەغدا: شایانێتی.

- ئێ . . .ئەوە ئەو . . . هاتە بەغدا زانیی ئەمێن کیتاب دەنووسم، چونکە هەولێر کیتابی نووسی. ئێ . . .با بینووسێ نایزانێ . . . کە هی ئەو تەفرۆشرا ئینجا ئەمێن کیتابی خۆم دەنووسم.

بەڵام ئوستاد هەقی خۆیی بەسەر کەسەوە نەدەهێشتەوە. لەپڕ مامۆستا (م) هاتە بەغدا، ئوستاد بەڵالوتەوە بەخێر هاتنی کرد. دیارە حەزی دەکرد دانیشێ وهەقی لێ بکاتەوە، دانیشت، کەس باسی کتێب ودیوانی نەکرد. ئوستادیش خۆی لەوە کەرکرد. مامۆستا (م) وەک هەموو جارێ باسی کاکیی دەکرد وگلەیی دەکرد. کە(داماو)ی برا پشتگوێ خراوە. هەریەکە قسەیەکی کرد لەپڕ ئوستاد لێی ڕاپەڕی.

- بەسە بیبڕەوە، برای ئەتو مردووە شەیتان دەستی لێهەڵگرتووە، ئەتو دەستی لێهەڵناگریتێ.

- ئینجا خۆ زەمم نەکردووە.

- نا، ئەتۆ دەڵێی داماو. داماوکەی برای ئەتۆیە.داماو بەکەسێک دەڵێن دوو جینطەی بەدەستەو بێتێ بچێتێ بۆ بابلشەرجی، پەیتووکەی دەستنەکەوێتێ. داماو بە کەسێک دەڵێن دوو چەتەوڵ فرکان فرکان ڕاوی بنێی بچێتە سەر شەط بپەڕێتێ، قوفەی دەستنەکەوێتێ. داماو ئا بەم زاتە دەڵێن (ئیشارەتی بۆ بەدبەخت کرد) ئەوەتا چوار مانگە لەبەغدا بۆ خانوو دەگەڕێتێ دەستی ناکەوێتێ . . ئا ئەوەیە داماو.

لەوکاتەدا کە ئوستاد قسەی دەکرد ئەفەندی یەکی ڕێکوپێک لەبەر دوکانەکەدا وەستا، پارەی دەرهێنا، بە عەرەبی ووتی: ئا پاکەتە جگەرەیەکم بدەرێ.

وەڵامی نەدایەوە. ئەمجارە ووتی: ئەرێ تۆ شت نافرۆشی. من چەند جار داوای پاکەتێکم کرد.

ئوستاد لەقسەکە بووە. لەجیاتی ئەوەی بچێ بەلای ئەوەوە دیارە چاوەڕێی وەڵامی مامۆستا (م) بوو. تا تێهەڵچێتەوە. لەبەر ئەوە بەعەرەبی بەکابرای ووت:

- ولک أدبسز، ماتشرفنا احنا نحل مشكلە داماو(١)

کابراش لەجیاتی تووڕە بوون لەسەرخۆ ووتی:

- آني ارید افتهم شنو مشكلە داماو (٢)

ئیتر بە ئوستاد ومامۆستا (م) پێبڵاندەووت برۆ، نەدەڕۆیشت.

---

(١)- کوڕە بێ ئەدەب نابینی مەسەلەی داماو چارەسەر دەکەین.

(٢)- ئەمەوێ تێ بگەم مەسەلەی داماو چی یە؟

ناچار مامۆستا(م) هەستا ورپەلیگرت وبردی بە ئوتێلەکەی تەنیشتەوە کە لەوێ دابەزیبوو. تا لەوێ باسی داماوی بۆ بکات. بەمە خۆی بە ڕسەرکەوتوو دەزانی بەسەر ئوستادداو ئوستادیش خۆی لا سەرکەوتووبوو.

- ئێ . . . بابچێ باسی داماو بۆ ئەو گاگووە بکاتن.

هەرچی کاک ئەحمەدی کوردەیە، ئەوە گوناهی لە سەرنەگرتنی چاپی دیواندا نەبوو. بەڵام ئەو بەخششەی سوودی بۆ ئوستاد نەبوو. ئوستاد مرخی لە خوازبێنی یەکی تر خۆشکردبوو.

کچەکەی کاک ئەحمەد زانستگای تەواو کردبوو. لەوەزارەتێکدا بەرپرسیاری بەشی فەرمانبەرانبوو. کوڕەکەی ئوستاد لەلای ئەو نامەی دەهێنا ودەبرد، وەک دەیانووت: نامە پێچەرەوە (رەزام) بوو. باسی ئەو کچەی بۆ باوکی کردبوو کە سەرزکێتی ودیارە ئوستادیش خۆی بەسەرۆکی ئ‍ە دەزانی. ئوستاد رووی لە رەحمی بەگ و مامۆستای بەرماڵ نا کە خوازبێنی ئەو کچە بۆ کوڕەکەی بکەن. ئەوان دەیانزانی کارەکە کاری کردن نی یە. هەریەکە بەبیانوویەکەوە خۆیان دزی یەوە. ئەخێر ئوستاد راست وردەوان خۆی کەوتە خوازبێنی:

-کاکە ئەحمەد، کچەکەت بدە بەکوڕەکەم. ئەمیش هەر کوڕی خۆتە.

- مامۆستا نابێت نابێت.

- ئێ . . . چۆن؟

- ئاخر لەیەک شوێن ئیشنەکەن. (دیار بوو نەیدەویست بڵێ لەژێر دەستی ئەودایە).

- ئێ . . . قەیدی چی یە. پێکەوە دەچن وپێکەوە دێنەوە.

- ئاخر نابێ، لەهیچ دەستگایەکیتردا نەبووە.

ئەم زۆری لەسەر رۆیشت وئەو نەچوو بەگوێیدا. ناچار تووڕەبوو.

- کورە کابرا، ئەم کوڕەی تۆ هیچی نەخوێندووە، گێژە دەبەنگە، من کچی خۆمی نادەمێ.

ئەو هەستا رۆیشت، پاش تۆزێ کوڕی ئوستاد هات، هەموو دانیشتووان پەست وبێدەنگبوون، ئەو کەوتە قسەو هەرپرسیاریدەکرد ، باوکی وەڵامی نەدەدایەوە. تا ئاخری لیی تووڕەبوو ووتی:

- هەی دیماغسز، هەی کەر، هەی دەبەنگ. هەستە بچۆرەماڵەوە.

ئوستاد بە بەکارهێنانەوەی ووشەی دەبەنگ لای وابوو شتێکی دەستکەوتووە، ئیتر هیچی لەدڵدا نەما. هەر ئەمجارەش نەبوو دان بەگەمژەیی کوڕەکەیدا بێنێ. رۆژێک لەکاتی کوردی فێرکردنەکەیدا بێتاقەتبوو ووتی:

- ئەم هەتیوە وەک ئەمین زیرەک نی یە. ئەمین دەسەرێتن چی لەدیماغـمدایە بەرۆژێک

بیخەمە دیماغی یەوە سوودی نی یە.

چاپووک لێی ڕاپەڕی و ووتی:

- نەکەی، مامۆستا ، نەکەی، تۆخوا نەکەی، ئەوەی لەدیماغی تۆ دایە بچێتە دیماغی یەوە مێشکی ئەتەقێ. نەکەی مەخزەنبللا کوڕەکە مێشکی ئەتەقێ، نەکەی.

لەپیر زۆرمان هەبوو، هەریەکە وەسفێک وتامێک. بەڵام سەیر ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ ئوستاددا لەوێنەی سێ بەمی یەوە دەست پێدەکات.

(١٩٤٩)- ئەو دەمە پیرە حوکمەتی یەکان، واتە وەزیر وناییبەکان زۆر کەمتر دەهاتنە ئەوێ. ئەم پیرانە کە زۆر تریتیان ئەفسەری لێکەوتوو بوون لەزۆر شتدا تینی لاویان لەسەر باسی کورددا هەبوو. کە کوردایەتی لەڕۆژی ساردو گەرمدا کزڵەکەی دوکانەکەی ئوستاد بوو، خوا هەڵناگری ئوستاد خۆیشی هەموو دەمێ هەر گەرمبوو، گوێی نەدەدایە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی خەڵک. هیوای بەدوارۆژو سەرکەوتن بەتینبوو. بەتایبەتی ساڵی ١٩٤٩ کە باسی کوردایەتی لەژێر زەبرو زەنگدا کزبووبوو لای ئوستاد خۆی ولە دوکانەکەیدا هیوای سەرکەوتنی کورد هەر لە لوتکە دابوو. لەبەر ئەمە کەس نەیدەتوانی لەو سنوورە بچێتە دەرەوە وهەرکەسە دەمێکی لەمەسەلە دەدا. بەشێکی لە کۆششی خۆی دەگێرایەوە. هەندێ گاڵتەو قسەی خۆش و باسەکانی ئوستادیش دەچوونە پاڵ ئەوسامانە. ڕەحمی بەگ هەریەتەمابوو ڕۆژێ لەڕۆژان بەژێربی پیرانەوە بێتەوە مەیدانەوە. مامۆستای بەرماڵ تا ما قەڵەمەکەی لەکۆششدا بوو. کەئێمەی لاو دەستەی دووەمی دوکانەکە بووین، ئەوا لەنێوان ئەو پیرانەو ئێمەشدا دەستەیەکی تر هەبوو کەدیارتریان (شەڕۆڵ) بوو.

لەلاوێتیدا چووبووە ڕیزی تێکۆشانی نیشتمانی یەوە بەکۆشش وبەشیعر جێگەو ناوێکی زۆر زوو پەیدا کردبوو. پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئاوارەبووبوو. بەرەو سنوور بۆ سلێمانی، تاکەرکووک وئەوسەردەمە لەبەغدا بەوێنەگری گیرسابۆوە. بەڵام هەر لێی نەگەڕان و پێش تەمووز وئاوارەیی تریش هاتەڕێ. ئەوەی کردبوو بە پیشەکە بەرامبەر ئازاری ڕۆژگار هەر پێبکەنێ. ئەو ڕەحیمی دۆست وهاوڕێی گەشتی ژیانی دەیووت: ئەم کابرایە قەیسەری یەک بۆ پێکەنینی خۆی دەسووتێنێ. ئەویش لە وەڵامدا دەیووت: خوا بتگرێ، دەبوو ئەم سیل ونەخۆشی بەی من هەر بۆ تۆبووایە، کە نازانی پێبکەنی. کەچەند ساڵی پێش تەمووز لەگەڵیاندا لە ئاوارەییدا یەکمانگرتەوە، شەڕۆڵ دەیووت: ئێستا باشە، (ئەوڕەحیم) بە چەند

ڕۆژی پێدەکەنی. جاران بەھەزار ئەمن پێکەنینت لێ نەدەدی.

لەبەر قسەی خۆش وشاعیری ولەبەر ئەوەی بۆنی موکریانی لێوە دەھات لای ھەموو دانیشتووانی دوکان جێ یەکی تایبەتی ھەبوو. ئەویش لەپاڵ ئەوەدا کەئێرە جێگەی بینینی پیرولاو بوو، شێوەی بیر وقسەکردن چەشنێک لە خۆشیی تێکۆشانی دەدا بەوو بەھەمووان کانگەیەکی باشی پێکەنینیش بوو. کۆمەڵێ لەشیعرە جوانەکانی خۆیی دا بوو بە بەئوستاد. ھەر پارچەیەش حیکایەتێکی ھەبوو، لە تونێی ئەم گەشتەدا زۆر بەیاتتان بیست. لەگوفتارێکدا باسی پارچەیەکی ئوستاد کرابوو، ئەوەی ووتم: کە ماموستا گۆران زانیی شیعری (شرۆل)ە، ووتی: ئەی بۆ خۆی بۆ شیعری وانانووسێ. ئەوەبوو شیعرێکی ئەوی دیبوو چەند جار پێی دەووت: ئەی بۆ ئەعین شیعر. ئەویش ئەو چەند ڕۆژە خۆی گوشی (با بڵێین شیعرێک بۆ ئوستاد بکات قەعناکا با دووزەردیئەش بێت). سوودی نەبوو، ناچار مۆنتاجێکی باشی بۆ کرد. پارچەشیعرێکی لەفارسی بەوە بۆ کرد بەکوردی:

ئەستێرەکەم بەدەرخەی لە بورجیا نجوومگەر
کۆتاییش ئەم دێرەی بۆ خستبووە سەر:
بەشیر موشیر لەعەززەدت کوردانە وا بەپیری
ئارەق دەکا ولەگەرما لەناو دوکان دەسووتێ

جا کەماڵ ئاغای خۆمان دەیووت: باشە، بەغدا گەرمەو ئوستاد پانکەی نی بە کورد بڵێ چی؟

(شرۆل) یش لەگەڵ ئوستاددا ھەمیشە کۆک نەبوو. لەم دووایییەدا تەواو تێکیاندا.

پاش تەمووز بوو. شرۆل لەگەڵ ئاوارەکانی عیراقدا ھاتەوە بەغدا. ئەمجارە بەڕێزو بەشاعیر تەماشا دەکرا، بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆنی نێررابووە مۆسکۆ. ڕۆژێک ھەر دانیشتم ودانەنیشتم ئوستاد نامەیەکی دامێ:

- بخوێنە ...
- ئەمە چی یە؟
- تۆ بڵێ . .
- ئەمە نامەی (شرۆل) ە بۆ بەدبەخت.
- نە، . بۆ ھەردووکمانە.
- ئاخر بەھۆی جەنابتانەوە بۆ ئەو نێرراوە.
- نە، . . بیخوێنە، بۆ ھەردووکمانە.

کەکردمەوەو کەوتمە خوێندنەوە، ئیتر پێم ڕانەگیرا زۆربەی گاڵتە بوو بەئوستاد، بەسەری

رووتاوەی، بە (شیعر)و(ئیمضا)ی، بەتوانای پیاوەتیی . . کە لێبووەمەوە ووتم، ڕەنگە لەجیاتی ئەو لەمن توورە بێ.
بەڵام باشبوو هەر ئەوەندەی ووت:
- ئافەریم، شاعیری گەورەی کوردستان. ئەمن ئەتۆم نارد بۆ مەسکەوە ئەم قسە قۆڕانە فێر بیتن یاعیلم ومەعریفەت.
سەیر ئەوەیە چەند ساڵ پاش ئەمە شاعیرێکی هێلی ئوستاد ئەم قسەیەی بە قالە ووتەوە. هەرچی شرۆڵە ئەوە لەم چەشنە قسانەی هەر دەکرد زۆر جار ئوستاد خۆی لێ کەڕ دەکرد. هاوینێک شرۆڵ چووبووە هاوینە هەوار، بەدبەخت دەست وپەنجەی دەئێشا. چەند دێڕێکی بۆ نووسیبوو. ئەوەی لەبیرم مابێ ئەمانە بوون:
قەسەم بە دەستی شل وشێواوت
بەچاویلکەکەی سەرلووت وچاوت
سوێندم بەبەشیر، بەشیعر وئیمضای
بەکچی سەعید بەقەدو باڵای
قەسەم بەو یانەی هیچ بۆ کوڵد ناکا.(۱)
بەوناڵە سووڵەی ناتوانیٚ لاکا
لە دوکانەکەشدا بەدزیی ئوستادەوە ئەم شیعرانە والیکدرانەوە کە ڕۆژێک ئوستاد لە مەحموود بامەڕنی توورە بوو کە بۆچی لە هەڵبژاردنی یانەی پێشکەوتندا نادرە سووریان هەڵنەبژاردووە، ئەویش ووتی:
- جانم کوڵد نی یە . . .
- ئیٚ چۆن نادریبگ کورد نی یە؟
- ئا . . . جانم ئێڵەو ئەویٚ ناتوانیٚ لاکات.
بەڵام ئەمانە هەموو شرۆڵیان لەگەڵ ئوستاد تێکنەدا. چونکە لەهاتنەوەیدا بەسەبرێک ودووفوو یابەدوو قسەی خۆش ودیاری یەک پێنەی دەکرد. شەڕی گەورەیان لەمەودوابوو.
ڕۆژێک وریا وتاقمەکەی هاتبوون، ئوستاد لەخانەی عەسەبییەتدا بوو.
- مامۆستا چی قەوماوە؟
- هیچ . . .
- چۆن هیچ، ئەوە نی یە بێتاقەتی.

---

(۱)- لێرەدا وەک قسەکردنی مەحمووود (ر) بە (ل) نووسراوە.

- هیچ . . .هیچ . . ئەو شرۆڵە، دەیناسن.

- ئەی چۆنی ناناسین مامۆستا، خۆ هەر هیچ نەبێ چەند ساڵە هەموو ڕۆژێک لێرە پێکەوەین.

- ئێ . . . دەیناسن، نە ئەوە، نە ئەوە.

- چی بووە، چی کردووە؟

- زۆر قسەی ناشیرینی بەئەمین ووت، زۆری ناماقوڵیکرد.

- باشە ، چی ووتووە، بابزانین.

- ناووترێ جانم.

- ئاخر چۆن؟ بابچین جوابی بدەینەوە.

- ئێ ئەوە هاتۆتە بەردوکانم، هیچ شەرم ناکاتن بەئەمین دەڵێ:

ئەتو نەشاعیریت، نەفەیلەسوف.

- بەڕاست ناماقوڵی وا گەورەی کردووە؟. ئەی جەنابت هیچت نەووت؟.

- نە . . . ئەمین چۆن دەم دەخەمە دەمی شتی واوە

- یانی هیچت نەووت؟

- نە . . . هەر ووتم ڕۆحەکەم ئەتۆش( ......... ) ی

-هەر ئەوەندە بەسبوو؟

- نە . . . ئەمین پێم ووت، ڕۆحەکەم ئەمین قەت نەموتووە شاعرم، ئەمین جاروبار لەم بەغدایە، لەداخی دووریی نیشتمان شعر دەڵێم، بەلام لەگەڵ ئەوەش بچو لەئەوڕۆیە بپرسە، بزانە شعری ئەمین دەزانیتن یاهینی ئەتو؟

شرۆڵ هەلاتن ودەربەدەریی زۆر دیبوو، لەبەر ئەوە لەهەر شوێنە ناوێکی لەخۆی نابوو. ئەمە لەو کاتەدا کەئوستاد چووبووە خانەی عەسەبیەتەوە ناوڤزوو بوبوو.

- ئێ ، ڕۆحەکەم، ئەمین چۆن دەم دەخەمە دەمی ئەوەوە، ئەویک تائیستا ناوی خۆی نازانێ. ئەمین پێم ووت: شەرەف وناموسی تۆ لەوەدایە لەسابلاخ ووتت ناوم عەبدوللایە، لەسلێمانی بووی بەکەریم، کە چوویتە قامیشلی بووی بە حاجی ئەحمەد، ئیتر ئەمین چی بە ئەتو بڵێم.

لەم هەموو کەینوبەینەدا بەشی پێکەنین بۆ شرۆڵ مابوو. دەیووت: ئوستاد چەند جار ووتی من نەموتووە شاعرم. بەلام بەلای فەیلەسوفەکەوە نەچوو، چونکە فەیلەسوفی بەگەورەتر دەزانی. لەبەر ئەوە ئینکاری ئەوەی نەدەکرد. هەر شرۆڵ لەم باردەوە دەیگێڕایەوە دەیووت:

- رۆژێ باسی پیاوی داناو فەیلەسووف دەکرا ئوستاد فەرمووی:

- بەشی پیاوی داناو فەیلەسووف هەر کلۆڵی وئازارو هەژاری یە، ئەوە ئەرستۆ، ئەوە سەعدی، ئەوە ئەمین، ئەوە حافز، ئەوە جامی.

شـرۆڵ دەیووت: ئاوا بەو جـۆرە خـۆبکرد بە ناویانا تا لەبەینیـانـدا ڕەت بێت وەمن نەیناسمەوە.

* * *

ئوستاد تەنیا لای وانەبوو کە لە ئەورووپا باش دەیناسن، بەڵکوو لای وابوو لە ئەمەریکا باشتری دەناسن. بۆ ئەمەشیان ئەبێ بگێڕینەوە بڵێین:

ئوستاد نەخۆشی شەکری هەبوو. خۆی دەیووت:(شەکر خستەلغی)م هەیە. بۆ ئەمەش کۆمەڵێک کاروبار ڕێکخرابوو. کاک ئەحمەد حیلمی کۆنە ئەفسەر هەموو ڕۆژێ نانی جۆی تەواو برژاوی دەهێنا. ئەشیدەزانی بەژماردن بەشی کات.

- یەک بۆمن، یەک بۆ تۆ. دوو بۆ من، دوو بۆ تۆ، بەشیـاندەکـرد. ڕەحمی بەگیش قسووری نەدەکرد گەنانی جۆی دەدی دەیووت:

- ئەوە چی بە ڕزقی کەر بەشدەکەن.

ڕۆژێک ئەندامانی دوکان پیاوێکیان بۆ هێنا. لە کێڵگەی(بەکرەجۆ) ئیشیدەکرد، ووتی:

- مامۆستا لای ئێمە ڕەگی گەنەشامی دەکوڵێنن، ئاوەکەی بۆ نەخۆشیی شەکر زۆر باشە، تەواو شەکرەکە دێنێتە خوارەوە.

- ئێ . . . باشە، بۆم دەنێری؟

- بەڵێ، بەسـەرچاو هەر چوومەوە یەک گـونیـەت بۆ ئەنێـرم، ئەینێرمـە تا ئەم ئوتێلەی تەنیشتت تابتدەنێ.

- نە، . . . بینێرە بۆ خۆم بۆ دوکان.

- نە، . . . مامۆستا بۆ ئەوێی ئەنێرم باشترە، بەخاوەن ئوتێلەکەش ئەڵێم.

- نە، . . . بینێرە بۆ خۆم بۆ دوکان.

- نا مامۆستا، ئاخر ئەوێ پێیدا دەنێرم ئوتێلەکەی باشتر پێ دەدوزرێتەوە.

- نا، کەرە، ئەتۆ بچۆ لەئەمریکە بپرسە بڵێ کامەیە بەشیر دەڵێن ئەوەتا . . .

* * *

"شرۆڵ" هەرچەندە لەشارو مەڵبەندی خۆیەوە، دوور بوو، هەر ئەوەش وایکردبوو لەکاری ڕۆژانەی نهێنیی سیاسەتەوە دووربێ. بەڵام تێکڕا لەکوردایەتی ولە پێوەندی بەکۆمەڵە نهێنی

یەکانەوە دوور نەبوو، لەبەر ئەوە ئەویش دووا بیری نوێ، دووا هەواڵی نوێی پێبوو، لە پاڵ ئێمەدا دەیهێنایە ناو کۆڕی یانەی ئوستادەوە.

هەر لەودەستە بەتەمەن مامناوەندی یە کەسی تری دیار لەیانەکەی ئوستاددا ئۆردوو بوو. ئوستاد ناوەکەیی بەدوو چەشن دەووت بەکوردی بەجۆرێک وبەعەرەبی بە جۆرێک. خۆی ماوەیەکی درێژ بە تێکۆشانی سیاسی یەوە خەریکبووبوو، ئازار ونشکەنجەو دەربەدەریی زۆر دیبوو. ڕەزمی ناکۆکی و دووبەرەکیی چەشتبوو. ئیتر تاقەتی لە پێوەندی ڕۆژانە چووبوو. بەلام ئەویش وەک"شرۆڵ" باشترین بیرو دەنگوباسی پێبوو، بەکۆمەڵی ڕەخنەی خۆیەوە دەیهێنایە ناو کۆڕەکەوە.

پاش مردنی ئوستاد بە چوار پێنج ساڵ ئۆردوو لە ڕۆژنامەیەکدا یادگاریی خۆی دەربارەی ئوستاد نووسیبوو کۆمەڵێ قسەی خۆشی گێڕابۆوە، ئەوەندەشی نووسیبوو کە ئوستاد لەهەمووان زیاتر گاڵتەی بەو دەکرد.

لەپاڵ ئەم دوونەوەو بەرەبەدا تاقمی لاوی کۆڕی ئوستاد بوورن.

ئەوە بەندە بەو جۆرە ئوستادم ناسی کەعەرزتانکرا. (بەدبەخت)یش هەر بەو چەشنە بردمە لای ئوستاد، بەلام ئەوشتانەی ئەو بۆی دەنووسی، بەخەتێکی جوانترو بە مەرەکەبێکی جوانی چینی دەنووسرانەوە، کاری ئەوتۆی نەبوو، پاش زانستگا تەواو کردنیش کە لەدەرس ووتنەوەی قوتابخانە دەبۆوە جێگەی هەر لای ئوستاد بوو. باری ژیان ودەرامەتیشی باشبوو، خوا هەقە لەسەردەمی نەبوونیی ئوستاددا کەمێک یارمەتیشی دەدا. ئوستاد ئەوەشی لەبیر نەدەچوو کە ساڵێک نەخۆشبووە بەدبەخت چەند مانگ دوکانەکەی بۆ بردبوو بەڕێوەوبارێویەکی باشیشی بۆ کۆکردبۆوە.

بەدبەخت پێش هاتنە بەغدا دەمی لەسیاسەتەوە نەئەدا وهەموو ئەو سەردەمی هەژاندنەی ڕاپەرینی کانوون کە هەموو کەسی بەرەو مانگرتن و خۆپیشاندان هێنابوو ئەوی نەجووڵاندبوو، یابڵێین- لەدەروونەدا کوڵابوو، بەلام لەترسی زەبروزەنگی ماڵەوە توخنی هیچ نەکەوتبوو. لەبەر ئەوە کەهاتە بەغداش هەر گۆشەگیر بوو. چەند قوتابی یەکی کوردی دەناسی. تاقە کلاوڕۆژنە بەرەو بیری سیاسی و ئەو کوردایەتی یە دەمارگیریی لاپەیدا کردبوو هەر دوکانەکەی ئوستاد و بیروڕای ئەفسەرە خانە نشینەکانی ئەوێبوو. وورده وورده لەگەڵ چاپووکیشدا جووت بوون. ئەو ئوشوستیی هێنابوو، ڕقی لەچەپ هەستابوو. بەرەو ئەو کەنارە دەچوو، ئەمیشی لەگەڵ خۆی دەبرد.

لالە کەماڵ وقەمەرەدین بە پێوەندی وبەکاری ڕۆژانە دیموکراتبوون. بەلام وەک زۆربەی دیموکراتەکانی ئەو سەردەمە زۆرتر لەگەڵ ئێمەی چەپ جیانەدەکرانەوە. بە تایبەتی لەلای

دانیشتووانی یانەکەی ئوستاد هەر هەموومان بەکۆمۆنیست دەدرایە قەلەم. ڕەحمی بەگ کراوەتر بوو، دژی ڕژێم بوو، لەبەر ئەوە جیاینەدەکردینەوەو لیمان وەڕس نەبوو، لەناو خانەنشینەکاندا هەر تالب سۆسیالیست کەدیارە هەر لەدەوری عوسمانی یەوە ئەولەقەبەی درابوویە، ئێمەی خۆشنەویست، کەسانی وەک (مامۆستای بەرمال)یش کە پیاوچاکبوون، ترسی ئەوەیان هەبوو سەرمان بەفەتارەت بچێ وتکایان ئەوەبوو خوێندن تەواو بکەین ئەوسا چی ئەکەین بکەین. ئێمەش کە هەر خۆمانبووینایە ولەپیرەکان هەر ئوستاد وڕەحمی بەگ لەوێ بوونایە دەستماندەکرد بەقسەو لەهەریەکەیان بە چەشنێک سوودمان دەبینی. ئێستا باشتر تێدەگەین قسەکانی ڕەحمی بەگ ئەنجامی ژیری وتەجربە بوون. هەرچی ئوستاد بوو کە قسەوقسەلۆک تیژ دەبوو قسەیەکی خۆشی ئەوتۆی دەکرد ساردی دەکردینەوە وناوی دەکرد بەسەر ئاگردا.

* * *

ن- باشە ئەوە حیزبەکەتان جیایە، ئەو قوتابیانەتان بۆ جیاکردەوە، هەرپێکەوە بوونایە باشتر نەبوو.

ل- نەخێر، ئێمە لامانوایە کوردستان سنووری خۆی هەیە، خاکە، لەبەرئەوە دەبێ ڕێکخراوی خۆشی هەبێ.

ن-ئەوە بۆ حیزبەکە واتانکرد، بەڵام ڕێکخراو شتی یەکگرتووی هاوپیشەیی هەیە. نەبێ یەک بێ.

ق- کە حیزب جودا بوو، دەبێ قوتابیانیشی جودابن. لۆ ئەمن لەگەڵ ئەنگۆ نەبووم، کارم پێدەکرا؟.

ب- کوڕە وەللا هەمووی هەریەک بێت باشە.

ل- ئای . . چۆن تۆ وا دەڵێیت؟

ب- ئەی چۆن؟ کە ئێوە باوەڕتان بە برایەتی هەبێ باهەریەکبن، لەهەموو شتێکدا هەر تێکەڵبن.

ل- کاکە، کورد دەڵێن: براسان برایی، کیسەمان جیایی، ئێمە برای هەموو گەلانین، دوژمنی ئیمپریالیزم ودەرەبەگ وکۆنەپەرەستین. بەڵام هەقی خۆشمان هەیە وبەجیا هەوڵی بۆ دەدەین.

ب- کوڕە هەوڵی چی ئەدەن، ئەوە نی بە داوای بەرە ئەکەن لەگەڵیانا.

ل- کاکی خۆم، بەرە جیایە، هەنگاوەو سەریەکات وشوێنی خۆیەتی، بەڵام حیزب و

ڕێکخراو درێژ خایەنن.

ب- کوڕە فەرقی چی یە، کەئێوە دەستتان لەگەڵیان تێکەڵکرد، لەگەڵیان دانیشتن، بەزمانی ئەوان قسەتان کرد، ئیتر چیی تیا ئەمێنێتەوە.

ق-چی، ئەتۆ بەزمانی وان ئەتخوێندی یە، قسانی پێ ناکەیت، شتی پێ ناکڕیت؟!.

ب- ئەوە ناچاری یە، بەڵام هی ئێوە بەخوابشتە.

ل- ئێمە دوژمنی گەل نین، دوژمنی زۆردارو دەسەڵاتداری گەلین، هی خۆمان وهی ئەوان.

ب دەگەلیکتان پیرۆز بێت -

ن- باشە هەموویان خراپن.

ب- ئەری وەللا، ئەی کامیان باشە.

ن- باشە تۆ لەگەڵ عەبدوللای هاوسنفتدا دایم پێکەوە نین، نالێیت کوری باشە؟

ب- ئەوە موسڵاوی یە، ئەبێ ڕەگێکی کوردی تێدا بێ.

ن - ئەدی هادیی لەژووردکەدا لەگەڵمان دەنوێت.

ب- ئەوەش خەڵکی دیالەیە، نزیکی کوردستانە.

ق- کەواتە بابم بە ئارەزووی خۆتە . . .

ن- باشە، هێواش هێواش خەریکە ئەمانکات بەیەک، بابێینەوە سەرشتی ڕاستەقینە. لەیەکێتیی قوتابیان بدوێین، لالە تۆ لەکۆیەوە ئەهاتیتە(کۆنگرەی سیباع) چیت زەرەر کرد، ئێستاش . . . .

ل- کاکە، ئێستا ڕێکخراو جیا بێت. ئەم هەموو قوتابی بە کوردانەی ئێرە ئەوێمان پێ کۆدەکرێتەوە. ئەوسا زۆر کەمبووین.

ب- دەبڕۆن کۆیکەنەوە، کێتان لەگەڵە؟

ن- لەگەڵ ئێمەش؟

ب- هەردوولاتان.

ق- ئەی لەگەڵ ئەتۆنە؟

ب- من لەگەڵم نی یە، تالەگەڵم بن. من باوەڕم بە مانە نی یە، ئێوە لەجەوهەردا یەکن و لەبەختی کوردی زەبوون خۆتانکردووە بەدوو.

لێرەدا ئوستاد هەڵیدایە.

- نە ، هەریەکن، ئەتۆ سەلامەت بێت وامەڵێ، با ئەوان بەدرۆ لەبەرچاوی ئەوان دووان بن، بەڵام ئەوە نی یە بە لێرە هەریەکن. ئەمێن نابەڵم لەکوردایەتی لابدەن.

نوورەی ڕەحمی بەگ هات:

- کوڕینە لاون، خوێنگەرمن، ئەمە ڕۆژەو سیاسەتە، کەپێتانئەکرا لەقەوارەیەکدا پێکەوەبن. ئەوە ئەو بیری بەرەیەم زۆر لاباشە. هەوڵی بۆ بدەن، ئەوەتا من جیاوازی لەنێوانتاندا نابینم.

ب- ئینجا جەنابت وایفەرموویت، هیوایەکمان بەوەیس بوو، وەیسیش سوننی دەرچوو.

ر- کاکە، ئەوە زەمانێکبوو، بیروڕایەکبوو، ئێستا شتێکیترە. ئەی لەو سەرپردە چەند ساڵێک لەسویەر پێکەوە خوێنمان نەرژاند. سوودی نی یە، ڕۆژ گۆڕاوە، ئای بۆ تەکانی ئەوسای خۆم.

دەتووت ڕەحمی بەگ وەک ئێمە پێشبینی ڕاپەڕینێکیتر دەکات.

پاش چەند هەفتەیەک لە کۆلانەکانی گەرەکی(فەزل)دا لەگەڵ لالە کەمالدا لە خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی تشرینی ١٩٥٢دا یەکمانگرتەوە. بەدەستێکبەردمان دەدایە دەستی یەکتر بۆ ڕووبەڕووبوونی گوولەی پۆلیس ولەولاشەوە کە دەکراین بە کۆلانێکدا سەتڵمان لەماڵەکان وەردەگرت وئاومان دەکرد بەدەم وچاوی یەکتردا تا فرمێسکی بۆمبای فرمێسکڕێژ بشۆین.

لەوکاتەدا ئوستادمان لەبیر بوو.

- ڕاستیکرد یەکین.

- بەڵام بەدرۆ دووان نین، هەریەکین.

- دیارە ئوستاد یاسای یەکێتی وناکۆکیی تاقمشتێک نازانێ . . .

- هەتیم خەریکی بەردەخڕە کۆکردنەوە بە، لەفەلسەفەی ئوستاد گەڕێ.

هاتینەوە سەرشەقامی غازی . . .

"یاالله یاشباب جددوا الوثبە" (١)

- ئێستا بەدبەخت لێرە بێ دەڵێ بۆ بەکوردی نایڵێن؟

- تۆش لەویگەڕێ، ئەو بەکوردیش بێت هەرنایەت وا ئەزانێ بۆ کورد نی یە.

"یاالله یا شباب، جددوا الوثبە"

خەڵکی تێکەڵ بەیەکبوون ولەگەڵ پۆلیسدا بووینە شەڕەدار، یەکترمان وونکرد. چەند ڕۆژێ ڕاپەڕین هەریەکە لەلایەکەوە، دووا ڕۆژ سوپا هاتە سەرجادە وبۆ سبەینێ ڕاپەڕین دامرکایەوە یا کپ کرا. هەرکەسە کەوتە خۆ دەربازکردن بەرەو کوردستان وخۆشاردنەوە.

بەدبەخت ترسی لەخۆی نەبوو، شەو کەبەشی ناوخۆ داخرابوو چوبووە ئوتێل لەوێ هاتبوون

---

(١)- دەی لاوینە، ڕاپەڕین نوێ کەنەوە.

هەرچی لێبوو کزیانکردبۆوە، شەونێک، دووان، لەگرتووخانە بوو ئەوسا هاتەوە.

- بەڵێ چونکە کورد بووین هەموویانیابرد.

- باشە عەرەبی لێ نەبوو.

- بەڵێ لێی بوو، بەڵام ئەوان موزاهەرەچی بوون.

- خۆ ئێمەی ئۆتێلی تێدا نەبووین، هەر چونکە کورد بووین.

- برا، کوژرا وبریندار وشەهیدی کوردیشمان هەبوو. ئەحمەدی جوانەمەرگ لەتەنیشت منەوە کەوت.

- کەیفی خۆتانە. من ئەمووت هەمووتان یەکن، ئێمەش ئەوەمان بۆ مایەوە. کابرایەک بەناهەق لەگەڵمانگیرابوو لەبەردەمی پۆلیسەکاندا بەخۆیی دەووت:

عصفور انت شنو . . . تشریب مال انت شنو.(١)

-باشە نەتووت شەرمە قسەی کوردی دەکەیت بەعەرەبی؟

-بابە لێگەڕێ هەر خواخوامانبوو بەرماندەن ئیتر چۆلەکە بێ یاعصفور.

* * *

من گیرام. ماوەیەک لەبەندیخانەی بەغدا بووم، لەپاڵ کەس وکاردا لەئەندامانی یانەی نوستاد هەربەدبەخت دەهات بۆسەردانم. کەیادی ئوستادم کردەوە ووتی:

- ئەو نایە بۆ لات ، چونکە ئەڵێ: لاتیقی ئەمین نی یە سەری بدەم.

لاتیقی ئەمین بوو بەری بدەم. بەڵام وا زەمانە گۆڕاوە، ئەم گاگوانە لەسەرکارن ئەمین هیچم بەدەست نی یە.

ساڵەها پاش ئەمە شاعیرێکی عەنتیکەی کورد حیکایەتێکی بۆ گێڕامەوە. بۆم دەرکەوت ئەم عیبارەتی "لاتیقی ئەمین نی یە" ی نوستاد زۆر دەمێکە لەکاردایە. شاعیر ووتی:

- ساڵی ١٩٢٨ کرێکاربووم لەچاپخانەی بێخۆر. خاوەنەکەی کابرایەکی جولەکە بوو، شیعریشم ئەنووسی. نوستاد ئەو دەمە بەیەکەم بەرگدرووی بەغدا دەناسرا، هاتوچۆم دەکرد. نەورۆزهات ووتی:

- ئەتۆ شیعرێک بۆ ئەمین بنووسە. بەناوی ئەمینەوە بیکە بەکارتی جەژنە پیرۆزە. منیش چوارینێکم نووسی (ئەوتە) لەپێنجینەی شۆڕشدا بڵاوم کردۆتەوە:

کەبەکارت بەسەلاو ئەولادا بڵاوێکردبۆ، ناوخۆشی لەسەربوو. کەوتبۆ دەست پۆلیس، سەرپۆلیسی ئەو سەردەمەی بەغدا کابرایەکی خەڵکی مەنەلی بوو.

---

(١)- چۆلەکە تۆ چیت، گۆشتاوت چی‌یە

دوایی گەیشتە پلەی وەزیری ناوخۆ.

کابرا ئەنیریّ بەدووای ئوستاددا. پێی دەڵێ:

- ئەریّ بابە، تۆ ئەمەت بەرامبەر حوکمەت نووسیوە، حوکمەت خراپیی چی یە؟. یاحوکمەت کیّ یە ئەو وەزیر وکاربەدەستانە نەبن کە دێنە لای جەنابت دادەنیشن ومن بەناواتەوەم بیانگەمێ. ئوستادیش لەڕوودا ئەمینیّ لەوەڵامدا ئەڵێ:

- ئەوە ئەمین نەمنووسیوە، ئەوە هەتیوێک هەیە لەو چاپخانەیە کرێکارە، ناوی فلانە، ئەوە بەناوی ئەمینەوە نووسیویتی وچاپی کردۆتن.

ئیتر سەرپۆلیس ئەوی بەڕێکرد ودوو پۆلیس هاتن بە شەق مێیان برد. کە پرسیی ووتم:

- بەڵێ پیاوەکە نەخوێندەوارە، لەبەرئەوە من بەزمانی ئەودەوە نووسیومە. ووتی کەواتە ئەمە هەم قسەیە بە حوکمەت وهەم ساختە و(تەزویر)ە. (چاوت دەردێرم کەپوولت دشکێنم . . . هتد). لەمن قسەو لەو قسە گرتی ونێوارە ڕەوانەی سوقلشیوخ(سوق الشیوخ) یانکردم، پاش شەش مانگ ڕێیاندام بێمەوە. کەهاتمەوە چوومە خزمەت ئوستاد لەوێ نەبوو، پرسیم ووتیان ئافرەتێکی جولەکەی ئاشنای هەیە لەسەر شەت، ئێواران لای ئەوە، کە چووم ولە دەرگام دا وهەواڵی ئوستادم پرسی- بەڕووی خۆشەوە بردمیانە لای، وەک پادشا دانشتبوو. کردم بەهەڵڵا:

- ئەریّ کابرا، تۆ شەرمت نەکرد، پیاوێکی وەک تۆ خۆت وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوویت ومنت بەگرت و دوورخستنەوە دا. قاقا دەستیکرد بەپێکەنین و ووتی:

- نیّ ڕۆحەکەم، ئەمین گەورەی کوردم. لائیقی ئەمین نی یە بچمە حەپسخانەوە، لائیقی ئەتۆیە لەجێی گەورەی خۆت حەپس کرێیت . . .

- کورە کابرا چۆن؟

- نیّ . . . چۆن وەزۆن نی یە، ئەتۆ واناشیرین وپیس ها پارە. بچۆ خۆت بشۆ دەستیّ جلیّ باش بکرە و وەردەوە ئینجا قسە بکە. ئێرە شوێنی ئەم پیس وپۆخڵی یەی ئەتۆ نی یە.

لەوکاتەدا خاوەن ماڵ، کەناوی مریەم بوو هەستی بەقرەقرکرد هات ووتی:

ئەوە چی یە؟ ئوستاد خۆی وەڵامی دایەوە:

- ئەوە ئەمین قسەم بەم گاگوانە ووتووە، ویستیان ئەمین بگرن، ئەم گەنجە لەجێی ئەمین چووە حەپسخانەوە.

- دیارە پیاوە. باشە تۆ چیت بۆ کردووە؟

- ئەوە ئەمین دوو دینارم داوەتیّ. بچیّ خۆی بشوا جل وبەرگی جوان بکڕێتن وبێتەوە.

-باشت کردووە. بابچێت، منیش چاوەڕێم.

چوومە حەمام، پاشان ئەو پارەیە ئەوسا زۆر بوو، دەستێ چاکەت وپانتۆڵ وکراس وبۆینباغ وپێڵاوو گۆرەوی وسدارەیەکی جوانم کڕی وبەرێکو پێکی هاتمەوە.

- ئێ . . . ئێستا لێت دێ قسەبکە.

- کوڕە قسەی چی بکەم مەمنونتکردم.

مریەمیش هات، پێکەوە دانیشتین، ئەویش بەش بەحاڵی خۆی میوانداری یەکی باشی کردم، کەچێشتا تامی لەژێر دانمایە.

خوا هەقە ئوستادیش ئەمری کردبوو، ئا مریەم

ئەم زاتە دووجار لە خۆت پەڕێنە

* * *

پاش بەندیخانە گەڕامەوە شارەکەی خۆمان، لە هەواڵی ئەو سەردەمەی لای ئوستاد ئەوە بوو کە بەدبەخت ولالە کەمال وقەمەرەدین دەوروبەریاندا بوو. ووڕتەووڕت وموناقەشەیان هەر بەردەوامبوو. لەڕووی ژیان وگوزەرانەوە خزمەتێکیان کردبوو هەرگیز لەبیری نەدەچۆوە.

دەوڵەمەندێکی گەورەی بەغدا هەبوو، دەیانووت بە ئەسڵ کوردە وپێوەندی بەکوردەوە نەماوە. ئوستاد بە برازای خۆی ناوی دەبرد تاقە کچێکی هەبوو دابووی بەکوڕی کەمال بەگی باوان، خۆیشی بۆ ئەوەی هەموو میراتی بۆ ئەو کچە بێت، لەدادگا خۆی کردبوو بەشیعە. ئوستاد هەندێ جاربەچاکی وهەندێجار بەخراپی ناویدەبرد. هەموو ئەمانەدەزانی چۆن برازایەتی؟. جارێ ئەوە هیچ نابەت بەلایداو لەم کلۆڵی بەیبدا هیچ یارمەتی نادا، خزناوی باپیری ئەو لەگەڵ ناوی باوکی ئوستاددا یەک نی یە، بائوستاد لەچەند سەرچاوەیەکدا بەچەند جۆر ناوی خۆی گۆڕیبێ بانووسیبێ. کاکە ئەحمەد کوردە ئەمەشی بۆ چارکردین. فەرمووی:

ڕاستەکات باوکی کابرای دەوڵەمەند لەدایکەوە برای ئوستادە لەباوکەوە ئامۆزایەتی. ئێمە لەوێوە دوور بووین. دووایی تێگەیاندین. باوکی ئوستاد مردووە، براکەی بۆ دەست بەسەر کوڕو کچ گرتنیدا لەسەرداب ونەریتی زۆر لەشوێنێی کوردەواری ژنەکەی مارە کردووە. بەمجۆرە کوڕەکانی ئەم لەدایکەوە بوون بەبرای ئامۆزاکانیان. هەر زووش ئوستادی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ئەم ناوە. لەبەر ئەوە نابێتن کوردی یەکەی کەمێک لەنگە.

بەهەرحاڵ ئەمانە هەر خزمی ئوستاد بوون، لەوابەینەدا ئابەکی کابرای دەوڵەمەند کە هەم برازاو هەم ئامۆزای ئوستاد بوو وئەو هەر بەبرازای دەزانی ولەویتریان نەدەگەیشت. هەردەیووت: کوڕی کاکمن خاوەنی (شجرە البیان)-بڵێین ئەم برازایە نیوە خۆش.

ئوستاد یەکەمجار بوودوکان داخات. دراوسێ دوکانەکانی ئاگادار کردبوو. کوڕگەلیش- لالە ویەدبەخت وقەمەر کەوتبوونە خۆیان، بەهەرسێکیان مەرێکیان کڕیبوو. لەو وولاتە عادەتە کابرا: دەوڵەمەندیش بێت لەپرسەدا شتی هەر بۆ دەچێت. سێ ڕۆژ لەسەریەک لەوئوتێل و

چایخانەو بازاڕەدا چی بان کورد بەجلی کوردی یەوە پێ کۆکرابووە بەتاکسی بردبوویانێ بۆ پرسە. کە ئەم هەموو کوردانە خۆیاندەکەن بەژووردا. کابرا تاوێک ووردەبێت. بەڵێ ئەو کوردە، بەڵام نەکوردناسێ ونەکوردی دەزانێ ونەکوردایەتیی کردووە. پاش تاوێک بریار دەدات کەکەمال بەگ لەبنەماڵەیەکی ناسراوی کوردە وکۆنە وەزیرە ئەمانە بەهۆی(خزمی خەزووری سەپانی مالی شێخە)ی ئەوەوە هاتوونە پرسەی ئەم وەمەریش بەشانازی یەوە وەردەگرێ وبەگەرمی یەک یەک بەخێرهاتنیشیان دەکات ورەنگە لاشی وابێت کە ئەم مەرگی برایە خێری تێدا بێت ودەرویەکیتر لەبازرگانی ودەوڵەمەندیی ئەو بەرەو کوردستان کرابێتەوە. کەمال بەگیش لەدڵی خۆیدا هەرواى تێدەگات. کەپاش فاتیحا وبەبێ دانیشتن هەموو بەکۆمەڵ هەڵدەستن بەپێی بڕیارو تێگەیاندنی پێشوو- ئەو سێ کورە قۆزە دەچنە بەردەمی ئوستاد وبەگەرمی سەرەخۆشی وپرسەی لێدەکەن. یەک یەک خەڵکەکەی تریش بەدووایاندا. یەکەم ڕۆژ تاوێکی سارد کرابوو بەسەری تێکەماڵ بەگدا. ووتیان لەسێ یەم ڕۆژدا دەم وچاوی بچووک بوبوو.

پرسە تەواو بوو، ڕۆژێک ڕابورد، کوڕگەل چوونە لای ئوستاد، ئەو ئافەرینی دەکردن و سوپاسی دەکردن ودەیووت:

کەمال بێگ وابدەزانی گەورەی کوردە.

لەوکاتەوە برازاکەی یەکەمجار پێی نایە دوکانی مامی یەوە، کە کوڕگەلیشی دی زۆر سوپاسی کردن وناسینی ئەوانیش بەستایشی ئوستادو هەوڵ وکۆششی بۆ کورد ناسراویی لای کورد جووت باقی بەی کارەکەیان دایەوە. برازاکەشی دەتووت بەڕوو لەدەمیا تەقیوەتەوە، هەر ئەوەندەی پێ ووترا بڵێ: مامەگیان، گەورەیی بەمال وپارە نی یە. ئەمنەزانی تۆ ئەمەیت، لێم ببورە، قسوورم هەبوو. زەرفێکی پارە خستە سەر مێزەکەو لەوکاتەوە مانگانەش مووچەیەکی بۆ ئوستاد بری یەوە. ئەویش نەیکردە نامەردی ووتی: نێ . . . یەکێکتان بچن بەمەهدی بڵێن لەسەر حسابی ئەمێن چایتان بۆ بێنێ. تا هەفتەیەکیش پارەی چای مەدەن. نیوەڕۆی جومعەش هەرسێکتان لەماڵی ئێمەن نای خۆزگە ئەسرەتیش لێرە دەبوو.

ئوستاد لەپاڵ ئەم خەڵک کۆکردنەوەیەدا ئەرکێکی تری بۆ ئەو خەڵکە بەجێ دەهێنا:

چەند ساڵ پاش ئەمەی تائێستا گێڕاومەتەوە زۆر لەووڵات دوور کوردناسێکی ناسراوی دەردوەگادی . لێم پرسی: ئوستاد دەناسی؟. ووتی : ئەی چۆن، ئەوە ئەدرەسی کوردی عێراقە. بەمۆێ نامە بۆ هەر کوردێکی عێراق بنووسم وئەدرەسی نەزانم ، بەهۆی ئەوەوە دەیگەیەنێرم دەیگاتێ.

ڕاستیشی دەکرد ڕۆژی واهەبوو پۆستەهێنەر دەستەوارەیەک. نامەی دەهێنا دەیدایە دەست ئوستاد، ئەویش لەرێوە سەیرێکی دەکردن. تەماشایەکی پوولەکانی دەکرد(بەلام فێری پوول کۆکردنەوە نەبووبوو، منداڵەکانیشی ئەقڵیان پێ نەدەشکا) ئەوسا دەیدایە دەست ئێمە. هەریەکەی چەند نامەیەک، یا بەپێی ژمارەی نامەکان.

- ئەوە چی یە؟

- تۆ بڵێ.

ئیتر ئێمە لەکاری خۆمان گەیشتبووین.

- ئەمەیان بۆ فلانە، ئەویان بۆ فیسارە. نامەی خۆمان لێ هەڵدەگرتن وئەرکێکی گەیاندنی ئەوانیتریش دەکەوتە سەرئێمە، یاسەر هاتوچۆکەرانی تری بانەکە. ئەوانەش کە لە شاریتر بوون، نامەکانیان دادەنران، کەسێک دەهات یا ئەو دەچۆوە، بۆ ئەو شارە دەیبردن. ئەم ئەرکە گەورەیەی ئوستاد وەک ئەرکەکانیتری بێگەڕو گێچەڵ وقسەووڕتە نەبوو.

ڕۆژێک دەچوومە سلێمانی ، فەرمووی:

- ئەتو کەریم قادر دەناسی؟

- نەخێر مامۆستا.

- نە، . . ئەتو دەیناسی، ڕەفیقی ئەتویە.

-نەبەخوا مامۆستا کەس ناناسم ناوی کەریم قادر بێ.

-ئێ . . .باشە، ئەتو شێخ مەحموود دەناسیت؟

-شێخی گەورە؟.

- نێ . . .

- باشە، کێ هەیە نەیناسی.

- باشە، ئەوە کوڕێکی هەیە دەیناسی؟

- ناوی کوڕی گەورەم برد ووتی : نە، . . .

ناوەنجی . . . نە، بچووک . . . هەر نە،.

-ئیتر کوڕێتری نی یە مامۆستا.

- باهەیەتی.

هاتەوە بیرم برازاگەورەکەی شێخیش لای خەڵک هەربە کوڕی ناودەبرا، چونکە ئەو منداڵبوو باوکی لەگەڵ باپیریدا لەمووسڵ شەهید کران، کەناویم برد ووتی:

- نێ . . . ئەوە، ئەو کوڕێکی هەیە دەیناسی؟. ووتم: فلانیان.

ووتی: نێ . . .ئەوە ئەتو بچۆرە لای ئەو، ئەوە کەریم قادر دەناسێتن. بەوکەریمە گاگوە بلێ، یاکیتاب بنووسێت، یاکیتابەکەم بداتەوە. بەکۆمەڵ پرسیمان کتێبی چی ووتی:

- کیتاب زۆرە، هەرکەسە خۆی قیمەتی کیتابی خۆی دەزانێتن، ئەمە فەلسەفی یە، هی پرۆفیسۆر، فرەنساوی، لیڤۆن. بەدبەخت خوا سەلامەتی کاتن ووتی: ئەم کەریم قادرە کوردی باش دەزانێتن، دام بەو بینووسێتن. بۆئەمین، وانەدەینوسێتن، نەدەمداتەوە. ئەتۆ بچۆ سۆراخی بکە .

کە چوومە سلێمانی دەمزانی شێخ زادە لای ئەحمەد قادری هاوەڵ ودۆستی منداڵیم دادەنیشێ. لەوشوێنەی کاری لێدەکا. چوومە ئەوێ، پاش چا خواردنەوە لەبەردەمی ئەحمەددا پرسیم:

- ئەرێ پێم نالێی ئەو ... کەریم، قادرە(. . . ) ە کێ یە.. وا ئوستاد وریکردووین بەدووایدا دەگەرێ ودەلێ تۆ ئەیناسی.

دەستیکرد بە پێکەنین وپەنجەی بۆ ئەحمەد ڕاکێشا ووتی:

- کوڕە ئەحمەد، ئەم ئەحمەدەی خۆمانە ئەوە منیشی ودرسکردووە، هەر خەڵکم دەنێرێتە سەر.

داوای لێبووردنم لەئەحمەد کرد، چونکە ناسکیی ئەو وایکردووە لەژیانمدا قسەی بەرزو نزم لەگەڵ یەک نەکەین.

-بابە گوێ مەدەرێ. من کەوتوومە بەر هێرشی ئوستاد گوێم پڕبووە.

- باشە مەسەلە چی یە؟

- کوڕه، کتێبێکی (گۆستاف لۆبۆن)ای بەعەرەبی داومێ، کەهەندێ کورد ناوەکەیان کردبوو بە (گۆشتاوو ڕۆن) ئەیەوێ بۆی بکەم بەکوردی وبەناوی خۆیەوە چاپی بکات و وەک بەختنامەی ناپلیۆن لەسەری بنووسی لەفەرەنسی یەوە وەرمگێڕاوە. وامیش ئەزانی سەرم قاڵە، تازە ئەو جوانەمەرگەی برام کۆچی کردووە . . هتد. کەهاتمەوە بەغدا بۆی دەهێنمەوە. کە چوومە بەغدا بۆ ئوستادم گێڕایەوە لەڕێوە ووتی:

- دەی ئینشەللا خۆشی دەمرێتێ.

کەچی دووایی فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە ووتی:

- نه، . . . ئینشەللا نامرێتێ، دەمێنێتێ، کیتاب دەنووسیتێ.

زۆری پێنەچوو ئەحمەد مەلبەندی هێنایە بەغدا. بێ ئێمە ودوکانی ئوستاد خۆی نەدەگرت.کەیەکەمجار هات ودانیشت، خەریکبوو پاکانە بکات، دیاربوو ئوستاد نەیناسی بەوە. بۆ ڕاستی ودرۆی مەسەلە پرسیم:

- مامۆستا کتێبەکەی لای کەریم قادر نەگەیشت؟

ئوستاد ووتی: نه، . . .

ئیتر کەوتە جوێن پێدانی کەریم قادر. ووردە ووردە ئەحمەد خۆشە بوو، هەموو ڕۆژێ بە حزووری خۆی چینێ جوێنی دەخوارد ولێی بێدەنگ دەبوو. سەیر ئەوە بوو نامەشی لە سلێمانی یەوە بەئەدرەسی ئوستاد بۆ دەهات. بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە وەریدەگرت. چونکە خۆی لە ئەوروپا باوە پەنجەرەی پۆستە هەیەو نامەت بەناوەوە بۆ دێت، دەچیت داوای دەکەیت، دەتدەنێ. زۆر کەس کە دەهاتنە بەغدا و ئەدرەسی دیاریان نەبوو، بەناوی ئوستادەوە نامەیان بۆ دەهات و وەریاندەگرت.

ڕۆژێک هاتمە دوکان ئوستاد ڕووی گرژ کردبوو ناچار پرسیم: چی بە مامۆستا بێ تاقەتی.

- ئێ . . . ئەحمەد قادر لەبەغدایە.

- کوا؟ نازانم. (ترسام زانیبێتی وئەحمەدی ناسیبێتەوە).

-با . . . ئەتو دوێنێ لەبازاڕ لەگەڵ ئەوبووی. نادر بێگ بەئەمینی ووت.

تومەز یەکێک لە ئەفەرە پیرە خانەنشینەکان کە ئاگای لەم کەبنوبەینەبە بۆ پێکەنین گەراوە ئەم کەتنەی کردووە. خێرا بۆم هات ووتم:

- مامۆستا ، ئەوە برایەتی هاتبووە بەغدا حەشرم پێکرد، پەیمانی دا کتێبەکە بهێنێتەوە. ئەوە نادر بەگ پیر بووە چاوی ڕەشکەو پێشکەی کردووە.

- ئێ خەلفەللا عەلیک، ئەو گاگورە پیر بۆتن.

*　*　*

دیسان باسالْ بەرینە پێشەوە وبیکەین بەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز. کە ئوستاد و یانەکەی کەوتنە بارێکی ترەوە. لەو سەردەمەدابوو. نامەیەکم بۆ هاتبوو بەخەتێکی گەورە نووسرابوو: سیادە الاستاذ الکبیر . . . ومنه الی . . . ووتیان ئوستاد چەند ڕۆژە لەسەر تەختەکەیی داناوە خەلک بیبینن، چونکە تازە (سیادە) داهاتبوو وابەویش دەوترا.

-ئێ . . . بگرە، ئەوە کێ ناردوویەتی.

- مامۆستا ئەوە برایەکم هەیە ئەو ناردوویەتی.

-ئێ ئیشی چی یە؟

- قوتابیی ناوەندی یە.

- ئێ ، برای ئەتۆ زیرەکە. کەهاتە بەغدا بیهێنە دوکانم.

ماوەیەکی پێچوو، براکەم دووا سالْی ناوەندیی تەواو کردبوو ، هاتە بەغدا بۆ خوێندن، بردمە لای.

- مامۆستا ئەمە براکەمە.

- کامە؟

-ئەوەی نامەکەی ناردبوو فەرمووت بیهێنە.

- ئێ، ئەمە ناقلە، ئەتۆ ناوت چی یە؟

- فەریق . . .

- ئێ ، ئافەریم، ئەمێن دەمەوێ لەقەبێک بدەم بە ئەتۆ.

- چۆن مامۆستا گیان ئەوە خەلاتە.

- ئێ ، ئیتر ئەتۆ بنووسە: فەریق فەهمی.

بەلام دیاربوو گەشەی ئەولەقەبە زۆری نەکێشابوو. ڕۆژێک براکەم بەوێدا ڕۆیشتبوو، بانگی کردبوو، نامەیەکی فرێدابوو.

- ها . . . بگرە ئەو شتە پیسە.

توەمز خزمێک بەهۆیەوە نامەی بۆمن ناردبوو نووسیبووی:الی . . . عطار سابقا خیاط ومنه الی . . . (١)

باسی سەفەر دەکرا هەرکەسە حەزی بەوە دەکرد بە لایەکدا بڕوا، هەندێ پرۆژە وناوات و

---

(١) - بۆ . . .عەتتار، جاران بەرگدروو . . . لەوەوە بۆ . . .

له
ئەرکیش لەناودا بوون، ئوستاد لەم هەموو کەین وبەینەدا طەبعی خۆی دەگەڕا .

-ئی، باشە ئەوا بەدبەخت لە سووریە سبحەیەکی عەجیب بو ئەمین دینێ . ئەتۆ لە مەصر چی بۆ ئەمین دێنی.

لەگەڵ بەدبەختدا پێکەوە گەشتیی یەک مانگیی سووریە ولوبنانمان کرد. بەدبەخت دوو "کیتابی عەجیب"ی چاپکرد . خوا هەڵناگری ناوی ئوستاد وقسەی خۆش سەری زمان وێنی زمانبوو . لەو ناوەش باش ناسرابوو. باسی چەند کەسی وەک ئەو دەکرا کە خۆیان بە "گەورەی کورد" دەزانن وهەریەکەش بە چەشنێک بۆ کورد خەریکن وشتێکیان بۆ کورد هەر کردووە، ووتیان لە عەممان بروسک بەناوبانگە کە گەڕاینەوە باسی ئەوم بۆ ئوستاد دەکرد:

- ئی..

- ئەوەش وەک جەنابت گەورەی کوردە، خۆشەویستە ئیش بۆ کورد دەکات.

- ئی. . . کێی تر .

- ئا. لە حەلەبیش تۆنجەلی زادە هەیە.

- ئی، دەلێی چی؟

- هەقە بیانناسیت، ناوونیشانی هەردووکیانم بۆ هێناویت.

- هێ . . هێ . . هێ. (بەدەم پێکەنینەوە چەکمەجەی مێزەکەیی کردەوە کە مەحفەدەی پێ دەووت: دوودەستەی جیا نامەی دەرهێنا).

- ئی بگرە، ئاقڵ.

کە دیم هەر دەستەیە نامەی یەکێک بوو لەو دووانەی من ئەمدەزانی ئەو لە زووەوە نامەی لەگەڵیاندا هەبوو.

* * *

هەرپاش ئەوە بە چەند مانگ لەگەڵ (شرۆل)دا بە ئاوارەیی یەکترمانگرتەوە. چەند کوردی تریشمان لەگەڵدابوو بەتایبەتی ئەورەحیمی هاوڕێی منداڵی وئاوارەیی ئەم لاو ئەو لای شرۆل. لەگەڵ ئەو دووانەدا بەزۆری پێکەوە دەژیاین. لەنەبوونی وبرسێتی ودووری ووڵاتیدا باسی ئوستادو یانەکەی وئەنداماتی خەمڕەوێنمان بوو. هۆیەکی هەمیشە یادکردنەوەی نیشتمانبوو.

دەمەو ئێوارەیەک ڕووماکردە گەڕەکی (مرهاجیرین) دیوەخانی ڕووناک خان جمەی دەهات. پاش قسەو باس وچاو قاوە خواردنەوە هەستاین بڕۆین، بەزۆر خۆی ئاسایی گلی داینەوە. دەمێکبوو خواردنی وا خۆش بۆ تاسووق وپاشمان نەخواردبوو. کۆمەڵێک میوانی ژنیشی لێبوو. (شرۆل) کە لەگاڵتەی خۆی ناکەوێت زوو زوو دەبووت: ئەمەیان ماڵی ئەوەیە

دەمانچەکەی بدەیتەوە.

بەتێر وتەسەلی ودڵی خۆشەوە هاتینە دەرەوە. کە دەستمانکرد بەگیرفانماندا بەهەر سێکمان دوو فرەنکث ونیومان پێبوو، کرێی ترامواێمان

سێ فرەنکی تێدەچوو. ئەورەحیم پەستبوو، لچی ئەوەندەیتر شۆڕ بۆوە، خۆ شی ئەو چەند سەعاتەی پێشووی لەلووتەوە هاتە دەرەوە. مڕ ومۆن پێشمانکەوت.

- دەی جەناب، بەشمان ئەمەیە، بابەپێ بگەڕێینەوە.

- قەیدی چی یە، سەرەوژێریە.

- بەڵێ لەئەزمەڕەوە بەناچاری بەپێ بەرەوخوار دەبێتەوە.

- ئەی چی یە، خۆ ئەمەیان قیرتاویشە.

- ئاخر ئەویان کوردستانە.

-ئەمەشت بردەوە سەر . . .

شرۆڵ هەڵبدابە.

- کوڕە نازانی پیاوەکە تووڕەبە، بۆ پەستی دەکەیت.

لەژێریشەوە چاوی دەنووقاندو تیژی دەکردم. من بێدەنگ بووم وماوەیەک بەپێ ڕۆیشتین. شرۆڵ دایە قاقای پێکەنین، پێکەنینی دەستکرد.

-چی یە ، جەناب بۆچی پێدەکەنی، بەم حاڵە خۆشەدان بەم گیرفانە پڕەمان؟.

- نە، . . . بەم وورگە پڕەمان پێدەکەنێ.

- تۆ قسە مەکە، وائێستا ورگمان پڕە پێدەکەنی.

- بۆ سبەینێش خوا کەریمە.

- کەریمە عەزیمە . . .

- دەی بەشکم ئوستادی بیر کەوتبێتەوە.

- داخی نەم نوستادەی ئێوەش بەسە، شەرتە . .

- کوڕە ئوستاد نا، دەورویەری ئوستاد هۆردووم بیر کەوتەوە.

- چیی ئەوت بیر کەوتەوە، کەلەئێمە لاترە، یا قسەو کرداری عەجایبی لەلای ئێمە.

- کوڕە نە، ژنهێنانی.

- ئینجا وەختی ئەمانەیە

- نە،، ئەری تۆ نەتووت دوو فرەنک ونیومان پێ یە.

- بەڵێ مامۆستا.

- باشە لە ماڵیشەوە کاغەزو زەرفمان نی یە.

- بۆ نی یە.

- دە ئەچینەوەهەردوو دەمێکە دەنووسێ: "وستم ژن بهێنم" ئێمەش نامەیەکی بۆ دەنووسین، دەڵێین حاڵمان زۆر خۆشە، تێرین، ئاسوودەین، پۆشتەین، تۆش وەرە حاڵت لەئێمە خۆشتر دەبێت، ژنیشت بۆ دەهێنین.

ئەوڕەحیم هەر تەواو کەللەیی بوو، لەجیاتی ئەوەی گلور بێتەوە، پێچی کردەوەو خێرا سەرووژوور بووەوە لێمان جیابۆوە. خەریکبوو دووابکەوم وئاشتیکەمەوە. شرۆڵ نەیهێشت. هەردووکمان بەقسەی خۆش وپێکەنینەوە بەرەو خوار بووینەوە وگەڕاینەوەماڵەوە، باسی توورەیی وتووڕەکردنی ئەوڕەحیم کەرەسەی ماوەیەکی زۆری گاڵتەو قسە خۆشەکانی شرۆڵ بوو. تائێمە خەومان لێکەوت ئەوڕەحیم دیار نەبوو. بەیانی کەمن هەستام وزوو چووم بۆ زانستگا هەریەکەیان لەجێ ی خۆی نووستبوو.

*　　　*　　　*

ئەم شارەی بووبووە مەڵبەندی ژیانی تازەو ئاوارەبیمان ڕاگوزاری خەڵکێکی زۆربوو، لەئێران و عێراقەوە بۆ بیرووت وشام وئەوروپا بەپێچەوانەوە. بووە نزرگای گەلێک تێکۆشەر کە بەدزی بەوە ئەم چەشنە گەشتەیان دەکەوتە سەرهەروەهاڵیرەوە کۆمەڵێک ئەرکی پێوەندیش دەکەوتە ئەستۆی ئێمە. شرۆڵ بۆ پێکەنینی خۆی یابڵێم خۆمان، ئەوەندەی ئەوڕەحیم تووڕە دەکرد، کەرێشتەو جۆری تووڕەکردنەکان ئاڵۆزو هەمەڕەنگ بوون. زۆر جاریش منی لێ هاندەدا. کە بەیانی یەک زوو چەند تەماتەیەکم قاش بکردایە ولەسەر سفرەی نانخواردن دامبنایە ئەو بەوەش تووڕ دەبوو وماڵەکەی بەجێ دەهێشت شرۆڵ هاواریدەکرد:

- کوڕە بەخوا سوورە بەڵام کۆمۆنیست نی یە. لێی تەرە مەبە، هەرچی ڕیشی سوور بێت هەمزاغا نی یە.

بەڵام سووردیتەبوو، خۆی لە فراوین بێ بەریدەکرد. کەمن وشرۆڵیش یادی ئوستاد ویانەو قسەی خۆشی کەرەسەی ڕابواردن وخەم بەباکردنی ڕۆژۆشەو چەرەمانبوو، ئیتر ئەو ئیمانی لەکەللەدا نەدەما. ڕۆژێک فرسەتی بینی شرۆڵ لەوێنەبوو، ڕوویتێکردم.

- جەناب، ئیتر نابێ لەم ژوورەدا باسی ئوستاد بکەیت.

- ئەی چی بکەین، خۆ هەرمن نیم شرۆڵیشە.

- هەقم نی یە، تۆ نابێ باسی بکەی ئەگینا من باردەکەم ولەم ژوورەدا لەگەڵتانا ناژیم. قسەیەک لەمن، یەکێک لەو، پاشان هێمن بۆوە.

- باشە ڕۆژی تەنیا سێ جار باسی بکە.

ڕێک کەوتین، بۆ سبەینێ سێ جار تەواو بوو، کردم بەچوار ووتی:

- هۆپ، بوو بەچوار.
- بەقەرزی سبەینێ.
- بۆسبەینێ کە لەدووان ڕەتبوو دیسان ووتی:
- هۆپ هەقت نەما.
- بەقەرزی دووسبەی.
ئیتر بەڕاستی خەریکبوو باریکات. شرۆڵ پەشیمانی کردەوە.
ڕۆژێک یاقووبیی هاوشاریی ئەو و شرۆڵ بەو ڕاگوزەرەدا ڕابوردو بەرەو ئەورووپا دەچوو. زۆریان لاخۆشبوو پاش ئەو چەند ساڵە هاوشاری یەکی خۆیان ببیننەوە کەباوکی هاوەڵی تێکۆشانیان بووە واکوڕیش هەر ڕێی باوکی گرتووە. بەدەوریەرو کوردی ئەو ناوەیان ناساند. ئێمە تامەزرۆ وئێوەبرسیش چەند ڕۆژێک ئاغان کەوتە ڕۆنەوە. ئەم وئەو، لەملاوئەولا بانگیان دەکرد وئێمەشیان بەهۆی ئەوەوە بانگ دەکرد.
ئێوەڕۆیەک نۆرە بانگێشتنی کاک حەمەعەلی بوو، وای لاباشبوو کە بمانباتە یەکێک لە هاوینەهەوارە ڕەکانی دەرەوەی شار. هەرمن وشرۆڵ وئەورەحیم ویاقووبی خۆی بووین، لە شارەوە بە پاس ڕۆیشتین. لە پاسەکەدا شرۆڵ تێوەی ژەندم، زوو تێگەییم:
- ئەگەر ئێستا ئوستادیشمان لەگەڵبووایە دەبووت...
- ووسبە جەناب باسی ئوستاد مەکە. شرۆڵ کەوتە قسە:
- ئەوە بۆ ئەوەندە چەقاوەسوویت، نازانی پیاوەکە بە باسی ئوستاد توورە دەبێ؟ (لەپاڵیشەوە تێەوەی ژەندم)
- ئینجا بۆ توورە ئەبیت، من ئەڵێم...
- بەسە جەناب، باسی ئوستاد مەکە .
دیسان شرۆڵ کەوتەوە قسە :
- ئەرێ تۆ نازانی توورە دەبێت تۆ نایناسیت وەڵلا لەوانەیە لەسەری بڕۆیت لەم پاسەوە خۆی فڕێداتە خوارەوە.
(لەپاڵەوە دیسان تێوەی ژەندم)
- ئاخر بابە ئەو بەخۆرایی ڕقی لەو ئوستادەی ئێمەیە ئوستاد...
هەرئەوندەمانزانی ئەورەحیم تاوێدایە خۆی ورووبکردە ناودەرگای پاسەکە تا هەستاین، فریای نەکوتین، بازێکی دا . خۆی لە پاسەکە فڕێدایە خوارەوە.
پاش زۆر خێرا بوو چاومان لێوە بوو کەوتە خوارەوەو دووسی سەرمەوقولاتی داو زرت و زیندوو هەستایەوەو کەتە ڕێشتن. ئەوەندە حەپەسابووین، بە شوفێری پاسەکەمان ئەووت

ڕاوەستە. کە ئەویش هەستابەوە ئیتر پاسمان پی نەدەگیرابەوە. شڕۆل ووتی:

-لێ گەرێن تازە هیچمان بیناکریت با ئەوە دەردی بیت. خۆشی و ڕابواردن و خواردنی ئەمڕۆی لەکیس بچێت. زۆر تیرو تەسەلە

* * *

لێرەش کۆمەڵی ئەرکی نیشتمانپەروەری وشۆڕشگێری نیشتمانمان بەسەرشانەوە بوو. زۆر جار نامەی هەردوو لایەنەکەی کوردستان بۆ ئێمە دەنێررا وئێمە دەمانتا ردە ئەوروپاو وەلامیش هەروا دەگەڕابەوە. ئەوانەی بە نهێنی دەچوونە کۆنگرە ومیهرەجانە کانی ئەورووپا بیرەدا ڕادەبوردن. لالەکمال پەیدابوو وبەرەو میهرەجان دەچوو.

گەشتێکیشی بۆ شڕۆل وئەورەحیم ڕیکخستبوو، لەگەڵیاندا چووە بیرووت. کە سواری فرۆکە بوون گەڕاسەوە. پاش چەند ڕۆژێک کارتێکی شڕۆلم بۆ هات نووسیبووی: وا ئێستا لە فرۆکەداین، قسەی خۆش دەکەین، کچە کەیبانووەکە هات، سەروکارتی داینێ، وا منیش تۆم هات بەبیردا، ئەو کارتە بۆتۆ دەنوسم. تالەوشاری لێی دادەبەزین بیخەمە پۆستەوە. ئەوا بەدەم نووسینەوە باسی ئوستاد بۆ ئەورەحیم دەکەم. دەلیم بەشکم ئەمجارە لەو فرۆکەیەوە خۆی فرێداتە خوارەوە...

* * *

هەواڵی چواردەی تەمووز لای زۆر کەس یەکێکبوو لە هەواڵ ومژدە خۆشەکانی ژیانی. بۆ ئێمەش هەروابوو.

چەند ڕۆژێک پێش ئەو مژدەیە بوو، حاجی لە حەج دەگەڕانەوەو بە شامدا ڕادەبوردن. ئەو هاتن وگەڕانەوەی حاجیانە زۆر جار تەسەللای دلی دەداین. بەهۆی ئەوانەوە هەندێک دەنگوباسی وولات وهەواڵی کەسوکارمان دەزانی. ساڵی پێشوو کە کۆمەڵە حاجیی سلێمانی هاتن، ئەورەحیم وورتەووڕتیبوو: قەیدناکا، سلێمانی شارو مەڵبەندی دووەمە، بەلام کوا، ڕۆژێ سابلاغی یەکیش بیرەدا تێپەڕ بیت.

کۆمەڵە حاجی کە کراسی ئاوەدا مانی سپیان لەبەرداوبوو.

بەمشکی وسەرو پێچەکەیاندا دیاربوو کوردن، دەورەی پاسنکیاندابوو. لێ یان چووەمە پێشەوە. حاجیی سلێمانیم دەناسی بەوە. یاهەر زۆریان ئاسیاو بوون. کە لەمانم پرسی: خەلکی کوێن، یەکسەر پەلاماریاندام، هەر ئەوە بوو دەست وپێیان ماچ نەکردم.

- ئای برا تۆ کوردیت؟. کوردی لای خۆمانی.

- بەلێ برا. بەلام ئێوە خەلکی کوێن؟.

- سلێمانی...

- کورد هەر کوردە وبرایین، بەڵام ئێوە خەڵکی سلێمانی نین.

- چووزانیت. ئەوە نی یە پەساپۆرتی عێراقمان پێ یە.

- برا ئەزانم ئێران رێی حەجتان نادا، دێن لە عێراق پوول وپارە دەدەن وبەم چەشنە بەدزی بەوە فەرزی خوایی بەجێ دێنن. پاشان خەڵكی سلێمانی بوونایە دەمناسین.

- ئەی بەشکم خەڵکی دێهاتی سلێمانی بین.

- نەخێر ئێوە شارین برا خو ئەڵێرە عێراقەو راستیی پەساپۆرت دەرکەوێ ونە من بەکەس دەڵێم. پێم، بڵێن برا- بانە، سەقز، مەهاباد... مەبەسم هەیە.

- کورە وڵلا باشتزانی مەهاباد. ئێمەش ئەوە چەند ساعاتە ئەم پاسەمان بە برو بیانوو راگرتووە، دەڵێین بەشکم خوا درۆیەکمان لێبکاتەوە. بەڵکوو ئەو درۆوە تۆ بیت.

- دەی فەرموون.

- ئەرێ‌کەسی سابڵاخی دەناسیت لەم ناوە ئاوارە بێت؟.

- بەڵێ ئەم شارە دێرینە بۆتە مەڵبەندی ئاوارەی هەموولایەک.

- دەی، دەمێک ساڵە، لەو ساڵەوە قازی وهاورێیانی بەدارا کراون، سێ کوڕی لای ئێمە ئاوارەن، کەس وکار دەڵێن لێرەن، حەزماندەکرد بیانبینین.

- دەی برا، جێی متمانەتانم بڵێن.

- بەختیار، شرۆل، ئەورەحیم . .

-بەختیار ئەمڵاتووە بەم ناوەدا، هەر لەکوردستانە لەوێ لای کۆیە وپشدەر بۆی بگەڕێن. شرۆل ئێستا لەم شارە نی یە، بەڵام مەرۆن. هەوڵئەدەم ئەورەحیمتان بۆ بدۆزمەوە.

- جا چەندیتر بوەستین.

- زۆر نا، ئەو پەرەکەی نیو سەعات.

دەمزانی ئەورەحیم وا لەوچایخانەیەی هەمیشە لێی دادەنیشتین وبەچارەکە سەعاتێک دەچمەوە دێمەوە لایان. بەڵام لەوە دڵنیا نەبووم کە میزاجی حەز بەخۆشاردنەوەی ئەو رێی ئەم هاتنەی دەدات یا نا. دیارە یاغیش بووم. چونکە هەر ووتم چەند حاجی یەکی سابڵاخی، زاری تاولەکەی فڕێدا وشاعیرە کوردە سوورییەکەی بەجێهێشت وکەوتە راکردن ومن دوایکەوتم.

- کوان ؟ لەکوێن جەناب!.

چارەکە سەعات کەمتری برد گەیشتمەوە لایان

- ئای برا، خۆ ئەم برایەمان زۆری پێ یە. ئەو بە بەشکم دڵی خۆشکردبین، کەچی وا ئەورەحیمی هێنا.

ئێستاش ـ وەک زۆر کاتی تر پێویستم بە خامەی دیستۆیسفکی هەیە تا بچمە دەروونی هەموویانەوەو نیگاری ئەو دیمەنە بکێشم. رۆژانی مەهابادو ئالای موقەددەس و دەنگی شرۆل و هاوەڵەکەی و دیمەنی پڕ شکۆ و پرچەکی بەرزانی. سێدارەو قازی و سەیف و سەدرو ئانەوا زادەو قافلەی شەهیدانی فەیزو للابەگی ... دووری و کلۆڵی و ئاوارەیی و کەس و کار هەمووی لە چەند دەقیقەیەکدا هاتنەوە بەرچاو و بوون بە ووشەو لە دڵەوە بۆ سەر زار.
یەکگرتنی خۆشەویستانبوو. هاووڵاتیانبوو. ئەو ئەو رەحیمە مۆنە، بێدەنگە، هەستێکی ناسکی پەنگەوە خواردووی لە دەروونەوە دەربڕی. بەڵام ئەم یەکگرتنە زۆری نەکێشا....
دەستیانکرد بە کیسەی حاجیاندا. بەڵام ئەورەحیم نەفسی زۆر زۆر بەرز بوو. نەیویست بزانن لەم ئاوارەییەدا برسیشین.
رۆیشتن. تا پاسەکە دوور کەوتەوەو لە چاو وونبوون تەماشامانکردن. ئەورەحیم نامەیەکی دوودێڕیی دانێ. کە ئەگەر گیراش نەناسرێتەوە. یا بشاررێتەوە:
پێرار نامەیەکتان گەیشت. وا ئێستا وەڵامتان دەدەمەوە. ئێمە باشین. کۆڵ نادەین. دەروومان هەر لێدەکرێتەوە. هێنەری نامە ئاگاداری حاڵی ئێمەتان دەکات.
روومانکردەوە خانەی ویرانمان. وورتەمان لە دەمەوە نەدەهات. بەدەم رێگەوە منیش فرمێسکی چەند رۆژ لەمەوبەرم بیرکەوتەوە. دوواتامەی باوکم گەیشتبوو. خۆم دابوو بەسەر چیمەنی سەوزی باخچەکەی زانستگاداو ئەم چەند دێرەم خوێندەوە:
"خوشکە زا بچووکەکەت زمانی گرتووە. وا سەیری وێنەکەی تۆ دەکاو دەپرسێ: کەی دێتەوە کەی دێتەوە......"
کە هەریەکەمان لەسەر جێگە نووستەکەی خۆی لە پەورروو لێی کەوت زمانی ئەورەحیم ئەوەندە هاتە گۆ..
ـ بەڵێ برا. هەموو کەس دەچێتەوە نیشتمانی خۆی. هەموو کەس بە گەڵ و خزم و کەس و کار شاد دەبێت. دەچنە ماڵی خواو دەگەرێنەوە. هەر ئێمەی بێ لانە ناگەرێینەوە منیش بەدەم قسەکانی ئەوەوە دەمووتەوە:
ـ کەی دێتەوە.... کەی دێتەوە.

× × ×

ئەو مژدەیە دەروو بوو. بەیانیی چواردەی تەمووز سەر لەبەیانی روومکردە گەرەکی شێخ محیدین. لەگەڵ عەبدوڵڵای برا دەرمدا پەیمانمان وابوو فراوین لای ئەو بکەم و دەست بکەین بە دەروو خوێندن.

ترامـوای سـەردەکـەوت، خـەڵکم لەدەوری ڕادیۆی دوکـان وچایخـانەکـاندا دەدی. دیاربوو هەواڵێکی نوێ هەیە. تا دەهات باری سەرنجی ڕادەکێشـام. خـەیاڵم هەر بۆ لوبنان دەچوو. لەوێ چەند مـانگ بوو جەنگی ناوخۆ بوو. زۆر جار جەنگاوەری شامیش دەچوون یارمەتیی جەنگاوەرە نیشتمانپەروەرەکانی ئەویـاندەدا وبەچەکەکانیانەوە دەهاتنەوە. لەبەر ئیستگەیەکدا دانەبەزیم بزانم چی یە ووتم لەدووا ئیسـتگەی نزیک مـاڵی عـەبدوڵڵا دادەبەزم لە هەمـوو شت دەگـەم. کـەلەوێ دابەزیم، دیم خـەڵک لەبەردەمی دوکـانی شـەربەتفرۆشـەکـەی بەرامـبـەر بەئیستگەکە کۆ بۆونەتەوە. گوێم لەبەیاننامەکانبوو. ناوی هەندێک ئەفسەر دەخوێندرایەوە. بەناوەکـان وپلەکـانیاندا دیاربوو مەسەلە لوبنان نی یە. لەدڵی خۆمدا ووتم: ڕەنگە ئەردەن بێت. بەڵام پرسیار خراپ نی یە.

- برا ئەوە چی یە، واکۆبوونەتەوە؟

- برا، ئەو نووری سەعیدە لەبەغدا دایکیان «......».

ئەوەستام. عەبدوڵڵا وفراوێن وماڵە جوانەکەی بناری چیام لەبیر چۆوە. هیچیترم نەپرسی و سواری ترامـوایەکـە بوومەوەو بەرێی خۆمدا گەڕامەوە بەرەو ئەو چایخانەیەی ئێمەی ئاوارەی عیراقی وکورد لێی دادەنیشتین.

پەلامـاری یەکـدان ویەکتر مـاچکردنبـوو. قسـەو لێکدانەوە وتەفسـەر ناسینەوە بوو ئەوەندەمـانزانی ناوی وەزیرەکـان خـوێندرایەوە وهەمـووشت ئاشکرابوو. ئەوڕەحیم پەیدابوو. بەسۆزێک وبەچاوێکی پڕلە فرمێسکی شادی یەوە کوردو عەرەبی ماچدەکرد. ئەوەی لەبیر چوبۆوە کە لەوگەشتەی ئەورووپایدا چەند عەرەبێک ئازاریاندابوون وشتێک لەرقیان لەدڵیدا بەرامبەر بەعەرەبیش دروستکردبوو.

- جەناب دەڕۆینەوە.

- تۆیش . . .

- بەڵێ منیش. ئەی سلێمانی دووەم مەڵبەندو مەفتەنبوو. ئەی بەغداش شوێن فەنەری ئاوارەیی ودالدەم نەبوو؟.

-بەری وەڵڵا، دەتخەینە سەرچاوو سەرسەر.

- نەخێر جەناب. بەغدا شاری خۆشەویستمە. لەبەغدا دوور وولاتیش هەبێ، هەرگیز برسی نابێن.

شرۆل چەند ڕۆژێکبوو لەجزیرەوە هاتبووە شام. ئەویش پەیدا بوو. پێکەوە کەوتینە تەگبیری گەڕانەوە.

- باشە دەی بە ئوستاد ودوکانەکەشی شاد دەبینەوە.

- جەناب دەی، لەم کاتەشدا ئوستادتان لەبیر ناچێتەوە. شەرتە من وئێوە وئوستاد بکەم بەشتێکیتر.

- یانی توورە نابێت، خۆت فڕێنادەیتە خوارەوە؟

- نەخێر جەناب. بابچینەوە، بەبەغدا شاد بینەوە دەبینین

- مامۆستا باشبوو.
- ئی . . . چی باشبوو.
- باشبوو ئەم شۆڕشە بوو، ئەگینا بەدیداری جەنابتان شاد نەدەبووینەوە.
- ئەمین . . .
- یانی چی؟
- ئەمین . . .
- یانی چی جەنابت . . .
- ئەمین . . . تۆ بلێ . . .
- تێم گەیەنە . . .
- لەڕەحمی بێگ بپرسە.

ئیوارە بەچڕیە لەڕەحمی بەگم پرسی- فەرمووی:

کاکە وانایی، کەهەستاین وەرە لەگەڵم بەپیاسە تا ماڵەوە دەچین بۆت دەگێڕمەوە. مەسەلە درێژە، بەدینی پیغەمبەر . . . هەرلەحەیدەرخانەوە تا (بوستانلخەس)ی لای سەعدوون ڕەحمی بەگ دڵی بە پیاسەکردن وگەشەی‌دەم وچاوی خەڵک وکەشی ئازادبوون ویەئازادی دووان خۆشبوو. لەبەر ئەوە بەشێوە ئاسک وپاراوەکەی خۆی گەلێک باسی دەگێڕایەوە. گردەوەبووی قسەی خۆشی ئەو دووساڵەی ئوستادی دەگێڕایەوە، قسەی ئەو دەمەی من لە بەغدا، دووربووم.

- کاکە لە نیساندا گوێمان لێتانبوو، ڕادیۆی کوردی لەقاهیرە کەوتە کار. لێرە هەموو لاهەژان(هەرکەس بە جەخاری جگەری سینە کرابوو). ئێمە پێمانخۆشبوو، بە دەرووبەکی تازەماندەزانی لەکورد کرابێتەوە. میری لایوابوو قاهیرە ئیتر دەست دەخاتە کاری کوردەوە. یاخۆیان ووتەنی باری بە(کاغەزی کورد) دەکات. گوێمان لێبوو هەموو ڕۆژێ لەشام وبیرووت وئەورووپاوە کوردی ناسراو برووسکەیان دەنارد. حەزماندەکرد لێرەشەوە برووسکەیەک یا

کۆمەڵە برووسکەیەک بنێرێ. جارویار دەمانووت:

ئای بۆ کورێکی نەترس. یەکێک لەکوردستانەوە هاتبوو لالە کەماڵ لەوێ خۆی شاردبۆوە. هەواڵی ئەم مشتومڕەی ئێمەی زانیبوو ووتبووی:

- ئەمە هەر لەدەست ئوستاد دێت. ئیتر ئوستاد: تینی دایە خۆی. لەجیاتی باڵیۆزخانە بەپۆستەدا برووسکەیەکی بۆ سەرۆک نارد. پیرۆزبایی لێکردو وسوپاسی کرد وئیمزاش نووسیبووی(زەعیمی کوردو کوردستان). دیار بوو رەشید بازرگانی وەزیری ناوخۆ خۆی سەرپەرشتی کارتێکردن ودەنگدانەوەی ئەو کارەی دەکرد. هەموو رۆژ بەڕێوەبەری گشتیی دەستگای ئاسایش راپۆرتێکی لەوبارەیەوە دەدایە. رۆژێک پێی ووتبوو: زەعیمێکی کوردیش بەپۆستە تەلگورافێکی بۆ ناردووە، ئێمە رامانگرتووە. رەشید دووایی ووتبووی لەدڵی خۆمدا ووتم: مەلا مستەفا دوورە، شێخ ئەحمەد وشێخ لەتیف لەزینداني بەسرەن، خۆ شێخ مەحموود نەماوە. دەبێ کێ بێ؟.

- باشە پێم بڵێ ئەو زەعیمە کێ یە؟

- قوربان، راوەستە، والەبەردەستمدا، باناوەکەیت پێ بڵێم.

- یانی ناویت نەبیستووە.

- راوەستە بەگم، ئەوەتا، بەشیر موشیر.

- ها . . ئەو ئەوە هیچی دەربارە مەکە تەلگورافەکە بێنە بۆ خۆم، خۆم چاری ئەکەم.

کاکی خۆم- ئوستاد ووتەنی: بەدینی پێغەمبەر. ئەوەندەمنزانی ئوتومبیلێکی سەیر هات، خۆ ناوو مۆدێلیان نازانم، کابرایەکی رەش دەرگای کردەوە. رەشید بازرگان دابەزی. ئەمە یەک لەوسەر شەقامەو لای ئەو دوکانە بیبینێ. لەوێ نەبووایە ئەزانی من گوێم نەئەدایەو لەبەری هەڵنەئەستام. ئوستاد: تەختەی سەیتەرەکەی هەڵگرت.

- ئێ ، رەشید بێگ. فەرمو.

منیش ووتم کاک رەشید فەرموو. بەڵام دیم زۆر تووڕەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ووتی:

- مامۆستا گیان بیوورە دانانیشم، هەر هاتووم دوو قسە بەم کابرایە بڵێم- کورە کابرا دەزانم تۆ کەری، بەڵام ئەوەندە کەر مەبە شیوعیی سەگباب، تەلگورافی ئاوات بۆ ئەو سەگبابە پێنووسن.

کاکە- دیسان بەدینی پێغەمبەر- ئوستاد لێرەدا لیی راپەری. مەتری بەرگدرویتی یەکەی لێهەڵگرت ولێی هاتە جواب:

- رەشید، ئەدەبسز، ئەمین قەڵەمم بەقودەتە بۆ میللەتی خۆم دەنووسم، ئەتۆ قەڵەمت نی یە بۆ میللەتی خۆت نانووسیتێ.

کاکە، رەشیدم رەشید تاس بردی بوو، دیارە شەرمیشی لەمن نەکرد، شەڕە جوێنی پێنەدەکرا، هەر پاشەوپاشە گەڕایەوە سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو ورۆیشت. بەلام کار لێرەدا نەوەستا پاش رۆیشتنی ئەو ترسی لێنیشت بۆ چارێک نەگەڕا. چاریش لای ئەو ئاسانبوو. ئێوارە خەلک کۆبوونەوە. خۆ ناشکوری نەبێ ئەو ئێستا هەر ئەفسەری تەقاویتی دێتە لا. جاران قوتابیی عەسکەریی وئەفسەری لاویش دەهاتن.سەیر ئەوەبوو ئەو ئێوارەیە موختاری حاجی محیدین بەجلی ئەفسەری بەوە هات. ئەو کاتە گەیشتبووە موقەددەم. نازانم بەم کوردی یەی نیوە (سەرتیپ) (سەرهەنگ)ی پێ دەلێن چی؟. هەر دانیشت ودانەنیشت ئوستاد گفگرد دایگرت:

- موختار، ئەتو زابیتی؟

- ئەی مامۆستا ، خۆ بەبەرگەکەمدا دیارە، کەس نەیزانی تۆ نەیزانی تۆ نەیزانی، خۆت (خیاط ملکي وعسکري) بوویت.

- نە. . . ئەمین زابیتیش بووم.

- دەی باشە. (نوورون عەلا نوور)(١). فەرموو . . .

- ئی . . . ئەو گەوادانە تەلگورافی ئەمینیان گرتووە، دەیانەوێ ئەمینش بگرن.

- خوانەکا مامۆستا.

- نە، دەیانەوێتن، ئەتو ناتەوێتن.

- ئەوەللا مامۆستا چۆنم دەوێت.

- دەی تا ئەوان ئەمینیان نەگرتووە، بچو عەسکەرو زابیتەکانت کۆ بکەرەوەو ئنقلابیک بکە.

راستی موختار زۆر ترسا. بەلام لەرێوە بەسەر خۆی نەهانی ویستی بەمەنتیق پەشیمانی بکاتەوە.

- مامۆستا، ئینقلاب ئاسانە، بەلام حوکمەت دروستکردن گرانە، کێمان هەیە.

- نە، هەیە. ئەمین خۆم بیلزات(٢) حاضرم(عند الایجاب) دوو وەزارتی عەجیب ئیشغال بکەم.

باشبوو لەمنی قبوولنەکرد، خۆم نەگرت، ووتم:

- ئەشەمبیللا، راست نەکەیت، بەتوورەهات ئیشغالی ئەکەیت.

---

(١)-نور علی نور.

(٢)- بالذات.

- نە، ڕەحمی بێگ بەدینی پێغەمبەر ئەمین ئیشغالی دەکەم.

ئەخێر تەماشا ئەکەم موختار لەترسا لەرزی لێهاتووە، تەپ تەپ پێ ئەدا بەعەرزا.

- مامۆستا بەسە، ئەتەوێ بەدارمانا بکەن.

- نە، کەرە، ئەتۆ بەعەسکەرو زاپیتەکانت بڵێ بەشیر دەگرن.

کاکە ئیتر موختار هەڵساو لەیەک تاوا لەچاو وونبوو ئەوە ئێستا وچەند وەختە شۆڕشیش بووە نەهاتۆتەوە بەو دوکانەدا.

ڕەحمی بەگ بەردەوام ووتی:

- بەلام کاکە، بەدینی پێغەمبەر، باوەڕیش بکە دەمەو ئێوارەی ڕۆژی سیانزەی تەمووزیش ڕووی تێکردم ووتی:

- ڕەحمی بێگ دنیاکە مشەوەشە، شتێک دەبێتن.

ئیتر دیارە هەقیەتی پێت بڵێ ئەمین وخۆی بە خاوەنی شۆڕشەکە بزانێت.

خۆ چەند ڕۆژێکێ پاش شۆڕشیش کامیل چادرچی هاتە بەر دوکانەکەی و تەوقەی لەگەل کردوو وتی: پیرۆز کەواتە بێ ئەوەی ئاگادار بێت لە سێ شۆڕشدا بەشدار بووە، هەر ئەمە وای لەئوستاد ئەکردبوو خۆی بە خاوەنی شۆڕشەکە بزانێت. بەڵکوو لەو گەشتەی

کوردستانیشدا کە کردبووی هەر بەپێشڕەوی شۆڕش دەزانرا. ئەوەبوو مامۆستای بەرماڵ گەشتێکی کردبوو ورووداوی ئەو گەشتەی نووسیبوو. کە چەند جار نووسیبووی(بەیانی لەخەوهەستام ڕیشم تاشی . . . ) مامۆستا خەیرەدین شێخ دەیووت:

ژماردوومە، ئەمانووت: چیت ژماردووە. دەیووت: ژماردوومە. ئەمانپرسی : باشە چیت ژماردووە. دەیووت: ژماردوومە، لەکتێبەکەیدا حەفتا جار ڕیشی تاشیووە. ئیتر ئوستاد لەم جەشنە ڕەختانەی دەبیست وزووزووی دەیووت:

- با ئەمین گەشت بکەم وئەمین کیتاب بنووسم ئەوسا بزانن چۆن دەبێتن.

من دوور بووم لەو گەشتەی ڕەخساندبوو، قەمەرەدین بۆیگێڕامەوە ووتی:

- هەر لەبەغدا بڕیارماندا مامۆستا گەشتێک بەرەوکوردستان بکات. لیژنەی ڕێکخستن لە من وبەدبەختووریا دروست کرا. ئەرکمان دابەشکرد. من هاتمەوەلو هەولێری. بەدبەختی چووە سلێمانی بە. وریاش لەگەڵ مامۆستایدا لەبەغداوە بەشەمەندەفەر هات. ئەمە چمان خەلک لەسلێمانی وهەولێر دەستکەوت بەیتانی گەیشتنی مامۆستا هێنامانە کەرکووکێ. لەئێستگەی شەمەندەفەر پێشوازیمانکردو بەو هەموو ئۆتۆمبێلەوە بەرەو شار بەدوو بەوە بووین.

ئەوخەلکە سەریانسوورمابوو. هەندێ دەیانناسی، هەندێک دەیانپرسی تورکما،کانیش ئەم دیمەنەیان دەدەی دەیانووت:

-بوکوردن آن بیوکی در.(١).

ئەمەی هەولێری ئوستادمان گەیاندە قەراغ شار ئەو بەرەو سلێمانی بە چوو. ئەمە گەڕاینەوە هەولێری.

دیاربوو ئەم گەشتەی ئوستاد زۆر بەسەربەرزانەو پرفیز بوو، هەر لەبەر ئەوە بەسەرەتای شۆرشی دانابوو، بە سەرەتای لادانی رژێمێکی دەزانی کە وەزیرێکی ئەو رژێمە سەرەرای دۆستایەتی دڵی ئەمی تێدا شکاندبوو.

فەرحی بەگ دەیگێڕایەوە:

-ساڵێک وەزیری زانیاری بووم، ویستم سەری سلێمانی بدەم ولەحاڵی قوتابخانەکان بگەم. دەمم سووتا لەدوکانەکەی بەشیر ووتم دوورسبەی ئەچم بۆ سلێمانی.

- فەرحی بێگ ئەمینیش دێم.

- نە،، ئەمجارە مەیە، من جارێکیتر ئەچمەوە لەگەڵ خۆمدا ئەتبەم.

- نە، ئەمین دێم.

- ئاخر کاکی خۆم من ئەمجارە بەرەسمی ئەچم بیخە جارێکیتر.

- نی ، ئەمینیش بەرەسمی دێم.

ئەو سەردەمە وەزیر کەمبوون، پلەیان دیاربوو، هاتوچۆیان بەتەنتەنەبوو، کەلەسنووری (لیوا) یەکەوە (٢) دەچوونە سنووری لیوایەکیتر. ماڵئاوایان لێدەکراو پێشوازیدەکران. من کەلە بەغدا دەرچووم چەند لیوام بری، کەلەدیرەنیبازیان موتەسەریفی(٣) کەرکوک و سەرۆک دائیرەکان وپیاوە ناسراوەکان ماڵ-وابێ-ن لێکردم هەستمکرد ئوستادی لەعەرەبوە لەگەڵ بارگاکەدا لە دووا مەوەیە. وامهەت بەدڵدا کەلە سلێمانی قوتابخانە بە قوتابخانە و دائیرە بەدووا مەوە ئەبێ. خەلکی ئەلێن ئەمە چی بە دووای خۆی خستووە. بە هێواشی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووکم بانگ کردو ووتم :

- ئاور مەدەوە . لەپشتەوە کابرا یەکی لەم حالە ولەم رەنگە هەیە. دیارە ئوتومبیلی کرێشی بەتایبەتی گرتووە هەرمن بەرە وسلێمانی جووڵام لیی مەگەری . بەزۆر لەگەڵ خۆتدا بیبەرەوە بۆ کەرکوک وتاشەو سواری شەمەندەفەری بەغدای ئەکەیت وشەمەندەفەر ئەجووڵی لیی ئەگەرێی. ئەو ووتی ئەمر ئەکەی بەگم. ئیتر چیم ووتبوو وایکردبوو هەرچەند ئەو

---

(١)- ئەوە گەورەترین کەسی کوردە.

(٢)- پارێزگا ی ئێستا .

(٣)- پارێزگاری ئێستا.

هاواریکردبوو لەگەڵ فەرحی بێگم سروودی نەبوویوو.

ئوستاد هەرگیز ئەمەی نەدەگێڕایەوە، چونکە لای شەرمبوو شتی وا دەربارەی ئەو بکری و خۆیشی بیگێڕێتەوە. ئەوەندە هەبوو پاش ئەوە لە کاروباری بانەی پێشکەوتن لیستەی هەڵبژاردن لەگەڵ فەرحی بەگ نەبوو و چووە لیستەی قادربەگەوە. کە جاروبار باسی ئەوەش دەکرا

کەفەرحی بەگ وشەی کوردیی زۆری دروستکردووەو هەندێک لایانوابوو ئەمە تێکدانی زمانە، ئەو ئەوەندەیدەووت:

- نێ، ئەوە فەرحی بێگ، ئەو ..... ئەوە ئینگلیز هەر کەلیمەی چل دیناری دەداتێ تا زمانەکە تێک بداتن.

* * *

ئەو ساڵەی پاش چوارەدی تەمووز ساڵێکی خۆش وپڕبیتەبەرەکەتبوو، جەژنبوو، شاییبوو، رۆژدوای رۆژ خۆپیشاندان وڕێپێوانبوو. مەداری قسەمان دوکانی ئوستادە با شەپۆلی دەریای ساڵ زۆر دوورمان نەخاتەوە وبڵێین دوکانەکە لەپووڕەی هەنگ دەچوو. ئەگەر جاران سەردوە پڕ بانیوە بوو، بەردوکان سێ کەسی لێ دەبوو، ئێستا هەمیشە سەردوە پڕو بەردوکانەکەش کۆمەڵ، کۆمەڵ خەڵکی لادەوەستا. خۆپیشاندان ڕوویاندەکردە وەزارەتی بەرگری، شوێنی زەعیم بوو وڕۆژنامەکانی ئەوسا(لانەی شێر) یان ناونابوو. بەو پێ یە هەمووی بەبەردەمی ئوستاددا ڕەتدەبوون. ئەمیش قسووری نەدەکرد، بەپێوە دەوەستا سیدارەکەی(۱) دەکردە سەری، مەندەرەکەی(۲) دەکردە چاوی وبەدەست سڵاوی بۆ خەڵکەکە دەکرد یا سڵاوی دەسەندەوە. ئەو خەڵکەش وەک هەموو بزانن ئەمە (لانەی کوردە) هەر دەگەیشتنە بەردەمی لەناو هەموو دروشمەکانیان دروشمی(جبهە وطنیە، عربیە،کردیە) بەرز دەبووە. هەموو کاروبار ودەنگوباسی ڕۆژیش هەر دەهاتە ئەوێ. جارێک بەماندوویی لەخۆپیشاندانەوە هاتینەوە.

- نێ ئەوە لە (اضراب)دا(۳) کەدا چیتاندەووت:

- وەڵڵا گوێت لێبوو ماکو زعیم الا کریم.(٤)

---

(۱)- خۆی بەسدارەی دەووت سیدارە.

(۲)- منظرە-چاویلکە.

(۳)- مانگرتن- ئوستاد بەویش وبەخۆپیشاندان(مظاهرە)شی هەردەووت.اضراب.

(٤)- پێشەوا نی یە کەریم نەبێ.

- ئەی ئەمین؟.

- جەنابت چی؟(یەکسەر هات بەبیرما) بۆ جەنابیشت دەمانووت(ماکو چبیر الا بشیر)(١).

- ئی خەلقەللا عملیک، ئەمە بلێن.

هەر ئەو وایبووت پێنج شەش لاو لەبەر دوکانەکەدا وەستابوون دەیانپێکرد:

ماکو چبیر، الابشیر.

دروشم نەکرد بێ، لەخۆپیشاندانێکیشدا کەگەیشتبنە بەردوکانەکە چەند کەس کۆبووبنەوەو ئەوەمانووت.

* * *

ئەهاتن، ئەرۆیشتن ، وامان لێهات کوردخانەی ناوبنێین. گەورە و ناودار دەچوونە لای زەعیم قاسم و وەزیر و سەرۆک حیزبەکان دەهاتنەوە دوکانەکەی ئەو. لە هەموو شت دەدوان، باس لە دانانی موتەسەریفی (٢) کورد دەکرا، لە ئەفسەری کوردی جێگری فەرماندەی هەموو سوپا دەکرا، بە دەست بەڕێوەبەرێکی رادیۆی کوردی بەوە گیربوون. هەر حیزبە، کەسە، فلانێکی بە باش دەزانی، ئوستاد لە مەیداندا قسەی دەکرد. کە ناوەکان دەهاتنە پێشەوە دەیفەرموو:

- ئەء... ئەمێن ئەو گەوادانە هەموویان دەهێنم لێرە ئیمتیحانیان دەکەم، کامیان دەرچوو ئەوەیان دادەنێم.

رەحمی بەگ بە چرپە دەیووت: بەخوا هەقیەتی، بۆ فلان و فیسار وا نیشان دەدەن کە وەزیرەکانیان بە دەست ئەوانە، بۆ ئەم بەڕێوەبەرێکی رادیۆی بەدەست نەبێت. دیارە ئەو بەڕێوەبەرەش بۆ ئوستاد گرینگی خۆی هەبوو، چونکە کە زەعیم دەیووت: (في كل شهر لنا ثورة) (٣) و هەر مانگە شتێکی دەووت با دەکرد. بروسکە بەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆندا هەڵدەرژان. خۆ ئوستادیش دەبوو بروسکەی هەبێت. زۆرجار لەوە تووڕە دەبوو کە رادیۆی کوردی دوایاندەخست. من نەبێ ئاسوودەم کردبوو، کە ماوەیەک لەو رادیۆیە کارم دەکرد، ئەوەی نەدەویست بچمەوە لای، هەر یەکسەر پاش شۆڕشی مانگانەی زەعیم بروسکەی پیرۆزبایی ئوستادم (تەئلیف) دەکرد و بەوەش کە زۆرجار هەر بە دەمی و بێ نووسین

---

(١)- گەورە نی بە بەشیر نەبێ.

(٢) موتەسەریف: پارێزگار، محافظ.

(٣) واتە: مانگی شۆڕشێکمان هەیە.

بروسکەکانیم دەخوێندەوە و جارجاریش یەکەم بروسکە دەبوو، هاوالەکانم و پیاوماقوولانم دەوروژاند.

ئوستادم فێری ئەوە کرد بە بێ نووسین شتی تریش تەئلیف بکەم.

جارێک شارمان هەژاند. چی کورد هەبوو کۆمانکردەوە. زۆر کەسیش لە دەرەوەی بەغداوە هاتبوون. هەلبژاردنی (یانەی کوردان) بوو. دوو لیستەی هەبوو. دوو کەس راسپێرابوون هەر یەکە بەناوی لیستەیەکەوە بدوێن. چوونە پێش هەیوانە بەرزەکەی بەردەمی یانەکە. وریا تیژرەوانە بەرامبەر بە لیستەی ئێمە دەدووا. ئوستاد هاتە تەنیشتمەوە.

- ئەمین نوتقم هەیە.

- پیرۆزە مامۆستا، یەکەم کەس فەرموو...

- نەء... نوتقی ئەمین ئەتۆ دەیخوێنیتەوە.

پارچە کاغەزێکی دایە دەستم. کە سەیر دەکەم بە خەتی هۆردەوو نوسراوە. قسەکان لەگەڵ ئەو باردی ئەو کاتە دا ناگونجێن.

- ئاخر مامۆستا من بەناوی لیستەی خۆمانەوە قسە دەکەم.

- ئێ... ئەتۆ نوتقی خۆت تەواو کە ئەوسا ئەوەی ئەمین.

- جا دەبێ؟

دە کەس هاواریانکرد:

- بەلێ... دەبێ.

- باشە مامۆستا، من دەمەوێ زیاتر بدوێم. لەبەر ئەوەی خۆم لەبەر(ئیرتیجالی) نوتقەکەی جەنابیشت دەخوێنمەوە.

- ئێ، باشە.

وریا راپەری.

- مامۆستا ئەو چۆزانێ لەبەر ئەو قسانە بکات کە جەنابت دەتەوێ بیاننووسیت.

- نەء... یاغنیشی، دەزانێ، ئەمین هەموو شتێکم فێرکردووە.

باش بوو بەناوی ئوستادەوە گەلێک شتم ووت کە بەناوی خۆم و لیستەوە نەدەوترا. ناو کرا بە ئاگر دا. کە خەلکەکە بە یەزدە چەپلەیان بۆ (لەبەر وتەی ئوستاد خوێندنەوە) و بۆ قسەکان لێدەدا ئوستادیش چەپلەی لێدەدا و خێراخێراش دەیفەرموو:

- ئێ ئافەریم، تەواوە، وایە...

لەو کار و پایە بەشکردنەی ئەوسادا ئوستاد داوای هیچی نەدەکرد. بەلام دلی لێیدەدا. ساڵ بوو بە ١٩٥٩ هەندێک وەزیر گۆڕران. دوو کوردی نوێ کران بە وەزیر. دەمانزانی

ئوستاد به یه‌کێکیان زۆر پەست دەبێ. کاک ئەنوەر یەکێک بوو لە ڕابەرانی کوردایەتی و حیزبەکەی، بۆ گاڵتە سەری پێوە نەبوو. بڕیارماندا و چووینە خزمەت ئوستاد.

وەک ووتبوومان وا دەرچوو، یەکەم پرسیاری ئوستاد دەربارەی ئەم وەزیرانە بوو.

- ئێ... ئەوە ... ی چۆنبوو بە وەزیر، کورد قاتبوو؟

- کوردی خراپ مامۆستا.

- چۆن؟

- دەزانی ئێمە قسە ناگێڕینەوە.

- ئێ... چۆن؟ بڵێ.

- ناووترێت.

ئەخێر تووڕە بوو، خەریکبوو دەست بەرێت بۆ مەترەکەی.

- باشە مامۆست، بەڵام ناو مەپرسە.

- ئێ...

- دوێنێ عەسر هەردووکمان لای سەرۆک و مەزنی کورد بووین، زەعیم عەبدولکەریم تەلەفۆنی بۆ کرد.

- ئێ...

- ووتبووی ناوی دوو کوردە ویستووە بۆ وەزیری، یەکێکیان خۆم دامناوە، ئەویتر ناوی فلانیان داوەمێ.

- ئێ...

- خوا هەقە ئێمەش هەردووکمان عەرززمانکرد: بە خوا کورد پیاوی وەک ڕەحمی بەگ و مامۆستای خۆمانی هەیت عەیبە کەسیتر بەناوی کوردەوە ببێت بە وەزیر.

- ئێ...

- چوو هەردوو ناوەکەی دا بە زەعیم. ئەو ووتبووی من یەکێکم دەوێت تۆ بیربکەرەوە و یەک ناوم بدەری.

- ئێ...

- ئێمەش ناو و تۆیمان کرد، ووتمان: ڕەحمی بەگ گەلێک کاری لە میریدا کردووە، بەڵام ئوستاد پاش موشیریی سوپای عوسمانی هیچی قبوڵ نەکردووە.

- ئێ...

- خەریکبوو بچێت پێی بڵێ ئوستاد، لەو کاتە دا کوردێک هات و تێکیدا.

- ئێ... چیی ووت...

- ناووترێت...

- ئێ... چیی ووت؟ (دەستی بەرەو مەترەکەی دەچوو).

- هەر ئەوەندە کە بۆ وەزارەت نابێت، ئەگینا کێ دەتوانێ لەبەر دەمی ئێمـە دا هیچ بڵێت.

- ئێ... پاشان...

- سەرۆک زویر بوو، ووتی مادام ئێوە سێ کەسن بە ناقە ناوێک رازی نابن و یەک نین، من هەقم نی یە و چوو بە زەعیمی ووت: کێ دەکەی بە وەزیر خێری تێدایە.

ئوستاد تووڕە بوو و خۆی ووتەنی کەوتە خانەی عەسەبیەتەوە. ووتی:

- ئێ... پێی ووت (خیرلیدر)... باشە ئەی ئەو کوڕە: کێ بوو؟

- ئەتفەرموو ناپرسم.

ئەخێر مەترەکەی هەڵگرت.

- باشە پێت دەڵێین، بەلام مەبدەرە رووی.

- نە... ئەمین ئەوەندە دەنی نیم.

- بابە کاک سمایل مەحموودی هاوڕێی ئەم کاک ئەنوەرە بوو.

کاک ئەنوەر ئەشەمبیللایەکی بۆکردم و ئوستاد بەوپەڕی عەسەبیەتەوە هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێت:

- ئێ... ئەو مەحمود سمایلە (ناوەکەی بە پێچەوانەوە ووت)، هەر حەز دەکاتن خۆی ببێتن بە وەزیر، ئەوا ئەویش نەبوو، لە ئەمینیشی تێکدا، ئی بـ پیرۆزی ئەو (...)ە بێت، (...) ی وانیشی چی یە ئیشی (ئیمضا) نی یە، ئەوە بە کەرێکیش دەکرێتن.

خوا هەقە دێرە شیعرێکی تورکیشی ووت: کە ناشی دەوڵەت بە کەرێکیش دەگیردر بت.

کوردایەتیی ئوستـاد لەو سەردەمەدا هەربەوەوە ئەوەستـ کە بەپێی فورماڵ لۆجیک، واتە مەنتـیقی شکڵیی ئەرستـۆ شـەش ملیـۆن کـورد لەچین بدۆزێتـەوە، هەر لەبەرئەوەی چین ٦٠٠ملیـۆن بوو وبەپێی ئەولۆجیکە دەبێ ٦ ملیـۆن کوردی لی بن. بەڵکو لەهەر کونجێکی جیهاندا شتێکی باش روویبدایە بەرەی کوردی بۆ دەخستـە مزگەوتەوە. رۆژێک رووخۆش و رووگەش بوو، دەیانووت (چا) شی لە سەر حسابی خۆی بۆ خەلک کڕیبوو و لە جیاتی شەربەت بەشرابووە. کە خەلکەکە هیچیان نەبیستبوو و سەرسامبوون ووتی:

-ئێ . . . ئێوە نازانن؟.

-نەخێر قوربان؟.

-ئێ . . . ئەو کوردانە رزگارنەبوون؟.

- کام کورد؟
-ئەوانە . . . ئەوانەی ئیسپانیا.
-مامۆستا، ئەوانە (باسک)ن، کەی کوردن.
-نەء . . کوردن، ئەوانە کوردن.
-مامۆستا چۆن کوردن. . .
-ئێ . . . ئەو گاگوانە پێیان نەدەووتن «ئینفصالین».
-با . . .
-ئەی بە کوردیش نالێن «ئینفصالی». کەواتە کوردن. ئەو گاگوانەتا ئێستا دەیانکوشتن، وا ئێستا ناچار هەقیان دانی، ئێ . . .ئەوە کوردی ئەوی رزگاریان بووە. ئێوە چای شیرینی خۆش هەلقورێنن.

* * *

مامۆستا سمایل مەحموود هاتبووە دوکان. کاکە ئەحمەدە کوردە بە گیری هێنابوو. بۆئەوەی سەر لەنوێ گۆڤاری «ئەستێرەی بەرەبەیان» دەربکاتەوە.
-کاکە ئەحمەد، ئەوە بەسەر چوو. ئەوە مێژووی خۆی هەبوو، جێی گرت و ئێستاش نۆرەی شتی نوێ یە.
ئەم نەیووت و ئەویش دەیویست خۆی بە هێمنی رزگار بکات.
-کاکە . . . کاتیشی بێت من ناتوانم. من واسەرنووسەری رۆژنامەی «تێکۆشان»م، نابێ رۆژنامەیەک و گۆڤاریکم هەبێت.
-دەی باشە، با ئەمیان بە ناوی (مامۆستای بەرەڵا)وە بێت. ئەی ئەویش لەو گۆڤارەدا نەبوو؟
-با . . . بەڵام سەرنووسەر دەبێ بەڵگەنامەی باڵای هەبێ. مامۆستا زانایە، نووسەرە، بەڵام بەڵگەنامەکەی هی مەلایەتی یە.
بە فرسەتم زانی هاتمە قسە:
-باشە مامۆستا سمایل با بەناوی ئوستادەوە بێت.
-چی ئوستاد؟. دیاربوو دەیویست بڵێ ئوستادیش بەڵگەنامەی باڵای نی یە، تا بە تەواوی لای ئوستادی لێ تێک نەدەم پێش ئەوەی دەم هەڵهێنێتەوە ووتم:
- بەڵێ . . . ئوستاد، ئەی دەرچووی کۆلێجی ئەرکانی حەربی ئەستەمووڵ نی یە.
-چی؟

-بەڵێ، کۆلێجی ئەرکانی حەرب. ئەی پلەی موشیریشی نە بوو لە سوپای عوسمانیدا.

-چۆن (ڕوویکردە ئوستاد). ئەویش مەردانە هاتە گوفتار.

-ئێ . . . ئێ . . . ڕاست دەکاتن. . ئەمین . . .

-چی . . .

-ئێ . . . ئەمین. . .

مامۆستا سمایل دوایی تەلەفوونی بۆکردم. ووتی: بابە لەمنی تێک مەدە چیی لێ دەگێڕێتەوە ڕاستە، صدقت.

× × ×

سمایل فرندە بیستبووی قسە خۆشەکانی ئوستاد مایەی پێکەنین وگێڕانەوەن، بەخەیاڵی خۆی بۆ پێکەنین هاتبوو. بۆ فرسەتێک دەگەڕا. خراو ڕاستان لەوکاتەدا ئوستاد پارچە ڕۆژنامەیەکی تورکیی دایە دەست من.

-ئێ . . . ئەوە . . .

-ئەوە چی یە مامۆستا؟

- ئەوە تۆ بڵێ؟

سەیرم کرد لەوە ئەچوو درو ودەلەسە بێت بۆکورد هەڵبەسترابێت. ئەوسەردەمە بوو کە بەرزانی یەکان هاتبوونەوە. ڕۆژنامە درۆزنەکانی ناسیۆنالیستی هەرسی ئەتەوەی داگیرکەر دەیاننوسی کە گوایە ئەمانە بەرزانی نین وکوردەی سۆڤیەتین نێرراونە عیراق.

-مامۆستا،ئە مە بیدە بە یەکێک وەریگێڕێت، تا جەنابت (ڕەدی بنووسیت).

-ئێ . . . خەلقەللا عەلیک.

ئوستاد هیچ کاتێک ڕێگەی نەدابوو، بەحسابی خۆی ئیمە ناگامان لەوە بێت کە نووسینەکان خۆی نایاننووسێت. یەک ویەک بە تە نیا ڕایدەسپاردین، تابنووسین ئەو تەئلیفی بکات. لام سەیر بوو لە بەردەمی سمایل فرندەدا ئەوداوایە لەمن بکات. ڕەنگە لای وابووبێت کە ئەو کابرایە لەوەش ناگات. بۆ پینە کردن ووتم:

-جا مامۆستا کێ هەیە لە جەنابت باشتر تورکی بزانێت؟.

دیارە ئوستاد نە دەڵێت نازانم، نە دەڵێت نانووسم وهەمیشە خۆی ڕزگار دەکات.

-ئێ . . . ئەوە خەتەکەی وردە ولاتینی یە، ئەتۆ دەزانیت ئەمین چاوم کزبووە، بۆ ئەمین زەحمەتە. ئەویتری ئەمین خۆم دەینووسم.

فرندە فرسەتی دەستکەوت، زمانی هێنایە دەردەو بردی یەوە ناودەو و ووتی:

-ئێ مامۆستا، فەیلەسوفێکی وەک تۆ، زاناو نووسەرێکی وەکو تۆ نەبی سی، چل سکرتێرو یارمەتیدەری هەبێت . .

دیارە فرێندە لە مەشبانی نە دەزانی و کە ئوستاد هەستی بە گاڵتە پێکردن کرد؛ هەر ئەوەندەی ووت:

-ئی . . کەرە . .ئەتو کەمێک بچووکم بکەرەوە، ئەوسا قسە بکە . . ئەمین دەنووسم، بەڵام ئەتو کەریت بۆیە من وا گەورە دەکەیتن، کەرە، کەمێک بچووکم بکەرەوە.

* * *

لە وسەردەمەدا ئوستاد زۆر باسی چوونە ئەورووپای دەکرد. باسی ئەوەی دەکرد کە ئەمجارەش دەچێتە ئەورووپا و هەرئەوە دەکات کە کاتی خۆی لە کۆنگرەی لۆزاندا کردوویەتی.

-ئەمین لێم پرسین، ئێوە باوەڕتان بە قورئان هەیە؟

-ووتیان: ئەڤێت.(١)

-باشە لە قورئاندا دەڵێتن چی؟ ووتیان : توبڵێ.

-نە . . . دەڵێتن چی بوو؟ ووتیان : تۆ بڵێ.

ئەمین ووتم :

-دەڵێتن . . . لا فاو بوو، زریان بوو، توفان بوو.

ووتیان : ئی . . .

ئەمین ووتم : ئی باشە، ئەویتری نازانن، هەموو ئەمردن، کەس ما، ئەوی ما ئەهاتە جوودی . .

-ئی . . .

- ئەی جوودی لە کوردستان نی یە، کەواتە ئەسڵی دنیا کوردە . . .

ئەمجارەش کە باسی چوونە ئەورووپای دەکرد. رەحمی بەگ پرسیی:

-ئی باشە، پیاو لە وکۆڕانەی ئەورووپادا دەبێ زمانی جیهانی بزانێت، تۆ بە چ زمانێک قسە ئەکەیت، کام زمانی جیهانی.

-ئی . . . بە تورکی

* * *

شۆڕش بوو بوو، بەڵام سانسۆر لەسەر کتێب لا نەبرابوو. سانسۆرچی یەکانیش بە ئارەزووی خۆیانبوو. زۆریەشیان ئەفسەری سوپا بوون. بۆ کتێبی کوردی کابرایەکی زۆر نەشارەزا وکۆنەپەرستی لای ئەو سەرسنگە دانرابوو. هەموو رۆژێ دەهاتن ودەچوون، باسی

---

(١) بەتورکی: واتە-بەڵێ.

سەیرو سەمەرەی سانسۆری ئەویاندەگێرایەوە.

«شرۆڵ» کتێبێکی بردبووە لای. ئەویش بەئارەزووی خۆی شتی لی لادابوو، دێری لەنگی بۆ خستبووە سەر.

بۆ نموونە کە«شرۆڵ» ساڵی ١٩٥١ باسی گەلی کوریای کردووەو ووتویەتی: «مەبشۆلی ئازاد،کوریای قارەمان». ئەم سانسۆرچی یە بەدفەرە خەتێکی بەسەردا هێنابوو ووەک کات و وشوێن تێکەڵ بێت کردبووی بە «بەغدادی ئازاد، عەبدولکەریم قارەمان». خۆ ووشەی «کوردستان» یش هەردەبوو لا بچێت. دروم نەکردبێت. جارێک «مافی فەللاح»ی کردبوو بە «مافی ئاغا»و «مافی ئافرەت»ی کردبوو بە «مافی پیاو».

رۆژێک کەسێکی دەستەلاتدار هاتبووە لای ئوستاد ئەم کردەوە ناپەسندانەیان بۆ دەگێرایەوە، ئەوەی لای ئوستاد مەبەس بوو هەرکوردستانە خۆشەویستەکەبوو. لەبەر ئەوە بەعەرەبی ووتی:

-هذا الگواد وین ما یشوف کلمه کردستان یطفي(١)

* * *

رەحمی بەگ لە باسی ئوستاددا هەموو شان وشکۆی خۆی لە بیر دەچووە. دەکەوتە گاڵتەکردن وپێکەنین، ئەوێک کەقسەی چەوتی لەکەس قبوڵ نەدەکرد پێیخۆشبوو ئوستاد بەتیر وتوانجی عەنتیکە ئەویش بگرێتەوە. سەردەمێک رەحمی بەگ کرابوو بە پشکنەری دەرسی ماتماتیک لەقوتابخانە ناوەندی یەکاندا. باسی ئەوە دەکرا کە ئەو لە لاویتی بەوە وازی لە دەرس ووتنەوە وماتماتیک هێناوە، تۆ بڵێی ئێستا هیچی لە بیر مابی. بە تایبەتی کە پشکنەری ئەو قوتابخانەیەشبوو کە بەدبەخت دەرسی ماتماتیکی تیدا دەووتەوە. رەحمی بەگ لەم مەسەلەیەدا لا گەبەسبوو رای ئوستاد بزانێت. با قسەیەکی سەیری لی ببیستێت. خۆی دووره ریکخەرو دەرهێنەری ئەم شانۆگەری یە بوو وکاردکەی لەگەڵ بەدبەختدا ریکخستبوو.

-مامۆستا، ئەوە رەحمی بەگ بووە بەپشکنەری من، تۆ بڵێی ریاضیاتی لەبیر مابی.

-ئی . . . دەڵیی چی ئنتحامی بکەم.

-ئەری وەللا

کارسازکرا، ئێوارە رەحمی بەگ هات.

---

(١) واتە: ئەم گەوادە لە کوێ ووشەی کوردستان ببینێت دەیکوژێنێتەوە بەلام لە عەرەبیدا (یطفي) هەر بۆ چرا کوژاندنەوە بەکاردێت.

-ڕەحمی بێگ، ئەتۆ (ریاضیبون)یت؟.

ئەی مامۆستای ریاضیات نەبووم، ئیستای پشکنەر نیم.

-ئی . . . باشە. (دەستی برد بۆ مەحفەظەکەی پارچە کاغەزێکی دەرهێنا، هاوکێشێکی جەبری لەسەرنووسرابوو).

دەی، ئەوە . . .

-ئەوە چی یە؟.

-ئەوە ئەتۆ بڵێ . .

-ئاخر ئەمە چی یە؟.

-ئی ئەتۆ ریاضیبون نیت، ئەتۆ بڵێ.

- هێ . . .هێ . . هێ . . ئەتۆ نازانیتن . .

- تا نەڵێیت چی یە نازانم.

ئوستا: مێشکی خۆی گوشی، تا شتێک لە قسەکانی بەدبەختی بیر بکەوێتەوە. باشبوو بۆی ڕەخسابوو

-ئی . . . ئەوە عیلمی جەفرە(١). ئیمە لەمەدرەسە خوێندوومانە، ئەتۆ نازانیتن . . هێ . . هێ . .

* * *

-محەممەد ئەفەندی

-بەڵێ مامۆستا

-ئەتۆ کیتابت نووسیوە.

-بەڵێ مامۆستا چەند کتێبێک.

-نە، . کیتابی ، کیتابی، کیتابی عەبدوڕەحیم ئەفەندی، مەولەوی.

-بەڵێ مامۆستا ئەوە کتێبی باوکم وەنە، ئەی بۆم نەهێنایت.لەدانەیەکیشیاندا دیارینامەم بۆ نووسیبوویت.

-ئی . . هەموویان فرۆشران، هەرئەوەی خۆم مابوو، حەمید بیگ ناردبووی بۆ دانەیەک. نووسینەکەی ئەتۆم دڕی ویێم فرۆشت. ئەتۆ یەکێکیتر بۆ ئەمین بنووسە.

-باشە، بەسەرچاو مامۆستا. بەڵام ئەمیان نەفرۆشیت بە مەجید بیگ.

-نە، . . مەجید بیگ باوکی حەمید بیگە مردووە، ئەڵڵا یرحمە.

---

(١) جەبری لا بوو بە جەفر کە ڕەمل لیدانە.

*  *  *

-ئەتۆ نووسیت.

-بەڵێ مامۆستا ئەوەتا

-ئێ بیخوێنە

ووتارەکەم بۆ خوێندەوە، (مەندەرەکەی) واتا چاویلکەکەیی کردە، چاو قەڵەمی دەرهێنا تا (ئیمضا)ی بکات و ووتار ببێت بە هی ئەو.

-ئێ ئەوە چی بە، ناوی ئەمینیت بۆ نووسیوە مووشیر.

-نەخێر مامۆستا موشیرم نووسیوە، ئەمە ئیملای تازەی کوردی بە.

-نەء . ناوی من بنووسە (مشیر)، ئیملای تازەیە، ئێ بە ناوی ئەمینی پێ مەنووسن، چاوتان دەردەهات ناوی خۆتانی پێ بنووسن.

*  *  *

لە یانەی ئوستادا پیرەوی ناوخۆ دەستووری نووسراو نەبوو، بەڵام هەندیک شت وەک عورف خۆی جێگیر کردبوو. یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە ئوستاد خۆی لەهەموو کەس گەورەتربوو، کەسیک قسەی لە قسەیدا نەدەکرد. تەنیا رەحمی بەگ بۆی هەبوو وەڵامی بداتەوەو لیشی تورە ببیت. لەمەسەلەی قالە قالبەگەدا نەبیت، کەرەحمی بەگیش هێندەی مەتلەب نەبوو لەسەر ئەو شەرِ لەگەڵ ئوستدا بکات. دیارە تالب سەرشیلیستیش هەندیک گالتەی لەگەڵ دەکرد. کە ئەم پلە وپەیژە نەگۆرراوە هەبوو، ئەوە هیچ گۆرینێشی بەسەر نەدەهات. بە پیی ساڵ کە گەورەش دەبووین و خوێندنیشمان تەواو دەکرد، ئەوا ئیمە هەر لەجیی خۆمان بووین و بەناوی خۆمانەوە بانگی دەکردین و لەقەبی ئەفەندی و بیگ . . ی بە ئیمە نەدەدا چونکە ئەوانیتر کاتی خۆی وەریانگرتبوو و برابەوە. ئەگەر یەکیکیش خۆی لا گەورە بوویبیت ئەوا ئوستاد خۆی دەیزانی چۆن بچووکی بکاتەوە. ئەوە بوو عومەر قابەق وکەماڵ سالح کۆلیجیان بەیەکەمی تەواوکردبوو، بە(موعید) لە کۆلیجەکانی خۆیان دانرابوون و ئەوەدەمەش هەرلەعیراقدا کەم مامۆستای زانستگاو وکەم موعیدیشمان هەبوو، ئەوانیش خۆیان لا گەورە بوو بوو. هەقی وە ک فلان ئەفەندی و فلان بیگیان دابوو بە خۆیان و لەمەسەلەیەکدا زۆر پیکەنیبوون ئەو جۆرە پیکەنینە بۆ ئیمەی هەر منداڵ نەدەگونجا، بەدبەخت نەبیت خۆی نەدەگرت. بە کوڵ پیدەکەنی، کەدەیزانی وا ئوستاد خەریکە تورە دەبی یەکسەر فریای خۆی دەکەوت وبیانووی باسەکەی داماوی دەهێنابەوە.

هەرچی عومەر وکەمالە ئەوە ئوستاد رەنگەی ئەو پێکەنینەی نەدابوون و رەنگە واش تێ گەیشتبێ کە خۆیان لا گەورە بووە. لەبەر ئەوە تووڕە بوو بوو. ئەوانیش ویستبوویان فریای خۆیان بکەون، هەستابوون برۆن. بەڵام ئوستاد کەلەم حاڵانەدا خۆی خەڵکی دەردەکرد، ڕێگەی لێ گرتبوون و ووتبوی.

-نێ . . ئێوە ناڕۆن، برۆن نایەنەوە ئێرە، ئێوە ئەدەبسزیتان کرد. ئێرە جێگەی پیاوە، جێگەی منداڵان و ئەو پێکەنینە نی یە. ئێوە ئەگەر دەتانەوێ بێنەوە ئێرە دەبێ سزابدرێن، ئەگینا چاوتان دەردەهات برۆن.

-مامۆستا ، ئەمر ئەکەی حازری هەموو فرمانێکتین وسزامان قبووڵە.

ئیشارەتی پشت دۆڵابەکەی کرد، نێ . . ئێوە لەوێ بەک سەعات لەسەریەک لنگ دەوەستن، دەستتان بەرز دەکەنەوە.

بەمەدڵیان خۆشبوو. لەقوتابێتیدا سزای وایاندیبوو. کەئوستاد زانیی زۆر گوێیان نەداوەتی، ووتی:

-نێ . . دەبێ ئەوسەعاتە زمانیشتان دەرکێشن. .

کار لەکار ترازا، ناچار رازیبوون وبەبەرچاوی هاتوچۆکەرانی بائەوە سزای خۆیان دی و دانیشتنەوە.

* * *

لە پەراوێزی باسی ئوستددا ئەحمەد گیرابەوە ووتی:

ئەوساڵەی ئوستاد چاوەڕێبوو لەئەورووپاوە بووکی بۆ بێت، هەموو ڕۆژ ڕیشی دەتاشی، بۆینباغی دەبەست، بۆنی لەخۆی دەدا، کەباسی جوانی وقۆزی دەکرا دەیپرسی :

-نێ . . ئەی ئەمێن چۆنم؟

ئیتر کێ دەیویرا نەڵێت لەهەموو کەس قۆزتری. هەرچی باسی هێزی پیاوەتی بە ئەوەش باسی زۆری لێدەکراو ئوستاد باسی لاوێتیی خۆی دەکرد، بۆ ئێستاش هەردەمی کردووە.

جەلال زانای ئەفسەری بەیتاڵ ووتی:

-من بیرم لەمەکردۆتەوە. دەرمانێکم بۆ گرتووەتەوە بە دەرزی لێت دەدەم، دەتکاتەوە بە کوڕێکی لاو.

ئوستاد ووتی:

-دەی کوا؟ لێم بدە.

-بابروکەکەت بگات.

-نه . . نهتو ئیستا لیم بده، ئهمین بهکیکیتری پی رازی دهکم. کهئهویش هات

دهرزی‌یه‌کی ترم لیده

* * *

لهونامانهی ئوستادا کهبۆم دههاتن زۆر شت دیاربوون، سۆز وخۆشهویستی خۆی، هیوای بهدوارۆژی ئیمهی خوێندکار، بهڕاست بهگالته تیژکردنی نهو لهمن، ئیتر لهلایهن لاله کهمالهوه بی، وریا بی، شڕۆل بیت . . هتد .

ئهم نامهیهمان به خهتی‌هوردوو بوو، ئوستاد دهلی:

ڕۆحهکهم، دهلین له مهکهوه گۆڕستانیک ههیه که پیی دهلین (مقبرە العظماء)(۱).

لهوی لهسهر بهردیک که پیی دهلین پهزابر وینه و ناوو ژیانی مردووهکه دهبیت بهکیل، بچۆره لای وهستای خۆی و کیلیک بۆ گۆڕهکهم بکه. ئهوه وینهی سالی ۱۹۵۹، ههرچهند لهوهی ۱۹۲۹دا ئهمین جوانترم، لهسهر کیلهکهش بنووسن:

کهعبهی ئامالی بهکیتیی کوردان، ئامانجی بهرزبوونهوهی نیشتمان، زاتی گهورا وعالی جناب مامۆستا بهشیرموشیر.

حهیدهری جوانهمهرگ مابوو، لهوینبوو، بی دهسهلاتیش نهبوو، ئوستادیشی خۆشدهویست. کهئهمم پیشاندا له تووڕهبوونی ئوستاد ڕزگاربکردم وپیکهوه وهلاممان دایهوه:

مامۆستا: خوا نهکات بمریت، بهلام بهسهرچاو، ئهوکاره لیره بهکۆمیتهی ناوهندی جی بهجی دهکریت. کاکی حهیدهری ئامادهیه پیمان بکات. بهلام ئهمه بۆ مردوو، تازووه تهئریخی وهفاتتان بنیرن تا ئهو کیلهت بۆبکهین. زهمان فریای وهلامی نهخستم.

* * *

ههرباسهو ههرپیوهندی بهی ئوستادو دیوانهکهی فهسلی تایبهتیی دهویت. ئیکرام کهپاش مهرگی ئوستاد خۆی کردووه به خاوهنی و (فهسل) و(باب) ی بۆ فهلسهفهی ئوستاد داناوه. لهوه دهچیت ئوستاد وکۆمۆنیستی له بیر چوبیتهوه یا ئهم حکایهتهیان نهزانیبیت.

زۆر پاش مهرگی ئوستاد خیزانی هاوری ڕهحیم که سهرکردهیهکی دیاری کۆمۆنیستانی

---

(۱) ناوی گۆڕستانهکه ههروا بهعهرهبی نووسرابوو. که (گۆڕستانی پیاوه گهورهکان) دهگهیهنیت. جادهبی به کوردی باروسی ناوی چی بیت.

(۲) له ژیر وینهی ئوستاددا ئهمه له کتیبی (بارپۆ) ی یانهی سهرکهوتندا نووسراوه ههر (گهورا)ش نووسراوه.

کوردە لە دوور وولات هاتبۆوە. بۆ بەخێرهاتنەوەی چووبووم، بەڵام دانیشتنی من لەگەڵ هاوڕێ ڕەحیمدا بێ باسی ئوستاد نابێت، کەچەند باس وسەرگوزشتەیم گێڕایەوەو هاوڕێ لەناخی دڵەوە پێدەکەنی، خێزانی هەڵیدایەو ووتی:

-ئەی سەد ڕەحمەت لە قەبری، بەخودا پیاوی چاک بوو، زۆر خزمەتیکردین، حیزبی زۆر خۆشدەویست.

-دایکم، حیزبی چی و کۆمۆنیستی کوێ، ئوستاد کەی خەریکی ئەوە بووە.

ئەخیر بەدرێژی وەسفی دوکان وئوستادو سدارەو موستیلە گەورەکەی پەنجەی بۆکردین. گێڕایەوە کە چۆن لە سەرەتای سالانی پەنجادا ئەم بەعەباو پەچەوە پۆستەی حیزبی لەنێوان بەغدار کەرکووکدا هێناوە و ووتی:

-من، یا ئەو ژنەی پێکەوە ئەوکارەمان پێ سپێررابوو، کەلەشەمەندەفەر دادەبەزین، دەچووینە دوکانەکەی ئەو، پۆستەکەمان لادادەنا، ئەوسا دەچووین ئەومالەی بەسەر دەکردەوە کە دەبوو پۆستەکەی بۆ بەرین، نەک پۆلیس دۆزیبیایەنەتەوەونیمەش بە پۆستە ونامە وە بگیرێین، کە دڵنیا دەبووین دەهاتینەوە لای. داوای ئەمانەتەکەمان دەکرد. دەیووت:

-ئی ... دایکم، مادام سەلامەتن، دەجارێ دانیشن، سەرو چابخۆنەوە ئەوسا خواتان لەگەڵ.

ڕاستی من لەدڵدا باوەڕم پەمەنەکرد وپەخەیاڵمدا نەدەهات ئوستاد بە ئاگاداری بەوە، یا بێ ئاگاداری بوویێت بە پۆستەخانەی کۆمۆنیستان، تا ئێستا تاقە باس کە لەگەڵ جەلال فاروقدا بەکماندەخات،باسی ئوستاد وبەلگەنامەو وێنەکۆنەکانیشیتی، کەئەو پیاوانە بە دووایاندا دەگەڕێت و توانای خۆیی خستۆتە کار و بە (فۆتۆ) کردنیان، بەژمارەی زۆر.

بەبانی خۆم نەگرت لە کۆبوونەوەیەکی سیاسیدا بووین، ئەو لەپێشەوە ومن لەدواوە. بەنامەیەک ئەم حیکایەتەی دوێنێم بۆ نووسی وەنامە دەست یەکێک بۆی برد، کەئەویش کەوتە وەڵام نووسینەوەو وەڵامەکەی بۆ هێنامەوە. بەختیار کیوەڕشی کە ئێستا ڕۆژنامە نووسێکی ناودارە و لەهەندەرانەوە هاتبوو، لە شوێنی تایبەتیی ڕۆژنامەنووسانەوە هاتە خوارەوە. حەزیکرد ئەو نامەیەو وەڵامەکەی ببینێ، لای وابوو نهێنی یەکی سیاسیی تیدایە.

جەلال نووسیبووی:

-بەڵێ خێزانی هاوڕێ ڕەحیم ڕاست دەکات، ئوستادیش ئاگاداربوو، خۆی ئەو ئەرکەی گرتبووە ئەستۆ. من وەک دەزانیت ئەوکات کۆمۆنیست و لێپرسراو بووم ومنیش ئەو کارەم ڕێکخست و بەیەکترم ناساندن.

بەختیار سەری بادا، ووتی : دیارە ئێوە هەموو شتتان لەبیر دەچێتەوە ئوستاد نەبێت.

وەڵامم دایەوە:

-دیارە تۆش هەموو شت بەنهێنی دەرخستن دەزانیت، ئەم لاپەڕا   گەشە، شارراوەیەی مێژووی ئوستاد نەبێت، کە جێی شانازی بە.

*   *   *

ئاوارەیی (شرۆڵ) ی ناچار کردبوو کەهەموو چەشنە کارێک بکات، بچێتە بەر چەند شاگردی. دووا کارو سەرکەوتووترین کاری وێنەگری بوو، کەچی ئەم کارەی لای ئەوانەی (قەدری سنعەتکار) لەلایان (وەکو عەکسی قەمەر) وانی بە (لەناوچەوزێکی لبخندا) کارێکی بچووک بوو کە شایانی شاعیرێکی ناودار نەبێت. مامۆستا نازدری یەکەم لە گەشتی بەغدا گەڕابۆوە، لەناو لایەنە چەرتەکانی ئەو وڵاتەدا دەیووت:

-کوردن ان بیوکی شاعیری، نوردا عکاسدر(١).

کەچی ئوستاد دڵی بەم کارەی شرۆڵ خۆشبوو بە تایبەتی کە ڕۆژێک مژدەی ئەوەی هێنا بوو کە لە شاگردی ڕزگاربووەو شەریکێکی دۆزیوەتەوەو دوکانی خۆیی هەیە.

ئێوارەیە بە پێی ڕێکەوتن ومەراسیم شرۆڵ لە پێش دەرابە داداناوەی دوکاندا گەیشتە لای ئوستاد. لەدوکان داخستندا بارمەتیی دا و ئوستادیش خۆی تاس و لووس دابوو دیار بوو ئەم وێنەیە لەربزەری هەردە ساڵە وێنەیەک دەچێتە دەرەوە.

وێنەگیرا. ئوستاد کاغەزێکی سپیی لووڵ کراوی گرتبوو بەدەستەوە، شرۆڵ خۆی لەبەر دەمی تاقیکردنەوەدا دەدی، هەموو توانای خۆی وهونەری خۆیی خستەکار. بۆ سبەینی دڵی بەسەرکەوتنی خۆی خۆشبوو.لەسەر کارتۆنێک گرنج گرنجی تازە داهاتبوو چەند وێنەی چاپکردەوو لەبەر چاوی هەمووان دایە دەست ئوستاد، چاوەڕێی گەشانەوەی ئەوو ئافەریم لێکردنی خۆی بوو. ئوستاد گرژبوو هیچی نەووت.

-ها، مامۆستا جوانە بەدڵتە، باشە.

-نە. . .

-چۆن؟

-نی . . . مرقەباکەی خراپە.

-مامۆستا، ئەمە تازەترین کارتۆنە، باوی کارتۆنی بریقەدار نەماوە.

-نە. . مرقەباکەی خراپە.

---

گەورەترین شاعیری کورد لەوی وێنەگرە

شرۆڵ ناچاربوو دڵی بهێنێتەوە جێ.

-باشە، مامۆستا، لەسەر کارتۆنی بریقەدار بۆت چاپ دەکەم.

-نەء.. نامەوێ.

هەموو بوون بە ناوبژیکەرو بڕیاری سزادانی شرۆڵ درا. بەوەی شەش وێنەی جیاجیای هەموان لەخزمەتی ئوستاددا بگرێت.

هەر ئەو ئێوارەیە کێ حازر بوو لەخزمەت ئوستاددا ڕوویان کردە ستۆدیۆ کەی شرۆڵ. ئەویش بەوپەڕی ڕووخۆشی یەوە پێشوازی کردن و لەسەر حسابی خۆی چای بۆ بانگکردن و ئەوسا ڕیزێ کورسیی لە ستۆدیۆ دانا. جێگەی ئوستاد لەناوەڕاستدا دانرابوو. لەسەر عەرشی خۆی دانیشت. چەند کەس لەملاو ئەولاوە دانیشتن وڕیزێک بەپێوە. شرۆڵ حەزیدەکرد هەق بکاتەوە، یەکسەر ووتی دەی وێنەیەکیتر، بەڵام (وەزعیەت) بگۆڕن. دانیشتوو چوونە دواوە و ئەوانی دواوە هاتنە پێشەوە. بەڵام دیارە ئوستاد هەر لە جێی خۆیەتی. چەند جارێک(وەزعیەت) گۆڕرا وئوستاد لەجێی خۆی بوو. شرۆڵ ووتی : کاتێک وێنەکان دەرچوون تەماشا دەکەم ئوستادیش وەزعیەتی گۆڕیوە. لەوێنەی یەکەمدا قوڵە مستی ڕاستیی توند گوشیبوەوبەرزی کردۆتەوەو پەنجە تووتەی ڕوویکراوەتە لای ڕاست، لەدووەمدا ئیشارەتی چەپی پێکردووە، لەوێنەیەکدا بۆ سەرەوەو لەیەکێکدا بۆ خوارەوە. بەڵام لەپێنجەمدا قوڵەمشت لەسەر سنگی خۆیەتی و پەنجەکە ڕووەو پێشەوەیە کەچەر (شرۆڵ)ی وێنەگری لەوێدا وەستاوەو خەریکی کارە. شرۆڵ دەیووت:

-بڕوانە، ئائەمەیان زەرەری بۆمن هەیە.

* * *

ئەمجارەش مامۆستا(م) وباسی داماوی برای. هەرپاش شۆڕش بوو یەکێکمان ووتارێکی نووسیبوو تاقمیەک دێری تیدابوو کە مامۆستا (م) بەسووکیی زانیبوو بەرامبەر بەیادی ڕەحمەتیی برای، ئەویش قەڵەمی لێهەڵکێشابوو بیست لاپەڕەی دەربارەی خەباتی کاکی بەرامبەر بە ئینگلیز نووسیبوو، ووردە توانجیشی تیدابوو. سانسۆر ڕێگەی چاپیان نەدابوو. هاتەلای ئوستاد ووتی: دڵم ئاو ناخواتەوە تا هەمووتان بۆ نەخوێنمەوە. هەرچەند خاوەن ووتار پاکانەی کرد سوودی نەبوو. کەوتە خوێندنەوە، لەبڕگەیەکدا بەدبەخت کەوتە پێکەنینی خۆی ئاسایی. ئیتر ئوستادیش خۆی ئاسایی تووڕەبوو:

-بەسە سەلامەت بێت، ئێرە جێگەی پێکەنین نی یە، ئەتۆش چەندم ووت برای ئەتۆ مردووە، دەستی لێهەڵگرە. هەستە دەی، بچن ئەوە ئوتێلی خۆت نزیکە، بیانبە، حەوزیشی لێ یە

- لەوێ بۆیان بخوێنەوەو بالسعر حسابی ئەتۆش چایی بخۆنەوە.

هەر واشبوو.

* * *

فایەق مارف گێرایەوە ووتی : سەرەتای سالانی سی بوو، قووتابیی کۆلێجی سەربازی بووین، خوێنگەرم، هیوایەکی گەرمان بەوە هەبوو ئەمجارە خوێندەوار رابەریی بزووتنەوەی نوێی کوردی بکەن. مەحموود جەودەت لەناواندا دیار بوو، خاوەن بیربوو، کتێبی «لەهستان»ی کردبوو بەکوردی. پۆلۆنیای بەشکراوی بەکوردستان دەزانی. ئێمەش پارەمان کۆککردەوە بۆ چاپکردنی. بیرمان لەوە دەرکردەوە کەکێ چاپی بکاو پێشەکی بۆ بنووسێت. ئێمە تەنیا هەفتەی جاریک لە (رۆستەمی یە) وە دەچووینە بەغداو لەوکارانەشمان نەدەزانی.

یەکێک ووتی ئەم، یەکێک ووتی ئەو، باسی ئەمین زەکی بەگ زۆر کرا، ئەو ناوانەمان لاپەسند نەبوو. چونکە ئەوانە دیاربوون، ئێمەی لاویش نەماندەویست ناوی کەس پێش ناوی مەحمود جەودەت کەوێت ولەوگەورەتردیاربێت. تەنانەت کاک مەحموودی رەحمەتیشمان قانع کرد کە وێنەی خۆی لەسەر بەرگەکە بێت. دووایی یەکێک ووتی: ئای بەشیرموشیرباشە، هەم شارەزای چاپەو تازە «سپاردی حەقپەرستی»ی چاپکردووە و هەم دوکانەکەشی نزیک چاپخانەکانەو لەگەڵ بیری ئێمەشدایە، ئەویش هەرچاپی دەکات وناوی پێش مەحموود جەودەت ناکەوێت.

هەموو ئەم بیرەمان لاپەسندبوو. پێنج شەمە کە چووینە شار، هەموو بەجلی قوتابیی کۆلێجی سەربازی بەوە چووینە دوکانەکەی ئوستاد بەشیر موشیر وسەلاملەمان بۆ کردو کەووتمان بۆ ئێشێک هاتووینە خزمەتت بانگی کردین و چای بۆ کرین. ئەوەندەی لاخۆشبوو رەنگە لای وابوو بێت کەدەیکەین بەسەرکردەی کودەتایەک.

کەمەسەلەکەمان تێگەیاند زۆر سارد نەبوو وهەر بە دڵخۆشی بەوە ووتی: خێر لیدر(١).

ئەوەشمان تێگەیاند کە لەترسی پێشەکی نووسین نەمانبردۆتە لای ئەمین زەکی بەگو کەسانیتر ولە ئەرکی خۆیشیمان گەیاند. پەیمانی دایێ. خوا هەقە بەزۆر پارەکەشمان لا نا. ووتی:

-پێنج شەمەی داهاتوو نا، ئەویتر وەرنەوە فورمەی(٢) یەکەمی وەرگرن.

دووهەفتە هەر لەخەیاڵ وبیری ئەوسەرکەوتنەدا بووین کەلای ئێمەی لاو یەکەم

---

(١) بەتورکی : سەریەخێرە.

(٢) فورمە، مەلزەمە، ١٦ لاپەرە.

هەنگاومانبوو. هەرزەنگی بەرەو شار چوونەوە لێبدا هەموو پێکەوە بەتاسەوە رووومانکردە دوکانەکەی.

-دەی مامۆستا خوا بکات شێر بێت.

-ئێ . . دانیشن، ئەمن وەعدە خیلاف نیم(١).

دەستی برد بۆ چەکمەجەکەی(٢)، بەراستی فۆرمەیەکی چاپکراوی دەرهێنا. کەدایە دەسمان هەروەک سەتڵێ ئاوی ساردمان بەسەردا بکەیت وابوو. بەهەناسە ساردی یەک سەیری یەکترماندەکرد. وڕ بووین، تووەمەز کاک بەشیر هاتووە هەر لەسەر بەرگەکە ناوی خۆی و مەحموود جەودەتی نووسیوە. لاپەرەی یەکەم ئەلهەق رەسمی مەحموود جەودەت بوو، لاپەرەی دووەم وێنەی بەشیر خۆیبوو، ئەوسا پێشەکیش بەقەلەم کلکەگاکەی خۆی کە لەوەی من-فایەق خۆی(ع)- کوڵەوارتربوو، بەڵام ئەو خەڵک بۆیان دەنووسی. من کەس بۆم نانووسێ. سەرسامی بەریدابین. لەناوماندا شێخ ئازیز کەوتە قسە وبەتووڕدیی یەوە لەوەعدە خیلافی دووا. ئیتر هەموو هەڵچووین. خوا هەقە هیچی وای ئەووت، ئەوەندە ئەبێت.

-ئیوە هێشتا منداڵن، لەم شتانە نازانن، ها ئەوە پارەکەتان، بچن لەچاپخانە کتێبەکەتان وەربگرنەوە. ئەمن لەبەر مەحموود بێگ قسەناکەم. بزانە چۆن ئەویش لێتان عاجز دەبێت.

فۆرمەمان لێ سەندەوە، پارەکەمان هەڵگرت، چووینە چاپخانە، باشبوو هەرئەو فۆرمەیەبوو، پارەکەیاندا بەخاوەن چاپخانەو چاپکراوەکانمان فەوتاند.

پاش قسەکانی کاک فایەق، ئێمەی یارانی ئوستاد بەدووای دانەیەک لەوفۆرمەیەو لەوپێشەکی یەدا دەگەڕێین. وەک پوولی پۆستە کە هەڵەی تیدابێت، چۆن لای پوولخوازەکان بەبایەخە ئەوەش لای ئێمە وایە. تو بڵێیت دانەیەکی لە سندووقە داخراوەکەی ئوستادە خۆیدا نەبێت وئەوساش بڵێن خوایە بەدبەخت جارێک بیتەوەو ئەوسندووقە بکاتەوە.

* * *

یونس بەزۆر قەناعەتی بەئوستاد کرد نیوەڕۆیەک بۆ نانخواردن بچێتە ماڵی ئەوان. ئەوە لەوجارە دەگمەنانە بوو ئوستاد دەعوەتی ماڵان لەبەغدا قبووڵ بکات. کاک یونس بە دڵی خۆشەوە چەند برادەری عەزیزیشی بۆ ئەم بۆنە مێژووی یە بانگ کردبوو.

نان خورا، چا هێنرا ولەبەردەمدا دانرا. ئەوەندەیانزانی ئوستاد چای ڕشت وژێر پیاڵەی فڕیدا. بەسەرسامی یەوە ووتیان:

---

(١) لەپەیمان لانادەم.

(٢) چاوی مێز. خۆی مەحفەظەی پێ دەووت بە(ظ).

-مامۆستا، ئەوە چی یە؟. نێ . . ئەمێن ناخۆم.
-باشە نابخۆیت باشە، خوا نەخواستە هیچ بووە وازیرپیالەکەت شکاند.
-نێ . . چی بووە، هیچ شک نابەین.
-نێ . . (پەنجەی بۆ ڕەسمی سەر ژێرپیالەکە درێژ کرد) نێ . . ئەوە ڕەسمی ئەو گاگورەی لەسەرە ئەمێن نایخۆمەوە. کەس هەستی بەوە نەکردبوو باگوێی نەدابووە ئەوە کە ژێر پیالەکە هی تورکیایەو ڕەسمی مستەفا کەمالی لەسەرە.
-نێ . . مامۆستا وەللا، ئەوە دایکم پیرێژنێکە چۆتە بازار لای جوانبووە کڕیویتی، هەر نەیزانیوە ئەمە ڕەسمی کێ یە.
-نێ . . ڕەسمی ئەو گاگورەیە، ئەمێن چای تێدا ناخۆمەوە. ئەوەی کڕیویشیتی کەرە . .
ناچار لای ماڵە دراوسێ ژێر پیالەکەی گوڵرەنگ هێنراو ئوستاد، چای خواردەوەو جنێوەکەشی سەرسەر.

* * *

بەیانی یەک هاتمە لای ئوستاد، دیار بوو هێشتا خێر و شەر پەشنەکرابوو، لەبەر ئەوە دوکانەکە چۆڵ بوو، کە چوومە پێشەوە تەماشا دەکەم ئەوڕەحیم لە کونجێکدا دانیشتووە مژ لە دارجگەرەکەی دەدات. کە منی دی جارێک لە جارە تاکەکانی ژیانی بوو کە بزە کەوتە سەر لێوی، تێنەگەیشتم بزەی ئەوە بوو ئەویک بە ناوی ئوستاد توورە دەبوو یا هاتبێتە خزمەتی، یا وەک لە شام هەڕەشەی دەکرد کەتنێکی کردبێت و هەڕەشەکەیی بەجێ هێنابێت. ئەیسە دانیشتین، ئوستاد فەرمانی دا کە بچم لەسەر حیسابی خۆم سێ چا بانگ کەم. هەر سەرم سوڕمابوو، بەڵام هیچم نەووت و چاوەڕێ بووم، پاش چاخواردنەوە یەکسەر ئەوڕەحیم ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت، کە هەر من و ئوستاد ماینەوە، یەکسەر ڕووی تێکردم:
- ئەسرەت.
- بەڵێ مامۆستا.
- ئەتۆ دەزانیت ئەمێن چەند ئەتۆم خۆشدەوێت.
- بەڵێ مامۆستا.
- نێ... باشە، کەس ناتوانێت ئەتۆ لە ئەمێن بکاتن.
- بۆ هیچ بووە مامۆستا...؟
- نە... کەس ناتوانێت دڵی ئەمێن لە ئەتۆ کرمی بکاتن.
- باشە... خێرە، خوانەخواستە هیچ بووە؟

- نه‌... به‌لاَم ئه‌تۆش ئیتر به‌ خراپی باسی ئه‌م ئه‌وره‌حیمه‌ مه‌كه‌.

- مامۆستا دیاره‌ منافه‌قی و دووزمانیی كردووه‌، ئه‌زانیت ڕاست ناكات، ڕه‌نگه‌ ده‌ستی چه‌وری خۆی به‌ سه‌ر مندا سووبێت. دوو ساڵ من و شرۆڵ له‌ سه‌ر جه‌نابت له‌گه‌ڵ ئه‌و دا هه‌راماتبوو، دیاره‌ ئێستاته‌یه‌وێ تێكمان بدات، ئیتر چۆنی قسه‌ پێ ناڵێم.

- نه‌... نابێ قسه‌ی پێ بلێیتن... ئه‌و پیاوه‌ پیاوی چاكه‌.

- ئا ئه‌مه‌ چاكه‌یه‌؟

- ئی... ئه‌و پیاوه‌ هه‌موو زمانێك ده‌زانێتن، ئه‌و پیاوه‌ عوله‌مایه‌...

- مامۆستا زمانی چی؟ چیی خوێندوه‌، شه‌هاده‌ی چیه‌؟

- ئی... هه‌یه‌تی؟

- كامه‌؟

- ئی... ئه‌و پیاوه‌ «عندالإیجاب» خۆی بۆ ئیمتیحام حاضر كردبوو، ئه‌وراقی ئیمضا كردبوو، به‌لاَم به‌ ده‌ستی نه‌كه‌وت...

ئیتر له‌و ڕۆژه‌وه‌ ئه‌وره‌حیم ناونرا عوله‌ما و ئه‌و ناوه‌ جێی هه‌موو ئه‌و ناوانه‌ی گرته‌وه‌ كه‌ له‌ ژیانی ده‌ربه‌ده‌ریدا له‌ خۆیی نابوون.

* * *

هه‌ر له‌و ڕۆژه‌ به‌ زه‌مزه‌مه‌ و ده‌بده‌بانه‌ی شایلۆغانی ساڵی یه‌كه‌می ته‌مووزدا بوو كه‌ له‌گه‌ڵ فه‌ریق ئه‌حمه‌دا چووینه‌ لای ئوستاد. لچی دابوو به‌ یه‌كدا، زۆر بێ تاقه‌تبوو، فه‌ریق وێرای بڵێ:

- مامۆستا خێره‌؟

- ئی... به‌عزه‌ گه‌وادێك.

- چی به‌ خێره‌، هیچ بووه‌، كێ زیراویه‌تی عاجزت بكات.

- ئی... به‌عزه‌ گه‌وادێك.

- مامۆستا كێ یه‌ بڵێ، چی بووه‌، به‌شكم حه‌قی لێ بكه‌ینه‌وه‌.

- ئی... به‌عزه‌ گه‌وادێك خۆی عوله‌مایه‌، خۆی دوكتۆرایه‌.

- كێ یه‌، چی بووه‌.

- ئه‌و محه‌مه‌ده‌ كیوده‌رشی یه‌ ده‌ناسن؟

- ئه‌ی چۆن نایناسین.

- ئەوە خۆی عولەمایە، خۆی دوکتورایە...

- باشە، چیی کردووە، چ ناماقوولی یەکی کردووە؟

- ئێ... ئەوە هاتووە بە ئەمین دەڵێتن لە سلێمانی بەوە وەفد هاتۆتە بەغدا، دەڵێم نەهاتووە، دەڵێتن هاتووە.

- باشە مامۆستا هیچی ترت پێ نەووت؟

- جانم ئەمین دەم ناخەمە دەم ئەوانەوە، هەر ئەوەندەم پێ ووت: کەرە، وەفد بێتن لەوێوە دێتە ئێرە، ئینجا دەچێتە لای زەعیم، کەواتە نەهاتووە.

- دەی باشت پێ ووتووە، مامۆستا، راست دەکەیت ئەوە عەقڵەکەی وایە، خۆی بە نووسەرێک دەزانێت وەکو لینین.

- ئێ... ئەوە قەیناکاتن، لینین شاعیر نەبوو، لینین نووسەر نەبوو، لینین پیاوێکبوو عەسکەری.

* * *

هەمو پێنج، شەش ساڵ تێپەڕیبوو. شار مۆسکو بوو، چەند کەسێکی دیار لای خۆمانەوە هاتبوون، لەگەڵ ئەواندا لە کۆڕێکی بچووکدا گوێمان لە موحازەرەیەک دەگرت. خاوەن موحازەرە لە قسە دا ووتی:

- یەکێک لە هەڵەکانی ستالین ئەوە بوو ووتی: لینین عەسکەری نەبوو، ئەمە راست نی،، ، ، چونکە کروپسکایای خێزانی لینین دەگێرێتەوە کە لینین پێش راپەڕینی ١٩٠٥ خۆی دا بەسەر کتێبی عەسکەریدا، زانیاری یەکی عەسکەری زۆری پەیدا کرد.

ویستم خۆم بگرم نەمتوانی، دەستم گرت بە دەم و چاومەوە، بەلام کە سەعیدی هاوڕێم پێی زانیم و سوورەی لیکردم، دامە پرمەی پێکەنین و چوومە دەرەوە. ئەوەش بلێم کە لە حیسابی تیژی ئەو رەفتارە دا لینین و ستالین و کروپسکایام بەست بە ئوستادەوە، تووڕەیی کاک سەعیدیش بوو بە پێکەنین بەلام لە هۆلی موحازەرەدا نا.

* * *

- ئێ... باشبوو هاتیت، یەکی عەلا، ئەتۆ وەلامی ئەم کەرانە بدەرەوە.

دوو برادەری ئەندازیار بوون لە گێرمەو کێشەی ئەو رۆژانە دا شەڕیان بە هەموو کۆمۆنیستێک دەفرۆشت.

- چی یە برا، چی یە؟

- ئەوەتا کاک سدیق وەک بووبێت بە نێرە عەرەب هەر لە سەر یەکێتی عەرەب

دەنووسێت. لە بیری چۆتەوە کە کوردە و قەبلی یە.

بۆ من زەحمەتبوو پێ یان بسەلێنم کە کوردیش چونکە لە عیراق و سووریاش دان دەبێ باسی ئەو مەسەلەیە بکەن، بەڵام چۆن! خۆ هەموو نووسەرێکیش لە مەسەلەی باسکردن هەڵبژاردندا دەبێ ئازاد بێت. هەرچەندە هاوارم کرد:

- برابینە لەوە بکۆڵنەوە چۆنی نووسیوە و ڕای چۆنە، سوودی نەبوو، کەچی ئوستاد خۆی مەسەلەی بڕیبوو.

- نێ... کەرینە، مادام ئەو (ضدی مصر) دەنووسێتن ئەوە بۆ کورد باشە.

(پشان ڕوویکردە من).

- نێ... ئەتو سەلامی لێ بکە، بڵێ بەشیر سەلامت لێدەکاتن. دەڵێتن با کەر و گا قسە نەکەن. جار و بار باسی کوردیش بکاتن.

* * *

ئوستاد لەو سەردەمە دا (با وجودی مەرتیبەی کوردایەتیش) زۆر جار پشتی کۆمۆنیستانی دەگرت. ئیتر وەک ئەوەی شێخ ئەحمەدی مامە بێت کە لە ڕقی ئەوەی بە وەستا ناوی برا لینینی دەکرد بە زاتێکی عالەمی، لە داخی ئەو کۆمەڵە ڕۆژنامەیەی (سەرکەوتن) بێت، کە هەموو ڕۆژ مەحموود باصەرنی دەبهانی وەدەبیردەوە و هیچی لێ نەدەفرۆشرا، چونکە هیچی تێدا نەبوو.

مەحموود لە سەر سووچی ئەوسەری قەنەفەکە دانیشتبوو، ئوستاد پشتی لەو بوو سەیری شەقامی جنجالی رەشیدی دەکرد و لەگەڵیدا دەدوا و وەڵامی دەدایەوە و سەیریی نەدەکرد یا ئاوڕی لێ نەدەدایەوە.

- شیوعیەکان موقاطعەی (سەرکەوتن) کردوویانە...

- نێ... وا نی یە.

- با لە سلێمانی خۆیان گوتوویانە باسی (لاوان) دەکات، باسی (گەنجان) ناکات.

- نێ... ئەمین دەڵێم درۆیە.

- ئاخر لە هەولێر هەر یەک عەدەد نەفرۆشراوە جانم.

- نێ... نافرۆشرێتن.

- ئاخر جانم، دەڵێن بەیانی ئیتیحادی طەلەبەی نەجیبی کوردستانی خۆمان بلاوکردۆتەوە.

- نێ... درۆیە، شەیوعی وا نالێن.

- ئاخر جانم لە کۆیەش.

- بەسە، مەحمود بیبڕدوە، ئەوی شەیووعی نەبێتن گەوادە.

لە گەڵ هەڵچوون و فروانبوون و دەسەڵات پەیدا کردنی کۆمۆنیستەکانیشدا ئەم پشتگیری‌یەی ئوستاد دەگۆڕا. ڕۆژێک کۆمەڵێک جلخواری لێبوو، باسی (طرغیانی شیوعی) یان دەکرد. ئوستادیش جارویارە دەیووت:

- ئی... ئەمانە کاری خراپ دەکەن.

هەڵمدایە:

- مامۆستا، جەنابت جاران قسەت بە شیوعی نەدەووت.

- ئی... ئەمن ئیستاش قسە بە شەیووعی ناڵێم چونکە ئەمن خوم شەیووعیم.

- ئەی ئەوە نی یە.

- ئی... ئەوە قسە بە ئیوە دەڵێم، ئیوە فەوزەوین.

- مامۆستا ئیمە (ئیشارەتیکی ڕۆژنامەکەی بەردەمیشیم کرد کە بە خۆرایی دەیدرایە و دەیفرۆشت).

- ئی... ئیوە، ئەتو شەیبوعیت؟ ئەتو کارتت هەیە.

- نە وەڵلا.

- ئی... ئەتو کارتت دەربینە تا ئەمن کارتم دەربینم.

- ئیمە کارتمان نی یە، حەز ئەکەم کارتی جەنابت ببینم.

بە پەلەپڕووزی دەستی برد بۆ (مەحفەظە) کەی کارتیکی دەرهانی، لە دووردوە چەکوش و داسکی زێرین دەبریقایەوە.

- ئی... ئیمە پینج کەسین لە مەسکەوەوە خەردشۆف کارتی شەیبوعیی بۆ ناردووین.

- پینج کەس؟

- ئی... ئەمن، زەعیم، مەلا مستەفا، کامیل جادرجی، عەبدولقادر ئیسماعیل.

سەیریکی ڕەحمی بەگم کرد. بزە گرتی، لەوە گەیشت کە لەو پینجە هەر پینجەیان کۆمۆنیستە. بە تیلایی چاو تیی گەیاندم کە لە هەستاندا ڕاستیم پیدەڵیت.

- مامۆستا وایە، پیرۆزت بیت، ئیتر قسە بە شیوعی مەڵی.

- ئی... ئەمن بە هەموویانی ناڵێم، هەر بە فەوزەوی بەکانی دەڵێم.

کە هەستاین و تا پاسی ژمارە ٤ ڕەحمی بەگم ڕەوانە کرد فەرمووی:

- کاکە ئەوە بالوێزخانەی سوڤیتی یەکەمجارە ئاهەنگی یادی ئۆکتۆبەری گیرا. منیش کارتەکەی خۆمم دوای ئاهەنگەکە خستە پۆستەوە بۆ ئوستاد. ئەو کەبنوبەیتەش (ئەمن

خستمه دیماغی یەوە)، لیی گەڕێ با وابزانێت.

ڕۆژێکی تریش هەر دیار بوو لە شتێک ڕقی لە کۆمۆنیستان هەستا بوو، لچی دابوو بە یەکدا لەژێر لیوەوە وەڵامی سڵاوی دامەوە.

- ئی... ئەتۆ ئەو عەبدولقادرە دەناسیت.

- ئەی چۆن مامۆستا، لە دەرەوەی وڵات پێکەوە بووین، ئێستاش سەرنووسەری ڕۆژنامە عەرەبی یەکەمانە. هەموو ڕۆژێک یەکتر دەبینین.

کەمێک گەشایەوە:

- ئی... ئەمێن چوار دینارم لایەتی پێی بڵێ بمداتەوە.

- مامۆستا قەرزی چی، بۆ ئەو پەرژاوێتی بێتە ناو خەڵکەوە تا قەرز بکات؟

- نا، کۆنە، پێش ڕۆیشتنیتی.

- باشە مامۆستا ئەو فەقیرە، لە ساڵی ١٩٣٧ەوە لە وڵات دەرکرا و ساڵی ١٩٥٨ هاتەوە، بیست و یەک ساڵ جنسیەی لێ سەندرابوو و لە سووریە و لوبنانیش بە نەبوونی و زۆرتر بە نهێنی دەژیا.

- ئی... هی پێش ئەو وەختەیە، ئەمێن ساڵی ١٩٣٦ قاتێ جلم بۆ یەحیا کرد، ئەو کەفیلی بوو، ئەو نەیدامێ و ئەمیش دوور خرایەوە.

یەکێک ووتی:

- باشە مامۆستا، یەحیای سەر بە پاشایەتی لە کوێ و ئەو لە کوێ؟

- ئی... هەر دووکیان شەیبوعی بوون.

- باشە مامۆستا، وابوو. بەڵام یەحیا پاش ئەوە چووە لای میری، پارێزەرێکی دەوڵەمەندە، سەرنووسەری گەورەترین ڕۆژنامە و ئەندامی پەرلەمانیان بوو، لەوت داوا نەکردوتەوە ئێستا پاش ٢١ ساڵ ئاوارەیی لە کەفیلە کلۆڵەکەیت دەویتەوە.

- ئی... ئەمێن پارەی ئەو گاگوەیانم ناوێ، لەمیانی دەسێنمەوە.

لە قەرزدار با بڵێم لە کەفیلم پرسی ووتی:

- بەڵێ، مامۆستاش و قەرزەکەشیم لەبیرە، بەڵام با لە قەرزدار خۆیی بسێنێتەوە.

هەر نەسەندرایەوە!

* * *

جزیری ووتەنی: «زەمان بوو عەهدی جەنگ ئەنگیزی جەنگیز». باری وڵات ڕوویکردەوە زەبر و زەنگ. خەڵک دەیانووت: «زەعیم گیری گۆڕی». هەندێکیش سەیری «کیتاب» یان

دەکرد و دەیانووت «نەخێر بورژوازی لەسەر رەفتاری خۆی دەڕوا و ناپاکی لە شۆڕشەکەی خۆی دەکات». لە ئەوروپا سالی جارێک هەموو قوتابیان کۆدەبوونەوە. کە ئەکەوتنە ناکۆکی و بە یەکدا دان، جەلال فارووق نامەکەی ئوستادی بۆ کۆنگرە دەردەهێنا و دەبوو بە خۆشی و ناو بە ئاگر دا دەکرا. نامەکانی ئوستاد هەموویان ئێستا لە ئارچیفی خوێندکارانی کورد دان. سالێک نامەکەی درەنگ هات، هەر بەو چەشنەی ئەو بیر و باوەڕی خۆیی خستبووە (دیماغمانەوە)، من و ئیکرام فارووق دانیشتین و نامەمان بۆ (تەئلیف) کرد. لێشانی ئەشارەمەوە راپۆرتنووسیکی گرگن لەو جیزیەی کارم تێدا دەکرد شکاتی لێکردم کە گوایە من بیری خۆمم بە ناوی ئوستادەوە دەربڕیوە و نووسیومە: (کورد کەودەرە، تا بیبڕیتەوە زیاتر سەرهەلدەدات، ئەوی ئینفیسالی نەبێتن گەوادە)، لەسەر ئەوە مەسئولە ناپەسندەکەم (هاتە هەردس) وسزایەکی بچووک درام.

هەر نامەی ئوستاد گەیشت فەرمانگان دا هەر کەسە کارتێک بۆ ئوستاد بنێرێت. دەیان کارتی پێگەیشتبوو و هەندێکیش لە سانسور مابۆوە. ئەنجامیش سەرباز هەلیانکوتابووە سەر دوکانەکەی و بە فەرمانی حاکمی گشتیی سوپایی لۆکی سووریان لە قفلی دوکانەکەی دابوو، لە رۆژنامەکانیشدا بلاوکرابەوە کە ئەو دوکانە (لانەی کەسانی رووخێنەر و یاخی بووە)، بەلام ئەوەی باشبوو ئوستاد خۆیان نەگرتبوو. ئیتر لە جیاتی ئەوەی خەلک بێنە لای ئەو، خۆی لە مالی خۆیانەوە بە دەستی راستدا روو بکاتە شەقامی رەشید بە دەستی چەپدا دەچووە سەر شەقامی کیفاح و وێنەگری یەکەی (شرۆل). دەیانووت بە پێی پێوابووی هەر هێندەی دوکانەکەی خۆی لە مالی خۆیانەوە دوور بوو. لە بەر ئەوە هەر ئەوێ دەچوو و نەدەچووە شوێنی تر. چەند وەزیرێکی کوردمان بوون، لانە لە خەلک شێوان و داخستنی دوکانی ئوستادیان لا ناخۆش بوو. ئەو دەمە هێشتا وەزیر وەک (گ‌گودکان) ی ئێستای بەغدا بێدەسەلات نەبوون. لە خۆیانەوە بۆ ئوستاد تێکەوتبوون. رۆژێک لە دەستگای ئاسایشەوە ئوستادیان بانگ کرد. لە مالەوە وەسیتی کردبوو. رەنگە وەسیتەکەشی هەر ئەوە بوویێ کە ئەگەر مرد بیبەنەوە گردی مامەیارە و سندووقەکەشی تا بەدبەخت نەیەتەوە کەس نەیکاتەوە. بەلام کە لە ئاسایش گەڕابۆوە شتێکی جیاوازی گێرابۆوە.

- نێ... کە زانیان ئەمین گەورەی کوردم ووتیان: (ئوتر افندیز)! (١)

ئیتر قسە وباس وپرسیار دەستی پێکرد بوو.

- تۆ نامەت زۆر بۆ دێت لە دەرەوە.

---

(١) بەتورکی : دانیشە ئەفەندی ئیمە.

-نێ . . . دیتن

- لە کوێوە؟

- لە ئەورووپە، لە ئەمریکە، لە ڕووسیە، لە ئەردەن، لە هەموو شوێنێک... ئەوان دەزانن ئەمین گەورەی کوردم.

- باشە مەیەڵە ئەم نامانە بێن.

- دێن، ئەمین بە کەس ناڵێم نامە مەنێرە.

- باشە پیاوی گومان لێکراو و مەشبووهـ لە دوکانەکەتدا دادەنیشن.

- نێ... دێن، ئەمین چی بکەم؟

- پێ یان بڵێ دامەنیشن.

- نێ... ئیتر ئەمین نایەڵم دانیشن.

خەڵکی وایانزانیبوو ئوستاد کەمێک ترساوە و سەری شۆڕ کردووە، بەڵام وادەرنەچووە. کە پەیمانی (ئیمضا) کردبوو نەیەڵێ پیاوی گومانلێکراو لە لای دانیشن مەبەسی خۆی هەبوو. بەو مەرجە دوکانەکەی کردەوە، بەڵام گوێی نەدایە ئەو کەسانەی میری گومانی لێیانبوو، بەڵکو خۆی حەزی لە هەر کەسێک نەکردایە، بە تایبەتی کە خۆی گومانی ئەوەی لێ بکردایە کە پیاوی میری بە دەبووت:

- نێ... ئەتۆ لێرە دامەنیشە، ئەتۆ لای میری گومانت لێدەکری، ئەمین پەیمانم (ئیمضا) کردووە کە نەیەڵم کەسانی وەک ئێوە لێرە دابنیشن. بەو جۆرە خۆی پاک و پیسی لە یەکتر جیادەکردەوە. هەندێک لە پیاوەکانی میریش لایان خۆشبوو ئوستاد ئەوەندە گێل بێت ئەوان بە پیاوی میری نەزانێت. شرۆڵ دەیووت: باش بوو قالە لەوێ نەبوو نەگینا ئەمجارە لەجیاتی بە شەقامی ڕەشید دا ڕۆیشتن، هاتنە بەغداشی لێ قەدەغە دەکرد.

* * *

ساڵ چووبووە پێشترەوە، ئوستاد نەمابوو. ڕۆژێ لە بەغدا باسی ئەوەمان دەکرد. حاجی مەحموود ڕەشید هەڵیدایە:

- توخوا بە چاکی نەبێ باسی ئەو پیاوە مەکەن.

- جا ئێستاش کێ دەوێرێ بە خراپی ناوی بەرێت؟

- هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی، ئەم کۆشک و سەرایە دەبینن، ئەو چەند ئوتومبیلەی خۆم و کوڕەکانم دەبینن، هەموویان لە سایەی ئەوەوەن.

- باشە چۆن، خۆ ئەو نان نەبوو بیخوات.

- نا، برا لە بیرتانە، ئالآ پێچرابەوە، زۆر بووین، خان و مانمان بەجێ هێشت و بە ئاوارەیی لە سابلاغەوە ڕوومانکردە ئەم وولاتە. من لە بەغدا گیرسامەوە. نە پارە و پووڵ و سەرمایە کارێکی پێ بکەم، یا کارو پیشەی پێ بخەمە گەڕ. برسێتیش کافرە. ناچار بووم بە شاگردچایچی. نان و چام دەخوارد و فلس بە فلسم دەنایە سەریەک بەشکم شتێکی لێ پەیدا بێت. لەم شارە دا چەند کۆنە هاوشاری یەکی خزمم دەناسی، یەکێکیان کاک جەمیلی کۆنە ئەفسەر بوو. جار و بار لە دوکانی ئەو پیاوە باشە دەمدی. حاڵی منی دەزانی، ڕۆژێک پرسیی:

- چەندت کۆکردۆتەوە؟

باوەڕ بکەن گەیشتبووە پەنجا بۆ سەد دینارێکی ئەو سەردەمە. کاک جەمیل ووتی: بیهێنە بە شەریکی خانوویەک دەکڕین و دەیدەین بە کرێ. خەریک بوو بڵێم باشە. مامۆستائیشارەتی کردم، ووتم:

- با بزانم...

- دە بیری لێ بکەوە.

ئەو ڕۆیشت من دانیشتم. مامۆستا ووتی:

- إبني (کوڕم)، ئەوە دەستت دەبڕێتن، تۆ نەخەڵکی ئێرەیت، نە جنسیەت هەیە. کەس خانوو بە ناوی تۆوە تاپۆ ناکاتن. هەر دەبێت بەناوی ئەوەوە بێتن. سبەینێ شتێکی لێ هات کەس بەشی تۆ نەداتن. ئێستا تۆ چی دەکەیتن؟

- قوربان، شاگرد چایچیم.

- ئێ... چایچێتی دەزانیتن.

- جا قوربان ئەوە زانینی دەوێت.

- ئێ... باشە، ئەمن دەتکەم بە چایچی.

- چۆن؟

- سبەینێ وەرە دەتبەمەوە لای محەمەد ڕەشیدبەگ لە خانەکەی خۆی. پێی دەڵێم جێگەیەکت بداتی، لەوێ دەبیتە چایچیی خانەکە و بازاڕەکەی دەوری. چونکە دەمێکە چایچیی لێ نی یە.

بۆ سبەینێ بردمی، مەدح و سەنای زۆری منی لای حەمە ڕەشید بەگ کرد و باسی ئاوارەیی و کوردایەتیشی کرد و وایکرد کە پیاوەکە بە هەموو جۆر کۆمەگم بکات. هەر لەوێوە بردمی بە ناو بازاڕ، ناسیاوی هەبوون، چەند قوری و سەماوەر، ڕێنک و سینی و پیاڵە و ژێرپیاڵە و کەوچکی بە هەرزانتر بۆکریم، ئەوسا ووتی:

- با ئەو پارەیەی پێت ماوە خەرجی نەکەیت، ئەویتری لای ئەمین دانێ، هەفتەی جارێک وەرە لام.

ناچار بەرامبەر بەو پیاوەتی بە پارەکەی ترم لا دانا. ڕاستی لە دڵدا دەترسام نەمداتەوە. هەفتەی جارێک دەچووم، حسابی ئەوەی لەگەڵ دەکردم کە ئەو هەفتەیە چەندم شەکر و چا کڕیبوو، چەندم سەرف کردووە. بایی چەند، لە پارەکەم بەشی هەفتەیەک شەکر و چای دەدامێ، تا هەمووی دامەوە. ئیتر نەیدەووت چیت فرۆشتووە پارەکەی بێنە. بەو چەشنەپارەی باشم کۆکردەوە. تا ئەوەندە کۆبۆوە کە بەشی دوکان دانانێک بکات و دەست بدەمە کار و پیشەی خۆم کە زیڕە و ئەم سەروەت و سامانە پێکەوە بنێم. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی...

* * *

مەلا حەمزە پەنجەی بەناو ڕیشە سپی بە درێژەکەیدا دەهێنا، بە چاوە کزەکانی سەیری تەلەفزیۆنەکەی دەکرد. گوێی لە چەند مەلایەک دەگرت فورسیان کردبوو بە مەجووس و مەجووسیشیان کافر کردبوو. ووتی:

- ئای زەمان! ڕەحمەت لە گۆڕت بەشیر. فەرمایشتەکەی ئەوە (این همه کسبت آنهاست که زر میخواهند) (١)

- قوربان چۆن جەنابت بەشیر بناسیت و فەرمایشتی ئەو.

- بەلێ کاکی خۆم. سی، چل سالێک لەمەوبەر تاقمی مەلای لاو بووین، لامان نەنگ بوو زۆربەی مەلای کورد بێ نان و بێ ئاو و بێ مەعاش دەست لە خەلک پان بکەنەوە. هاتین ئەرزوحالمان نووسی، بە پێی ڕێ و شوێنی ئەو زەمانە بە (ئەشراف و سادات) و عولەمای ناسراومان مۆر کرد و چووینە بەغدا. لێرەوە لای مامۆستا بەشیر موشیریان بۆ دەستنیشان کردین و ووتیان: بچن ئەو ڕێ و شوێنتان بۆ دادەنێت، دەتانگەیێنێتە جێی مەبەس.

لە شەمەندەفەر دابەزین، بەیانی زوو بوو چووینە مەرقەدی غەوس (قدس الله سره العظیم)، پشوومان دا و کە کاتی خۆی هات بە کۆمەڵ چووینە لای مامۆستا بەشیر. باس و خواس و ڕاسپاردەکەمان پێ ڕاگەیاند. فەرمووی:

- ئێ... ئەرز و حالەکەتانم بۆ بخوێنن(٢)

خوێندمانەوە، هیچ ئایەت و حەدیس نەمابوو لە پەسندیی عولەما و لە باسی (اسائیل

---

(١) بە فارسی: ئەمە پیشەی ئەوانەیە کە زێڕیان دەوێت.

(٢) (بیخوێننەوە).

ومەحرووم) دا نەمانئووسیبێ.

- نەء... ئێوە دینتان دەوێت یا مەعاش.

ووتمان:

- هەردووکیان.

فەرمووی:

- نەء... دینەکە ئەوا لەوێ هەتانە و مەلایەتیی خۆتان دەکەن. ئێوە بۆ مەعاش هاتوون. نابێ ئەم قسانە بنووسن.

- ئەی چۆن قوربان؟

- ئێوە بچن هەرەشەیان لێ بکەن. بڵێن: ئێمە کورد نین، دەڵێن: با، بڵێن: ئێ... ئێمە پێش ئەوەی ببین بە موسوڵمان چی بووین، دەڵێن: زەردەشتی. بڵێن: ئێ... باشە ئێوە مەعاشمان نەدەنێ دەبینەوە بە زەردەشتی، ئیتر ئەو گاگوانە دەترسن، مەعاشتان بۆ دەبڕنەوە و ئیسلامەکەی خۆشتان هەر هەیە.

برا ئێمەی مەلای خوێنگەرمی لاو هەڵچووین، هەزار ئەستەغفیروڵلا و ئەعوزوبیللامان لێکرد و بە تووڕەیی یەوە هەستاین و ئەو کەسەشمان بە لەعنەت کرد. کە ناردووینە لای پیاوی وا. بە هەزارحاڵ ئەوقافمان دۆزی یەوە، ڕێی چوونە لای بەڕێوەبەری گشتی یان نەدابن. ئەرزوحاڵەکەیان لێوەرگرتین و ووتیان: خۆی وەڵامتان دەداتەوە. نائومێد و هەناسە سارد گەڕاینەوە و مەسرەفی ڕێگەشمان لەکیس چوو، کە بە قەرز و قوڵە پەیدامان کردبوو. دە ئێستاش سەیر کە!

به ڕژێمی قاسم ڕازی نەبووین، یەکیشمان نەگرت بۆ ڕووخاندنی. دەستی دەرەوە و فاشستی ناوخۆیێک کەوتن، کوودەتای ڕەشی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ باڵی ڕەشی خویناویی بەسەر وولاتدا گرت. وولات خلتانی خوێن بوو. جۆگەی خوێن سیلاوی هەموو کون و قوژبنێکی گرتەوە. مەگەر لە لاپەڕەی کتێبدا باسی زەبر و زەنگی ئاوا بیسترابێت. بەڵام دوکانی ئوستاد دیسان جمەی دەهات. هەرچی سەر بە کۆمۆنیست و نزیک ئەوان بوون یان گیرابوون یا کوژرابوون، یا ڕایانکردبوو. بەناوی کوردەوە بروسکەی (تەلاحوم) و بەکگرتن درا بە کودەتاچیان و ئەوی سەربەشۆڕشی کورد و ووت و وێژ بوون لە بەغدا مابوونەوە و لە وڵاتیشەوە هەندێک دەهاتن.

فاتیحی مەلا غەفوور ووتی: من دەرەنگ ڕۆیشتم. دوو ڕۆژ پاش کوودەتا چوومە بەر دووکانی ئوستاد. زۆر بە بەزەیی یەوە سەیرێکی کردم و ووتی:

- فاتیح ئەوە ماوی؟ بڕۆ لێرە مەمێنە!

فاتیح دەیووت: خەیاڵم وابوو باسی ووت و وێژم لەگەڵ دەکات. قسەی برایانی سەر بە شۆڕشم بە چاو دا دەداتەوە، بەڵام نەخێر ئەوپەڕی دڵسۆزیم لە نیگایدا دی.

فەریق ووتی:

- من چەند ڕۆژ پاش کوودەتاکە خۆم نەگرت بەدووای دەنگوباسدا هاتمە لای ئوستاد. هەر دیمی هاوارێکرد:

- ئەوە بۆچی لێرە ماویت؟ إبني مەمێنە، بچۆ بۆ کوردستان، دنیا وا نامێنێتن، دەبێتن بە حەربی عموومی.

- مامۆستا حەربی چی؟

- ئی... ئەتۆ منداڵیت، لە سیاسەت نازانیتن، چاوت لێ نی یە، ئەمانە شەیوعی دەکوژن؟

- با.

- ئێ، دیارە ڕووسەکە لەسەر شەبیرعی هەڵدەداتێ، ئەمریکەش لەسەر ئەمانە هەڵدەداتێ، دەبێت بە حەربی عومومی، تۆ لێرە مەبە بچۆرەوە کوردستان. ئایەق مارفیش کە لە گەڵ ئەم گاگوانە بووە بە وەزیر درۆ دەکاتێ.

* * *

لالە کەمال سەرۆکی نوێنەرانی شۆڕش بوو، لەگەڵ فاشستەکاندا کەوتە وتووێژ، وتی:

- هەر ڕۆژی دووەم بوو، لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کە دەهاتنە لامان ئوستادیش پەیدا بوو. هەر لە دوورەوە دیم چووم بە پیری بەوە هێنامە ژوورەوە لە سەروو هەموانەوە دامنا، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنم کرد، کەوتە چاک و چۆنی. ئەوی لەوێبوون زۆریان بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردم، بە تایبەتی ئەو دوو وەزیرە کوردەی یەکێکیان لە دوو دەوری پێشوو دا و یەکێکیان لە ڕۆژانی قاسم دا وەزیر بوون و وا ئێستا لە وەزارەتی کوردەتا دا وەزیرن. نازانم منیان بە گێل دەزانی، یا لایان وابوو ئەوان لە گەورەیی ئوستاد نەگەیشتوون، لە قسە دا پێم وت:

- مامۆستا لەو شاخە، لەبیر کردنەوە دا، لە ڕاوێژ دا، لە هەڵمەتدا قسەکانی جەنابتمان هەر لەبیر بوو.

- ئێ، خەڵەفەللا عەلیک!

- باشە، ئێستا بۆ ئەو وت و وێژە چی دەڵێیت، فەرمایشتت بە چی یە، داوای چی بکەین؟

ئوستاد سەیرێکی وەزیرە سەرسوڕماوەکانی کرد و وتی:

- ئێ... ئەتۆ هەموو شتێک دەزانیت، هەموو شتێکم فێرکردوویت، یەکی عەلا لازە ئێ یە بیلێیەوە. هەمووی دەمێکە چۆتە دەماغتەوە!

* * *

ئەم هەڵوێستەی ئوستاد بەم لادار بەولادا لە هەلپەرستی نەبوو، بەڵکو هەمیشە لای وابوو دەبێ ژوور هەموان بێت و برای هەموان بێت.

ڕۆژێک لەگەرمەی ووردە هەرای ئەمبەرو ئەوبەردابوو، لە مونادەمەشەر قسەوە ئەبولفەزل و مامۆستا جەمالی شەو نیوەڕۆ لێ یان بوو بەشەر. مامۆستای شەو نیوەڕۆ دەمی پیسەر بێ هیچ شتێک جنێو دەدات. ئەبولفەزل جنێوی نەدەزانی. تەنانەت چاپووک پێی دەووت:

- مردووت مری، لە دنیادا دووشت خۆشن، تۆ خۆتت لە هەردووکیان بێ بەری کردووە. کە دەمانپرسی کاک چاپووک ئەو دووشتە چین دەیووت:

- خواردنەوەو جنێو . . . ئای کە خۆشن.

ئەبولفەزڵ بیانووی بۆ جنێوەدانی خۆی دۆزی یەوەو ووتی :

- دە کابرا مێزەرەکەت داگرە، تا منیش دوو جوێنت بدەمێ.ڕاستە من شێرعیم بەڵام شەرم لەو مێزەرەت دەکەم کە خۆت شەرمی لێ ناکەیت. ئوستاد وەک فرسەتی ڕزگارکردنی ئەبولفەزلی دەست کەوتبێت دارەکەی هەڵگرت و ووتی :

- حەمە، جەمال، دەی هەستن، ئێرە شوێنی شەڕە جنێو نی یە، شوێنی شەڕە سەگ نی یە هەستن بچنە سەرئەو جادەیە تا مەیدان بچن شەڕە سەگی خۆتان بکەن و وەرنەوە. کە بە پێکەنینەوە وتمان : ماموستا چۆن بێینەوە. ڕوویکردە ئەوان و ووتی :

ئەتۆ،جەمال و پارتیک وشەیبوعی یەک وسەگێک وکوردێک لای ئەمن وەکو یەکن. هەمووشتان برای ئەمن، بچن شەڕە سەگەکە بکەن و وەرنەوە.

* * *

ئەمە یەکەمجار ئەبوو لەم بەرە فراوانەی ئوستاددا خەڵک بوماوەیەک دەرکرێن. ڕۆژێک بەشی زۆرمان لەوێبووین. (حەمید ئیبلیس)ی برین پێچ هاتبوو دەرزی لە ئوستاد بدات. دیارە بەعباشی ئەبدەزانی دەرزی یەکە لە قوڵ دەدرێت یا لە دەمار. دەمێک قوڵیی پێ هەڵدەماڵی، دەمێک پانتۆلەکەی بە بەرچاوی ئەم خەڵکەوە پێ دادەکەند. ئەمە چەند جار دووبار بۆوە. ئێمەش خۆ دار و بەرد نین، پێدەکەنین، جاران کە بە قسەیەکی ئوستاد پێکەنینمان بهاتایە و بە تووڕەیی بیپرسیایە:

- ئەوە بۆ پێدەکەنن؟ بەدبەخت یەکسەر دەیووت: ئەوە ئێستا (م) لێرە بووایە باسی داماوی برایی دەکرد. ئیتر ئوستادیش پێدەکەنی و دەیووت:

- ئێ... ئەوە ئەو بووایە باسی داماوی دەکرد.

بەڵام ئەمجارە پەست بوو بوو، تووڕە بوو، ووتی:

- بەسە، حەمید بیبڕەوە، ئێ... دەرزی یەکە لێدە.

- ماموستا ئەمە دەرزی دەمارە، چونکە ئەمانە پێدەکەنن، تۆ دەمارت هەڵناسی.

ئوستادم ئوستاد ڕووی تێکردین و ووتی:

- بە مرساعەدە (یارمەتیم بدەن) ئێوە هەستن، برۆن، بیست دەقیقە لێرەوە تا مەیدان لەسەر جادە پیێکەنن، تا ئەمین دەمارم هەڵدەستێتن!

ئاوا دەرکراین!

* * *

مامۆستای شەونیوەڕۆ هەر دەمپیس نەبوو، بوختانی بوخۆی و بۆ خەڵکیش دەکرد. شەرمی نە لە شان و شکۆی ئوستاد، نە لە کەسیتر نەدەکرد. گێڕابەوە و ووتی:

- ڕۆژێک کوڕێکی جووانم هێنابە لای ئوستاد، لەگەڵیدا کەوتمە سەودا و مامەڵە، هەر مەبەسم ئەوە بوو بزانم ئوستاد توورە دەبێ یان نا، کە هەموو شتم بڕی بەو: هەر توورە نەبوو، ووتم دەیەوێ بەتەنیا بم لێم توورە بێت. کە هەر دووکمان بەتەنیا ماینەوە ووتی:

- جەمال.

- بەڵێ مامۆستا.

- ئەتۆ لەگەڵی ڕێک کەوتیت.

- گوێت لێبوو مامۆستا.

- ئێ... ئەتۆ دەزانیت ئەمین چوار ساڵە هیچم پێ نەماوە. کە ئەو هاتەوە پەنجا فلس زیادی بدەرێ، پێی بڵێ ماچێکیش بدا بە ئەمین.

شەونیوەڕۆ بوختانی تریشی دەکرد. هەر لەبەردەمی ئوستاد و کەسانی بانەکەیدا یەخەی یەکێکیتری گرت، چونکە ڕۆژی پێشوو کوڕێکی جوانی لا دیبوو.

- ها... ئەوە ئەو کوڕە جوانە هەر بوخۆت، کەچی خوشترەکە بۆ هەردووکمان بوو.

- کوڕە کابرا شەرم بکە، کوڕی چی، خوشتری چی؟

- ها، لەبیرت نەماوە لای گەرمیان پێکەوە فەقێ بووین؟ عەرەب بۆ پووش هاتبوون، تۆ چونکە کورتیت نەدەگەیشتیە حوشترەکە، چوویتە سەر بەردێک، من حوشترەکەم بۆ هێنایت و بۆم گرتیت.

* * *

هەر لە هات و بردەی پاش تەمووز دا یەکەمجار بوو بەشی کوردی لە زانستگا بکرێتەوە. کادر نەبوو، لەو نووسەر و شاعیر و زانایانەی شارەزا بوون بەڵام بڕوانامەی ئەکادیمیان نەبوو، چەند کەس کرابوون بە مامۆستا. یەکی مانگی ٧٠ دیناریان بۆ بڕرابووە، کە مووچەی کەسێک بوو کە تازە بە دوکتۆراوە هاتبێتەوە. ئەمەش هەر دەخرابە سەرمێزی موناقەشەی بانەکەی ئوستاد.

- بە خوا ٧٠ دینار زۆرە، چۆن ئەوانە و خاوەن دوکتۆرایەک وەک یەک سەیر بکرێن؟

- بابە بۆ زۆرە؟ ساڵەهای ساڵە بە نانە ڕەقی مزگەوت خۆیان پێگەیاندووە و خزمەتی ئەدەبەکەیان کردووە.

لەو ناوە دا ڕەحمی بەگ دەیویست بە قسەیەکی خۆش بیبڕێتەوە، ووتی:

- ئەرێ کاکە بەشیر، بۆچی تۆش ناچیت ڕۆژی چەند دەرسێک بڵێیتەوە و مانگی ۷۰ دینار وەرگریت. بە دڵیاندا هات بڵێ: نازانم، ناتوانم، یا پیر بووم، یا تاقەتم نەماوە. کەچی وەڵامی ئوستاد جیاواز بوو. خۆی توورە کرد و ووتی:

- ڕەحمی بیگ، ئەمین ئەوەندە دەنیم تەنەزولی شتی وابکەم؟!

*          *          *

ڕەنگە هەر پیرۆزیی شۆڕشی تەمووز بوو بێت دەعوەتێکی گەورەی بە ئوستاد کردبێت. چونکە چ دەعوەتکردنی ئوستاد خۆی و چ ئەو میوانداری یە بە تەنتەنەیەی بۆی دەکرا یا بە خەڵکی دەکرد، هەموو دەچوونە مێژووی یادگاری یانەکەی و یارانەوە. هەرچۆنێک بوو پەیمانی میوانداری یەکی لە مامۆستای بەرماڵ سەند. بەڵام مامۆستا پەیمانەکەی بەجێ نەهێنا. ڕۆژێک ئوستاد جاڕی دا کە سبەی ئێوارە هەموو لە ماڵی ئەوان نان دەخۆین. ئەو کۆمەڵەی لەم گەشتە دا ناویان براوە کۆکرانەوە و بە پاسی ژمارە ١٦ ڕوویانکردە گەڕەکی جعیفەر و ماڵی ئوستاد. لە کۆڵانەکە دا لە دەرگایەکی دا.

- مامۆستا باوەڕ بکە ئەمە ماڵی ئێوە نی یە. ئەوی ئەودیو ماڵی خۆتانە!

- نە... ئەمەیە، خۆ دایکی شامیل دەرگا داناخات، ئی... بۆ ئەوەی دەر و دراوسێ کۆنەبنەوە دایخستووە.

دەرگا کرایەوە.

- تفضل أبو شامل!(١) بە گەرموگوڕی دەستی پێکرد. کە ئوستاد بۆی دەرکەوت ماڵی خۆیان نی یە، خۆی تەریق نەکردەوە. هەواڵی دایکی شاملی لێ پرسین، لەوێ یە یا نا. دراوسێ ووتیان:

- نەخێر لە ماڵی خۆتانە، خۆی بۆ میوانداری ئامادە دەکات. ئەوسا ئوستاد پێشمانکەوت و بە دەم ڕێگەوە دەیووت:

- ئی... ئەدە بزانە زانیویانە ئەمین دەعوەتم کردووە. بەڵام بانگیان ناکەم. دووایی پێتان دەڵێم بۆ...

نانێکی ڕێک و پێک کرابوو. بەغدادیانە برنجی زەردو ماسیی سوورەوەکراو، تێروپڕ خورا، ئینجا ئوستاد لە مامۆستای (بەرماڵ)ی پرسی:

-ئی . . .خواردنەکە باشبوو، بەدڵت بوو؟.

-خوا بەزیادبکات، سەدماڵی لێ بیبێتەوە. ئەرێ وەڵڵا پادشایانە بوو.

---

(١) (فەرموو بابی شامیل)

-نێ . . . لەخۆت بەزیادبێتن، ئەوە ئیتر دەعوەتەکەت لەسەر لاچوو.

-چۆن؟ بۆ لەسەرم لاچوو.

-هێ . . . هێ . . .هێ. . . ئەوە لە سلێمانی بەوە کتێبخانە پارەی کیتابەکانی ئەتۆیان ناردبوو. دایان بە ئەمن، ئەمنیش ووتم: ئەتۆ زۆر نی یە، هەمووی چەند ساڵێکە ژنت هێناوە. باماڵ وژنت ئەکەونە عەزیەتەوە. ڕۆن و برنج و ماسی وگۆشتم لێکڕی. دایکی شامل لە جیاتی ماڵی ئێوە زەحمەتی کێشا. دراوسێکانیشم بانگ نەکرد. نەک یەکی عەلا پێت ناخۆش بێتن و پێیان حەرام بێتن.

مامۆستا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، هیچی پی نەدەووترا، تازە شەری چی بکات وقسەی چی بکات، خۆ تەرکی دوکانی ئوستادیشی پی ناکرێت. هەرئەوەندەی ووت:

-خوا بتگرێ، بۆیە بەقورگمانا نەئەچوو خواردووە. ئەم یەنگەت دووەم جارە

جارێکیتر جارى ئەوەی دا کە سبەی شەو هەموومان لە ماڵیەڕەحیم گەنجانەین. نیوەڕۆ لەولای دوکانی ئوستادەوە من وقالە وەستابووین. کاک ڕەحیماندی هاتە پێشەوەو سڵاوی داداو پرسی:

-دیارە پێتان ووتراوە ئەمشەو هەموو لە ماڵی ئیمەن.

قالە ووتی:

-نەوەڵڵا بە من نەووتراوە.

کاک ڕەحیم کەینو بەینی نێوان ئوستادو وقالەی باش نەدەزانی.

-دەوەرە بابەکەم ئەتۆش وەرە.

ترسم لێنیشت، ئوستاد لەماڵی ڕەحیم کە قالەی دی کەتنێک بگێرێت. قالەش هەر لەبەر ئەوە دەهات، چونکە هەرچۆنێک بووایە هەردەبوو هۆی ناوبردنی، ئەویش حەزی لەوە دەکرد. لای نیوەڕۆ هێشتا ئەهلی یانە کۆبوون، بەئوستادم ووت:

-چی یە ئەوە جەنابت بە کاک ڕەحیم گەنجانت ووتوە قالە بانگ بکات.

-چی یە، ئەو گاگوورە ئەو ئەدەبسزەی بانگ کردووە.

-ئەی وامزانی، چونکە لە بەرچاوی من پێی ووت.

ئوستاد هاواریکرد:

-نێ . . . کورینە، کەس ناچێت بۆ ماڵی عەبدوڕەحیم.

ڕووشیکردە من:

-ئەتۆش ئەم ئێوارەیە نابی بێیتە ئێرە.

ئیتر نەمویرا تا دوو ڕۆژ بە ویدا بچم، توممز ئەمە بە ئەدەبەوە منیشی لە رقی قالە لەو

بانگێشتنە بێ بەری کردووە. دووا داستانی بانگێشتنی ئوستاد لە نەورۆزی ١٩٥٩دا بوو. لەماڵی خۆیان ئەوەی لە توانای ئەوو ئەرکی سەرشانی خێزانەکەیدا بوو کرابوو، چونکە هەرزوو فەرمووی: ئێوە دێن گلەیی مەکەن، چونکە جاران دراوسێکان یارمەتیی دایکی شاملیان دەدا وەدەهاتن دەیانخوارد. ئێستا ئەوانە ئەدەبەزن، لەگەڵ کورد نین، نابێ بخۆن ویارمەتیشم ناوێتن.

بانگ کراوان لە هەرباخە گوڵێک. لە هەموو چین و تەمەنێ هاتو چۆکەرانی یانەکەی بوون، لە قسەی داستانی ئەوشەوەدا! باسی ناکۆکیی میسر وعیراق کراو باس هاتە سەر وەزیری جەنگی میسر. فەرمووی:

-نێ . . . گەوادی وا ئەوانەی ئەمین دەناسن وئەو دەناسن دەڵێن موعەلیمیشی لایقێ یە

. کەوتینە سەرباسی موعەلیم، ئوستاد رای لە باردیانەوە خراپبوو. هێنامان، بردمان. سوودی نەبوو. دووایی کەوتینە حساب. هەندێک لە دانیشتووان لە زانستگا دەرسیان دەووتەوە، ئەوانەی جیاکردەوە. ووتی:

ئەمین لەگەڵ ئێوەدام نی یە. هاتینە سەر هەندێکیتر کە مامۆستای ناوەندی بوون. ئیمەشی جیاکردەوە. هەر هۆردوو مایەوە مامۆستای سەرەتایی بوو، ئوستاد لە کەلی شەیتان ئەهاتە خوارەوە و ووتی:

-نێ . . . هۆردوو موعەلیمە، هەموو رۆژێک لەگەڵ منداڵی بچووکە، وەک ئەوانی لێهاتووە.

ویستیان قسەی پێ بگۆڕن، باسی خەمڵێنەری باجی دەرامەتەکەیان لێپرسی، ووتی بەوە: ئەمین دەبێ لە خانەی عەسەبیەتدا بم ویرسیشم بێتن ئەوسا دەتوانم ئەوە بگێڕمەوە.

-ئەی کابرای هیندی!.

- نێ . . . ئەوەش زۆرکەر بوو، داوای دایکی ئەمینی کرد. ئەمینیش بردمە سەرقەبران ووتم:

-ئەوە دایکم.

بەڵام ئوستاد کە ئەم قسانەی بە درێژی دەگێرایەوە ووت ووێژی خۆی وکابرای هیندی بە هیندی یەکی ڕەوان دەووتەوە بۆشی ئەکردین بە کوردی. کەس نەیوێرا لەوی بڵێت ئەمە هیندی نی یە. کە هاتینە دەردوە. یەکێک پرسی:

-ئەری ئوستاد هیندی دەزانی؟

ئەوڕەحیم ووتی:

-ئەوەڵڵا.

- ئەی باشە ئەم هیندی یە چی بوو؟

-ئەویاش دەزانی ئێمە هیچمان هیندی نازانین. قسەی دەدا بەسەریەکدا، ئەگینا ئەوکوردی و عەرەبی یەکە کەلیمەی بەسەعاتێک دەڵێ، ئەم هیندی یە ڕەوانە لەکوێوە هێنا؟.

هەر ئەوشەوە لەمیسری وهیندی یەوە چوونە سەر ئەڵمان.

-ئێ . . . ئەڵمان زۆر پیاوی چاکە، ئینگلیز سەگ وسەگبابە.

-ئاخر چۆن، هەروا؟

-نەء . . . ئەمن خۆم دیومن. ئەمن لە حەیدەر پاشاوە دەچووم بۆ ئەستەمبوڵ، شەمەندەفەر زۆر قەڵەباڵغ بوو، جێنطەیەکم پێنەبوو، جێگە نەبوو، کابرایەکی ئەڵمان دانیشتبوو. کەئەمینی دی هەستاو ووتی:

-بیرون ئەفندیز ئوترا!(١)

جێگەی خۆی دا بە ئەمن. ئەویەپێوە، ئەمن دانیشتم. ئەوە ئینگلیز بوایە هەڵنەدەستا، لەو ڕۆژەوە زانیم، ئەڵمان پیاوی چاکە، ئینگلیز پیاوی خراپە.

شڕۆڵ ووتی: باشە خۆ ئینگلیز لەوێ نەبوو، تۆ چوزانی.

-نەء . . . ئەمن دەزانم، لەوێ بووایە هەڵنەدەستا.

* * *

هەستان و هەڵنەستان بە ناچاری باسێکم پێ دەگێرنەوە. ئێستا هەندێک لایان وایە ئەگەر ئەدەب باسی سێکسی نەکرد ئەوە مۆدێرن نی یە. خۆ دوکانی ئوستادیش ئەگەر ئەو باسەی تیدا نەکرابێت، بۆ ئەوساش و بۆ ئێستاش مۆدێرن نەبووە. هەموو شت لەوێ باسدەکرا.

کابرایەکی عەرەب هەبوو، هاوڕێی بەدبەخت بوو. لە یەک قوتابخانە دا دەرسیان دەووتەوە. کابرا بە مەسەلەیەکەوە گیڕ بوو بوو، نازانم چی بردبوویە ئەقلی یەوە کە ئەندامانی یانەی ئوستاد چاری ئەو مەسەلەیەیان بۆدەکرێت.

خزمێکی کابرا هەبوو، ماوەیەک بوو ژنی هێنابوو، نەیوویوو بە زاوا. ئەمە کابرای گیڕ کردبوو. لێرەش هەر یەکە چارێکی دەدۆزی یەوە. کابرا هەندێکیی بەجێ دەهێنا وسوودی نەبوو. ئیتر لە عاسەبیجەرێنەوە تا دەرمانی خۆماڵی باسدەکرا. یەکێک دەیووت بەستراوە، یەکێک شتی تری دەووت.

ماوەیەک هەموو ڕۆژ ئەم مەسەلەیە بووبوو بە بنێشتە خۆشەی سەرزمانی هەموان و کەرەسەی ڕابواردنی هەندێک.

---

(١) فەرموو ئەفەندی ئێمە دانیشە

ڕۆژێک کاک ئەحمەد وەتی:

- ئەترسم ئەم کابرایە دەعباکەی بچووک بێت.

کابرا بۆ ئوستاد ئەدیو و ئەناسیو بوو کەچی توورە بوو قیژاندی.

- نەء.. زلە، بەلام (عند الإیجاب) هەلناستێت، بەسە، ئەم باسە مەکەن، تا خۆی هەلدەستێت!

ئیتر ئەو باسەم نەبیستەوە.

*　　*　　*

- ئی... ئەتۆ دەتەوێت بۆ خوێندن بچیت بۆ مەسکەو؟

- بەلێ مامۆستا.

- ئێوە ئینتیحام دەکەن.

- نەخێر مامۆستا، موقابەلەمان دەکەن.

- ئی... فەرقی نی یە، ڕەحمی بێگ و مامۆستای بەرمال ئینتیحامتان دەکەن.

- بەلێ، مامۆستا، ئەوان لیژنەی موقابەلەن.

- ئی... ئەمین پێم وەتوون، ئەتۆ بنێرن. ئەو قالە ئەدەبسزە نەنێرن.

- دیارە مامۆستا جەنابت گەورەی هەموانیت.

- ئی... پێش ڕۆیشتن ئەمین نەسیحەتت دەکەم.

- سەرسەرم مامۆستا.

دیار بوو ئوستاد هەرەشەی خۆی کردبوو، بە تایبەتی لەبارەی وەرنەگرتنی قالەوە. لەبەر ئەوە ڕەحمی بەگ ڕۆژی موقابەلە خۆی نەخۆش خست. مامۆستای بەرمال سەرۆک یا ئەندامی لیژنە بوو. کە لەناو پرسیارەکاندا لێی پرسیم: چیت بەرهەم هەیە، لە ناو بەرهەمەکاندا لە سووچێکەوە وێنەیەکی ئوستادم پیشاندا، کە بە بەرگی کتێبێکەوە نووساندبوو.

- مامۆستا، ئەمەشم هەیە.

- کورە بەرهەمم ئەوی بەرهەمم.

- مامۆستا ئەمە گەورەترین بەرهەمە.

- کورە، ئەمە ئەزانم، شتی تر.

کە هاتمەوە لای ئوستاد و هەموویم بۆ گێڕایەوە فەرمووی:

- ئی . . . ئەتۆ ڕەسمی ئەمینت پیشاندا؟.

- بەلێ مامۆستا، تا بزانێ بچووکی جەنابتم. داواکەی جەنابتی لە بیر بێت.

- ئێ... ئەتۆ ئەڵێن، یا قالە بڵێن نابێ بەم دوکانە دا. دەبوو ئیتتیحامی ئەو قاڵبە گووە ئەکەن، چی دەزانیت؟

- مامۆستا، ئەو لاپەڕەیەک لە کتێبەکەی مامۆستای بەرماڵ خۆیبان پێخوێندەوە.

- ئێ گاگوی وا کیتابی ئەویش نازانێ بخوێنێتەوە. ڕەسمی ئەمینیشی لانی یە.

- دیارە هەر لای ئێمەیە.

- ئێ... ئەوەی ئەتۆ کام ڕەسمیان بوو؟

- ئەوەی سالی ١٩٥٩.

- ئێ... ئەوە باشە، بەڵام ئەمین لە ڕەسمی ١٩٢٩ دا جوانترم

- بەڵام ئەوەیان بەسامترە. هەرچەندە هەر جوانی.

- ئێ... وایە، ئەتۆ کەی دەڕۆیت؟

- ڕەنگە هەفتەیەک، دووانی تر.

- ئێ... کە تو گەیشتیتە ئەوێ دەزانی چی دەبیت؟

- ئەوەللا مامۆستا.

- ئێ... ئەمین دەزانم، هەر کە ئێوە گەیشتنە تەیارەخانە، کۆمەڵێک بە گۆرانی و مۆزیقەوە دێن بەپیرتانەوە. گۆرانیتان بۆ دەڵێن. کچی جوانیان تێدایە. کێت ویست هەڵیدەبژێریت.

- خوا بەنسیبی بکات.

- ئای بۆ ڕۆژانی گەنجیی ئەمین، قەیناکات، پیرۆز بیت، بەڵام پێش ڕۆیشتنیش ئەگەر قالەی تیدا بوو قسەیەکم هەیە.

- بەسەرچاو مامۆستا.

* * *

(قالە و مامۆستا) - گەلێک (فەسل و باب) یتری هەیە، هەر ئەو سالە دەستەیەک ڕێکخراوی گەنجانیان هەبوو، مەبری ڕێگەی پێدابوون. دەستەیەکی تر ڕێکخراوی لاوانیان هەبوو مەبری دانی پێدا نەنابوون. مەسەلە هەر ناو و ئەتیمۆلۆژیا و کامیان کوردی بە و کامیان تورکی بە نەبوو، بەلکو هەر یەکە سەر بە حیزبێک بوون. حەمە عەلی لیلانی شاعیر و نادری حاجی تەنها لەو کورە لاوانە بوون کە مۆری داوای ڕێگە بە لاوان دانیان کردبوو. هاتنە بەغدا و بەم لیپرسراو و ئەوەوە دەگەڕان، تا ڕێگە بەوانیش بدرێت. باسی ئوستادم بۆکردن، دەیانزانی زۆر کەس هاتوچۆی دەکەن و دەتوانێ کار بکاتە سەر ڕێگە پێدانیان.

هاتینه لای.

- ماموستا ئەوانە دەناسیت؟ لە سلیمانی یەوە هاتوون.

- ئێ... بەخێر بێن.

- دەزانی بۆچی هاتوون؟

- ئێ... نە،، بۆچی هاتوون؟ بەخێربێن.

- ئەمانە «لاوان» ن بۆ ڕێگە پێدان هاتوون.

- ئێ... بەخێر ئەیەن، بۆچی هاتوون، نازانن ئەوەی لاوان بێت خۆی چی یە، دایکی چی یە، باوکی چی یە؟

ئوستاد هیچی تێدا نەهێشتەوە. لیلانی ڕەحمەتی سەری گێژی دەخوارد، بە هەموو حسابێکی ڕابوردوو و ئەوسای دەبوو ئوستاد لەگەڵ لاوان بووایە. وا لەگەڵیان نی یە، بۆچ دەبێ ئەم هەموو جوێنە بدات. «لیلان» زیرەک بوو، لە میزاجی ئوستادی دەزانی، یەکسەر بە کۆمپیتەری مێشکی لێکیدایەوە و گەیشتە ئەنجام.

- ماموستا ئەزانم جەنابت بۆ وا لە ئێمە توڕاوی؟

- ئێ... چی یە؟

- مەسەلەی قالەیە، ئێمە قالەش لەگەڵمان ئیمزای کردووە.

- ئێ... وایە، باشە «گەواد» ی وا لاوە؟

- ماموستا بڵێین چی، تازە پێیان مۆر کردووە، لەپاش ڕێگە پێدان، هەوڵدەدەین هەڵئەبژێرێت.

- ئێ... ئەگەر دەرتانکرد، ئەمین لەگەڵتاندادەبم، دەڵیم ڕێگەتان بدەن.

* * *

هەر ئەو ساڵە هەرا و هوریای تر هەبوو. کورد هەمووی دژی هەموو بەرەی ناسیونالیستەکانی عەرەب بوون. لە ناو عەرەبەکاندا ناسیونالیست و ناناسیونالیست هەبوون. بە هەموو چەشنێک کەوتبوونە گیانی یەک. کوردی دوکانی ئوستادیش هەموو دژی ناسیونالیستە عەرەبەکان بوون. هەر یەکە بە جۆرێک قسەی پێدەوتن. تەنانەت ئوستاد خۆی لە گۆڤاری «هیوا» دا جارێک سەرۆک ناسری ڕەحمەتیی ناونابوو «جبان عاد خاسر». لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی دوکان تووکی سەریان وەستا کە «شامل» ی کوری ئوستاد بە ڕووی مندا تەقی یەوە و کەوتە بەرگری لە ناسیونالستە عەرەبەکان و جوێن دان بە ئێمە. نەماندەزانی چی بڵێین، ئوستاد خۆی ڕاپەڕی.

- ولك، شامل، أدبسز، انت ماعليك، گوم روح للبيت!(١)

شامیل هەستا ڕۆیشت. ئوستاد لەوەوە دەترسا نەک ئەم قسانە بگەنە میری و کوڕەکەی تووشی گێچەڵ بێت. هەر بەمەبەسی هێمن کردنەوە ووتم:

- مامۆستا من لەبەر خاتری جەنابت هیچم نەووت، ئەگینا وەڵامم ئەدایەوە.

- نێ... ئەمنیش لەبەر خاتری ئەتۆ لێم نەدا!

* * *

- باشە، قەیناکا، ئەوە تۆ خۆت گەورەی کوردی، کەچی ناوی کوڕەکانت عەرەبین.

- ناوی کوڕی ئەمین، نێ... ناوی کوڕی ئەمین عەرەبی یە. کوڕی ئەمین ناوی «شامل» ە. شا - مل کوردی یە.

- چۆن کوردی یە؟

- ئەوە ئەمین لە عەشقی شێخ شامل ناوم ناوە.

- کێ؟ شێخ شامیل کێ یە؟

- نێ... ئێوە نازانن، ئەمین لە کیتابدا دیومە. ئەوە لە کوردەکانی ڕووسیە بوو، ئستقلالی هەبوو، سکەی خۆی هەبوو. دیناری ئەو لە ئاوریشم بوو، کە چڵکن دەبوو دەیشت، ئوتووی دەدا، دەیخستەوە گیرفانی.

ئیتر ئوستاد باسی کوڕەکانی تری نەکرد. مامۆستای بەرماڵ کە هەستابن بە دەم ڕێگەوە گێڕایەوە:

ساڵێک ئوستاد چووبووە سلێمانی. «هوشام» ی کوڕیی لەگەڵ بوو. بانگی دەکرد: «هوشیار» وەرە، هوشیار بڕۆ. بێکەسی شاعیر پێی ووت: مامۆستا، باوەڕ بکە ئەم کوڕە لە بەغدا ناوی «هوشام» بوو.

- نێ... وایە، بەڵام ئەمین لێرە پێی دەڵێم هوشیار.

بێکەس ووتی:

- دە توخوا مامۆستا کە چوونە کەرکوک بانگی بکە زەینەڵ!

قسەیەکی تریش هەبوو کە ئوستاد «نزار»ی کوڕیشی لەگەڵ بووە ئەویشی بانگ کردووە «نەژاد». خۆئەوەش هەیە کە ئوستاد یەکەم کەسە ناوی کوردیی کوڕو کچی لە سپپارەی «حق پەرستی»دا بلاوکردۆتەوە و لە ناوی کوڕدا یەکەم ناو «ئازاد» ە و دووەم «بەشیر» ە.

---

(١) شامل، کوڕە بێ ئەدەب، تۆ هەقت نی یە، هەستە برۆ ماڵەوە.

* * *

کات: چەند ساڵ پاش ئەم باسی ناوی «شامل» ە بوو.

شوێن: باکۆ. ماڵی پرۆفیسۆر ئەحمەد رەمەزانۆڤیچ.

پیاڵەکەم بە دەستەوە بوو. کوڕەکەیی بانگ کرد: «شامیل، وەرە». پرسیم:

- باشە، بۆچ ناوت ناوە شامیل؟

ئەو وەڵامی نەدابۆوە، پیاڵەکەم نایە سەر لێوم، هێشتا چای ناو پیاڵەکەم قووت نەدابوو ووتی:

- لە عەشقی شێخ شامیل ناوم ناوە.

یەکسەر دیمەنی ئوستاد و شا - مل و پرمەی پێکەنین، چی لە دەما بوو کردی بە ناوڕشێنی خانەخوێکەم. بە نیوە تووڕەبوونەوە ووتی:

- ئەوە چی یە؟ چیت لێ بەسەرهاتووە؟ بۆ پێدەکەنیت؟

- وەڵلا نوکتەی شامیل ناوێکم بیرکەوتەوە. ببوورە و پێم بڵێ شامیل کێ یە.

- ئای، تۆ چۆن شامیل ناناسیت، هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوە. ئەوە رابەری داگستانەکەی ئێمە بوو. بیست ساڵ لەگەڵ قەیسەری رووس دا جەنگی کرد. نە زاڵ بوو بەسەری دا و نە ئەویش هیچی لێ بان دەست کەوت. دووایی وا رێککەوتن کە بڕواتە مەککە و ڕۆیشت، لەوێ مرد.

- باشە، کتێب کامەیە؟

- ئای نازانی خەلیفەی مەولانا خالیدەکەی ئێوەیە. ئەی «داگستانی من» ی رەسوولی هاوڕێی منداڵیمت نەخوێندۆتەوە؟ تێمامی لای ڕەسووڵ ئەو شامیلەیە.

هەر ئەوەندەم پێکرا لە دڵی خۆمدا باوەڕ بە باسی (کیتاب) ی ئوستا: بکەم.

* * *

لە شایلۆغانەکەی ساڵی یەکەمی شۆڕشی تەمووز دا شەوێک لە «یانەی سەرکەوتن» ئاهەنگێکمان بە بۆنەی هاتنی شاعیری ناوداری کورد «قەدری جان» ەوە رێکخست.

کۆمەڵێک لە گەورە پیاوانی ئەو ڕۆژەی عەرەب و کورد بانگ کرابوون. دیارە ئێمە ڕێکخەری ئاهەنگ بین شایێ شالیار نابێ. دەبێ ئوستاد لە ڕیزی پێشەوەی بانگراوەکان بێت. ئوستاد زوو هات. جێگەیەکی باشمان بۆ دانابوو. چا و شیری تێکەڵ و بسکویت بەشرایەوە. دەرکەوت حەزی لە چارەی ئەو شتە تێکەڵە نی یە. داوای شیری تەنیا، یا ڕووتی کرد. زۆری پێخۆشبوو کە هاوارم کرد:

- شیر بۆ بەشیر!

لەوە ئەچوو ئەم سەجعە بیری پارچە شیعرێکی پێ بەخشیبێ و لای وابێت من یا شرۆڵ بۆی بنووسین. شرۆڵ هێشتا نەهاتبوو، هەواڵی پرسی، ئینجا هەواڵی بەرزانیی ئەمری پرسی. پێم ووت تەشریف دێنێت. ووتی:

- ئێ... کە هات ئەمینی تەقدیم کە.

- بۆچی ناتناسێ مامۆستا؟

- با، ئەمین دەناسێ. بەڵام دەمێکە یەکترمان نەدیوە.

بەڵێ تەشریفی هێنا. خەڵکەکە هەستانە سەرپێ و چوون بە پیری یەوە. ئوستاد لە جێی خۆی وەستابوو، کە هەستا دوو پیاوی ناسراوی عەرەب و خێزانی یەکێکیانی لەبەر دەمدابوو. بە راستدا یەکێکیان، بە چەپدا ئەویتریان، بۆ پێشەوە سێ بەمبان پاڵیان پێوەنرا. ئوستاد لەبەر دەمیدا وەستا و منی بانگ کرد:

- وەرە، وەرە!

ئەو هەمموو کارە دراماتیکی بە ڕەگەزی پێکەنین و خۆزنەگرتنی بەسەر هەموو داب و نەریتێکدا زاڵ کرد. وەک تەشریفاتی چوومە پێشەوە. بەدبەخت لە تەنیشتمەوە دەکولا و تبی دەوەڕاندم:

- ئەتۆ... پێ بکەنیت، ئەمین کوردایەتی ناکەم!

دامە پرمەی پێکەنین. بەوەی باشبوو خەڵکەکە دەوری بەرزانی یان دا و زوو بردیانە سەرەوە و زۆر ئەرقی بەم حاڵەی من نەکرد.

ترسی ئوستادیش لەولاوە، ڕامکردە دەرەوە. لە دەرگای یانەکە دوور کەوتمەوە، لەسەر جادەکە لە پێکەنیندا لەسەر گازی پشت کەوتم. شرۆڵ پەیدا بوو. هەر منی بەم جۆرە دی ووتی:

- مەسەلە ئوستادە، بڵێ چی بووە؟

کەمێک هێور بوومەوە و بۆم گێڕایەوە، هانام بردە بەر تا وا بکات ڕووزەردی لای ئوستاد نەبم. ووتی:

- وەرە لەگەڵم.

چووینە ژوورەوە. هەر نزیک بوومەوە ئوستاد دەستی دایە کوویە شیرەکە، نازانم نیازی چیی هەبوو، بە تووڕەیی یەوە ووتی:

- ئێ... ئەتۆ بۆ پێدەکەنی، ئێرە...

شرۆڵ هاتە قسە و ووتی:

- مامۆستا ئەوە خەتای بەدبەخت بووە. ئەو پێکەنیوە و ئەمیشی خستۆتە پێکەنین.

- ئێ... سەلامەت بیت بەدبەخت، ئەتۆ هەر لە خۆتەوە پێدەکەنیت.

- ئا... مامۆستا، ئەوە یەکسەر مامۆستا (م) م بیرکەوتەوە، ووتم: ئەوە ئێستا ئەو بووایە، لە جیاتی خۆی تەقدیم بکات دەبووت من برای داماوم، ئیتر پێکەنینم هات.

- ئێ... ڕاست دەکەیتن‌ئەوە ئەو بوایە دەبووت ئەمین برای داماوم. ڕاست دەکەیتن، ئەی بیرت نی یە جارێک (ئەحمەد قوله) ش خۆی لە ئاهەنگێکی تر دا تەقدیم کرد و ووتی: ئەمین باوکی شیرینم.

- وابوو مامۆستا، جەنابیشت باشت پێ ووت.

- ئێ... ئەمین پێم ووت: ئەری کابرا ئەتۆ خۆت ناوت نی یە؟

ئاو کرا بە ئاگر دا بەڵام ئوستاد هەر وازی نەدەهێنا.

- ئێ... کە هەستاین ئەمین تەقدیم بکە.

باشبوو بەرزانی زوو هەستا. ئوستاد چزوە بەردەمی و پەلی ئێشی گرت.

- قوربان ئەوە مامۆستا بەشیرە، گەورەی هەموانە. دیارە بەخزمەتتان گەیشتووە و باشی دەناسن.

- وەڵڵا بیووڕن لەبیرم چۆتەوە.

ئوستاد کەمێک گرژ بوو و گوتی:

- ئێ... لەبیرت نی یە هاتبتە بەغدا، ئەم بانەیە و پێکەوە لە ماڵی قادربیگ ناغان خوارد. ئێ... ئەو ئەڵلابرحمە وەفاتی کرد. ئەتۆش ئەمێنت لەبیر چۆتەوە.

- ببورە، سەر سەر و سەرچاوەی.

بەمە برایەوە و ئوستادیش شادمان بوو. هەرچی مامۆستا (م) ە جارێک هاتە بەغدا و لەگەڵ بەدبەختدا پێمان ووت:

- خوایە ئاسوودە بی وەک ئاسوودەت کردووین، بە بیانووی تۆوە لە توورەبوونی ئوستاد رزگارمان بووە.

- کورە قەیناکا، هەر ئەو گەمژەیە لێتان ڕازی بێت، قسەشم پێ بڵێن قەیناکا!

* * *

خوێن و فرمێسک و دووکەڵ و تەقە تێکەڵ بەیەکبوون. مەرگ دەباری. خەم هەڵچوو و هەموو دەروونێکی تژی کرد. ئەوەی لە مێژوو دا دەربارەی هێرشی گەلەگورگ و داگیرکەر و وێرانکەر و فاشست هەبوو بەچاوبینرا.

دەستە فاشستەکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بەرەبەرە و بە فرت و فێڵ سەرکەوتن کوشتن و برین تێکەڵ بە ژەهری هەڵاهیلی خەڵەتاندن بوو.

کۆمۆنیست قڕان بوو، بەناوی کوشتنی ئەوانەوە هەموو دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی عەرەب درانە بەر هێرشی ئازار و ئەشکەنجە و مردن. دوکانی ئوستاد لە لایەکەوە کەوتە چۆڵبوون، لەولاشەوە جموجوڵی ووت و ویژی شۆڕشی کورد و دەستە: فاشستەکە دەبوونە هۆی هاتنی کەسانی تازە بۆ بەغدا و زۆریشیان ڕوویاندەکردە دوکانەکە و ئەشکەنجە و ووتوویژ دەبوونە باسی ئەوانەی لە دوکاندا مابوون.

شایی و خۆشیی ووتوویژ و (تەلاحوم) و هاواری (لامەرکەزی) هەر چوار مانگی خایاند. لە ٩ ی حوزەیراندا هێرشی دڕندانە برایەوە سەر کوردستان. کوشتن و بڕین و جەنگ دەستی پێکردەوە. لە بەغداش چی کورد هەبوو کەوتنە گیراوەوە. هەندێک دەست دوژمن کەوتن و هەندێکیش کەنار کەوتن و لە ماڵ نەهاتنە دەرەوەیان لا باش بوو. دوکانی ئوستاد تەواو چۆڵ بوو. تەنیایی تەواو بێ تاقەتی کردبوو. دیار بوو هەر ئەو دوکانە، ئەو یانە و لایەنەی جموجوڵی دەبان سالی کوردان، با هەر تەنیا بنیاد دانەر و ڕەمز و نیرگەکەشی مابێت هەر چقڵی چاوی فاشیستەکان بوو. تا ڕۆژێ گەلەگورگ هاتن:

- بشیر؟ انت بشیر؟
- نعم...
- یاالله. (١)

بێ ئەوەی فریای دوکان داخستن بکەوێت دایانبوویانە پێش خۆیان. بەڵام سەیر ئەوە بوو لێ- یان نەدابوو.ڕۆژێ یەکەم بەتەنیا دایانتابوو.بێ نان و ئاو.کە زۆری تینوو بووبوو ئەوێک کە خۆی ووتەنی (شەکر خەستەلغی)ی هەبوو هەرئاوی کوڵاویان دابوویە. بردبوویانە لای مێرمنداڵێکی دیسان خۆی ووتەنی (ئەدەبسز). لەگەڵیدا کەوتبووە لێکۆڵینەوە و پرسینەوە.

- بشیر، انت شنو؟
- آني فیلسوف و عند الإیجاب شاعر.
- شنو، شنو، انت شنو شهادتک؟
- کلیه ارکان حرب في استنبول.
- شنو؟ وین شهادتک؟
- اي، لیش تخلون واحد یدور علی شهادته (٢).

---

- بەلێ...
- دەی... یەڵلا.

بە ئیشارەتێک دابوویانە پێش خۆیان و بردبوویانە قاوشێک.

سەعید ئەلکەوازی دادوەر لە بەندیخانەی ئەو ڕژێمە بەغداده دا بوو، پاش چەند ساڵێک گێڕابەوە:

- ئێمە لە بەندیخانەکە دا تێکەڵ بووین. لە کورد، لە عەرەب، تورکمان، ئاسووری.. هتد. پیر، جوان. پاش ٩ ی حوزەیران تەوژمەکە بۆ سەر کورد تیژتر بوو. جاروبار دەیانپرسی کێ کوردە، تا دوو شەق و دوو شەقازەللەمان زیاتر لێبدەن. ئێمە خواخوامان بوو کە نەزانن کوردین. بەڵام کە ئوستادیان هێنایە لامان و ئێمە کەوتینە دڵنەوایی و ئازار ڕەواندنەوەی، ئەندێشەی ئەو ئەوە نەبوو کە لای باشتر بێ نەزانن کوردە. بەڵکو هەر دەیووت و دەیووتەوە:

- نێ... ئەو سەگبابانە ئەمین دەسەوێ بیخەمە دیماغیانەوە کە ئەمین گەورەی کوردم، ناچێتە دیماغیانەوە.

* * *

ئەگەر لەشیشیان زۆر ئازار نەدابێ، زۆر ئازاری گیانیان دابوو. پاش ماوەیەک بەریان دابوو. تازە چوونەوە دوکانی تەنیا و چۆڵی پێنەدەکرا. لە ماڵەوە هەر تەواو بێتاقەت بوو. ئەو دەروونە پاکەی وورده وورده گەردی لێدەنیشت. ڕق و کینەی بەرامبەر بە فاشستە ڕەگەزپەرستەکان دەگەیشتە سەر نەتەوەی عەرەب و لە دەر و دراوسێ یەوە دەهاتە سەر ماڵەکەی خۆی. هەرچی هاتوچۆی ماڵی ئوستادی کردبوو دەیزانی خێزانەکەی عەرەب بوو و یەک ووشە کوردیشی نەدەزانی و هیچ نەبێ چل ساڵ دەبوو هاوسەری بوو. کەچی لەو بێ تاقەتی یەدا کە ڕۆژێک وریا و چەند لاوێک چووبوونە لای، خێزانەکەی لەوێ نەبوو، دیار بوو ڕقی هەستابوو تەڵاقی دابوو.

- مامۆستا، ئەی ئەوە دایکی شامیل کوا؟

- نێ... ئەوە عەرەب دەرچوو!

---

(١) - بەشیر، تۆ بەشیری؟

(٢) - بەشیر تۆچیت؟

- ئەمین فەیلەسوفم و پێویست بکات شاعیرم.

- چی، چی، تۆ شەهادەتنامەت چی یە؟

- کۆلێجی ئەرکانی جەنگ لە ئەستەمووڵ.

- چی؟ کوا شەهادەتنامەکەت؟

- بۆچی ئێوە دەیەڵن کەس لە شەهادەتنامەی خۆی بگەڕێتێ؟!

- باشە هەر عەرەب بوو.

- تا عەرەب دەرچوو، ئێمەش جەوابمان دا

بۆخۆیشی کەوتە پاڕانەوە و وەسیەت کردن.

- نێ... باش بوو ئێوە هاتن، ئەمێن نەخۆشم، پیر بووم، ئەم گاگرانە ئازاری دڵیان دام، کوردستان ئاگربارانە، ئیتر ڕەنگە نەیبینمەوە. ئەمێن دەمێکە وەسیەتم کردوە کە بمبەنەوە سلێمانی و لە گردی مامەیارە بمنێژن. دەبێ ئێوە سوێندم بۆبخۆن کە وەسیەتەکەم بەجێ بهێنن.

- مامۆستا خوا نەکات بمرێت. بەڵام ئەگەر خوانەخواستە شتێک بوو ئەوە پەیمانت دەدەینێ دنیا خۆش بوو بتبەینەوە.

- نێ... دنیای چی، ئەوە بەدبەخت لێرە بووایە دەیبردمەوە. دە وەسیەت بێت ئەو بمباتەوە و هەر ئەویش سندووقە داخراوەکەم بکاتەوە.

- مامۆستا ئێمە لەو کەمتر نین. بەڵام ئەوەتا پیاوی زیندوو بە کاروان بە دە ڕۆژ دەگاتە سلێمانی. ڕێگا نادەن، مردوو هەر بۆن دەکات. ئەمە بێجگەلە گێچەڵ، ئیشەڵڵا هیچیش نابێت.

- نێ... جانم، ئیتر کەیفی خۆتانە، توخوا بمبەنەوە، چونکە ئەمێن لەگەڵ ئەم عەرەبانە ئیدارە ناکەم!

هەرلەبارەی مردنەکەشی یەوە ئەحمەد لەزمان (مامۆستای بەرماڵ)ەوە دەگێڕایەوە کەوا لەکاتی سەرەمەرگا بەدیاری یەوە بوون. ووتی: دووا قسەی ئەوەبوو:

-ئەمێن شیعرێکم هەیە بۆم تەواو ناکرێت، لەداخی کورد ئەمێن دەمرم. دەتوخوا ئەم شیعرەم بۆ تەواو کەن ولەسەرقەبرەکەم بینووسن .

-نێ . . بنووسن، ئەمێن بەدبەختم. . . ئەمێن ڕەنجەڕۆم

ئیتر چاوی لێکنا.

* * *

تا ئێستا وا ۳۰ ساڵ زیاتر بەسەر مەرگی ئوستاد دا تێپەڕ دەبێ. بەدبەخت بە ئاشکرا بێ یا بە نهێنی سەری نە لە کوردستانی دیل و نە لە کوردستانی ئازاد نەدایەوە. سندووق و گزری ئوستادیش چاوەڕێی هاتنەوەی ئەون. بەڵام وادیارە کوڕ و نەوەی ئوستاد، یا ئوستاد خۆی لە خەو دا ئەم تەمەنی درێژ بێت، بە جێبەجێنانی وەسیەتنامەکەی دەدەنە دەست کەسێکی تر. تا ئەو کاتەش کە لە بەغدا بە گۆڕستانی شێخ مەعرووفی کەرخی دا گەڕابێت، دەبینێت

گۆڕێک لەناو گۆڕان دایە بەڵام نووسینەکەی لەناو گۆڕاندا تاکە و لەسەری نووسراوە: «ئەمە گۆڕی فەیلەسووف و ئەدیبی کورد، مامۆستا بەشیر موشیرە کە ڕۆژی ۲۰ ی تەمووزی ۱۹۶۳ بە نائومێدی سەری نایەوە».

* * *

داستانی ئوستاد بەمە نابڕێتەوە. لای زۆر لە مووریدانی باسکردنی ئەو تەواو نابێت، شەو و ڕۆژ باسیدەکەن. لە کاتی ناکۆکی و ناحەزییاندا بە قسەیەکی خۆشی ئەو تەبایی دێتەوە ناوەوە. جارێک لەگەڵ بەدبەخت لە بەرلین دەسووڕاینەوە. باسی ئوستاد دەکرا، وەک ختووکە درابێ. وەک هەر دوێنێ بێت پێدەکەنی، یا لەسەر شەقامەکە لەسەر گازی پشت دەکەوت و دەیووت:

– بەخوا ڕاست دەکەیت، باسی ئوستاد لای ئێمە خەمڕەوێنە.

سەرەتامان خەو بوو. هەندێک لە مووریدان خەوی تریان پێوە بینیوە، بەڵام گردەوە بوو، پاراسایکۆلۆژیا، هەمووی لە خەوێکدا کۆبوونەوە.

ئوستاد لە خەو دا بەرنامەی تەلەفزیۆنی وەرگرتبوو. با لێکدانەوە و تەعبیر بدەمە دەست ئێوە، من هەر ئەوەندەم لە سەر بوو لە خەو دا ڕاچڵەکێم و خەبەرم بۆوە و خێرا ناو و نیشانی بەرنامەکەی ئوستادم تۆمار کرد تا لە بیرم نەچێتەوە. تەنیا وێنەیەکی خۆی بوو و بێ ناوهێنانی دەووترا:

«ئەهلی فەرد، ڕەنگی زەرد، دەشت و هەرد».

منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

**ئەم کتێبە**

وا بەم لاپەڕەیە چاپی ئەم کتێبە تەواوبوو. نازانم کەی دەکەوێتە دەست خوێنەرانو ئاسوودە دەبم. لە پێشەکیدا وتم بنەمای ئەم کتێبەو چەند چیرۆکێکی کورت چەند خەوێنک بوون. سەرۆکێکی لێخراو بەشی پارچە سدارەیەکی قوماش بۆ نووسەرێکی ناودار ناردبوو، لێ ئەوە ئەو چیرۆکانە (کە هیوام وایە چاپ کرێن)و ئەم بەرهەمەی لێدروستبوو، ساڵی ١٩٨٢ دەستم دایە بەڵام ١٩٩١ لە (بۆڵتیی) قەندیل تەواوم کرد.

میوانی برادەرانی کۆنو دێرینم بووم. لەبەرئەوە وەک هەموو نەوازشو میهرەبانیو میوانداریيان کاکە محەمەدی حەسەنزادە، وەک (حەمدۆک)ی باوکی گەورەو بەڕێزی ئەمیشی بە تایپ تیپچنی کرد، دوایی بەشی تری هاتە سەر. کاکە (خالی)ی کوڕی مامۆستا هەژاری نەمر لە پاریس بە کۆمپیوتەر ئەو بەشەی لە ١٩٩٣ دایە دەستم. کە ویستم بەو چەشنە چاپی بکەم (ڕاز)ی کچمو (شوان)ی هاوسەری دڵسۆزانە وتیان: نەخێر ئێمە دەستگامان هەیەو هەمووی سەرلەنوێ جوانتر بۆ تیپچنی دەکەین. دەستیاندایە، بەڵام شەڕی خۆکوژی دەستی گرت بەسەر کۆمپیوتەرو دەستگاکانی ئەواندا لە پیرمام (سەلاحەدین)و ئامادەو ڕەشنووسی منیش تێدا چوو. دیسان هەر ئەو دڵسۆزانە لە هەولێر بەتایبەتی کاک کارزان جەمال هیرانی دەستیاندایەوە. کە ڕۆژی ١٩٩٦/٧/١ بە کارێک چوومە دەرەوەی وڵات هەمووی ئامادەبوو، بڕیار وابوو کە هاتمەوە چاپ بکرێت، بەڵام ئەویش لەگەڵ هەموو شتێکیاندا لە کۆنگرە کەوتە دەست فاشستی لە بەغداوە هاتوو. لە سوید بووم ڕەشنووسێکیم لای برایەک دانابوو وەعدی چاپی دابوو، بۆی نەکرا. لەوێ دڵسۆزانە کاک ئەحمەدو کاک سەردار لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری دەستیاندایە تیپچنی، من هاتمەوەو تەواو نەبوو. خۆشبەختانە دووا وێنەی ڕاستکراوەی هەولێرم دەستکەوتەوە. کچی خۆشەویستم ڕاز کەوتە ڕێکخستنەوەو هەولی تیپچنی تازەی دا. بەڵام چیرۆکنووسی خۆشەویستم کاکە محەمەدی موکری ئەو وێنەیەی وا بۆ پێنەو پەڕۆ کردم کە بە کەڵکی چاپ بێت. لە دوولاوە پەیمانی چاپم پێدرا. تێکۆشەرو دۆستی دێرینم، خۆشەویستی مامۆستا بەشیر- مام جەلال تاڵەبانیو فاروقی برام کە بەشیری ڕەحمەتی لەقەبی (فەهمی)ی دابوویەو ئەرکیان گرتە ئەستۆ. وا بە هونەری هەموو ئەوانەی ناویان هات چاپ تەواو بوو. دیارە سوپاسی بێ پایانم بۆ هەمووان، هیوام وایە بە کتێبی ببینمو جارێکیتر ئەفەوتێو گیانی ئوستادی پێ شاد بێ.



بەشیر موشیر

لە ساڵی ١٩٣٩ دا

سلێمانی - چاپخانەی سەفوەت - ١٩٩٧